# هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران

پزیشکە میسرییەکە لە نوگرەسەلمانەوە بۆ هەڵەبجە

# هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران

## پزیشکە میسرییەکە لە نوگرەسەلمانەوە بۆ هەڵەبجە

گوڵناز عەزیز (گوڵاڵەی گەرمیان)

سلێمانی
٢٠٢٤

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێز **(ئاسۆی حاجی محەمەد بامۆکی)** چاپکراوە

# هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران



نووسین و ئامادەکردنی: گوڵناز عەزیز قادر (گوڵاڵەی گەرمیان)
بابەت: مێژووی زارەکی
پیتچنین: نووسەر
پێداچوونەوەو هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا
نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئەمین
نەخشەسازی ناوەرۆك: پەیام ئەحمەد
ژمارەی لاپەڕە: ( ٣٢٠ )
تیراژ : ( ١٠٠٠ ) دانە
نرخ: ( ٥٠٠٠ ) دینار
نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠٢٤
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی کارۆ
چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشتنبیری چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| هەڵەبجە و مێژووەکەی | ٧ |
| کۆچەر عەزیز عەلی | ١٥ |
| عوزرا عابید حەبیب | ٢٤ |
| ئاوات عەزیز عەلی | ٣١ |
| بیلال کەمال | ٣٥ |
| باقی عەبدوڵلا ڕەشید | ٣٦ |
| ئیحسان عەلی قادر | ٤٩ |
| ئەبوبەکر عومەر محەمەد ئەمین | ٦٨ |
| سەلمان ئەڵلاکەرەم میر ئەحمەد | ٧٧ |
| مەحتاب عەزیز جەعفەر | ٨٦ |
| هیوا محەمەد عوسمان | ٩١ |
| عومەر عینایەت حەمەسەعید | ٩٥ |
| فەوزیە عەلی بەگ ئەمین | ١٢١ |
| سەربەناز عینایەت حەمەسەعید | ١٢٥ |
| ماردین حەمەسەعید عینایەت | ١٢٩ |
| عادل حەمەساڵح عەبدوڵلا | ١٣٥ |
| ئاشنا ئەحمەد مەحمود | ١٥٨ |
| دڵسۆز ئەحمەد مەحمود | ١٦٧ |
| ئەحمەد سۆفی مەحمود | ١٧٤ |
| ستار حەیدەر عەبدولحەکیم | ١٧٦ |
| سەبریە محەمەد ئەحمەد | ١٨٠ |
| مەحمود ئەحمەد سۆفی شەریف | ١٨٧ |
| فەرید عەبدوڵلا عەزیز | ١٩١ |
| عومەر سلێمان قادر | ١٩٣ |

| | |
|---|---|
| محەمەد عەلی محەمەد | ١٩٥ |
| ئاراس ئەحمەد | ٢٠٢ |
| عەلی عارف ئەحمەد | ٢٠٧ |
| كۆسار عەزیز عەلی | ٢١١ |
| شەهید عەمەری خاوەر زیاتر بناسین | ٢٣٠ |
| مژدە غەریب حەمەساڵح | ٢٣١ |
| بورهان غەریب حەمەساڵح | ٢٣٥ |
| وێنەی شەهیدانی ئەنفال | ٢٤٣ |
| ناوی شەهیدە ئەنفالكراوەكانی هەڵەبجە، كە بێسەرو شوێنن | ٢٤٨ |
| لیستی ناوی شەهیدانی زیندانی نوگرەسەلمان | ٢٥٧ |
| لیستی ناوی قوربانیانی زیندانی ئەنفالكراو | ٢٦٣ |
| نووسەر لە چەند دێڕێكدا | ٣١٩ |
| بەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر | ٣١٩ |



## هەڵەبجە، یان هەڵوژە، بۆنی سێوە، یان مرۆڤکوژە؟

سەبارەت بە ناوی هەڵەبجە چەند ڕاو بۆچوونێکی جیاواز هەن:

بەپێی سەرچاوەیەک، لە ساڵانی (١٦٠٠– ١٦٥٠) هەڵۆخانی ئەردەڵان شاری هەڵەبجەی ئاوەدانکردووەتەوە و هەر بە ناوی خۆیەوە ناوینلوە هەڵۆجا. دواتر ناوەکەی کورتکراوەتەوە بۆ هەڵەبجە. سەرچاوەیەکی دیکەش دەڵێت: بەهۆی بوونی باخی زۆری میوەی هەڵوژەوە ئەو ناوەی وەرگرتووە. بۆچوونی دکەیش زۆرن لەسەر ناوەکەی، جا ناوەکە لە هەرچییەکەوە هاتبێت، هیچ شتێک لە واتا و ناسنامەی ئەو شارە ناگۆڕێت، کە بووەتە پێناسەی ستەم و تاوانێک لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان لە عەرەب و فارس. تاوانێک کە هەرگیز لەبیر ناکرێت شارێک بە چەکی کیمیایی مرۆڤکوژ بچێتە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی تاوانەکانی جەنگەوە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان و بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە، گومان لەوەدا نییە کە لە دێرزەمانەوە ژیان و ئاوەدانیی لەو ناوچەیەدا هەبووە، «شار»ی شارەزوور کە ناوەندی ژیارییە لە ئێستادا و دەکەوێتە ئەو سنوورانەی پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری پێکدێنن، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، بەڵام ڕوون نییە لە کوێوە و لە کەیەوە وشەی «شار» بەر ناسنامەی ژیاریی ئەو ناوچەیە کەوتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا خاکی هەڵەبجە شوێنێکی تەخت و لەبارە بۆ ژیان و کشتوکاڵ، هەروەها بۆ پیشەسازیی و بازرگانیش لەبارە. لە کۆنەوە جێگە و لانکەی ژیان و ئاوەدانی بووە، شوێنەوارە دێرینەکانیشی بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، بەڵام بە واتای شار و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەو ناوچەیەدا، لە دەوروبەری سالانی دوای (١٧٠٠) زاینی لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانییەکاندا زیاتر ئاوەدانبووەتەوە و وەک ڕێڕەوێکی بازرگانی نێوان ئەمدیوی تەخت و ئەودیوی سەختی هەوراماندا لەنگەرێک بووە بۆ ئاڵوگۆڕی گەنم و جۆ و گوێز و توو. بە واتایەکی تر دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان دوو سنوور و جوگرافیای قەڵەمڕەوی سەفەویی و عوسمانی لەسەر خاکی کوردنشین.

بەپێی سەرچاوەکان، لە سەردەمی نوێدا بەگەکانی شێوەکەڵی ئاوەدانیان کردووەتەوە، کە حەمەچاوەش و سێ کوڕەکەی (پیرۆت و سلێمان و عەبدوڵلا) بوون، دواتر زیادیان کردووە و بوون بە سیانزە ماڵ. هەر ئەو ژمارە سیانزەیە لەبیرماوە و زۆرجار خەڵکانی ناوچەکە لەناو خۆیاندا بەرەی ئەو بنەماڵەیە بە سیانزە ماڵەکە ناودەبەن، هەرچەندە ئێستا زۆر زیاترن. بەپێی سەرچاوە نووسراوەکان، لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانیدا لەگەڵ وڵاتی کوێتدا لە ساڵی (١٨٨٩)دا پێکەوە فەرمانی میرییان بۆ دەردەچێت و دەکرێنە ناوەندی قەزا. کوێت دوای پەنجا ساڵێک لە مێژووی بەقەزابوونی بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێشکەوتوو، هەڵەبجەی کوردیش دوای سەد ساڵ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا و خاپورکرا.



سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە (داود بەگی عەبابەیلی)
لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو

هەڵەبجە... جاران دوو قەیسەری هاوشێوەی دوو بازاڕی تیادا بووە، قەیسەری پاشا و قەیسەری حامید بەگ، کە لە ساڵی (١٩٣٤)دا دروستکراوە. هەروەها لە ساڵی (١٩٢٤)دا تەلەگرافی تیادا بەکارهێنراوە. یەکەم قوتابخانەی لە ساڵی (١٩٢٥)دا بۆ دروستکراوە. یەکەم نەخۆشخانەش لە ساڵی (١٩٢٩)دا دروستکراوە، هەر لە ساڵی (١٩٢٩)دا پرۆژەی ئاوی بۆ جێبەجێکراوە. بینای سەراو پۆلیسخانەی هەڵەبجەش لە ساڵی (١٩٣٠)دا دروستکراوە. لە ساڵی (١٩٤٠)یشدا کارەبای پێگەیشتووە.

لە ساڵی (١٩٥٠)دا لەناو شاری هەڵەبجەدا تەنها یەک ئۆتۆمبێل هەبووە، پێیان وتووە پاسەکەی عەزە، هەفتەی دوو جار بۆ گواستنەوەی خەڵک لەنێوان سلێمانی و هەڵەبجەدا هاتوچۆی دەکرد. هەروەها وڵاخیش بەردەوام بەکارهێنراوە بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی شمەک.

ڕۆژی (١٣) ئازاری ساڵی (٢٠١٤) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمی بەپارێزگابوونی ڕاگەیەندرا و بوو بە چوارەم پارێزگای سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەڵەبجە بە دووریی (٧٥)کم کەوتووەتە خوارووی خۆرهەڵاتی پارێزگای شاری سلێمانییەوە، تا ساڵی (١٩٨٨) ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار کەس بووە.

بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی (٧٢٦) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ڕووبەری خاکەکەی (١٥٣٢)کم دووجایە. ئاو و هەوای مامناوەندە و زستانی ساردە و بەفری لێدەبارێت، هاوینی گەرمە و وەرزەکانی پایز و بەهاری خۆشە. ئەمەش وای لێدەکات خاکەکەی لەبار بێت بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی. لە باکوور و خۆرهەڵات و باشوورەوە بە چیاکانی هەورامان، شنرویّ و باڵامبۆ دەورە دراوە. بە درێژایی (٧٥)کم هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ئێراندا.

دەشتی شارەزوور کە بە یەکێک لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەژمێردرێت، بەشێکی گەورەی خاکی ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە. شاری هەڵەبجە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و جوگرافی هەیە لەگەڵ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. وەک شارەکانی: نەوسود، پاوە، پڵێنگان و مەریوان. هەردوو دیوی ئەو سنوورە کوردنشین و هاودین و هاوزمانن، بە کاکەیی و موسڵمانەوە. ئەوەی جیایان دەکاتەوە، سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستانە.

هەڵەبجەی کورد بەدرێژایی مێژوو لە ڕووی ئەدەبیی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە شارێک بووە لێوانلێو بووە لە جوانیی دانسقە و دەگمەن. ملوانکەی گەردنی نیشتمان بووە بە پێکهاتە جیاوازەکانییەوە. لەم شارەدا موسڵمان و یارسانان، هاوشاریی و هاوگوندی یەکن. پاڵە و خان تەواوکەری یەکدی بوون و هەمیشە ژنان و پیاوانیش لە پێگەو جێگەی شیاوی خۆیاندا ڕۆڵیان دیاربووە.

خاتوو عادیلە خانمی هاوسەری عوسمان پاشای جاف لە (١٨٥٩-١٩٢٤) ژیاوە. کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقران بووە. دایکی دوو شاعیری ناوداری وەک ئەحمەد موختاربەگی جاف و تاهیربەگی جافە، کە دوو شاعیری ناوداری کوردن. عادیلە خانم سەردەمی دەسەڵاتی لە دوای کۆچی دوایی هاوسەرەکەیەوە دەستپێدەکات. ئەو سەردەمەش هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی دەرکەوتنی ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت ئینگلیزەکان، کە خۆیان لە سایەی فەرمانڕەوایی پاشایەتیدا گەورەبوون و لە نەزم و دەسەڵاتی عادیلەخانم گەیشتبوون. ئەو ڕۆژهەڵاتناسە بیانییانە بە شاژنی بێ تاجی شارەزوور ناویان بردووە. بوونی کەسایەتییەکی وەکو ئەو بنەماڵانە لە شارەزوور و بەتایبەت لە هەڵەبجەدا، مایەی شانازییە بۆ هەموو گەلی کورد[(١)].

لە چەرخی نوێ و ڕیالیزمدا شاعیرێکی گەورەی وەک مامۆستا گۆران لە ئامێزی شاری هەڵەبجەدا لەدایک دەبێت و پێدەگات، شیعر و ئەدەبی کوردی دەگەیەنێتە کاروانی نوێی سەردەم. هەروەها وتن و نووسین لەبارەی شاری هەڵەبجە و ئەو ستەمانەی لێی کراون، نەک بەتەنها لای کوردزمان، بەڵکو زۆربەی میللەتانی جیهانیش ئاشنان پێی... ئەوەی ئێمە لێرەدا لە بارەیەوە دەدوێین، بەشێکە لە تاوانە پڕئازارەکەی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو بەرامبەر بە هەڵەبجەییەکان لە ساڵی (١٩٨٨)دا.

تاوانی کیمیاباران زۆری لەبارەوە وتراوە، زۆر وێنە و بەڵگەی بەدۆکیۆمێنتکراویش لەو بارەیەوە هەن، بەڵام ئەوەی کەمتر لە بارەیەوە وتراوە، ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکانە لە پاش کیمیاباران و ئاوارەبوونیان بۆ ناو خاکی ئێران. دوای چەند مانگ تێپەڕبوون بەسەر ئەو تاوانەدا، هێشتا ڕژێمی بەعس و بگرە ئێرانیش دەستبەرداری ئازاردانی ئەو خەڵکە نەبوون. هەڵەبجەییەکان، ئەوانەی لە دۆزەخی کیمیاباران دەرباز بوون و بە برینداریی و

---

(١) هەڵەبجە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد، سوپاس بۆ ئەوانەی ئەم زانیارییەیان کۆکردووەتەوە و پێوەی ماندوو بوون.

ئازارەوە گەیشتنە خاکی ئێران، لەوێش مامەڵەی خراپیان بەرامبەر کراوە و ژمارەیەکی زۆریان ناچاربوون لە ئۆردوگاکانی ئێرانەوە پاش چەند مانگێک لە کیمیاباران، بگەڕێنەوە بەرەو خاکی عێراق، بە ئومێدی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان. ڕژێمی سەدام وەک پیشەی هەمیشەیی بەرەو دۆزەخی زیندانەکانی تۆبزاوە و نوگرەسەلمان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە باشووری عێراق ڕەوانەیان دەکات. لەوێش ژمارەیەکی دیکەیان شەهید دەبن و چەند خێزانێکیش تاوەکو ئێستا، کە ژمارەیان زۆرە، بە ژن و منداڵەوە بە کۆمەڵ بێسەروشوێن کراون.

ئەوانەی بە ئازارەوە دەمێننەوە، بۆ ماوەی چەند مانگێک بەند دەکرێن. دواتر دەهێنرێنەوە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر، بێئەوەی ڕێگەیان بدەن بچنەوە شاری هەڵەبجە.

لەم کتێبەدا باس لە چارەنووس و ئازاری ئەوانە دەکەین، کە بەم قۆناغانەدا تێپەڕین و ئەم مێژووەیان تۆمارکرد، ئامانجی کارەکە، تۆمارکردنی مێژووی زارەکییە لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە، کە ڕاستگۆترین جۆری تۆماری مێژووییە و قوربانیی و شایەتحاڵەکان خۆیان ڕاستییەکان دەگێڕنەوە.

لە ساڵی (١٩٩٧) دوای ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ و هێوربوونەوەی دۆخەکە لە هەرێمی کوردستان، جارجار بابەتم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاودەکردەوە. یەکێک لەو بابەتانە بە ناوی (هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران) بوو. ئەو ڕووداو و چیرۆکانەم لە زمانی قوربانییەکانی گەرمیانەوە وەرگرتبوو، کە لە دۆزەخی نوگرەسەلمان گەڕابوونەوە، بەتایبەت خاتوو (فەریدە) ناوێک، خوا لێی خۆشبێت. دایکی سێ کوڕی ئەنفالکراو بوو، خۆیشی لە زیندان گەڕابووەوە. ئەو، ئەوەی گێڕایەوە: کە هەڵەبجەییەکان هێنران بۆ نوگرەسەلمان، زۆریان برینی چەکی کیمیاییان پێوە بوو. بە هاتنی ئەوان، ئێمە زیاتر نەخۆشکەوتین، بەڵام ئەوان لە ئێمە وریاتر بوون، کوڕی گەنجیان لەگەڵدا بوو، بۆ ئێمەش هێزێک بوون لەو کاتەدا. بە فشاری ئەوان تۆزێک زیاتر دەستمان بە خۆراک دەگەیشت، بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە لەو کاتەدا بۆ زۆرکەس هەواڵێکی نوێ بوو، کە هەڵەبجەییەکان سەرەڕای کیمیاباران، ئەنفالیش کراون...!

بەپێی جوگرافیای نەخشەی شومی ئەنفالی بەعسییەکان لەو هەشت قۆناغەی ئەنفال، کە لە نەخشە سەربازییەکاندا دیاریکراون، سنووری هەڵەبجە و شارەزووری تیادا نییە و ئەو ڕێکەوتەی کە هەڵەبجەی تیادا کیمیابارانکراوە لە (١٩٨٨/٣/١٦)دا، هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی یەکەمی ئەنفال، کە لە (٢/٢٢) تا

(١٩٨٨/٣/١٩) دەخایەنێت. ئامانج و سنووری ئەم هێرشە ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتی دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە بەشی باکووری پارێزگای سلێمانییەوە و گۆڕەپانی شەڕ نییە لەگەڵ وڵاتی ئێران. لەهەمان کات و لەو ماوەیەدا شەڕی گەورەی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرەکانی جەنگ لە سنووری باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانییە، کە تەوێڵە و بیارە و خورماڵ و هەڵەبجە تا سەیدسادق دەگرێتەوە و بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی شەڕەکە یەکلایی دەکرێتەوە، نەک هێرش و کێماڵکردن؛ هاوشێوەی پرۆسەکانی ئەنفال.

لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا کە لە (٣/٢٣) تا (١٩٨٨/٤/١) دەخایەنێت، هێرش بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، بازیان و گوندەکانی سنووری قەزای دەربەندیخان دەگرێتەوە، یەک هەفتە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، گوندی سێوسێنان کیمیاباران دەکات، ئەمەش دەستپێکێکی تری مەترسیدار بوو کە چەکی کیمیایی بەکارهێنان لە هەڵەبجە بۆ ڕژێم چووەسەر و دووبارەی کردەوە و ورەی بەرگریی لای خەڵک نەهێشت.

قۆناغی سێیەمی ئەنفال، لە (٤/٧) تا (١٩٨٨/٤/٢٠) دەخایەنێت. ئەنفالی ناوچەی گەرمیان و دێهاتەکانی سنووری پارێزگای کەرکووکە، کە بە ترسناکترین و پڕقوربانیترین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی چڕی پڕ دانیشتووان و نزیکەدەستی ڕژێم بوو و لە هەرچوارلاوە ئابلۆقەدراو بوو. لەم کاتەدا سنووری هەڵەبجە و ناو شارەکە لەژێر دەستی سوپای ئێراندا بووە و دانیشتووانەکەشی ئەوەی شەهید بوو، بە وتەی شایەتحاڵەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا کۆکراونەتەوە. ئەوانەشی دەرباز بوون، دەبرێنە کامپی ئاوارەیی لە ئێران، بریندارەکانیش بۆ نەخۆشخانە، هەروەها ونبوونی سەدان منداڵ، کە تا ئێستا چارەنووسی زۆربەیان نادیارە.

قۆناغی چوارەمی ئەنفال، لە (٥/٣) تا (١٩٨٨/٥/١٥) دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا گوندەکانی سنووری قەزای چەمچەماڵ، کۆیە و ناوچەی خاڵخاڵان دەگرێتەوە. لە ڕۆژانی (١٩٨٨/٥/٣) گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە بە چەکی کیمیایی بۆردوومان دەکرێت و لەو ناوچانەش نزیکەی دووسەد کەس بەو چەکە شەهید دەکرێن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ و بێهەڵوێست تەماشای ئەو تاوانانەی دەکرد. برینداران و ئاوارەکانی هەڵەبجەش لە ئێران لە دۆخێکی سەختی گوزەراندا بوون.

قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی ئەنفال لە (٥/١٥) تا (١٩٨٨ /٨/١٥)ی

خایاند، کە سنووریێکی فراوانتری گرتەوە، لە سنووری پارێزگای هەولێر و گوندەکانی سنووری قەزای شەقلاوە، تا دەگاتە ڕەواندز و سۆران و قەزای ڕانیە و قەڵادزە و بناری قەندیل، کیۆماڵکران و کوردیان لێ ئەنفالکرا. بەپێی بەڵگەکان لەم قۆناغەشدا چەکی کیمیایی بەکارهاتووە، بەتایبەت لە گوندەکانی: (وەرە، نازەنین، کامۆسەک، ئەسپیندار، عەلیاوا، سماقوڵی بوونێ)، لەکاتێکدا ئەمە دۆخی خەڵکی کوردستان و دێهاتەکان بوو، کەچی لەبەر ژیانی سەخت و نەبوونی هەواڵ لەبارەی ئەم تاوانانەوە، ئاوارەکانی هەڵەبجە چەندیین کەسیان دەگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و پاشان ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێن. بەوتەی زۆربەی ئەو شایەتحاڵانەی لەم کتێبەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، ئەو ڕۆژەی بڕیاری ڕاگرتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێرانی تیادا دراوە، واتا (١٩٨٨/٨/٨) ئەوان لەناو بینای تەواری سلێمانی بەند بوون و دواتر گوێزراونەتەوە بۆ زیندانی نوگرەسەلمان و تێکەڵاوی ئەنفالکراوەکانی دیکە کراون و هەمان سزا و چارەنووسی ئەوانیان بەسەردا سەپاوە.

قۆناغی هەشتەمی ئەنفال، لە (٨/٢٥) تا (١٩٨٨/٩/٦)، ئەم قۆناغەی ئەنفال ناوچەی سنووری پارێزگای دهۆکی گرتەوە و لە زۆرترین شوێن چەکی کیمیایی تیادا بەکارهاتووە و زیانی گیانیی لێکەوتووەتەوە، سەرەڕای نزیکیی سنوورەکە لە وڵاتی تورکیاوە، ڕژێمی بەعس بێباکانە کوردی لەناوبردووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تا ئەوکاتە هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە.

لەو هێرشانەی قۆناغی هەشتی ئەنفالدا لە چیای گارە و گوندەکانی زیوەشکانی بۆ سەر بارەگای هێزی پێشمەرگە لە سنووری وڵاتی تورکیا، چەکی کیمیایی بەکارهێنراوە و دە پێشمەرگەش بە چەکی کیمیایی شەهید بوون.

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٢٥) بە چەکی کیمیایی هێرشکراوەتە سەر گوندەکانی (شێروانە، ڕدینا، ساردکێ) و زۆر شوێنی تر و ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی شەهید بوون و ژمارەکی زۆریش بێسەروشوێنن و تەواوی دێهاتەکان خاپور کران. شەڕی عێراق-ئێران کۆتایی پێهاتووە و ڕژێمی بەعس دەستی نامرۆڤانەی واڵاتر بووە بۆ شەڕی کورد، بەڵام ئەوەی جێی پرسیار و لێپیرسینەوەیە، حکومەتی ئێرانیش لەو قۆناغەدا کەمتر و نابەرپرسیارانە لەگەڵ ئازاری ئاوارەکانی هەڵەبجەدا بووە و لەناو ئۆردوگاکانەوە پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوکراوەتەوە، کە

ئەو خەڵکە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بۆ هەڵەبجە، گوایە بڕیاری لێبووردنیان بۆ دەرچووە، کە دواتر بە گرووپی جۆراوجۆر هێنراونەتە سەر سنوور و ڕادەستی سوپا دڕندەکەی بەعس کراونەتەوە.

بە وتەی چەند شایەتحاڵێکی تر کە لەم کتێبەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، لەدوای (١٩٨٨/١٠/٢٠)ەوە چەندین خێزانی ئاوارە کە لە ئێرانەوە بۆ عێراق گەڕاونەتەوە، بێسەروشوێن کراون و تائێستا چارەنووسیان نادیارە. لەکاتێکدا لە (١٩٨٨/٩/٦) ڕژێمی بەعس بڕیارێکی بەناو لێبووردن دەردەکات بۆ کوردانی قوربانی و بەو بڕیارە زیندانییە نیوەگیانەکانی نێو تۆبزاوە و نوگرەسەلمان لەوێ دەردەکرێن و دەهێنرێنەوە نێو ئۆردوگا زۆرەملێکانی ڕژێمی بەعس لە سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی و قەزای کەلار.

لەم کتێبەدا زیاتر دەچینە سەر ئەو بابەتە و ژمارەیەک لەو کەسانە دەدوێنین کە خۆیان لەناو ڕووداوەکاندا بوون و کارەساتی کیمیابارانیان بینیوە، ئۆردوگا و ئێرانیان بینیوە، دواتریش براونەتە زیندانەکانی نوگرەسەلمان و تۆبزاوە و دبس و کەرکوک، یان کۆمەڵگەی زۆرەملێ لە کوردستاندا.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم، زۆر سوپاسی (شوان محەمەد مەجید) بکەم، کە لە ئاوایی کانی عوبێدە، باوکی ئەنفالە و دانیشتووی گەرمیانە، لە یەکێک لە کتێبەکانمدا باسی دێیەکەی ئەوان و دەربازبوونی دایکیم کردووە لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، کەوا ئاشنای کردم بە (کۆچەر عەزیز)، کە یەکێکە لە ڕزگاربووانی چەکی کیمیایی و زیندانی نوگرەسەلمان.

کۆچەر عەزیز بە سوپاسەوە زۆر هاوکارمان بوو لە تۆماری ئەم مێژووە. خۆی و بنەماڵە بەڕێزەکەی زۆر ماندوو بوون لەگەڵماندا و نموونەیان زۆربێت. زۆر سوپاسی بێپایانیان دەکەم کە ماندووم کردن و لە زۆربەی دیدارەکانیشدا هاوکار و یاوەرمان بوو.

بۆ ئەم تۆمارە مێژووییە سەرەتای دیدار و دەستپێک لە «کۆچەر»ەوە دەست پێدەکەین بە سوپاسەوە.



**کۆچەر عەزیز عەلی**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٤).**

من حەوتەم منداڵی خێزانەکەمم، لەدوای منیش دوو منداڵی تر لە خێزانەکەمدا هاتوونەتە دنیاوە و کوڕن. ئەوکات باوکم لە ژیاندا نەمابوو و لە ساڵی (١٩٨٦) باوکم کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی (١٩٨٨) لە پۆلی یەکی ناوەندیی بووم. ئەوەی لەبیرم بێت لە زمانی گەورەکانەوە، هەر ئەو سەردەمە لەناو ناخۆشیی و شەڕدا بوون، بەڵام هەرچۆنێک بێت تەمەنی منداڵییش شتی جوان و ناخۆشی تیادایە. قەت ئەوەم بیرناچێتەوە و لەبیرمە ساڵێک پێش (١٩٨٨) تازە پاسکیلم بۆ کڕدرابوو، زۆر دڵم پێی خۆشبوو. بە نهێنی بە پاسکیلەکەم لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە بۆ یاریکردن، لە ناکاو تۆپێکی دوورهاوێژی ئێران دای بەناو گەڕەکەکەماندا. زۆر ترسام و گەڕامەوە بۆ ماڵ و پاسکیلەکەم لە کۆڵان جێهێشت، بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە دووکەڵێکی زۆر پەیدابوو، خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون، منیش پاسکیلەکەم بەجێما، نازانم دواتر چۆن بۆیان هێنامەوە، ئیتر دۆخەکە ئاوا بوو، ماوەی هەشت ساڵ بوو شەڕی نێوان عێراق و ئێران بەردەوام بوو، شوێنی

ئێمەش نزیکی سەر سنوور بوو، بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و ترسدا بووین. لەبەرئەوەی لە سنووری ئێرانەوە نزیک بووین و گەرمەی شەڕی عێراق و ئێران بوو، زوو زوو تۆپ بەر ناو شاری هەڵەبجە دەکەوت. باسی چەند ڕۆژێک پێش کیمیابارانەکەت بۆ دەکەم، چەند ڕۆژێک بوو لە دەوروبەری چیای باڵامبۆوە شەڕێکی گەرم بوو لەنێوان سوپای عێراق و سوپای ئێراندا... دوو ڕۆژ دۆخەکە کپ بوو، هەندێ ئارام بوو... لەو دوو ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و سوپای پاسدارانی سەر بە ئێران هاتنە ناو شاری هەڵەبجەوە. ئێمە لەوە زۆر ترساین و چووبووینە ناو ژێرزەمینەکانەوە... شەوێ پێش کیمیابارانەکە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبووین، لەناو بینایەکی گەورە هەبوو کە هەر هەیکەل بوو، وابزانم بۆ خوێندنگە دروستکرابوو، چووبووینە ناو ئەو بینایە، لە ماڵەکانی خۆمان دەرچووبووین، لەوێ ژێرزەمینێکی گەورە دروستکرابوو لەلایەن خەڵکەوە. کارەبا نەمابوو. شەوەکەی زۆر ترساین، بەیانییەکەی دەرچووین بەرەو قەراغی شار و زۆر کەسی تریش لە شوێنەکانی تری ناو شارەوە دەردەچوون... ئەوەبوو ئێمەش دەرچووبووین، زۆری نەخایاند شار کیمیاباران کرا. خێزان هەبوو نیوەی دەرچووبوو نیوەی بەجێمابوو. بە چاوی خۆم ژنێکی گەنجم بینی منداڵێکی بچووکی پێبوو لەگەڵ سێ کچی تر، هیلاک و شەکەت، لە ڕەوەکەدا بوون و بە ئاستەم ڕێیان دەکرد و دەڕۆیشتن. دایکەکە لای گوندی بامۆک منداڵە بچووکەکەی فڕێدایە ناو بیرێکەوە، بۆئەوەی فریای ئەوانی تر بکەوێت. ئێمەش کاریگەریی چەکی کیمیاییەکەمان پێگەیشتبوو، دایکیشم ئەو کات گەنج بوو و تەندروستیشی باش بوو، وتی: بە پشتوێن و حەبل هەرچیتان پێیە منداڵەکان ببەستن بەیەکەوە، بۆئەوەی لە یەک دانەبڕێین. ئێمە بەو جۆرە بەیەکەوە بەستراین، ئەوە شتێکی باش بوو بۆ دەربازبوونمان لەو کاتەدا.

سەدان کەسی دیکە وەک ئێمەیان دەکرد، ئەو دەشتە پڕبوو لە خەڵک. فڕۆکەی جەنگی و تۆپبارانیش بەردەوامبوو. ئارازی برام گەورەتر بوو لە ئێمە، کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین ئەو ڕایدەکێشاین. پەیتا پەیتا سەربازی ئێرانی دەهاتنە پێشەوە بۆ ڕێنوێنیمان، کات نزیکی یەک و دووی دوانیوەڕۆ دەبوو، لە سنووری هەڵەبجە دوورکەوتینەوە و دەرچووین بەرەو سنووری ناوچەی سازان لە نزیک سنووری خاکی ئێران. برایەکم پێشتر سەرباز بوو، کە بۆنی کیمیایی هات، وتی: خەڵکینە جلەکانتان تەڕکەن و لە دەمولوتتانی بدەن. ئەوە زۆر باش بوو. نزیکەی پێنج کیلۆمەتر بە پێ ڕۆیشتین تا لە سنووری هەڵەبجە

دوورکەوتینەوە و چووینە ناو خاکی ئێرانەوە.
سەرەتا کە چووینە ناو خاکی ئێرانەوە، وەکو دیل تەماشا دەکراین، دواتر بڕیاردرا وەکو پەناهەندە بمانگرنەخۆ.
دواتر لەو شوێنەوە ئۆتۆمبێلی گەڵابەیان هێنا و براینە شاری هەرسین. دواتر براینە شارێک وابزانم کرماشان بوو. لەوێش هێنراینە سەر شەقام. وتیان: وەرن خۆپیشاندان بکەن لە دژی حکومەتی عێراق. لەوێش لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا فڕۆکەی عێراقی هات بۆمبارانی کردین، نازانم چی ڕوویدا، هەریەکە و بە لایەکدا هەڵات، دواتر لەوێ خراینە شەمەندەفەرەوە بۆ پارێزگای کرمان. نزیکەی شەش ڕۆژمان پێچوو تا گەیشتینە ئەوێ... لەوێ دۆخمان زۆر خراپ بوو، نزیکەی دوو مانگ لەوێ ماینەوە. کرمان زۆر دوورە لە بیابانەکانی ئێرانەوە و نزیک سنووری وڵاتی ئەفغانستانە، لە ئۆردوگاکەدا کەسانی ئەفغانیش هەبوون. یەکەم شەو شەوێکی زۆر ناخۆش و ڕەشەبا بوو، شوێنەکەش خاکێکی لماویی بوو، دواتر خێمەیان پێداین و براینە حەمام و جلە پیسەکانیان سووتاند. وتیان: کیمیایی پێوەیە، لە دوای ئەو دوو مانگە وتیان: عێراق و ئێران ڕێککەوتن و شەڕ نەماوە، دەتوانن بچنەوە بۆ عێراق. فۆرمێکیان هێنا، کە ناو و ژمارەی خێزانی خۆمان تیادەنووسی، من و خوشکەکەم دەمانخوێندەوە، لە خوارەوەی فۆڕمەکە نووسرابوو (مطبعە بغداد). ئێمە لەوەش ترساین، وتمان: بۆچی ئێران فۆرمێکمان دەداتێ کە لە بەغدا چاپکراوە! بەڵام ئەوانەی گەورەتر بوون لە ئێمە وتیان: شەڕ نەماوە، ڕێکەوتنی هەردوولایە کە بگەڕێینەوە بۆ شوێن و جێگەی خۆمان، مەترسن. ئێمەش زۆر بیرمان لای ئەوەبوو کە زوو بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان و ئەو ساڵە خوێندنەکەمان نەفەوتێت.
کە لە ئۆردوگای سنووری پارێزگای کرمان گەڕێنراینەوە، هێنایانین بۆ شاری سەریاس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە چەند ڕۆژێکی پێچوو، ئەوەندە ناخۆشیمان بینیبوو، پەرۆشی ئەوە بووین زوو بگەڕێینەوە، واماندەزانی ئیتر شەڕ نەماوە و دەچینەوە ناو ماڵ و شاری خۆمان. لەوێشەوە خراینە ئۆتۆمبێلەوە و بەرەو سنووری تەوێڵە و بیارە، کە هاتینە سەر سنوور، یەکێک لەو چەکدارە کوردانەی ئێران کە خۆمان پێی دەڵێین بەکرێگیراو «جاش». دەستی کردە گریان و وتی: زۆر ترسم لێتان هەیە کە حکومەتی سەدام ئازارتان بدات، کە گەیشتینە ئەوێ، تەواو لەوە دڵنیابووین ئەمە ڕادەستکردنە، نەک گەڕانەوە، کە سەرەتا ئێمە ڕۆیشتین بەرەو ئێران لە سنووری تەوێڵەوە، ئێران هیچ

بارەگایەکی سەربازیی لەو شوێنانە نەمابوو، بەڵام کە کۆتایی بە شەڕ هات و گەڕاینەوە، بینیمان ئێران گەڕابووەوە شوێنەکانی پێش جەنگ.

لە بیارەوە خراینە ئۆتۆمبێلی سەربازیی عێراقەوە بۆ ناو بینای بنکەی سەربازیی تەوارییەکەی سلێمانی، لەوێ هەر ماوەی سێ ڕۆژێک دەبوو ماینەوە، زۆر نەماینەوە.

لەو ماوەیەدا لەناو تەواری سلێمانی بووین، بەڕێوەبەری ئەمن هات لە دوورەوە سەیرێکیان کردین. ئەو ڕۆژەی لە تەوارییەکەی سلێمانی بووین (١٩٨٨/٨/٨) بوو ڕۆژی وەستانی شەڕی عێراق ئێران بوو، خەڵکی سلێمانی ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی وەستانی شەڕەکەوە. ئەگەر ئێستا ئەو ڕێکەوتە بژمێرینەوە لە کیمیابارانی هەڵەبجەوە کە (٣/١٦) تا (١٩٨٨/٨/٨) نزیکەی چوار مانگ و بیست ڕۆژێک دەکات ئەو ماوەیە.

لەوێ، لە تەواری سلێمانی، کاربەدەستەکانی ئەوێ بە ئێمەیان وت: ئێوە پێشمەرگەن. ئیتر دوای ئەو دوو سێ ڕۆژە پاسی داخراو هات و سەریانخستین بۆ زیندانی نوگرەسەلمان... کاتەکە ئێوارە بوو، کە براین ئەو کاروانە دووسەدوچل خێزان بووین، دواتر دوو تا سێ کاروانی دیکەیان هێنا. شەو و ڕۆژێک لەناو ئۆتۆمبێلدا بووین، ئەوسا گەیشتینە شوێنێک وتیان: ئەمە نوگرەسەلمانە، کە چووینە نوگرەسەلمان، زۆر زۆر ترسناک بوو، ئەوانەی پێشتر لەوێ بوون، شێوەیان لە شێوەی مرۆڤ دەرچووبوو. هەموویان نەخۆشی و برسێتی وشکیکردبوونەوە. خۆیان نووساندبوو بە شیشەکانی زیندانەکەوە و سەیری ئێمەیان دەکرد. جلەکانیان زۆر شڕ و پیس بوو. ئێمە بە بینینی ئەوان، زۆر ترساین. پاسەوانەکان



لای ڕاستەوە: دکتۆر سادات محەمەد سەرحان لەگەڵ ئاوات عەزیز

پێیان وتین: نزیکیان مەکەون. یەکەم شت کە بینیمان، لێدان و کوشتنی خەڵک بوو. پیاوێکی کاکەیمان لەگەڵدا بوو، دوو شیشیان دا بەسەریدا و مرد. دوو ڕۆژی یەکەم هیچ خواردنێکیان پێ نەداین... ئیتر ئێمەشیان وەک ئەوان برسی کرد... دواتر ڕێگەیانداین و تێکەڵیان بووین. کچێکم بینی ناوی گوڵاڵە بوو، کچێکی زۆر جوان بوو، زۆر بەسەختی باسی ژیانی خۆیانی بۆ کردین، ئەو یەکەم کەس بوو لە زیندانییەکان کە لێمان نزیکبووەوە.

هەورامانی برام لەوێ نەخۆشکەوت و لە دۆخی سەرەمەرگدابوو. زۆر هیلاک بوو... داوای ئاوی دەکرد، ئاوی ئەوێش وەکو ژەهر وابوو، ئاوی ئاوەڕۆ بوو. ئاوێکی زۆر پیسیان دەدا بەو خەڵکە، هەموومان چاوەڕێی مەرگ بووین. ڕۆژێک لە شتێک دەگەڕام و نازانم چی بوو و چۆن چووم بەرەو ژووری ئەفسەرەکان، ژوورەکانیان نزیکی شوێنەکەی خۆمان بوو. تەلەفزیۆنەکەیان گۆرانییەکی گۆرانیبێژی عەرەب (سەمیرە سەعید)ی لەسەر بوو. ئەو گۆرانییە ئێستاش وەک یادگارییەکی تایبەت وایە لەلام... ئەفسەرەکە بانگی کردم و خۆی لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵکەوتبوو، سەیری گۆرانییەکەی دەکرد. بە منی وت: بڕۆ لەو سەلاجەیە خەیارێکم بۆ بێنە، منیش کاتێک کە سەلاجەکەم کردەوە، خەیار و تەماتەیەکی زۆری تیادا بوو. تەماتەیەکم خستە گیرفانی شەرواڵەکەم. شەرواڵی کوردیم لەبەربوو، تەماتەیەکی ترم خستە ئەو گیرفانم، دوو خەیاریشم خستە بەرباخەڵم. خەیارێکم گرتە دەستەوە بۆ ئەفسەرەکە و دوور دەستم بۆ درێژکرد، ئەو هەر سەرقاڵی سەیرکردنی گۆرانییەکە بوو، بە تووڕەییەوە وتی: روح... روح... (واتە: بڕۆ، بڕۆ). منیش پەلەم بوو زووتر ڕاکەم و خۆم بگەیەنمە دایکم، کە خەیار و تەماتەکانم گەیاندە دایکم، دایکم خێرا هەندێ تەماتەی گوشییە دەم هەورامانی برام. هەورامان هۆشی هاتەوە و باشتر بوو. کاک «بەکر» هەیە ئەویش هەڵەبجەییە، ئێستاش لە ژیاندا ماوە و بە دایکم دەڵێت «دایە». ئەویش بێهۆش بوو، زۆر نەخۆش بوو، دایکم هەندێک ئاوی تەماتەی کردە دەمی ئەویشەوە. ئەویش باشتر بوو. دواتر خەیارەکانی بەشکرد لەنێوان ئێمە و ئەو نۆ منداڵە و هەندێک لەوانەی دەوروبەریشمان. پارچەی خەیارەکانی وەکو حەب کوتکوت کرد و دابەشی کرد. ئەو گۆرانییەی سەمیرە سەعید و ئەو دزییەی من بووە هۆی ڕزگارکردنی گیانی هەورامانی برام و کاک بەکر و زۆری تریش... جارێکی تریان لەبەرئەوەی بڕیاری لێبووردنی گشتی درابوو، بۆئەوەی ئێمە بەو شێوە ترسناک و برسییەوە نەچینە دەرەوە،

دکتۆریان بۆ هێناین، کۆمەڵێک بوون، یەکێکیان دکتۆرێکی میسری بوو، ئەو ڕۆژە هاتن قاعەیەکیان لەوانەی زیندانی تیادابوو، چۆڵکرد و قەرەویڵەیان تیادا دانا بۆ چارەسەرکردنی ئەوانەی زۆر نەخۆش بوون. لە دوورەوە بینیم پیکابێک هات بەفری هێنابوو، قاڵبە بەفرەکان لەبەر گەرما و ڕێگەی دوور بە ئەندازەی مەچەکێک ئەستووریی مابوو. منیش ڕۆیشتم لە پەنایەکەوە دانەیەکم برد و گەیاندمە لای دایکم، ئەو لەناو هۆڵەکەی زیندان بوو. سەتڵێک ئاویان پەیداکرد و ئەو بەفرەمان تێکرد، بەناو هۆڵەکەدا دابەشمان کرد، هەریەکە و تۆزێک ئاوی سارد بخوات. لەو ماوەیەی لەوێ بووین، ئەوە یەکەمجار بوو لە گەرمای هاوینی باشووری عێراقدا، ئاوی ساردمان دەستکەوێت، کە زۆر شتێکی سەیر بوو. ئەو سەرکێشییانەی ئێمە وەک هەوڵێکی فریادڕەسانە بوون بۆ خێزانەکانمان، بەڵام مەترسیشیان زۆر بوو. منداڵێکی تری هەڵەبجە ئێستاش ماوە لە یاناخیەکانە، ئاوا هەوڵی دابوو شتێک بێنێت. سەربازەکان دەستگیریان کرد و بەستیان بە شیشەکەی ناو زیندانەکەوە لەو بەرهەتاوە. سزایەکیان دا بڕوا ناکەم لە هەموو جیهاندا سزای وا سەخت هەبێت، ئەوەندەیان لێدا... «کە چوویتە لای، خۆی بۆت باسدەکات».

وەک وتم، دوای بڕیاری لێبووردنەکە، ئیتر ئەو پزیشکە و ژمارەیەکی تری پزیشک و پەرستارێکی ژنیشیان هێنا، هۆڵەکەیان ڕێکخست و ئاوێکی زۆری هەڵواسینیان هێنا بۆ نەخۆشەکان، ئەوەی پێی دەڵێن (موغەزیی)، دوای ئەوە پەرستارەکە ڕۆیشت، لە ڕۆژانی داهاتوو نەگەڕایەوە، تەنها دکتۆرە میسرییەکە مایەوە لەگەڵ ئەو خەڵکە، لەبەرئەوەی بڕیاری لێبووردن درابوو، هەندێ ڕێگەیان کردەوە بۆمان. دکتۆرە میسرییەکە زیاتر مایەوە و وتی: با چەند کەسێک لە خۆتان بێت هاوکاریم بکات بۆ چارەسەری نەخۆشەکان. لەو کاتەدا نەخۆشی کۆلێرا بڵاوبووەوە و خەڵکەکە وشک دەبوونەوە و دەمردن. کۆسار و باکۆی برام لە من گەورەتر بوون، ئەوان چوون بۆ لای دکتۆرەکە بە مەبەستی هاوکاریکردنی. بەتایبەت کۆسار کەوتبووە گفتوگۆ لەگەڵیدا، کەمێک عەرەبییەکەی باش بوو... دکتۆرەکە لێی پرسیبوو: ئێوە چین؟ بۆ واتان لێهاتووە؟ بۆ لێرەن؟ کۆساریش هەندێ شتی بۆ باسکردبوو... دواتر بە کۆساری وتبوو دەتوانم بێمە ناوتان و ئەو ژنانەش ببینم کە نەخۆشن؟ کۆسار هێنیایە ئەمبەرەوە بۆ ناو هۆڵی زیندانییەکان. ئەو پزیشکە کە ئێمە و ئەو خەڵکەی بەوجۆرە بینی، وەکو منداڵ دەگریا... کۆسار زۆر هاوکاریی دەکرد، ئەویش زۆر هۆگری کۆسار

بوو، دواتر وتی: با پاسەوانەکان نەزانن من گریاوم و هاتوومەتە ناوتان. دکتۆرەکە داوای لە ئەفسەرەکان کردبوو تانکەرێک ئاوی پاک بهێنن... وتی: نابێت ئەو ئاوە پیسە بخۆنەوە. ئاوی پاکیان بۆ هێناین، دواتر وتی: ئەم خەڵکە دەبێت میوە بخۆن، بۆئەوەی ببووژێنەوە. پاسەوانەکان وتیان: ئێمە چۆن میوە بهێنین، فەرمانی ئەوەمان نییە، کەسە بەتەمەن و دەمسپییانی ناوخۆمان وتیان: خۆمان پارەمان پێیە با بۆمان بهێنن، ئیتر خەڵکەکە ئەوەی شتێکی پێبوو دەیان دا بە پاسەوانەکان و میوەیان بۆ دەهێنان. زۆریشی دکتۆرەکە هەر لەسەر خەرجیی خۆی دەیهێنان. لەو ماوەیەدا، کەمە کەمە کیلۆ و نیو کیلۆ میوەیان دەهێنا بۆ ئەو کەسانەی کە شتێک پارەی لە شوێنێکدا و لەناو جلوبەرگەکانیاندا شاردبووەوە، میوە و ئاوی پاک هات... لەو ماوەیە پۆلیسەکانیش کەوتنە بازرگانیکردن بەسەر ئەو خەڵکەوە و شتیان دەهێنا و بە گران دەیانفرۆشتەوە بەو خەڵکە... قتوویەکی بچووکی ئاوەتەماتە بە پێنج دینار بوو... پڕی قتوویەک




ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دیدار لەگەڵ دکتۆر سادات، (٢٠٠٩/٤/٢٧)

ئاوەتەماتە برنجی وشک بە پێنج دینار بوو. ئێمە دوو جار ئەو بڕە برنجەمان کڕی لەو ماوەیەدا، ئینجا وەرە ئەو برنجە بە نهێنی بیکوڵێنە و بە نهێنی بیخۆ. ئەو دکتۆرە نزیکەی بیست ڕۆژێک و بگرە زیاتر لامان مایەوە. زۆر خزمەتی کردین. زیندانەکە هەفتانە بڕێکی لێدەگوێزرایەوە بۆ ڕزگاربوون لەو شوێنە. لەو ماوەیەدا دکتۆرەکە وێنەیەکی بچووکی خۆی دابوو بە کۆساری برام و ناونیشانی خۆی لەسەر نوسیبوو. پێی وتبوو کە ڕزگارتان بوو، بمدۆزەوە... وێنەکە لامان مایەوە، دوای بیست ساڵ لە ماڵبارکردن و ئەملاوئەولا، وێنەکەی دکتۆر ساداتمان دۆزییەوە... کۆساری برام لەو ماوەیەدا چووبووە ئەوروپا و ناسنامەی وڵاتی هۆڵەندای هەبوو. ئەوکاتەی وێنەکەی دکتۆر (سادات)مان بینییەوە. ساڵی (٢٠٠٧) بوو، کاتی دادگاییکردنی سەدام و دەستوپێوەندەکەی و عەلی حەسەن مەجید بوو، کە ناسرابوو بە (عەلی کیمیایی). لیژنەی لێکۆڵینەوە و ئامادەکاریی بۆ وتەی شایەتحاڵەکان هاتە هەڵەبجە و سلێمانی. من بە لیژنەی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی شایەتحاڵەکانم وت: کەسێکی وا دەناسین کە بەڕەگەز میسرییە، وێنە و ناونیشانی لامانە با بیدۆزینەوە، بۆئەوەی گەواهی بدات لەسەر تاوانەکانی ناو زیندانی نوگرەسەلمان. ئەوان زۆریان پێ باش بوو، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە میسر هەوڵیان دا نەیاندۆزییەوە. دواتر خۆم بە کۆسارم وت وەرە خۆت بچۆ بیدۆزەوە، ئەمە بۆ ئەم کات و ساتە زۆر گرنگە کە لە دادگا شایەتی بدات. ئەوەبوو کۆسار لە هۆڵەنداوە هاتەوە و وێنەکەی هەڵگرت و چوو لە وڵاتی میسر دۆزییەوە... «حەزدەکەم خۆی بدوێنیت لەو بارەیەوە». ئەوەبوو هێنای و بینییان، لێکۆڵەرەکانی دادگا وتەکانیان لێوەرگرت. ڕۆژنامەی «ئیتحاد و کوردستانی نوێ» چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازکرد و ئیتر نازانم گرفتێکیان دروستکرد و نەبرایە دادگا، ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو. دواتر هات بۆ هەڵەبجە و چەند ڕۆژێک لامان مایەوە. هاتنی ئەو و بینینی ئەو خەڵکە لە جارێکی تر و لە سەردەمێکی تردا، شتێکە ناگێڕدرێتەوە، لەوێش هەر باوەشی بەو خەڵکەدا دەکرد و دەگریا. لە ساڵی (٢٠٠٩)دا جارێکی تر هاتەوە و نزیکەی پانزە ڕۆژێک مایەوە. ئێستاش پەیوەندیمان هەیە و ئاگامان لێیەتی...

جا کاتێک لە نوگرەسەلمان ڕزگارمان بوو، هێنراینە ناحیەی عەربەت، دواتر هەر خۆیان، کاربەدەستانی حکومەتی عێراق، لەو کاتەدا بڕیاریان دا بمانبەنە ئۆردوگای زۆرەملێی گردەچاڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر. دواتر وتیان:

نا با ببرێنە ئۆردوگای باینجان. لەو ماوەیەدا لە دەرفەتێکدا خۆمان دزییەوە و چووینە ناو شاری سلێمانی. هەرچۆنێک بوو لەوێ ژیاین تا کاتی ڕاپەڕین و ئازادبوونی هەڵەبجە. دواتر چووینەوە بۆ هەڵەبجە و ئێستا ماڵی دایکم و براکانم لەوێن و خۆیشم لە سلێمانی ژیان بەسەردەبەم.

لە ساڵی (٢٠٠٧) ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە و دوو منداڵم هەیە... خەریکی کاری بازرگانیم. هەروەها وەک کارێکی خۆبەخشیش بەرپرسی دۆسیەی زیندانییەکانی هەڵەبجەم لە شاڵاوی ئەنفالدا بۆ هەندێ کاری تایبەت بەوان...

- زۆر سوپاس بەڕێز کۆچەر، تەمەندرێژ بیت، داواکارم هاوکارمان بیت لە تۆمارکردنی ئەم مێژووەدا.



ماڵی باوکی کۆچەر عەزیز، (٢٠٠٧)، بە میوانداریی: دکتۆر سادات، ئاوات عەزیز، کۆسار عەزیز

* ئەم چاوپێکەوتنە لە سلێمانی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە، لە سەعات (٤)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/٧/١٧).



**عوزرا عابید حەبیب**
**لەدایکبووی شارۆچکەی تەوێڵە،ساڵی (١٩٤٥).**

بەمەبەستی دیداری دووەممان، چووینە هەڵەبجە بۆ خزمەتی دایکی بەڕێز "کۆچەر" و خێزانە تێکۆشەرەکەیان.

عوزراخان دایکی کاکە کۆچەرە...

ئەو وتی: شەش خوشک و دوو برا بووین. برایەکی گەنجی جوانم لە شەڕی داگیرکردنی وڵاتی کوێتدا بێسەر و شوێن بووە. تا ئێستا هیچ هەواڵێکی لەبارەوە نازانین. خۆمان تەوێڵەیین و هەر لەوێش شوم کردووە، هاوسەرەکەشم خزمی خۆمانە. تەوێڵە بێگانەی تیادا نییە، هەموو خزم و کەسی یەکترین. باوکی منداڵەکان وەستا عەزیز، پیاوێکی بەناوبانگ و زانا بوو. زۆر خزمەتی خەڵکی دەکرد، وەستای کارەبایی بوو، لە ئیشوکاری ناو شار و پێویستیی کارەبا و ئاو بەستنی ماڵاندا زۆر شارەزا بوو، پیشەزانێکی زۆر وریا بوو. ئەو پیاوێکی ژیر و خوێندەوار بوو، بەڵام من نەمخوێندووە، کە شوم بەو کرد، نەریتی لای ئێمە وایە لە هەوراماندا، ژن بەژن نییە و هەورامی پێیان خۆشە کچان هەر لەناو

خۆیاندا هاوسەرگیریی بکەن. وتەیەکمان هەیە دەڵێت: باش نییە کچ لە سنووری سۆسەکان دەرچێت، سۆسەکان هەورامینشینن.

حەزمان دەکرد کچمان لە سۆسەکان دەرنەچێت، لای ئێمە شێخێکی گەورەی وەک شێخ حیسامەدینمان هەبوو، بەڵام ئەوە نەبوو کە چینایەتی دروستبێت، ئەگەر ئەوانەی تر کە شێخ نین، داوای ژنیان لە بنەماڵەی شێخەکان بکردایە و بە یەک ڕازیببوونایە، لەبەر پلەی شێخ و مسکێن ڕێگریی نەدەکرا. لە ژن و ژنخوازیشدا تەماع نەبوو، کە شیربایی و پارەی زۆر لە ماڵی کوڕ وەربگیرێت، فشاری زۆر نەدەخرایە سەر خاوەن کوڕ، لەو سەردەمەدا بۆ نموونە دە دینار بۆ مارەیی، دە دینار بۆ خەرجی کەلوپەل و دە دیناریش بۆ ئاڵتوون، ئەگەر کەسێک هەیبووایە... نەشبووایە فشار نەدەکرا. ئەگەر لەو کاتەدا کوڕ خاوەن کارێکی دیاریکراویش نەبووایە، هەر ژنیان دەدایە و دەیانوت: خۆی دەبێت بە ماڵ. من کە درام بە وەستا عەزیز، پێشتر ئەوەندە نەمدیبوو، ئەو زۆر لە من گەورەتر بوو، ژنێکی تری هەبوو، کوڕێکیشی لێی هەبوو، کە من شوم پێکرد، ئەو ژنەی نەخۆش بوو، چووبووەوە ماڵی باوکی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە. من کوڕەکەی ئەویشم بەخێو کرد، ئەو ژنەم هەر نەدی، زۆر نەژیا و کۆچی دوایی کرد. وەستا عەزیز کەسێکی باش بوو، ئەو ژنەی هەتا مرد، هەر پێویستییەکی هەبووایە، یان داوای شتێکی بکردایە، بۆی دەنارد. پرسیشم پێ نەکرا کاتێک درام بەو، دایک و باوکی هەردوولا و گەورەکان بڕیاریان دەدا لەسەر شوکردنی کچ. زۆریش گەورە نەبووم کاتێک درام بە شو. ماڵی ئەوانیش هەر لە تەوێڵەدا بوون، بەڵام من ئاشنایەتی وام نەبوو لەگەڵیدا. لە هەزار کچ یەکێ ئەگەر پێشتر پەیوەندیی لەگەڵ کوڕێک هەبووبێت و شوی پێکردبێت. ئەگەر ماڵی باوکی کوڕ و کچەکە لە یەکەوە نزیک بوونایە، هەر بە پێ کچ دەبرایە ماڵی پیاوی، من بە پێ گواسترامەوە بۆ ماڵی حەزوورم، بەڵام ئەگەر بووک ببرایە بۆ شوێنێکی وەک سۆسەکان، یان پاڵانیان، ئەوا بە سواری هێستر و ئەسپ و مایین دەگوازرایەوە و هەتا دەبرایە ئەو شوێنە، بە سەما و گۆرانیوتن و چەپڵەڕێزان دەگوازرایەوە و بەڕێدەکرا. زیاتر لە وەرزی پایز و بەهاردا بووک دەگوازرایەوە، زستانی ئەوێ زۆر سەخت و بەفراوییە، هاوینیش ئیشوکار زۆرە. ئیتر کە وەرز خۆش دەبوو، ئامادەکاریی دەکرا بۆ بووک گواستنەوە. هەموو خواردنێکی خۆشمان لێدەنا، برنجی کوردی بە ڕۆنی خۆماڵییەوە لێدەنرا، زۆر بەتام بوو. شلەی پەتاتە و فاسۆلیا و قەیسیمان لێدەنا، قەیسیش هی خۆمان بوو. پەتاتەش

خۆمان دەمانچاند لەناو باخدا، بەڵام فاسۆڵیا لە ئێرانەوە دەهێنرا و بە وڵاخ دەیانگواستەوە بۆ تەوێڵە...

لەو ناوچەیەی ئێمە دیاردەی دوو ژن و سێ ژن زۆر کەمە. زەماوەندەکەی من زۆر ساردوسڕ بوو، دەمەو ئێوارەیەک کە بانگی مەغریبی دا گوازرامەوە، مشکییەکی گەورەیان دا بەسەر سەرمدا، هیچم لێوە دیار نەبوو، بەڵام دوو دەستە جلی جوانیان بۆ کردم. کڵاو و مێزەری جوانیان دەکرد لەو سەردەمەدا. کڵاوزەڕێکی زۆر جوانم هەبوو، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کڵاوزەڕ هەر ناوەکەیەتی، دەنا هیچی لە کڵاوزەڕی جاران ناچێت، کڵاوزەڕی جاران زۆر جوان بوو. وێنەیەکم هەبوو بە کڵاوزەڕەوە زۆرجوان بوو، لە تۆپباران و ماڵوێرانیدا فەوتا... شایی و هەڵپەڕێکێشم بۆ نەکراو بە بێدەنگی گواسترامەوە، بەڵام لە شایی دیکەدا خزم و دراوسێ بانگ دەکرا و نان بە خەڵکی دەدرا. هەورامیش؛ ژن و پیاو و منداڵی گۆرانیبێژن، بەتایبەت لەناو باخدا دەنگی زۆر خۆشت دەبیست.

من بیرم بێت لە کوردستان هەر شەڕوشۆڕ بووە، تا لە تەوێڵە بووین، ژیان زۆر خۆش بوو، هەژاریش بوواینایە هەر دڵخۆشبووین، بە زۆریی هەر لەناو باخدا بووین. لە بەیانییەوە دەچووینە ناو باخ، تا ئێوارە بەروبوومی دارمان دەچنی. خەڵک زۆر تەماعکار نەبوو، ئەوەی هەیبوو پێی ڕازیبوو... لە سنووری ئێمەدا گەنم و جۆ نەدەچێنرا و هەر باخداریمان دەکرد. ناوچەکە شاخاوییە، لە دەشتی شارەزوور گەنم و جۆیان دەچاند. شار و بازاڕمان هەر لە تەوێڵە بوو، لەوێ قەیسەری سەعدی بەگ هەبوو، بۆ هەر پێویستییەک بچوویتایە، هەبوو. هەر هاتینە هەڵەبجە، شەڕوشۆڕ هەبووە و لە زەمانی زەعیم سدیقەوە شەڕ هەر هەبووە. من بیرم بێت حکومەت شەڕی دەکرد، پارتی و یەکێتی، شەڕی ئیسلامییەکان. بە زۆریی هەر ئاوارە و دەربەدەر بووین. جارێک هەڵدەهاتین دەچووینە دەشتودەر و جارێکی دیکە دەچووینە سلێمانی، لە هەر شوێنێک ئارامیی هەبووایە، ماوەیەک پەنامان دەگرت و تۆزێک دۆخەکە ئارام بووایە دواتر دەهاتینەوە شوێنی خۆمان. لەگەڵ ئەو دۆخانەش کچێکم خوێندنی تەواو کرد، مامۆستا بوو، نەخۆشکەوت و کۆچی دوایی کرد. ئێستا یەک کچم هەیە شوی کردووە و لە ماڵی خۆیەتی. سێ جار ئەم ماڵەمان تەقێنراوەتەوە. ئەم شوێنە دوو نهۆم بوو، تەقێنرایەوە و یەک بلۆکیش قەرەبوو نەکراین. دوو ساڵ پێش کیمیاباران باوکیان کۆچی دوایی کرد، منداڵم ورد بوو، کە کیمباران کراین

بەرەو وڵاتی ئێران هەڵاتین. ئێرانیش باش نەبوو لەگەڵمان، وەکو سواڵکەر خراینە ژێر پارچەیەک پەڕۆ. خێوەت چییە، پارچە پەڕۆیەکە. ئەوەش بە واسیتە و پاڕانەوە دەستدەکەوت. ئێمە قوربانیی دەستی تۆپ و ڕاجیمەی وڵاتی ئێران بووین، ئەوان ماڵوێرانیان دەکردین، پەنی ئەوان بوو وامان لێ بەسەرهات. ئێمە لە ماڵ و حاڵی باشی خۆماندا بووین و هەر منداڵێک ژووری خۆی هەبوو. لە ئێرانیش بەناچاریی گەڕاینەوە، بەڵام بریا و خۆزگە نەگەڕاینایەتەوە ژێر دەستی بەعس و سەدام، کە گەڕاینەوە، براینە سلێمانی و لەوێشەوە براین بۆ زیندانی نوگرەسەلمان. هەتا هەتایە باسی نوگرەسەلمان بکەین، هەر ناخۆشی و نەهامەتییەکانی کە لەوێ بەسەرمان هات، دوایی نایەت. سێ و چوار ڕۆژ هەر بەڕێوەبووین لەناو ئێرانەوە بۆ نوگرەسەلمان... هەر گەیشتینە ئەوێ، لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو وەیل و سەقەرە، هەرواش بوو. دۆزەخ بوو دۆزەخ. ئەو دوو ڕۆژەی لە سلێمانییەوە بە ڕێگەوەبووین بۆ نوگرەسەلمان، هیچ خواردنێکیان پێ نەداین.

کاتێک بەڕێکراین، پاسەوانی ناو پاسەکە دەبەیەک ئاوی ساردی بەدەستەوە بوو، دیاربوو ئاوەکەی ساردبوو، بە تامەزرۆییەوە لێی دەخواردەوە. منداڵێکی شیرەخۆرە لەباوەشی دایکیدا بوو، هاواری کرد و دەستی درێژکرد بۆ ئاوەکە. سەربازەکە بۆئەوەی زیاتر ئازاری منداڵەکە و ئێمەش بدات، هەندێکی تری لە ئاوەکە خواردەوە و ئاوەکەی ڕژاند، پاشان منداڵەکە یەک نکەی کرد و مرد... ئەوەمان بینی ئیتر هەرئەوە نەبوو گیانمان دەرچێت. بە چەند شاردا براین و خەڵک هاتبووە سەر ڕێگەکە و جنێوی پێ دەداین و تەماتە و شتیان دەگرتە پاسەکان، وەک ئەوەی دیلی شەڕیان گرتبێت، وەها هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردین.

کە گەیشتینە ئەوێ، هەورامان و هێمنی کوڕم زۆر هیلاک بوون، داوای ئاویان دەکرد. بەهیچ جۆرێک ئاو نەبوو. هەر سەرت ببردایەتە دەرەوە، بە سۆندە لێیان دەدایت. کابرایەکی لێبوو ناوی حەجاج بوو، زۆر زۆر دڕندە بوو، هیچ بەزەییەکی نەبوو بەرامبەرمان و ڕەفتاری کافرانەی لەگەڵ دەکردین. خەڵکەکە لێم کۆبوونەوە، هەورامانی کوڕم زۆر هیلاک بوو. چوون لەژێر شوێنی پاسەوانەکانەوە لە ئاوی ئاوەڕۆکە تۆزێک ئاویان هێنا. لەو ئاوەم دا بە کوڕەکەم، وتی: دایە تاڵە. وتم: دایە چی بکەم. کوڕەکەم بوورایەوە و دانی چوو بەیەکدا. ئەوانەی لەوێ بوون بەدیارمەوە دەگریان، چەند ڕۆژێک وابوو، هەر

خودای گەورە پێی دامەوە و باش بوو.

کچێکم مامۆستا بوو، زۆر یارمەتی خەڵکی دەدا، کچێکی گەنج پێشتر لەوێ بوو، هاتە نزیکمان بەس ئێسکەکەی مابوو. ژنێکی قەرەداغیم بینی ئەویش بەس پێست و ئێسکەکەی پێوەمابوو، منداڵەکەی مرد، کچێک بوو سێ ڕۆژ جەستەی ئەو منداڵە مردووەی لەباوەشدا بوو، منداڵی چی، قاچی لە زەوی دەخشا. ئەو ژنە داماوە دەپاڕایەوە بەس ڕێگەی بدەن جەستەی منداڵە مردووەکەی بیباتە دەرەوە و فڕێی بدات.

خۆ ناشتن نەبوو، خاکێکی ئەوەندە سەخت بوو، هەڵنەدەکەندرا، مردووەکەشت ببردایەتە دەرەوە، سەگی برسی دەیخوارد. ئەو ژنەم بینی سێ ڕۆژ ئەو تەرمەی پێبوو، نەیاندەهێشت بیباتە دەرەوە، ئاخ، خۆ گیان دەرناچێت...!

ئەفسەرەکە بە سۆندەکەی دەستی زۆری لەو ژنە دا. ناچار تەرمەکەی برد لای ئاوەڕۆکە داینا. ئیتر نازانم، کەی و چۆن برایە دەرەوە. ئەگەر مردوویەکت لێ بمردایە، خۆیان کەیفیان نەبووایە، نەیاندەهێشت بیبەیتە دەرەوە، هەر لەبەرچاوت بوو.



خاتو عوزرا عابد لەگەڵ کوڕەکانی: ئاوات، ئارام، کۆچەر لە ماڵی خۆیان لە هەڵەبجە، (٢٠٢١/٧/١٨)

لە سەرەتاوە نەیاندەهێشت تێکەڵی گیراوەکانی پێشوو ببین. ئێمە لە قاعەکانی قاتی سەرەوە بووین. ڕۆژێک لەوێ دەنگی تەیارە هات. دەنگەکەی زۆر بەرز بوو. زۆر زۆر ترساین، وامانزانی وەک هەڵەبجە بۆمباران دەکرێین، بوو بە قیژە و هەرایەک وەخت بوو زیرە بکەین لەترسا، لەسەرەوە هاتینە خوارەوە.

لە خوارەوە لە سەرەڕێگەکەدا ژنێکم بینی لەسەر زەوی کەوتبوو، زۆر زۆر لاواز بوو، بەس ئێسک و پێستەکەی مابوو، هەزاران مێشی لێ ئاڵابوو، ئەوەندە مێشی پێوە بوو، بە ئاستەم دەتبینی لەژێرەوە دەمی دەجووڵێنێت و هێشتا گیانی تیادا ماوە. تا ئێستا دیمەنی ترسناکی ئەو ژنەم لەبەرچاو لاناچێت. ژنە کوردێک بە جلوبەرگی کوردییەوە لەو سەر زەوییە کەوتبوو، لە دڵی خۆمدا دەمپرسی، ئاخر کوردبوون بۆ وابێت...؟ ژنە کوردێک ئاوا بێناز و بە ئازارەوە بمرێت، دوای سەعات هەشت گەڕاینەوە بۆ قاتی سەرەوە، بەڵام ئەو ژنە لەوێ نەمابوو، نازانم بۆ کوێیان بردبوو. ئێستاش بیرم ناچێت. مرد، ژیا، چی لێهات؟ بۆ کوێیان برد...؟ قەرەداغیی و گەرمیانییەکان پێش ئێمە لەوێ بوون، ئەوان دۆخیان هەر زۆر لە ئێمە خراپتر بوو. ئێمە کە دەستگیرکراین، هەندێ شتمان پێبوو. برایەکم کە لەگەڵ ئێمەدا دەستگیرکرابوو، هەندێ چای وشکی پێدام. وتی: عەزرا، با ئەم چایەت پێبێت، دەزانم تۆ بێ چایی سەرت دێشێت. سەرم زۆر زۆر دەیەشا... قۆرییەکی بچووکم پێبوو، بەیانیان زوو تۆزێک لە ژێرکراسەکەی خۆمانمان دەسووتاند لەژێر قۆرییەکەدا، تا تۆزێک ئاوەکەی گەرم دەبوو و چاییەکە ڕەنگیدەدایەوە، چایەکمان دەخواردەوە و بەشی ئەو کەسانەی دەوربەری خۆیشم لێ دەدا، چ بە وشکی، یان بە کوڵاویی، کە بەو ئاوە پیسەی دەستمان دەکەوت لێمان دەنا. ئەگەر پێیان بزانیایە کە شتێک دەکوڵێنین، یان شتێکمان پێیە، ئەوا هەر لەژێر سۆندە و کێبڵدا دەیانکوشتیت، یان هەڵیاندەواسین. زۆر بێبەزەیی بوون بەرامبەرمان. ئەو چایە زۆر بەکەڵکمان هات. بڕوات بێت ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، هەموو بەیانییەک تۆزێکم لێدەنا، تۆزێکیشم دەدایە دراوسێکانی دەوروبەرم. ئەوانیش زۆر ڕەحمەتیان بۆ دایک و باوکمان دەنارد... دواتریش هاتینەوە سلێمانی و تا دوو مانگ دوای ئەوەش ئێمە لەو چایەمان دەخواردەوە و هەر دوایی نەدەهات. لە دوادواییەکەیدا وردەی بنەکەیشیم بێژایەوە و خواردمان. ئێستاش دەڵێم، ئەو چایە چەند بە بەرەکەت بوو، لە سلێمانیش چووینە کەلاوەیەک، بێئەوەی هیچ کەلوپەلێکمان پێبێت، لەگەڵ ئەوەی ماڵە خزم و ناسیاویش زۆر بوون لەوێ،

بەڵام کەس هاوکاریی نەکردین. تا وردە وردە منداڵ هەندێ هاتنەوە سەر خۆ و دەستیان کرد بە کارکردن، ئیتر بەو جۆرە ژیاین تا کاتی ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١). دواتر دۆخەکە ئارامبووەوە و هاتینەوە هەڵەبجە و سەرلەنوێ ماڵمان پێکەوەنا. ئەوەی وتوومە زۆر کەمە، بەڵام نازانم چی بگێڕمەوە...!

ئێستاش هەموومان کاریگەریی چەکە کیمیاییەکەمان لەسەرە، بەتایبەت لەسەر چاومان. خۆیشم چەند نەشتەرگەرییەکم بۆ کراوە، گلەییم لە حکومەتی خۆمانە ئەو هەموو ئازارەمان چەشت، بەڵام بە شتێک هاوکاریی نەکراین.

* ئەم دیدارە لە پارێزگای هەڵەبجە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/٧/١٨)، لە ماڵی خاتوو عوزرا ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە.



**ئاوات عەزیز عەلی**

**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٦١).**

ئەو وتی: پیشەم مامۆستایە و هەورامیم. زۆربەی هەورامییەکان دەکەونە سنووری ئەودیوەوە لەناو سنووری خاکی ئێراندا. ئەوەشی پێی دەڵێن هەورامانی لهۆن، ئەمدیوە و لەناو سنووری عێراقدایە. ئەوانەی ئەودیو لادێکانیان ماون و وەک ئێمە ڕانەگوێزراون، جوانی سروشتی هەورامان لە دیوی سنووری ئێرانەوە زیاتر دیارە. زۆر شتم لەبیرە، بەتایبەت ساڵانی حەفتاکان، ئەو سەردەمەی پارتی یەکێک بوو لە حیزبە چالاکەکان لە ناوچەکەدا، هەرچەندە هەندێ کەسیش شیوعی بوون و لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بوون. کورد بە ماڵ و گیان کوردایەتی دەکرد. خەڵک شانازیی بە پێشمەرگەوە دەکرد. لە خوێندنگە هەر سرودی نیشتمانی و گۆرانیمان دەوت، زۆر دڵمان بەو شۆڕشە خۆش بوو. ساڵی (١٩٧٥) تەمەنم گەیشتبووە پانزە ساڵ و لەوپەڕی ورەبەرزیدا بووین، بەڵام ئاخ، هەزاران ئاخ. نسکۆی شۆڕش ئازارێکیداین هەرگیز ناخۆشی وام نەدیوە. هەتا کیمیابارانیش کراین و ئەو

کاتەش زیندانیکرام، ئازارەکەی وەک شکستی نسکۆ ئازاری نەدام. لە ساڵی (١٩٨٨) بەورە و شکۆوە دەمردین، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥) شکۆیان شکاندین، کە سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری ڕاگرتنی شۆڕشی دا. شۆڕش لە لوتکەدا بوو. زۆر زۆر ناخۆش بوو و هەرگیز بیرم ناچێتەوە. پێشمەرگە بە سەدان چەکی قورسی پێبوو، دەمبینی ئەو چەکانە، لە تۆپ و بڕنەو... هتد بوون، پێشمەرگە بە ناچاری دەیدایە دەستی پۆلیس و سەربازی عێراقی. من ئەوکاتە قوتابی بووم، هەموو قوتابییەک خۆی بە پێشمەرگە دەزانی. قوتابخانەکەمان بەرامبەر بارەگای پارتی بوو. لەسەر دیواری بارەگاکە وێنەیەکی مەلامستەفای لەسەر بوو بە خەنجەرێکەوە، زۆر شانازیمان پێوە دەکرد... شەهید هاوار لەوێ پێشمەرگە بوو، هاواری نوری حەلاو زۆر قارەمان بوو. هەموومان گۆرانیمان بە بەژن و باڵای هاواردا دەوت. ساڵێک پێش نسکۆ شەهید بوو، کە نسکۆ بوو ئەوەندەی تر بۆ شەهید هاوار دەگریاین. نسکۆ شتێکە هیچ ئازارێک پێی ناگات. لە دوای نسکۆ، بەعس بەشێوەیەکی زۆر دڕندانەتر بەرامبەر بە کورد مامەڵەی دەکرد، کە شۆڕشی نوێ دروستبووەوە، دیسان خەڵک بە ماڵ و گیان چوونەوە ناو شۆڕش. ئەم شۆڕشە تۆڵەی ئازارەکانمان بوو. من لە شۆڕشی نوێدا بووم بە پێشمەرگە. لە پێشمەرگایەتیشدا و لە شۆڕشی نوێ لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، ئەوەی زۆر ئازاریدام، ڕووخانی لادیکان بوو، داگرتنی خەڵکەکە بوو بۆ ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان. ئەو هەموو مزگەوتەم دەبینی بە قورئان و پیرۆزییەکانییەوە لەژێر دەمی شۆفڵدا وێران دەکران. بێڕێزیی بە پیرۆزییەکانی خەڵک دەکرا. ئێمە لەم هەڵەبجەیە بەردەوام ناڕازی بووین و خۆپیشاندان دەکرا، دەیان خانوو لەناو شاردا دەتەقێنرانەوە. ساڵی (١٩٨٧) خۆپیشاندان کرا لە هەڵەبجەدا. لە ساڵی (١٩٨٨) کاتێک کە ئێران و پێشمەرگە هاتنە ناو هەڵەبجەوە، نازانم ناوی بنێم ڕاپەڕین، یان ڕزگارکردن، یان هەڵەی سیاسی، بەڵام ڕاستتر پیلانی دوژمن بوو، هەموو دەمانزانی سەدام دوژمنێکی دڕندە و خوێنڕێژە. هەڵەی گەورە ئەوەبوو کە نەیانهێشت خەڵکەکە لە شار دەربچن، خەڵک دەریشچوو، کەچی گەڕاندیاننەوە، ئیتر ئەوەبوو کیمیاباران کراین و بەوجۆرە ماڵەوەمان ئاوارەی ئێران بوون. منیش ئەو کات لەناو هێزی پێشمەرگەدا بووم، کە چووینە ئێران لەگەڵ پێشمەرگەدا، دۆخمان زۆر زۆر خراپ بوو. ئەو هەموو پێشمەرگە قارەمانە ڕیسوای ژێر فەرمانی پاسدارێکی ئێرانی بوو. ماوەیەکی زۆر سەختمان بڕی لە ئێران. دوایی گەڕاینەوە بۆ

کوردستانی خۆمان. من لە قەندیل بووم لە شوێنێک پێیان دەوت کونەکۆتر. لەوێ هەواڵم پێگەیشت دایکم و ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و دەستگیرکراون... ئەوەش خەمێکی گەورەتر بوو بۆم. چەند مانگێک پێش ڕاپەڕین هاتمەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، هەواڵم لەسەر درابوو کە پێشمەرگەم، بێئەوەی کەسێکی ناسیاومان ببینم، دەستگیرکرام. هەر کە دەستگیرکرام بێهۆش کرام و کاتێک بەهۆش هاتمەوە، لە بەغدا بووم. هێزیکی زۆر دڕندە و بەهێز منی گرتبوو. کارێکیان بەسەر هێنام لە گێڕانەوە نایەت. پانزە ڕۆژی سەرەتا نە ئاویان پێدام، نە خواردن، لێدان و ئازاردانیش بە بەردەوامی، هۆش و بیرم لای خۆم نەما، بە تەواوی تێکچووم. دوای ماوەیەک زانییان تێکچووم، خرامە نەخۆشخانە. بە ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێنرا کە تێکچووم و هۆشم لەدەست داوە... دواتر ئازادیان کردم. گەڕێنرامەوە بۆ ماڵی خۆمان. لە ماڵەوەش دۆخی دەروونیم خراپ بوو، بە چەقۆ هەندێ کەسم بریندار کرد. ئیتر کە ڕاپەڕین کرا و ترسی بەعسمان لەسەر نەما، سوپاس بۆ خوا باش بووم و ئێستا مامۆستام.



کاک ئاوات عەزیز و هاوسەرەکەی، هەڵەبجە (٢٠٢١)

هیچ مامەڵەیەکیشم نەکرد بۆ پاداشتی زیندانیبوونم، لەبەرئەوەی بڕوام وایە لە زیادە ماوم لەدوای ئەوەی لە دەستی ڕژێمی بەعس ڕزگارم بوو. ئەم ژیانەی کە ئێستا دەژیم، بەخششی خودایە.

ئەوکاتەی کە دێهاتەکانم دەبینی وێران دەکران، بە مامۆستایەکم وت: مامۆستا بڕوات هەبێت ئەوەی بەسەر ئێمەدا دێت، ڕۆژێک بەسەر سەدام و ماڵ و منداڵیشیدا دێت. جا ئەوەشمان بە چاوی خۆمان بینی، کە چۆن سەدام و دەسەڵاتی و ماڵ و منداڵی بە چ دەردێک چوون. ئەوە هەمووی حیکمەتی خوای گەورەیە کە منیش تا ئێستا ماوم...

- دوای دیداری ماڵی باوکی بەڕێز «کۆچەر»، کۆچەر ڕێنوێنی کردین بچینە سەیرانگەی چاوگ و لەوێ چەند کەسێکی خاوەن بیرەوەریی دیکە بدوێنین. هێشتا چاوەڕێی بەڕێز «ئیحسان» بووین، کە یەکێک بوو لەوانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان لەگەڵ کۆچەردا بووە، هەروەها هەر لەوێ چەند کەسێکی دیکەشمان بینی.

* ئەم دیدارە لە پارێزگای هەڵەبجە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە سەعات (٣) ی پاش نیوەڕۆ لە (٢٠٢١/٧/١٨)، لە ماڵی دایکی کاک ئاوات ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە.

**بیلال کەمال**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٨٥).**

– بیلال ڕازی نەبوو وێنەی بگرین، بەڵام بۆمان دوا و هاوکارێکی باشیش بوو بۆ پەیداکردنی کەسانی دیکە بۆ کاری چاوپێکەوتنەکان و دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان. ئەو لەبارەی بیرەوەرییەکانی خۆیەوە وتی:

کاتێک کیمیباران کراین، لە پشت ماڵی خۆمانەوە دانیشتبووین، کە فڕۆکەکان هاتن، دواتر هەڵاتین. لەو کاتەدا باوکم خستمییە سەر شانی خۆی و دەریکردین لە شار، ئەوکاتە هەرئەوەندەم لەبیرە، دواتر چووینە ئێران و گەڕاینەوە. حکومەتی عێراق بردینی لە ئۆردوگای گردەچاڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر نیشتەجێی کردین. دوای ڕاپەڕین هاتینەوە بۆ هەڵەبجە. ئێستاش زۆر خێزان تاپۆی زەوی بەناویەتی لە گردەچاڵ، بەڵام ناچن بەلایاندا، دەڵێن مادام لەوێ ڕزگارمان بوو و هاتینەوە هەڵەبجە، ئیتر ئەوێمان بۆچییە؟ من زۆر شتم لەبیر نییە، پیاوێک هەیە خۆی زۆر تەرمی شەهیدی ناشتووە لەکاتی کیمیابارانەکە، ئێوە بۆ ناچنە لای؟ ناوی مام باقیە.

–بە سوپاسەوە، ئەوەی پێت وتین، دەچین. سۆراغێکمان بۆ بکە بزانە ئامادەیی تێدایە کە بۆمان بدوێت؟

– ئەوە بوو کاک بیلال چووە لای مام باقی و پاش کەمێک گەڕایەوە، وتی: بەڵێ پێی باشە و بۆتان دەدوێت.

* ئەم دیدارە لە پارێزگای هەڵەبجە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٤)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/٧/١٨) لە سەیرانگای چاوگ.



**باقی عەبدوڵڵا ڕەشید**
**دانیشتووی گوندی چاوگی باوەکۆچەک کۆکۆیی،**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٤).**

- بەڕێکەوتین بەرەو گوندی چاوگ بۆ خزمەتی مام باقی.

ئەم شوێنە هاوینەهەوارە و شوێنی نیشتەجێی زستانەشی هەیە. خۆمان دوو هەوارەین. تا شەڕوشۆڕ نەبوو، ئەم شوێنە (٢٥٠) ماڵی تیادابوو. بەبیرەوەریی من قوتابخانەی تیادا بووە و لە ساڵی (١٩٦٢) خۆم لێرە چوومەتە بەر خوێندن و تا پۆلی شەشی سەرەتاییم خوێندووە... لەبیرمە لە قوتابخانە لە دۆلکەی سپیدا شیریان پێ دەداین. منداڵانی ئاوایی تریفە و باوەکۆچەک لێرە دەیانخوێند... ژیان بەگشتی بە شێوەیەکی سروشتی دەڕۆیشت بەڕێوە. بۆ هەر کێشە و گرفتێک سەرۆک هۆزمان (سەید ڕەحیمی هانە سورەی) ڕیش سپی و دادوەر و بڕیادەر بوو، پیاوێکی پاک و چاک بوو، کەس لە بڕیاری ئەو دەرنەدەچوو. هەر نەدەچووینە دەوری حکومەت. هەر کێشەیەک هەبووایە، هەر هانا بۆ ئەو دەبرا، لێرەوە هەتا شەمێران کەس لە قسەی ئەو دەرنەدەچوو.

– شێوازی ژن و ژنخوازیی چۆن بوو، ئێوەش ژنبەژنتان دەکرد لە کۆندا؟

نەخێر، بەهیچ جۆرێک لای ئێمە ژنبەژن نییە و ماڵی باوکی کچ شیربابییش وەرناگرن... ئەوەی دەدرێت، بۆ خەرجیی گواستنەوە و ماڵ پێکەوەنانە لەلایەن ماڵەباوانی کوڕەوە. بینیومە یەکێک ئەگەر پارەی نەبووایە، چوار گێسکیان وەرگرتووە، دوو بزنیان وەرگرتووە، یان چەک و ئەسپ وەک دیاریی دەبەخشرا بە باوکی کچ. من کاتێک ژنم خواست، سەرباز بووم لەناو سوپای عێراقدا. لە سەربازییش لەسەر فرۆشگای سەربازگەکە بووم، مانگی بیستوپێنج دینارم وەردەگرت. پارەم کۆکردەوە بۆ ژنخواستنەکەم، لە ساڵی (١٩٧٩) پێنجسەد دیناری ئەوکاتەم خەرجکرد... ژنهێنانیشم بە دڵی هەردووکمان بوو و یەکترمان دەویست. هەر ئەوکاتەش بۆم ڕێککەوت و چووم بۆ حەج.

هاوڕێیەکی خۆم ئۆتۆمبێلی هەبوو، وتی: وەرە تۆ لێی بخوڕە و حەجەکەشت بکە، خودا ئەوەی بەنسیب کردم لەو کاتەدا.

لەناو خۆشماندا ئەوەشمان هەبوو، ئەگەر کوڕ و کچێک یەکتریان نەویستایە، زۆریان لێ نەدەکردن، منیش ئەگەر هاوسەرەکەم پێم ڕازی نەبووایە، نەمدەخواست.

پێنج کوڕم هەبوو، کوڕێکم خوێندنی تەواو کرد و بوو بە مامۆستا، ئێمە خۆمان کاری بنێشت کۆکردنەوەش دەکەین، ئەو کوڕەم لەگەڵ هاوڕێیەکیدا چووبوون بۆ بنێشت کۆکردنەوە «کە شارەزاییەکی باشی هەبوو لەو کارەیدا»، لەوێ یەکەم پاچی دابوو لە زەوییەکە، بۆئەوەی خۆڵ هەڵکەنن و کۆچەڵەی لێ دروست بکەن، لوغمی سەردەمی سەدامی خوێنڕێژی پیادا تەقییەوە و هەر لەوێدا لەگەڵ هاوڕێکەیدا شەهید بوون، ئەو کوڕەم ناوی هاوشان بوو، ئێستا چوار کوڕ و چوار کچی ترم هەیە.

ژن و ژنخوازیشمان لە دەوروبەری خۆمان و تا سنووری دووریش دەڕوات هەرکەسە و بەپێی نسیبی خۆی.

ئێمە ژنبەژن ناکەین و شیربابییش وەرناگرین. جاران لە هەندێ شوێن ماڵی باوکی کچ بڕێک پارەیان لە ماڵی باوکی کوڕ وەردەگرت و بۆ کچەکەشیان خەرج نەدەکرد، ئەوەش دەبووە بارگرانییەک لەسەر ژیانی داهاتووی کچەکە.

– ئەی خەتەنەی کچان دەکەن؟
بەڵێ، ئێستاش ئەوە دەکرێت، کوردەواریی خۆمان ئەوە تەرک ناکەن و شەرعیە.
– ئەمەیان باش نەبوو. شەرعیش نییە.

– سەرچاوەی بژێویتان لێرە چییە؟
سەرچاوەی بژێویمان کاری کشتوکاڵی و باخداریی و ئاژەڵدارییە، کە زەوی تەخت و لەبارمان هەیە بۆ چاندنی گەنم و جۆ بە تراکتۆر. ئێستا خەڵک ئەوەندە ناچن بە لای زەوی شوێنە سەختەکاندا، ئەو شوێنە سەختانە جاران بە وڵاخ دەکێڵران، بەڵام ئێستا ئەوە ناکرێت، مەگەر بۆ باخ، ئەویش ئاو کەمبووەتەوە و کێشەی کەمئاویمان هەیە.
ئەم ناوچەیە زۆر نەهامەتی بەسەردا هاتووە و لە ئەنجامی شەڕی نێوان حیزبی شیوعی و پارتیدا سووتێنرا، لە ساڵی (١٩٦٣) تەنها نۆ ماڵی شیوعی تیادابوو. ماڵمان پێکەوەنا، زۆری پێ نەچوو جارێکی تریش لە ئەنجامی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیدا ئەم ئاوایییە سووتێنرایەوە، لەو کاتەی کە مەلایی و جەلالی دروستبوون، دواتر لە ساڵی (١٩٧٧) بە بڕیاری هێڵی (٣٠) کیلۆمەتری نێوان حکومەتی عێراق و ئێران لە ئەنجامی ڕێکەوتنی جەزائیر، بە یەکجاریی ڕاگوێزراین و چۆڵکرا و نەگەڕاینەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان تا ساڵی (١٩٩١).
ساڵی (١٩٨٧) ماڵمان لە گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە بوو، دیسان ماڵوێرانکراین و شۆڤڵ درا لە ماڵمان. شۆفێری شۆڤڵەکە کورد بوو و خەڵکی گەرمیان بوو، لەلایەن سوپای عێراقەوە بەزۆر هێنرابوو بۆ ڕووخانی ماڵەکانمان. هاوسەرەکەم پێی وتبوو ئەوەندە دەرفەتمان بدەرێ ئەو فەردە تووتن و کەلوپەلانە دەرکەین. ئەوان بە کوردی قسەیان کردبوو، ئەفسەرەکە هاتبووە پێشەوە و پرسیبووی: ئەوە چی دەڵێت؟ سایەقی شۆڤڵەکەش وتبووی دەڵێت: با ئەو کەلوپەلانەی ناوماڵ و پێداویستییە کشتوکاڵییەکانیان دەربکەن و نەبن بەژێر خۆڵەوە. ئەویش وتبووی: باشە دەریانکەن. ئەوەی پێی کرابوو، دەریکردبوو، منیش ئەوکاتە سەربازی هەڵاتوو بووم و خۆم شاردبووەوە. دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازیی، دیسان بۆ پشتگیری شەڕ بانگکراینەوە، کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو، منیش نەچوومەوە. ئیتر کە ئەوە ڕوویدا، لەو کاتەدا هەندێ شتمان دا بە کۆڵماندا و بەوجۆرە لەگەڵ خێزانەکەم و

منداڵەکاندا چووینە دیوی ئێرانەوە و لەوێ نیشتەجێ بووین. لەوێ چووینە شارۆچکەی سەریاس. لەوێ خودا لێی خۆش بێت مامۆستا مەلا عوسمان لەوێ بوو. بزووتنەوەیەکی ئیسلامی دامەزراند، کۆمەڵێک کەس لەگەڵ مامۆستا و عەلی باپیر و ئەوانیش هاتن و پێکەوە ئەو بزووتنەوەیە دروست بوو. منیش چوومە ناویانەوە.

لە ساڵی (١٩٨٨) حکومەتی ئێران داوای لە مامۆستا مەلا عوسمان کرد بەشدارییان لەگەڵدا بکەن لە هێرشکردنە سەر سوپای عێراق. بەڵام مامۆستا ئەو داواکارییەی ڕەتکردنەوە، وتی: نایکەم. نوێنەری حکومەتی ئێران وتی: چۆن نایکەیت؟ تۆ لێرە پەناهەندە و دژی سەدامیت. مامۆستا مەلا عوسمان وتی: من بەشداریی ناکەم و کوڕی خەڵک نادەم بە کوشت. بمنێرن بۆ کوێت، یان بۆ سعودیە، من بەشداریی ئەو شەڕە ناکەم. من ئەو کات شۆفێری مامۆستا مەلا عوسمان بووم لە ئێران و بارەگاشمان هەبوو لە دیوی عێراق، لەم سنوورەی ئاوایی چنارەی مۆردین. خودا لێی خۆشبێت مامۆستا عەلی لەوێبوو، مامۆستا مەلا عوسمان نامەیەکی پێدام بۆ مامۆستا عەلی، کە نامەکەی پێدام، پێی وتم: ئەم نامەیە ببە بۆ عەلی بارام و دەست بکە بە پشتوێنیدا و لێی بپاڕێرەوە، کە بەهیچ جۆرێک بەشداریی هێرشکردنە سەر ناو هەڵەبجە نەکات لەگەڵ سوپای ئێراندا. سەدام دڕندەیە، بزانێت پێشمەرگە لەناو هەڵەبجەدایە، تێزاب دەکات بەسەریدا. من دووجار نامەی ئاوام هێنا. ئەو کاتە هیچ ئاوەدانییەک نەمابوو لەم ناوەدا بەهۆی شەڕەوە، پێشمەرگە لەو ناو دار و باخانەدا دەژیان. ئیتر ئەوەبوو ئێران پلانی خۆی دانا و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەش لەگەڵیدا بوون، کە بە حسابی خۆیان هەڵەبجە ڕزگار دەکەن. مامۆستا عەلی بارامیش بە هەشت پێشمەرگەی بزووتنەوەوە تا بەردەمی سەرا چوون بۆ لای یەکێتی و دواتر گەڕانەوە بۆ ئەم ناوە. پێشمەرگەی زۆری نەبردبوو، ئەگەر بیبردنایە ئەوانیش لەناو دەچوون.

ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو، سەدام چەکی کیمیایی بەکارهێنا لە هەڵەبجەدا. تازە کار لەکار ترازا. لەو کاتەدا منیش لێرە بووم. ئەوەبوو لە ئەنجامی ئەو کیمیابارانەدا من لە خزمانی خۆم خاڵۆیەکم و یانزە سەر خێزانی تیاداچوو، مامۆیەکم و پێنج سەر خێزانی تیاچوون، خاڵۆژنێکی ترم تیاچوو، پورزایەکم تیاچوو. بە گشتی بە چەکی کیمیایی سیودوو کەس لە بنەماڵەکەمان تیاچوون، کاتێک دووبارە چووینەوە وڵاتی ئێران، ئێران کەوتە دژایەتی مامۆستا مەلا

عوسمان و دووبەرەکی خستە نێوانمان و ئەو لقەی مامۆستا عەلی باپیر جیابووەوە لە بزووتنەوەکەی مامۆستا مەلا عوسمان و دواتر کۆمەڵی لێ جیابووەوە.

ئیتر وەک کارەساتەکە ڕوویدا، مامۆستا عوسمان وتی: ڕۆڵە هەرچۆنێک بووە ئەو تەرمانە بشارنەوە گوناهە ئاوا بەدەرەوە بن. من ئۆتۆمبێلەکەم پێبوو لە پاوەوە هاتینە نەوسوو و لەوێوە لەگەڵ مامۆستا مەلا مەحمودی ئازادی هاتینەوە هەڵەبجە، ئەو ئێستا لە سلێمانییە، ئەوکات ئەویش پێشمەرگەی بزووتنەوە بوو. چەند کەسێکی تر یەکمانگرت بۆ هەڵگرتنەوەی تەرمەکان و شاردنەوەیان، ئیتر خەڵکی لە شوێنی تریشەوە دەهاتن، بۆنموونە خەڵکی هەولێریشم بینی لەوێبوو تەرمی کۆدەکردەوە. ئەو چەند ڕۆژە کە خەریکبووین، خواردنمان تەنها چەند دەنکە خورمایەک بوو لەو دۆخەدا، ئەویش بۆئەوەی نەکەوین، دەنا کەس هیچی پێ نەدەخورا.

نزیکەی پێنج تا شەش ڕۆژ دوای ئەوەی هەڵەبجە کیمیایی لێدرابوو، ئیتر دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی شەهیدەکان، بۆئەوەی لە شوێنێک بە کۆمەڵ هەندێک خۆڵ بکرێت بەسەریاندا، دەنا کفن و گۆڕ نەبوو. ماوەی یەک مانگ ئێمە بەوجۆرە خەریک بووین. هەندێک لە خەڵکی هەبوون هەر خەودابوون و مردبوون. تەرمی ژنێکم بینی هەر بە قنچکەوە دانیشتبوو و گیانی سپاردبوو، کە ئەو دیمەنەم بینی گەڕامەوە، برایەکم لەگەڵماندا بوو، ئەویش دوایی بەهۆی کاریگەریی کیمیاییەکەوە مرد. ئەوکات پرسی و وتی: ئەوە بۆچی چوویتە لای سەری ئەو ژنە. وتم: گومانم لێی هەیە مردبێت، بەدەنی هێشتا شلە. ئاخر مرۆڤ کە مرد گیانی ڕەق دەبێت. ئەو ژنە دەتوت خەوتووە، بە دانیشتنەوە گیانی شل و خاو بوو... من خۆم ئەوەم دەزانی کە لای کەسێک بوویت و گیانی سپارد، دەبێت خێرا چاوەکانی دابخەیت و دەستوقاچی ڕێکخەیت، دەنا دواتر ناکرێت، بەڵام ئەو شەهیدانەی هەڵەبجە وەک ئەوە وابوون کە خەوتبن. «سوێند بەخودا» دوای بیستوچوار ڕۆژ لە کیمیابارانەکە تەرمی ژنێکم هەڵگرتووە لە ماڵی تۆفیقی مولاحزی کارەبا هاوڕێی باوکی ئەمە (مەبەستی کاکە کۆچەرە)، هەر دەتوت خەوتووە و بۆنیشی نەکردبوو. ئەوانە بۆنیان تێکچوو بوو کە لە ژێرزەمینەکاندا کەوتبوونە سەر یەک و دارو بەرد ڕووخابوو بەسەریاندا، ئەوانەی تر کە بەزۆریی لەناو ئۆتۆمبێل و کۆڵانەکاندا کەوتبوون، جەستەیان هیچ تێک نەچووبوو. هەمووشیان شتی زۆریان پێبوو، وەک: پارە، ئاڵتوون.

ئەو دیمەنەشم بینیوە کاتێک بە ئۆتۆمبێلەکەم تەرمم گواستووەتەوە بۆ شوێنی ناشتنەکەیان، لە ئاوێنەکەوە سەیرم کردووە، کەسانێک هەبوون دەستیان بردووە پارە و ئاڵتوونەکانی ئەو شەهیدانەیان لێکردووەتەوە، ئەوە کارەساتێک بوو ڕۆییشت، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە من ئەو کارەم بۆ خودا کرد. ئەگەر منیش ئەوکاتە ئەو کارەم بکردایە، ئەوا ئێستا حەمەقەدۆی موسڵ بووم... (مەبەستی ئەوەیە دەوڵەمەند دەبوو).

ئێستاش زۆر لەو کەسانە دەناسم کە کاتی خۆی پارە و ئاڵتوونی شەهیدەکانیان دەبرد، دەوڵەمەندن و سەروەت و سامانیان پێکەوەناوە و لە هەولێر دەژین، بەڵام بۆ کوێی دەبەن، ئەوانیش ڕۆژێک دێت هەر دەمرن. مرۆڤ ئەوەیە بە سیمبولی خۆیەوە بژی و نانی ڕەنجەشانی خۆی بخوات.

تەرمی دایکی کەمال خواکەرەمم بینی، شتێکی گەورەی بە پشتەوە بوو، دڵنیابووم ئەوە پارەیە، کە کوڕەکەیم بینی، وتم: وەرە تەرمی دایکتم بینیوە دیارە شتێکی پێیە، ئێمە دەستمان لێ نەداوە. هات لەناو تەرمەکاندا دایکی ناسییەوە و ئەو کۆڵەی پشتی کردەوە و بردی پارەی ماڵی خۆیان بوو، کە کەمال عەنەبییە و ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

چەندەهای تر وابوون، فەیسەڵ ناوێک هەیە شۆفێرێکی تەوێڵەییە. برایەکی هەبوو ناوی حەمەئەمین بوو، ئەویش وتی: پارەیەکی زۆری لە ملدا بووە، نازانم دۆزییەوە، یان نەیاندۆزییەوە. ئەو خەڵکە دەوڵەمەند بوون پارە و ئاڵتونیان پێبوو.



کاک باقی عەبدوڵڵا، نووسەر، گوندی باوە کۆچەک (٢٠٢١/٧/١٨)

خۆم و خوای خۆم دەزانم دزەکانی هەڵەبجە کێن. ئەو کوڕەی برام جارێکیان وتی: با ئەوە بکوژین پارەی شەهیدەکان دەبات.

وتم: مەیکوژە خوا دەیکوژێت، بۆ کوێی دەبات؟ یەکێکیان دەزانم هەر لەو ساڵانەدا چوو لە ئێران سێ و چوار ملیۆن تمەن زەرەری کرد. تمەن ئەوکاتە زۆری خۆمانی دەکرد و بەنرخ بوو. ئەوکات سەد هەزار دیناری خۆمان ملیۆنێک تمەنی نەدەکرد. ئەمە تاوانێکە و کەس لە دەست سزای خودا دەربازی نابێت، کەس شانازیی بەوەوە نەکات بڵێت ئەو کارەم کرد.

من خۆم لە ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوم، فڕۆکە بۆمبارانی لە بەلەبزان. خودا نەیکوشتووم و تائێستا دەژیم و خەریکی ئاژەڵدارییم و نازانم لە کوێدا ڕۆژم تەواو دەبێت. مووچەیەکی خانەنشینیشم هەیە، پێشتر خۆم فەرمانبەری شارەوانی بووم.

- تەرمەکان بەکۆمەڵ دەنێژران؟

بەڵێ، ڕۆژی وابووە لە بەیانییەوە دەستمان دەکرد بە کۆکردنەوەی تەرمەکان بە ئۆتۆمبێلێک، مێکزەمینیان پێ دەوت. حەیف ئەم هەڵەبجەییانە ئەو ئۆتۆمبێلانەیان نەپاراست تا لە شوێنێکدا هەڵگیرێن، بۆئەوەی یەکێکی وەکو من هاوکارییان بێت تا فیلمێک دەربکەین، تا ئەو مێژووە لەبیر نەکرێت. ئێمە بە دوو کەس تەرمێکمان دەخستە سەر بەتانییەک و هەڵماندەگرت و بە بەتانییەکەوە دەمانخستە ناو ئۆتۆمبێلەکە. ئەو ئۆتۆمبێلە مێکزەمینیانە وەک پیکاب وان، پشتی چۆڵە و ئۆتۆمبێلی سەربازین.

لەو شوێنەش کە داماندەنان، هەر بەو بەتانییەوە هەڵماندەگرتن و دەمانهێنایە خوارەوە، ئێمە بەتانی ماڵەکانمان بەکاردەهێنا. لە چاڵی ئەو ناپاڵم و تۆپانەدا داماندەنان و دەماننناشتن کە ئێران ئاڕاستەی سوپای عێراقی کردبوو لەناو هەڵەبجە و دەوروبەریدا. چاڵەکان زۆر گەورە و قوڵ بوون. لە دەوروبەری عەنەبدا ئەوەندەمان تەرم کۆکردەوە، هەروەکو گردێک بەرزبووەوە. دواتر ئەو سەربازانەی سوپای ئێران کە شۆفڵیان پێبوو، هاتن خۆڵیان دەکرد بەسەر تەرمی شەهیدەکاندا.

جارێکیش لەم ساڵانەی دواییدا شارەوانی لە شوێنێکدا جادەیان دروست دەکرد، چووم پێم وتن لێرەدا تەرمی شەهیدانی کیمیاباران هەیە، من خۆم شاهیدم لێرە دامانناوە، کە کردیانەوە دوانزە تەرمی تیادا بوو، ئەوکات شۆفێری

گواستنەوەکە خۆم بووم، لەگەڵ ئەوانەی تر کە لەوێ تەرمەکانمان داپۆشیبوو.

پێشمەرگەی سنووری هەولێرم بینیوە هاتووە هاوکاریی کردووین، بەڵام دوای دوو سەعات بەرگەیان نەدەگرت و دەڕۆیشتن، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی زۆربەی شەهیدەکان کەسوکاری خۆمان بوون، ماینەوە. ئەوانەی کە زۆر لێرە بوون، من خۆم لەگەڵیاندا بووم. برایەکم، کاک ڕەسوڵ، مەلا مەحمود، کاک نوری، تۆفیقی حاجی حەمەفەرەج، غەفور و... نزیکەی دە تا پانزە کەس دەبووین. کاکە ئەحمەدی زاوایشمان ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەی سۆپەری پێبوو، (٢٤) تەرمی لای خۆمان ئەو بردی و لەو شوێنە ناشتمان (مەبەستم کاک ئەحمەد لادایە). ئیتر ناوچەی قلیج تیایەتی، عەبابەیلێ تیایەتی. عەنەب تیایەتی. هەمووی بەکۆمەڵ تەرمی تیادایە. لە گەڕەکی شەهیدان تیایەتی. لە ناوچەی خۆمان خەڵک مردووە، دەزانم لە کوێدا ناشتوومانە.

– لەو ڕۆژانەدا هیچ کەسێکی زیندووتان نەبینی؟

بەڵێ بینیم، کاک مەحمودی فەتە لێرە شاهیدمە، ئەویش خێزانەکەی لە ژێرزەمینەکاندا تیاچوو. وابزانم دوای هەشت ڕۆژ، یان یانزە ڕۆژ بوو... پیرەژنێکمان بینی ناڵەناڵی دەهات. کارقایم بوو، پسکیتی پێبوو، لەو ماوەیەدا بەو پسکیتە ژیابوو. هێزی تر زۆر لەو ناوە بوون، بەتایبەت جەماعەتی مەجلیسی ئەعلا، کە ئەوانیش بەرهەڵستکاری حکومەتی عێراقی بوون. هەرکەس زیندووبووایە، یان دۆخی تێکچووایە، یان منداڵ بووایە، ئەوان دەیانبردە ئێران بەمەبەستی چارەسەرکردن. ئەو پیرەژنەش کەوتە لای ئەوان و ئیتر نازانم کێ بوو، ژیا، یان کەی مرد.

ڕۆژێکی تر پیرەژنێکی دیکەمان دۆزییەوە، لەو کاتەدا تۆپباران بوو، فڕۆکە هات. دەستیم گرت و وتم: وەرە بچۆ ئەو ژێرزەمینەوە با پارچەی تۆپت لێ نەدا، دەیوت بۆچی بچم؟ وتم: تەیارە هات، تەیارە. دەیوت ئاخر دەرگای ماڵم کلیل نەداوە بابچم دایبخەم. وا تێکچووبوو، هەستی بەو وێرانەیە نەدەکرد کە چی بەسەر ماڵ و شارەکەیدا هاتووە. لەکاتێکدا ماڵەکەی ناپاڵم لێیدابوو و تەخت ببوو. لە ماڵی کامیلی حاجی عەلی لە گەڕەکی عەنەب، کە دراوسێی ماڵی کاک حەمەحسێن بوون، کاک کامیلم لەگەڵدا بوو، وتی: کورە نەکەی بهێڵی بڕوا، ئەگەر ماڵەکەی بەوجۆرە ببینێت، بێهۆش دەکەوێت و بۆمان هەڵناگیرێت. ئیتر تا نزیکی بانگی عیشا لای خۆمان هێشتمانەوە و دواتر خستمانە ناو ئۆتۆمبێلەکە و

گەیاندمانە لای ئەوانەی خەڵکیان دەگواستەوە بۆ دیوی ئێران.

– لەو ماوەیەی ئێوە لەوێ بوون، سوپای عێراق هێرشی دیکەی نەدەکرد بۆ سەر ناوچەکە؟

نەدەهاتە ناو هەڵەبجەوە، بەڵام هەر تۆپبارانی دەکرد بە تۆپی دوورهاوێژ و بە فڕۆکەش. ئێرانیش هێزی قەرارگای ڕەمەزانی هێنابووە ناوچەی نەوڕۆڵییەکان، لای گولانی خواروو. پێشمەرگەی یەکێتیش لەوێ بوون. بارەگای کۆمەڵی پێشمەرگەی ئێمەش (بزووتنەوەی ئیسلامی) لە عەبابەیلێ بوون. کۆمەڵی پێشمەرگەی یەکێتیش لە بامۆک بوون لە عەبابەیلێ. بەعس بەهۆی بەرگریی ئێرانەوە زیاتر لە سنووری سەیدسادقدا بوو و نەیدەتوانی بێتە پێشەوە. من ماوەی مانگێک لەو دۆخەدا لە هەڵەبجە بووم. کاک ئەنوەریشمان لەگەڵدابوو، ئەویش ئۆتۆمبێلی پێبوو. دوایی چوومەوە بۆ ئێران.

ئەو تەرمانە زۆر بوون، من دەڵێم نزیکەی سێ هەزار تەرمی شەهیدمان لەناو هەڵەبجە کۆکردووەتەوە، خۆ هەر ئێمە نەبووین، چەند تیمێکی دیکەش خەریکی تەرم هەڵگرتنەوە بوون. بۆ نموونە من خەریکی هەڵگرتنی تەرمی خزمی خۆم بووم و بەدوایاندا گەڕاوم. چەندین کەسی تریش دەهاتن و بەدوای کەسوکاریاندا دەگەڕان و هەر تەرمێکی تریشبووایە، دەیانبردنە لای چاڵەکان. هەر هاولاتیش شەهید نەبوون، دەتوانم بڵێم زیاتر لە هەزار سەربازی عێراقی و سەر بە ئێرانیش بەهۆی کیمیاییەکەوە لەو ڕۆژەدا کوژران.

– تەرمی سەربازەکانیشتان هەر لەوێ دەناشت؟

بەڵێ، هەمووی بەیەکەوە دەمانناشتن. تەرمی ژن و منداڵ و سەربازی عێراقی و ئێرانی هەموویمان لە کوێ کۆکردایەتەوە، خۆڵمان بەسەر هەموویاندا دەکرد. دوای ماوەیەک لەوێ بووین. ئێران گەلابەیەکی بچووکی بۆ هێنابووین تەرمەکانمان کۆدەکردەوە و دەمانکردە ناوی، گەلابەکە لە جۆری جەکی بوو، خۆی هەڵیدەڕشت، ئەوە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆمان. پێشتر دەبوو دووبارە بەدەست دایگرین و بیخەینە چاڵەکان، ئەوەش هەستێکی زۆر ناخۆش بوو.

ئێستاش لێم بپرسن دەزانم تەرمی کەسوکاری هەڵەبجەییەکان لە کوێیە، جگە لە خزمەکانی خۆشم، کە دەزانم لەکوێن، کەم کەس هاتووە ئەو پرسیارەم لێ بکات.

خزمی تۆفیقی مەلا عزەت هاتنە لام و هەواڵی تەرمەکەیان پرسی، وتم: لە فڵانە شوێنە. چاڵی وا هەیە (١٥٠٠) تەرمی تیادایە و زۆر لە شوێنەکان کراونەتە پارک و سەوزایی. من ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە و دەڵێم دەبوو بە قسەی ئێمەیان بکردایە، ئەگەر تەرمەکانیشیان هەر دەرنەدەکرد، ئەوا نەیانهێشتایە بکرێتە شوێنێک کە پێ بخرێتە سەری، چونکە بەپێی شەریعەتی ئاینی ئیسلامیش نابێت هەنگاو بەسەر گۆڕدا بنرێت، چ جای ئەوەی کورسی لەسەر دابنێن.

ئەی ژنی دووگیان ناژمێریت کە چەند ژن بە دووگیانی مردوون، حەزم دەکرد ئەم مێژووە تۆمار بکرێت، من زۆر شتم بینی.

من دیمەنی موعجیزەئاسای وام دیوە، ئێستاش ترس دامدەگرێت کە باسی دەکەم... گەر بتبینیایە، ئەوا هۆشت لەدەست دەدا.

– ئەو دیمەنانە چی بوون کە هەستەیان لا دروست دەکردیت؟

لەو دیمەنانە، ئافرەتێکم بینی لە سوچێکدا بە مردوویی پاڵیدابوو بە دیوارێکەوە و دەستەکانی درێژکردبوو، دەمی کرابووەوە وەک ئەوەی هاوار بکات، کە بینیم ترسام و گەڕامەوە و وەخت بوو زیرە بکەم، وتم: کاک نوری وەرە سەیری ئەمە بکە. دیاربوو لەکاتی گیانلەدەستدانیدا زۆر ئازاری چەشتووە.

کوڕێکی تری ناسراومان هەبوو، پێشتر بڕبڕەی پشتی شکابوو. بەسەر عارەبانەی کەمئەندامییەکەیەوە هەوڵی دابوو بە قادرمەکاندا بچێتە ژێرزەمینەکەوە و فریا نەکەوتبوو، هەر لەوێدا گیانی دەرچووبوو.

لە ماڵی کاک سەعدوندا، کە ناسراوی هەموومان بوو. ماڵیان لای ئەو بینایە بوو کە ئێستا ئاسۆ بامۆکی دروستی کردووە، نزیک شارەوانییە. بینیم کە دایک ڕایکردووە بەرەو ئاودەستەکە، چمکی کەوای دایکەکە بەدەست منداڵەکەوە بووە، منداڵەکە لەمدیوە و دایکەکە لەودیوە، هەردووکیان گیانیان دەرچووە... ئەمە موعجیزە نییە؟! کوا ئەوانەی کە مێژوو دەنووسنەوە، زۆربەیان هەر خەریکی پارەکۆکردنەوەن. دەیبینیم باپیرەی منداڵ ئاوا شۆڕبووەتەوە بەسەر کۆنکریتەکەدا و دوو منداڵی لەبن دەستە و گیانیان دەرچووە. ئەمە موعجیزە نییە؟!

– ئەم شاهیدی و دیمەنانەت بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن باسکردووە؟

بەڵێ باسمکردووە، بەڵام هیچ سودێکی نەبووە...

– سودی ئەوەیە ئێستا من و تۆ بەئازادیی لێرەدا دانیشتووین.

بڕوام بە زۆر شت نەماوە، تۆش ئەگەر ئەمە تۆمار دەکەیت، نەیکەیتە مێژوو، ئەوا ڕاست ناکەیت.

– تۆ پیاوێکی قورئانخوێنیت. دەزانیت لە قورئاندا چەندین چیرۆک هەن، دەبێت ئێمەش بەردەوامبین لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکان و تۆمارکردنیان، ئەمە ئەرکێکی مێژووییە.

ئەوە ڕاستە، منیش دەڵێم دەبووایە ئەم چیرۆکانە بە وێنەوە تۆماربکرێن و ئەو دیمەنانەی من باسیان دەکەم، وەک فیلم تۆمار بکرێن، نابێت ئەو ڕووداوانە لەبیر بکرێن. هەتا لە وێنەکانی دوای کیمیابارانەکەدا، وێنەی خۆم بینیوەتەوە لەناو تەرمی شەهیدەکاندا، بەڵام ئەوەی کە من بەلامەوە گرنگە، ئەوەیە کاری زیاتر لەسەر ناساندنی ئەو تاوانە گەورەیە بکرێت، مەبەستم تەنیا نیشاندانی دڵسۆزیی خۆم نییە لەمەڕ ئەو تاوانە گەورەیە، بەڵکو دەمەوێت ئەمە بۆ مێژوو بێت و لەبیر نەکرێت.

– لێرەوە من داواکارم لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یان دەزگا هونەرییەکان، وەک کارێکی بەڵگەفیلم سەردانی بەڕێزتان بکەن و بە شێوەی درامایی ئەو گێڕانەوانەی تۆ تۆمار بکەن.

ئەوە نییە مێژووی پێغەمبەران و یارانی تۆمارکراون، تۆش تکایە بینووسە و بڵاوی بکەرەوە.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بە چەند دیمەنێکی دیکە بکەم کە لەو ساتەدا بینیومن، ئەویش ئەوەیە کە مانگامان لە پەتەکەی کردووەتەوە، دوای حەوت ڕۆژ هێشتا هەر مابوو، لە تینوێتیدا کە گەیشتە سەر چەمەکە بۆ ئاوخواردنەوە، لە حەشمەتا قەوزەی سەر ئاوەکەشی دەخوارد. لەدوای کیمیابارانەکە زۆر ئاژەڵی تر هێشتا هەر زیندوو بوون. ئەو بەستەزمانەشمان بەردایە لای ئەو جۆگەیەی مزگەوتی بوخاری، جاران جۆگە و ئاوێک لەوێدا هەبوو.

هەروەها بینیم سێ فڕۆکەی عێراقی کەوتنە خوارەوە، کە ئێران لێی دابوون لە دەوروبەری خەرپانیە. ئێمە چووینە سەر یەکێکیان و سەربازەکانی ناوی لەو ناوەدا کەوتبوون و دوو کەس بوون. هەر لە گەرمەی تەرم کۆکردنەوەدا بووین،

شەڕیش بەردەوام بوو، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەزۆریی لە ڕێگەی ئێرانەوە هاتنە هەڵەبجە و ئەوەبوو دەنگدانەوەی جیهانیی پەیدا کرد. ئێمە چووینە سەر ئەو پیکابە شۆفرلێتەی لە مەزارەکە دانراوە، لە شپرزەیی خۆماندا لە ناوچەی عەنەب لەبیرمانچووبوو، بیستوچوار تەرمی تیادابوو، تەرمەکانی ناوی من و سمایلی برام ناشتمانن، زۆر لە تەرمەکان بەدەستمانەوە کوت دەبوون... دوای مانگێک ئێرانییەکان پێیانوتین: پیکابەکە لەوێیە، ئەوسا چووین هێنامانەوە. ئێران وێنەی زۆر کاریگەری لایە و هێشتا بڵاوی نەکردوونەتەوە. لە ناوچەی عەنەب ژنم بینیوە دەستی بە بنە سنەوبەرێکەوە بووە و گیانی دەرچووە.

ئێمە بەڕۆژ لەو ناوە بووین و شەو دەچووینەوە بارەگاکانمان لە ناوچەی عەبابەیلێ. تا مانگێک لەوێ خەریکبووین بەو دۆخەی ناو هەڵەبجەوە. دواتر چووینەوە ئێران بۆ ناوچەی سازان.

جارێک لە ئێران لە شاری پاوە لە یەکێک لە وێنەگرەکانم پرسی، کە فیلمێکم بداتێ لەو تۆمارانەی کە لە هەڵەبجە تۆماری کردوون.

وتم با منیش شتێکم لابێت بۆ مێژوو. وتی: ئەگەر نەمناسیتایە ئێستا بەگرتم دەدایت لای حکومەتی ئێران، جارێکی دیکە باسی شتی وا نەکەیت. بۆیە هەرچەندە ئێران زۆر وێنەی ئەوکاتەی بڵاوکردەوە، بەڵام هێشتا شتی تری لایە کە بڵاونەکراونەتەوە.

چووینەوە ئێران و نزیکەی دوو مانگێک لەوێ بووین، هەواڵمان بۆ هات سوپای عێراق گەڕاوەتەوە ناو هەڵەبجە. هەمووی سیناریۆی نێوان عێراق و ئێران بوو، کە ئەو هەموو خەڵکەیان دا بەکوشت. ئیتر هەر ئەو ساڵە لە مانگی هەشتدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران کۆتایی هات و ئێمەش لە ئێرانماینەوە تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، کە ڕاپەڕینیش کرا، لە ساڵی (١٩٩٢) هاتینەوە هەڵەبجە و ئەم سنوورانەی خۆمان، کە لە ئێران هاتینەوە من وازم لە هەموو کارێکی حیزبی هێنا. دوای مامۆستا مەلا عوسمان بڕوام بە کەسی تر نەما لە سیاسەتدا. ئەو پیاوێکی زۆر ڕاستگۆ بوو. ئەوەم لێبینی کە بە حکومەتی ئێرانی وت: «من بەشداریی ئەو شەڕە ناکەم و کوڕی خەڵک بەکوشت نادەم». بۆیە دوای ئەو پیاوە، دوای هیچ حیزبێکی دیکە ناکەوم، بەڵام هێشتا باجی ئەو ڕۆژگارە دەدەم. چەند جار قەرەبووی خانوو کراوەتەوە لە هەڵەبجە و من لێی بێبەش بووم، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە لەو حیزبەدا بووم. ئەمە ناڕەوایییە بەرامبەرم کراوە و گوێشی نادەمێ، خودا دێیەکەمان و وڵاتەکەمان لێ نەسێنێت. مەمنوونی خودا


نەبێت، مەمنوونی هیچ کەسێک نابم. ئەوەتا دەیبینی کۆمەڵێک وڵاخی خەڵکم هێناوە و بەکرێ بۆیان بەخێو دەکەم. ئەو مانگایانە هی خۆم نین. زیاتر لە هەڵەبجە دادەنیشین و لەوێش خانووم هەیە. لێرەش وەک دەمبینن سەرقاڵم بە بەخێوکردنی ئەو وڵاخانەوە، تا شتێکم دەستکەوێت.

بەڵام من داوام هەر ئەوەیە، ئەم مێژووە لەبیر نەکرێت و بزانرێت چ قوربانییەک دراوە، تەنها هەڵەبجەیی لە هەڵەبجەدا شەهید نەبوون، خەڵک و خزمی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان لە هەڵەبجەدا شەهید بوون.

– زۆر سوپاس کاک باقی، زۆر سوپاسی کاکە بیلالیش دەکەین کە تۆی پێ ناساندین و لە ماوەی ئەم گفتوگۆیەشدا ئەرکەکەی تۆی گرتە ئەستۆ، وڵاخەکانی ئاودا و ڕەوانەی ناو پەرێزیشی کردن.

ئێوەش بەخێربێن.

* ئەم دیدارە لە گوندی چاوگی باوە کۆچەک، نزیک لە پارێزگای هەڵەبجە لە سەعات (٥)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/٧/١٨) ئەنجامدراوە لەگەڵ بەڕێز مام باقی.



**ئیحسان عەلی قادر**
**ناسراو بە ئیحسانی مەلا عەلی کۆکۆی،**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٠).**

گەڕاینەوە سەیرانگەی چاوگ بۆ دیدار لەگەڵ ئێحسان عەلی، کە یەکێکی ترە لە زیندانییەکانی نوگرەسەلمان.

– دەڵێن جوانترین و خۆشترین هەناری هەڵەبجە لەم سەرچاوەی چاوگەیە؟
کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا، تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، من چوارەم منداڵی خێزانەکەمانم و خێزانێکی گەورە بووین، پێنج برا و حەوت خوشک بووین. باوکم خوێندەواری حوجرەی مەلایەتی بووە، دواتر بەشداریی کردووە لە خولێکی شەش مانگە و وەک مامۆستای قۆناغی سەرەتایی زمانی عەرەبی لە هەڵەبجە دامەزراوە. پێشان کەسانی خوێندەوار کەم بوو، مامۆستاش کەم بوو، ئەو یەکێکە لە مامۆستا دێرینەکانی شاری هەڵەبجە.
منیش تا ئەو کاتەی ئاوارە نەبووین، لە پۆلی سێی ناوەندیی بووم، ئیتر

کاتێک ئەو ڕووداوانە ڕوویان دا، من لە خوێندن دابڕام، پار نا پێرار دەستم پێکردەوە پۆلی نۆم بڕی و ئێستا لە پۆلی دەم، خودا یاربێت دەمەوێت بەردەوام بم.

لەناو کاری حیزبیشدا ئەندام لقی (١٢)م لەناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. باوکیشم کەسێکی ناودار بووە، کە مەلا عەلی مەلا عەبدولقادری کۆکۆیی پێدەڵێن، ئەمە باخەکەیەتی لەم ناوەدا و باشترین جۆری هەنارمان هەیە. باوکم لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٤)ە. لەبەرئەوەی خۆی و کەسێکی تر کە بەتەمەنترین مامۆستای ناوچەکەن، لە هەڵەبجەدا ناسراون. ئێستا چووەتە تەمەنەوە و توانای گەڕانی نەماوە.

لە کاتی کیمیابارانی‌دا برایەکی گەورەم «مەحمود» ساڵێک پێش کیمیاباران چووبوو بۆ وڵاتی ئێران. برای دووەمم «دڵشاد» لە خوێندن بوو لە بەغدا، لە کۆلێژی شەریعە.

سێیەم کەس من بووم لەناو کوڕەکاندا، کە کوڕە گەورەی ماڵ بووم، کاتێک کیمیاییەکە لە هەڵەبجە درا، ئێمە لەناو هەڵەبجەدا بووین لە ژێرزەمینێکدا لەناو ماڵی خۆماندا. لەگەڵ ماڵی باپیرەمدا دراوسێ بووین، دیوارێک لە بەینماندا بوو. دایکم نەعلی لەپێدا نەبوو لە ژێرزەمینەکە. بە منی وت: بڕۆ لە ماڵی باوەت جووتێ نەعلم بۆ بهێنە. منیش هەر لە دیوارەکەی نێوانمانەوە هاتمە حەوشەی ماڵی باپیرم، دنیا تاریک بوو، بینیم ژنێک کەوتووە لە ماڵی باوەما، کە دادە عەولەیان پێدوت و دەمناسی، هەڵەبجەییەکانیش دەیناسن، دادە عەولەی گوڵەبەڕۆژە فرۆشیان پێدەوت. ئەوکاتە بە لوولە کاغەز گوڵەبەڕۆژەی دەفرۆشت. بینیم سەروفێسی لەسەردا بوو (مەبەستم کڵاوی ژنانە) کەوتبوو بە دەمدا و پرخەپرخی دەکرد لەناو دەرگای ژوورەکەدا. لەبیرمە دەرگاکەیان دار بوو لەسەر شێوەی کۆن... منیش خۆم بە ئازا دەزانی، دادە عەولام بەرزکردەوە و هەڵمگێڕایەوە بە ئەودیودا و بردمە بەر بەلوعەی ئاوەکە و ئاوەکەم بەردایەوە و سەر سەروچاویدا و هەندێک ئاوم کرد بەسەر دەموچاویدا. نازانم ئیتر ئەو چۆن بوو. خێرا جووتێک نەعلم هەڵگرت و گەڕامەوە، وتم: دایە خەڵک زۆر مردووە، ژنێکیش کەوتووە لە ماڵی باوەما، دادە عەولەیە. ئەمەی من باسی دەکەم کاتی خۆرئاوا بوو. باپیریشم لە ماڵی ئێمە بوو لە ژێرزەمینەکەدا. باوکم وتی: بڕۆ عارەبانە، یان ئۆتۆمبێلێک پەیدا بکە با باوەت دەربکەین، چونکە ئەو نەیدەتوانی بە پێ بڕوات، کە چوومە دەرەوە، لەمسەرەوە ڕۆیشتم تا

ئەوسەری گەڕەک، ئەوەم هەرگیز لەبیر ناچێت ئافرەتێک منداڵێکی بەدەستەوە بوو دەڕۆیشت. ژن و کوڕێکیش بەیەکەوە بوون و لایتێکیان بەدەستەوە بوو کەوتن، کە کەوتن ئافرەتەکەی منداڵەکەی بەدەستەوە بوو، بە کوڕەکەی خۆی وت: برۆ لایتەکە بێنە خۆ ئەوان مردن، با ئێمە بەرچاوی خۆمان ڕووناک بکەینەوە.

– کاتەکە کەی بوو؟

پێموایە گەیشتبووە دوای بانگی شێوان.

– ئەی چۆن هەموو ساڵێک لە هەرێمی کورستان باس لەوە دەکرێت کە لە سەعات یانزە و بیست چرکەی بەیانیدا و لەو کاتەدا سەدام چەکی کیمیایی دژ بە هەڵەبجە بەکارهێناوە؟

لە ڕۆژی چواردە و پانزەی مانگ سوپای ئێرانی هاتنە ناو هەڵەبجەوە و سوپای عێراق شکا. لە (١٩٨٨/٣/١٤) سەربازێکی زۆری عێراقیم بینی بەلای ماڵی خۆمان و باپیرەمدا تێپەڕین، هێز و سوپای هەموو ئەم سنوورانە بە پێ کشانەوە. لەو کاتەدا لە گەڕەکی زەردویەکانەوە لەوبەری ماڵی ئێمەوە نزیکەی بیستوسێ سەربازی عێراقی بوون، دەرچوون بەرەو ئەولا و ڕۆیشتن بەرەو ئاڕاستەی دەرەوەی هەڵەبجە. دوای ماوەی نزیکەی سێ تا چوار سەعاتی پێنەچوو پێشمەرگەی یەکێتی هاتن. وتیان: سەربازە عێراقییەکان بەرەو کوێ چوون؟ منیش پێم وتن: ئاوا ڕۆیشتن. ئیتر ئەوان دوایانکەوتن و لە خواری لادێیەکەوە کە پێی دەڵێن هەسەنئاوا، پێیان گەیشتبوون و لێیان دابوون. ئیتر کە سەرباز نەما لەناو هەڵەبجەدا، عێراق دەستی کرد بە ناپاڵم وەشاندن، پێش کیمیاییەکە ناپاڵمی دەوەشاند، هەر ناپاڵمێک کە دەیدا لە زەوی، چاڵی قوڵی دروست دەکرد، ئێستاش شوێنی هەندێکیان ماوە، کە فڕۆکە و کۆپتەرەکان ئەو ناپاڵمانەیان دەوەشاند ئەوەندە دەنگیان گەورە بوو، لەترسا گوێی خۆمان دەگرت، بەڵام دواتر لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) لە نێوەڕۆوە فڕۆکە دەهات و دەنگی تڵپەیەکی بچووک دەهات. هەمووی دەیوت بەخوا باش بوو ئەمجارە بۆردوومانی نەکردین. کاتێک زانیمان ئەمەیان کیمیاییە. پێشتر کە فڕۆکە دەهات چاوەڕوانی زرمەی گەورە بووین، بەڵام ئەمجارە تڵپەیەکی بچووک بوو. واتە لە نێوەڕۆوە کیمیاباران دەستی پێکردبوو، زۆر کەس لە ژێرزەمیندا




سەربازگەی تۆبزاوە، (٢٠٢٢)

نەیزانیبوو کیمیاییە و دەنگەکەی نزم بوو، زۆر نەترساین. باوەم کە لە ماڵی ئێمە بوو، چووم بۆ ماڵیان، بۆئەوەی نەعلەکان بۆ دایکم بێنم و ئەو ژنەم بینی کە گەڕامەوە. باوکم وتی: بڕۆ شتێک بێنە تا باوەت هەڵگرین، ئەوە بوو هەندێ ڕۆیشتم، زۆر ترسام، بینیم خەڵکێکی زۆر کەوتبوون لەسەر جادە و کۆڵانەکان. گەڕامەوە وتم: باوکە خەڵک هەمووی مردووە، با ئێمەش ڕابکەین. باوکم وتی: تۆ منداڵی دەترسیت. خۆم دەچم. باوکم تا دەرگاکە ڕۆیشت و کەوت. ئێمە بەم دۆخەوە بووین، خاڵە موحسینم و منداڵەکانی پێشتر دەرچووبوون تا لای شاخی گوڵانیش ڕۆیشتبوون. خۆی تەنیا گەڕایەوە لای ماڵی باوکی و هات ئێمەی بینی، وتی: ئەوە چی دەکەن، بۆ دەرناچن؟ وتم: باوکم کەوتووە و ناتوانێت بڕوات، نازانم چی بکەم؟ لەو کاتەشدا بیرێکی (٣٢) مەتریمان هەبوو، زوو زوو بە سەتڵ و پەت ئاوم لێ دەردەکرد و دەمکرد بەسەر دایک و خوشک و براماکانمدا. دایکم پڕ قاپێکی پیاڵە شۆر ئاوی دایە دەست باپیرەم. باپیرەم سەرەکوتەی بوو، دایکم ئاوەکەی دایە دەستی و بۆی گرت. باپیرەم هەموو ئاوەکەی خواردەوە. پڕ ئەو تەشتەی پیاڵەی چایی خواردنەوەی تێدەکەن، کە ئاوەکەی خواردەوە زۆر بە توونديی ڕشایەوە و ڕەشاوێکی بۆگەنی هەڵهێنایەوە و بوورایەوە. دایکم دەستی خستە ژێر سەری و هەندێک خەریکی بوو، کردی بە هاتوهاوار و وتی: ئەی هاوار باوکم مرد... خاڵۆم خودا لێی خۆشبێت، وتی:

باوکم تازە مردووە بەجێی بهێڵن، کەس نەما، خۆتان دەربکەن و ڕاکەن. خاڵۆم ئەمەی وت و ڕۆیشت. منیش لەو ساتەدا نەویم لە باوکم و دام بە کۆڵمدا، برایەکی بچووکم هەیە کە زانیاری ناوە، ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەی گۆرانە لە هەڵەبجە. ئەوکات یەک ساڵان بوو، ئەویشم هەڵگرت. دایکم و دوو خوشکم و برایەکی ترم... پشتوێنەکەم کردەوە و سەرێکیم دایە دەستیان و سەرەکەی تریم بەست بە ناوقەدی خۆمەوە و وتم: بەرینەدەن. دنیا تەواو تاریک بوو باپیرەمان بەوجۆرە جێهێشت و بێئەوەی هیچ لەگەڵ خۆمان بەرین،ماڵمان جێهێشت.

لەبیرمە دایکم یەک مەنجەڵ گۆشتی مریشکی لێنابوو، هەر لەبیری ئەوەشدا نەبووین پارویەکی لێهەڵگرین. ئەو شەوە تەسکەرەکانیشمان بەجێهێشت. دواتر کوڕێکی خزممان ڕاسپارد بۆی هێناین. ئیتر هیچ نەوەستاین، ئێمە و هەزارانی وەک ئێمە دەشتی دایەبەر. نەوەستام هەتا گەیشتینە گوڵان، لەوێشەوە دامنەناون هەتا گەیشتووینەتە کانی زەردویان. کانی زەردویان لە سەرەوەیە.

کە گەیشتیەنە ئەوێ، باوکم وتی: ڕۆڵە دامنێ، ئیتر خۆم دەتوانم بە پێ بڕۆم، کە باوکمم دانا، دایکم هات وتی: بزانم براکەت چۆنە گیانی تیادا ماوە؟ لەوێ زانیم لە هەڵەبجەوە من زانیاری برام سەرەوخوار هەڵگرتووە. شیرەخۆرە بوو، هەر فریانەکەوتین بووتڵی مەمە و شیرەکەی بۆ بهێنین.

دایکم وتی: ئەی ماڵت ئاوا ئیحسان، کوڕەکەت سەرەوخوار هەڵگرتووە. دایکم قورنجگێکی لێگرت. زانیار جوڵایەوە و نوزەیەکی لێوەهات. دایکم وتی: ماوە شوکر. هەڵمگرتەوە، بەڕێکەوتینەوە، من و دایکم و دوو خوشکم و برایەکم و باوکم گەیشتینە مۆردین. خوشک و براکانی ترم پێشتر بردبوومانە ماڵی خاڵۆم لە سلێمانی. لە مۆردێنە دایکم لە کەڵەکە بەردێک کەوتە خوارەوە، هەی دایە چی بوو، چیت لێهات؟ دایکم هەستایەوە و وتی: هیچ نییە باشم، لەو کەوتنەدا کەوتبوو بەسەر چرایەکی پڕ لە نەوتدا. چراکەی هێنا و شقارتەی پێبوو، چراکەی داگیرسان. ئەو چرایە بەفریامانکەوت، بەو شەوە کەوتینە پێش ئەو خەڵکە و چراکە زۆر بەکەڵکمان هات. ئیتر ئەو عالەمە بەڕێوەبوو. ئەو حەوزەی ئێرە لە چاوگ، جاران زۆر گەورەتر بوو. ئا لێرەدا چاڵێکی گەورەی تیادا بوو.

حەمەی ئەحمەد بەگی تەڕەپیازی بەناوبانگە لە هەڵەبجەدا، خۆی و خوشکێکی کەوتبوونە ناو چاڵەکەوە و نەیاندەتوانی دەرچن، کەس فریای ئەوە نەدەکەوت

دەریان بهێنێت. نازانم چییان بەسەرهات. ئیتر ئێمە پێشکەوتین، یەکەم کەس نەبووین، بەڵام باش بوو لە پێشەوە بووین، هەتا گەیشتینە کەناراو و گوێ چەمی ڕووباری ئاوی سیروان. دە خولەکێک مابوو بگەینە ئەوێ، پاسدارێکی ئێرانی هات بەرەوپیرمانەوە، بینی من زۆر هیلاکم. منداڵەکەی لێ وەرگرتم و کەوتە پێشمان تا سەر ئاوەکە. ئیتر لەوێ پشوویەکمان دا و هەندێ میوە و خواردنیشی پێداین. لەبیرمە دوو سێ کەمپوتی سێو و هەرمێیان بۆ هێناین، وتی: ئەوە بخۆن ئێستا دەتانگوازینەوە.

ئیتر نزیکەی چارەکێک تا بیست خولەکێک لەوێ بووین، پشوویەکمان دا.

ئێرانییەکان بەلەمی ماتۆڕیان بۆ هێناین و گواستراینەوە بۆ دیوی ئێران، لەوێش لۆرییان بۆ هێناین و براینە ناو قوتابخانەکەی شارەدێی هەرسین. نزیکەی بیست ڕۆژێک لەناو ئەو قوتابخانەیەدا بووین. دواتر گوازراینەوە بۆ ئۆردوگای هەرسین، شوێنێکە لە نزیک پارێزگای کرماشان، کە لە قوتابخانەکەی هەرسین بووین کاک مەحمودم، کە ساڵێک پێشتر لە ئێران بوو، لەگەڵ کۆمەڵی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بوو، لە بەشی پەیوەندییەکانی ئەواندا کاری دەکرد، تاڕادەیەک دەسەڵاتی هەبوو، هاتە ناو قوتابخانەکە بۆلامان. دایکم و خوشکەکانمی برد بۆ لای خۆی. ئەو لە ئۆردوگای کامیاران دائەنیشت. من و باوکم و برایەکم ماینەوە و براینە ئۆردوگای هەرسین. نزیکەی دوو تا سێ مانگ من و باوکم لە ئۆردوگای هەرسین ماینەوە، دوای ئەو ماوەیە ئێمەش چووین بۆ ئۆردوگای کامیران، لەوێ لەگەڵ دایکم و ئەوان یەکمانگرتەوە. ئۆردوگای کامیران بە زۆری خێزانی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لێبوو، دوو سێ خوشک و برای ترم پێشتر چووبوونە سلێمانی و لە ماڵی خاڵۆم بوون، ئەوانیش هاتنە ئێران و لەوێ یەکمانگرتەوە.

- هەواڵی باپیرتان نەزانی؟

بەڵێ، چۆن هەر لەو ڕۆژانەدا کە ئێمە دەرچووبووین، کۆمەڵی مەجلیس ئەعلا چووبوونە ناو هەڵەبجە و بریندار و پەککەوتەیان هەڵدەگرت، باپیرمیان دۆزیبووەوە و هێنایان بۆ ئێران بۆ لامان. دکتۆرەکان پێیان وتبوو ئەو ڕشانەوەیە ڕزگاری کردووە و کاریگەریی کیمیاییەکە لە لەشی دەرچووە. باپیرەم ژیا و تا هاتینەوە هەڵەبجە و دووکانی دانا، کەپری مێوی بەست لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا و چووە بەر ڕەحمەتی خودا.

ئینجا لەم یەکگرتنەوەی خێزانەکەماندا لە ئێران (من ئەوکات هەندێ بزێو بووم و دانەدەنیشتم). دایکیشم پێی وتم: ئیحسان دانیشە خۆت دووچاری کێشەیەک مەکە تۆ زۆر سەرەڕۆیت. هەواڵم دەبیست پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ سنووری ناو عێراق. منیش دوو سێ برادەرم هەبوو ئەوان لە ئۆردوگای سەریاس بوون. چووم بۆ سەردانیان... شەوێک لەوێ بووم و بەیانی کە هەستاین وتیان: ناوی خەڵک دەنووسن بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ عێراق. منیش چووم ناوی خۆم نووسی و وتم: دەچمەوە بۆ وڵاتی خۆمان. هەرچی برادەرەکانمە وتیان شتی وا مەکە. وتم: بەخوا هەر دەڕۆم. هەر کە ناومان نووسی، سواری ئۆتۆمبێلیان کردین بەرەو سنووری تەوێڵە و بیارە و هێنایانین تا سەر سنوور. کاتەکە دەمەو ئێوارە بوو گەیشتینە سەر سنوور، مانگی ئاب بوو. یەک شەو لە مەرزی تەوێڵە ماینەوە، گوێز تەڕ بوو. چوومە ناو باخەکانی تەوێڵەوە و دوو کیسە گوێزم لە دارەکان لێکردەوە و هێنام لەگەڵ خۆمدا. بەیانییەکەی ئەوەندەی پێ نەچوو سواری ئیڤای سەربازییان کردین و براینە تەوارییەکەی سلێمانی. لە تەوارییەکەی سلێمانی دوو شەو ماینەوە. کوڕێکمان لەگەڵدا بوو کۆکۆیی بوو، خەڵکی لای خۆمان بوو. محەمەدی ناوبوو، محەمەدی کاک حەمەسەعید برایەکی هەبوو خوا لێی خۆشبێت ناوی هۆشمەند بوو. هۆشمەند لەم ساڵانەی دواییدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. هۆشمەند کوڕێکی بچکۆلە بوو، بە دزیی تەوارییەکانەوە لە دیواری تەوارییەکەوە ناردمە خوارەوە، بۆئەوەی بچێت بۆ



سەیرانگەی چاوگ، ئیحسان عەلی لەگەڵ هاوڕێیانی زیندانی نوگرەسەلمان (٢٠٢١/٧/١٨)

ماڵی عەلی کۆکۆیی، تاوەکو شتێکمان بۆ بکات کە ئێمە دەستگیرکراوین. دوو کیسە گوێزەکەشم پێبوو بردم لە نوگرەسەلمان لەگەڵ عەجەما خواردمان.

عەلی کۆکۆیی ناسیاری خۆمان بوو. موستەشاری جاش بوو لەو کاتەدا، وتمان خزمە بەڵکو یارمەتیمان بدات... ئیتر ئێمە براین و هۆشەنگ نەگەڕایەوە و ڕزگاری بوو.

* وەکو بزانیت چەند کەس بوون ئەو ڕۆژە گەڕانەوە؟

- نازانم ئەو ڕۆژە چەند کەس بووین. ژمارەمان زۆر بوو، ماڵ هەبوو کەرەستەی ماڵی لەگەڵ خۆی هێنابوو، یان فەرشیان پێبوو، پێویستی ماڵ، هەروەها بنێشتی خۆمانەی زۆرم بینی پێیان، کە بۆ فرۆشتن هێنابوویان.

لەناو تەواری سلێمانی زۆر شتیان لە خەڵکەکە سەند و هەشبوو هەر پێی بوو، بەتایبەت سێ لە ئیڤاکان کەلوپەلی ماڵەکانی تیابوو، خێزانەکان هەر خرانە ئەو ئیڤایانەوە و بران تا نوگرەسەلمان. ئێمەش کشمیش و پیازەکەمان لەو ماڵانەوە دەستکەوت و لە نوگرەسەلمان بووە خۆراکی ماوەیەکمان.

بەڵام لەناو تەواری خەڵک هەبوو واسیتەی هەبوو ئازاد دەکران، یان لەناو دائیرەی ئەمن خەڵک هەبوو ئازاد دەکران، تەنانەت لە تۆبزاواش هەر خەڵکبوو ئازاد دەکران، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خێزانێکمان لەگەڵدا بوو ماڵی عەباسی عەلی بەیخانیان پێدەوتن، دایکی ناوی سەیرە بوو. برایەکی کاک عەباس یەکەم سەربازی عێراقی بوو و لە شەڕدا شەهید بوو. دەفتەرێکیان پێبوو وێنەی دایک و باوکی شەهیدەکە و سەدام حسێن پێکەوە بوون. لەو دەفتەرەدا کە دەتکردەوە، وێنەکەی سەدام لە ناوەڕاستدا بوو، وێنەی دایک و باوکی کاک عەباسیش لەملاو ئەولای بوو. پیشانی بەڕێوەبەری تەواری سلێمانی دا. وتی: ئێمە کەسوکاری شەهیدین ئازادمان بکەن. بەڕێوەبەرەکەی ئەمن وتی: ئەو وێنەیە دەخەینە سەر سەرمان. ئەو کوڕەتان شەهید بووە، پارە و خانوومان داوە پێتان، ئێوە هەڵەیەکتان کردووە و چوونەتە ناو خاکی ئێرانەوە، دەبێت بتانبەین هەندێ مێشکتان بشۆرینەوە، ئەوجا ئازادتان دەکەین. ئەو خێزانە بەو وێنەیەوە هاتنە نوگرەسەلمان و لەگەڵ ئێمەدا بوون. کاک عەباس لە ژوورەکەی ئێمە دادەنیشت. لەیلای خوشکی عەلەسوریش هاوسەرەکەی لە شەڕی عێراق-ئێراندا کوژرابوو، بە حسابی خۆیان ژنی شەهیدی قادسیە بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمەدا دەستگیرکرابوو و لە نوگرەسەلمان بوو، ئازاد نەکران

هەتا کاتی بڕیاری لێبووردن وەک ئەو خەڵکە، لەیلا ئێستا لە ژیاندا نەماوە و مردووە. ئیتر ئێمە لەوێ بووین، نازانم وەک خێزان چەندێک بووین، بەڵام وەکو ژمارە ئەوەی کە گەیشتە ناو زیندانی نوگرەسەلمان (١١٦٣- ١١٧٣) کەس بووین لە هەڵەبجەییەکان و لەوێ بووین. لە ڕۆژانی (١٠)، یان (١٩٨٨/٨/١٢) بوو گەیشتینە نوگرەسەلمان، کاتێک لە سلێمانییەوە بەڕێکەوتین، ئەوەی گەنج بوو خرایە پاسێکەوە، من خۆم لەناو گەنجەکاندا بووم، پاسەکەش وابوو کە لە دەرگاکە دەچوویتە ژوورەوە، دوو ڕیز لەمبەرەوە دوو نەفەریی دادەنیشت، دوو ڕیزیش لەوبەرە دادەنیشت. لە ناوەڕاستی پاسەکەدا کونێک هەبوو بۆئەوەی ئەگەر یەکێک پێویستی بە سەرئاوکردن هەبێت، هەر لەو شوێنەدا بیکات و پاسەکە نەوەستێت، لە ڕێگە ئیتر وابوو خەڵک ناچاربوو بەوجۆرە پێویستی خۆی جێبەجێ بکات. لە سلێمانییەوە تا گەیشتینە سەماوە نەوەستا، هەر بەو جۆرە خەڵک پێویستی خۆی جێبەجێ دەکرد. ئەوەی کوڕی گەنج بوو، بەوجۆرە پاسانە بران، مەنشەئەی گەورەش بۆ دایک و باوک و منداڵەکان هێنرا و ئەوانیش بەو ئۆتۆمبێلانە گوازرانەوە. ئێمە لەو کاتەدا زۆر ترساین، وتمان ڕەنگە ئێمەش وەک گەرمیانییەکان لێ بکەن کە گەنجەکانیان لێ جیاکردنەوە. ئەوەبوو بە مەنشەئە و بە پاسەوە زیاتر بە شەوان دەڕۆیشت هەتا گەیشتینە ناو نوگرەسەلمان، کە چووینە ئەوێ بە گەورەیی لەسەر دەرگای زیندانەکە نووسرابوو (وەیل و سەقەر)، واتا جەهەننەم. ئەوەندە گەورە بوو زیندانەکە ئەو هەموو پاس و مەنشەئەیە چووە ناو گۆڕەپانەکەی و سوڕایەوە، کاتێک ئێمەیان بردە ئەوێ، گەرمیانییەکانی لێبوو. پیاوی پیر و ژنی پیر و منداڵی کوڕ لە خوار تەمەنی حەوت بۆ هەشت ساڵییەوە. ئەوان لەلای دەستە چەپەوە بوون لە هۆڵەکاندا. کچ و ژنی گەنج بە دەستەی ڕاستەوە بوون، کە ئێمە چووینە ئەوێ، یەکسەر کچەکانیان خستەوە لای دایک و باوکیان، یان ئەو پیرانەی ئەمبەر. دەرگای قاعەکانیش کرایەوە. ئێمە کراینە قاعەیەکەوە (١٦٣) کەسی تیادا بوو. لەناو قاعەکەشدا بە سێ ڕیز دادەنیشتین. ژن و منداڵ و خێزانەکان ڕیزێک، پیاو و گەنجەکانیش بە دوو ڕیز. بەیانی کە دەرگا کرایەوە، چووین سەردانی هەندێ قاعەی دیکەمان کرد، گەرمیانییەکان بەوە دڵخۆشیی ئێمەیان دەدایەوە و دەیانوت ئێوە بۆ بێتاقەتن، بەس نییە ئێوە دایک و باوک و کوڕە گەنجەکانتان لەگەڵدایە. ئێوە نەهاتنایە، ئێمە کچەکانیشمان نەدەهاتنەوە لای خۆمان، ئەوان لەوێش گەنجەکانیان لێ جیاکردبوونەوە، بەڵام ئێمە هەموو تێکەڵ

بووین، کوڕ و کچ و دایک و باوک. هەموو پێکەوە بوو. ئیتر گەرمیانییەکان باسی ئەوەیان بۆ دەکردین کە چۆن یەکەمجار دەستگیرکراون و گەنجەکانیان لێ جیاکردوونەتەوە و نەیانبینیونەتەوە. پێموایە گەرمیانییەکان نزیکەی چوار هەزار کەس دەبوون لەناو زیندانی نوگرەسەلماندا.

قاعەکەی ئێمە هەموو بەیانییەک هەرکەسە و سێ سەمون خواردنی هەبوو. سەمونێک بۆ نانی بەیانی و سەمونێک بۆ نانی نیوەڕۆ، سەمونێک بۆ ژەمی ئێوارە. نوێنەریان دانا بۆ قاعەکان، نوێنەری قاعەی خۆمان من و کاک عەباس بووین، نەماندەوێرا لەو ژمارەیە زیاتر، یەک سەمون زیادە بخەینە ناو ئەوەی دیاریکراوە، تەنانەت یەک لەت زیادەش.

پێیان دەوتین لە دەرەوە جارێکی تر دەیژمێرین لەتێک زیادبووایە، لێدانمان دەخوارد. (١٦٣) کەس بووین، سێ (١٦٣) سەمونیمان دەهێنا. خێزانی وامان لەگەڵدا بوو دەکەس بوون. دە دانە سێ سەمونیمان دەدا پێیان. سەمون بە هیچەوە، بە ئاوێکی گەرمی نوگرەسەلمان و بەو سوێرییەوە و لە مانگی ئابدا. من لەگەڵ نوری ئەحمەدی وەستا قادر، ئامانجی ساڵح هەژار، عەجەمی هەنار. ئەمانە وا ناسراون لە هەڵەبجەدا. ئێمە لەگەڵ زگوردییەکان بووین، کەسمان لە خێزانی خۆمان لەگەڵدا نەبوو. مام نوری دەبەیەکی نایلۆنی پێبوو و لەتێک بەتانی لێ پێچابوو. ئاومان تێدەکرد و بە شەو بەتانییەکەی دەوریمان تەڕ دەکرد، لەبەر پەنجەرەکەدا داماندەنا، بۆئەوەی بەیانی ئاوەکە هەندێ سارد بێت. ئەگەر کەسێک پارەی پێبووایە لەگەڵ شۆفێری تانکەری ئاوەکاندا ڕێکدەکەوت، بۆئەوەی شتێکی بۆ بهێنێت. لەبیرمە یەک کیلۆ ڕۆنی ڕاعی پێشتر کە لە هەڵەبجە بووین بە سێ پەنجایی بوو، بەڵام لەوێ بە دینارو نیوێک بەو خەڵکەیان دەفرۆشت. یەک کیلۆ برنج لە دەرەوە سەدو بیستوپێنج فلس نەدەکەوت، لەوێ بە دوو دینار دەیان دا بەو خەڵکە. ئەویش زۆر کەم و بە دزییەوە شۆفێری تانکەرەکان دەیانهێنا بۆ ئەوانەی پارەیان پێبوو. جۆرێک شەربەتی دەستکرد هەبوو کە لە دەرەوە هەر نەماندەکڕی، لەوێ بە حەوت پەنجایی بوو. پاکەتی جگەرە لە دەرەوە بە حەفتا فلس بوو، لەوێ بە پانزە پەنجایی بوو. هەندێ لە پۆلیسە پاسەوانەکانیش دەستیان کردبوو بەو بازرگانییە و بە نهێنی و بەدزیی ئەوانی دیکەوە شتیان دەهێنایە ناو زیندانەکەوە. ئیتر ئەوەی شتێکی پێبووایە، هەوڵی دەدا شتی بۆ بهێنن، بەتایبەت بۆ کەسانی بەتەمەن و منداڵەکان. من خۆم دوانزە دینارم پێبوو، ئەو کاتەش هەر جگەرەم دەکێشا. کوڕێکمان

لەگەڵ بوو ناوی ئەرسەرلان بوو، خوا لێی خۆشبێت، پار نا پێرار کۆچی دوایی کرد، ماڵی لە سلێمانی بوو. کاک ئەرسەلان نەوەدو دوو دیناری پێبوو. من و کاک عەجەم نەوەدو دوو دینارەکەمان بە قەرز لەو وەرگرت، وتمان: جگەرەفرۆشی پێدەکەین. ئیتر ئێمە ئەمە جێگەمانە، دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە خۆمانی پێ بژیەنین. بە نهێنی نزیکەی چل ڕۆژێک ئەو کارەمان کرد لە ڕێگەی شۆفێری تانکەرەکان و هەندێ لە پاسەوانەکانەوە، کە جگەرەیان بۆ دەهێنایە ناو زیندانەکەوە و ئێمەش دەمانفرۆشتەوە بە زیندانییەکانی دیکە و ئەوانەی جگەرەکێش بوون لەناو قاعەکەی خۆماندا. ئەوەندەی تیابوو کە جگەرەکەی خۆمان دەکەوتە بەلاش. شەوێک پێش ئەوەی بڕیاری لێبووردن دەرچێت، هەست و بیرمان لەوە دەرچوو بەتەمابین بمێنین، تەواو نائومێد بووین. ڕۆژانە دە تا دوانزە کەسمان لێ دەمرد لە ئێمە و لە گەرمیانییەکانیش. چۆن باسی بکەم؟ سوچێک هەبوو لەناو حەوشەکەدا، لەوێدا مردووەکانمان لەسەر یەک هەڵدەچنی، بەس ڕۆژی شەممانیش بۆمان هەبوو مردووەکان ببەینە دەرەوە. ڕۆژی شەممان شەمغی ناوێک هەبوو کە ئەمن بوو، مولازم حەجاج-یش بەڕێوەبەری زیندانەکە بوو. خۆی ئامۆزازای سەدام حسێن بوو، پێشتر خۆی پلەی سەربازییەکەی عەمید ڕوکن بووە، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی خۆی پلەکەی دابەزێنرابوو بۆ مولازم ئەوەل و هێنابوویانە ئەم شوێنە. کابرایەکی کەمێک باڵابەرز و بەهەیکەل بوو. شەمغی بچکۆلەیەکی زۆر ناشیرین بوو، یاریی بە هەست و دەروونی ئەو هەموو خەڵکە دەکرد. پۆلیس پاسەوانی دەکردین لەناو زیندانەکەدا. ڕۆژی شەممان پانزە تا بیست پۆلیسی تفەنگ بەدەست میلیان دەهێنایەوە و بەناو زیندانەکەدا دەگەڕان، دە پانزە گەنجی وەک منیان دەهێنا. دە تەرم لەوێدا بوو، دە کەسمان یەکی تەرمێکمان دەدا بە کۆڵماندا و ئەوانی تریش خاکەناز و قازمەیان هەڵدەگرت و دووسەد مەترێک لە زیندانەکە دوور دەکەوتینەوە، لەوێ زۆر بەزەحمەت خاکەکمان هەڵدەکەند، خاکەکە زۆر سەخت بوو، مردووەکانمان تیادا دەناشت. هەفتەی داهاتوو کە مردووی دیکەمان دەهێنا، ئەوانەی پێشووتر سەگ لاشەکەی دەرکردبوون و بردبوونی بۆ شوێنێکی تر خواردبوویان. لەو دۆخەشدا زۆر کەس پارەی دەدا بە پۆلیسەکان و خامیان بۆ دەهێنان بۆ مردووەکانیان، دوو سەتڵ ئاویان پیا دەکرد و کفنی دەکردە بەری و لەویادا دایدەنا تا هەفتەی داهاتوو دەمانبرد، من لەبەرئەوەی گەنج بووم، دەیانجار ئەو کارەم پێ کراوە. ئەوەندە مردوومان بینیبوو، مردن لامان

ئاسایی ببووەوە. ئەو هەموو تەرمە لەوێدا کەوتبوو، ئێمە تۆپێکمان پێبوو لەناو ساحەکەدا یاریمان دەکرد. ئەو خاڵەی سەر قۆڵم لەوێ لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا نووسیومە و نووسیم (ئاخ. ن) مەبەستم لەو نوونە، نوگرەسەلمان بوو. لاستیکمان دەسووتاند و خاڵمان پێ دروست دەکرد. تا سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بوو، دوای دەرچوونیشمان لە زیندان نەمدەوێرا کراسی نیوقۆڵ لەبەر بکەم، لەبەر ئەو خاڵەی سەر قۆڵم. هاوڕێکانیشم شتیان نووسیبوو، دواتر سڕییانەوە، بەڵام من هەر هێشتمەوە، لەبەرئەوەی قەت ئازاری ئەوێم بیر ناچێتەوە، وەک وتم: لەو دواییەدا تەواو بێهیوا بووین لە ئازادبوونمان، ڕۆژانە ئەو هەموو کەسە دەمردن. من و ئەنجامی ساڵح هەژار و عەجەمی هەنار، سێ کوڕی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە بووین و یەکتریمان دەناسی و بزێویش بووین.

ئیتر عەجەم و ئەنجام... پلایس و کەتەرمان پەیداکرد لەگەڵ یەکی دەستێ جلی قات و بیجامە، بۆئەوەی ئەگەر دەرفەتمان بوو، بچینە دەرەوە و ڕزگارمان بێت، جلەکانی خۆمان بگۆڕین و بەو جلی کوردییەی بەرمانەوە نەناسرێینەوە. لەوەدا ماینەوە کە دەڕنەفیزێکی تاقیکردنەوەی کارەبامان پێبێت، بۆئەوەی ئەو تەلی مشەبەک و تەلدڕکەی لەسەری بوو، بزانین کارەبای تێدایە، یان نا، ترسی ئەوەمان هەبوو ئەگەر هەڵبێین، بزانین تەلەکان کارەبای تیایە.

- لەناو زینداندا چۆن ئەو کەرەستانەتان دەستکەوت؟

کە دەستگیرکراین لەبیرم چوو پێتان بڵێم، چوار تا پێنج لە خێزانەکان کە لە ئێران گەڕابوونەوە، زۆر کەرەستەی ماڵیان پێبوو، ڕێگەیان دان و هێنایان تا ناو زیندانەکەش. خەڵکم بینیوە چوار فەرشی پێبووە تا ناو زیندانەکەش. لەو کاتەی کە کراینە ناو زیندانەکە و شتەکانیان هەڵڕشت. من و عەجەم هەر پێکەوەبووین، کە شەو گەیشتین و شتەکانیان داگرت، وتم: عەجەم با فریاکەوین شتێک هەڵگرین. شەو کە گڵۆپ کوژایەوە چووم سەرین و دۆشەکێکم بۆ خۆم هێنا و عەجەمیش هێنای.

وتم: عەجەم با بچینەوە. دەستم گێڕا نیو فەردە پیازم دۆزییەوە، پیازی وشک، ئەویشم هەڵگرت. کوڕەکەی هاوڕێشم سندووقێک کشمیشی ئێرانی هەڵگرت. وتم: ئەوەش بێنە، کاتێک هاتینە سەرەوە پیازەکەم خستە ژێر سەرینەکە و کەس پێی نەزانی. کشمیشەکەش بەهەمان شێوە خستمانە ژێر دۆشەکەکە... شایەتم

هەیە لە زیندانییەکان، نەریمانی حاجی موشیر و جەمال، جەمال نەخۆشکەوت، وامانزانی چاوە قوڵەیەتی. ئەو نەخۆشییە کەوتە ناومان، زوو زوو کشمیشمان دەدایە و دواتر چاکبووەوە، هەر دەیوت کشمیشەکەی ئێوە منی چاککردەوە. تا بیستوپێنج ڕۆژی یەکەم من و عەجەم بەیانیان بە دزی برادەرەکانی ترمانەوە پیازێکم دەبردە ژێر قادرمەکان، لەتێکیم دەخوارد و دەمکردە ناو سەمونەکەی خۆم و بە عەجەمیشم دەوت برۆ لە فلان شوێندا لەتێکم بۆ داناویت. ئەو پیازە زۆر سودی هەبوو بۆ ئێمە. نیوەڕوانیش لەتێک سەمونمان بە کشمیشەوە دەخوارد. ئێواران بە تەنها سەمونەکەمان دەخوارد. نزیکەی بیستوپێنج شەوێک بەو جۆرە بردمانە سەر. جا لە هەمووی زیاتر کە دڵمان پێی خۆش بوو، لەناو پیازەکەدا کیسەیەک خوێشی تیابوو. وەک ئەوە وابوو خوا خۆی دیارییەکت بەتایبەت بۆ بنێرێت. خوێیەکەمان دەکردە پیازەکەوە و دەمانخوارد. پلایس و کەتەرەکەشمان لەناو ئەو شتانەدا دەستکەوت. من بەهێزیم هی ئەو شتانە بوو، دەنا لەناو زیندانەکەدا زۆر برسێتی بوو.

ئەو ڕۆژە وامان بڕیار دا بیر لە هەڵاتن بکەینەوە، کات دوو و نیوی دوانیوەڕۆ بوو... هەر ئەو ڕۆژە کات چواری ئێوارە بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرچوو بۆ ئازادکردنمان.

جا چۆن بیرمان لە ڕێگەی هەڵاتن کردبووەوە، لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی تەرمەکانمان دەبردە دەرەوە ببووینە ئاشنا. ئیتر هەندێ قسە و شتمان دەکرد. ئەوە کوێیە بۆ کوێ دەچێت. پۆلیسەکە دەستی ڕادەکێشا بۆ سنووری سعودیە و دەیوت ئەو بینایەی تر دەبینن؟ ئەوە لەسەر سنووری وڵاتی سعودیەیە. ئێوە خوا خۆشی ویستوون هێنراونەتە ئێرە، ئەگەر ببرانایە ئەو بینایەی ئەوێ، دەبوو لەبرساندا بمرن، لەبەرئەوەی ئەوکەسەی کە ببرێتە ئەوێ، هیچ خواردنێکی نادرێتێ هەتا دەمرێت، سیستمی ئەو زیندانە وایە. نزیکەی چارەکێک تا بیست خولەکێک بە ئۆتۆمبێل بڕۆیت، ئەو بینایەی دیکە لە ئێمە دوور بوو، بەڵام بینایەکی گەورە بوو، هاوشێوەی نوگرەسەلمان، هەر لە دوورەوە دیاربوو. لە کوردستانیش وابزانم نموونەی ئەو زیندانانە هەبوو، وەک ئەوەی قەڵای سوسێ و ئەوەی مەیدان لە سنووری گەرمیان، ئەوانەش هەر لەو سەردەمانەدا دروستکرابوون. وابزانم ئەوێ ناوی سەلمان بوو، ئەوەی ئێمە نوگرە بوو.

تا پێش لێبووردنەکە حەجاج بەس بۆئەوەی ئازارمان بدات، لە سەعات یەکی نیوەڕۆوە تا چواری ئێوارە هەموو ئەو خەڵکەی دەهێنایە بەر ئەو خۆرە

گەرمە لەناو حەوشەی زیندانەکەدا، ئیتر ئەو خەڵکە زۆریان لێیان دەبوورایەوە، یان لێیان دەمرد. بچووکترین هەڵەت بکردایە، مردن چاوەڕێت بوو. ڕۆژێکیان کوڕێکمان لەگەڵدابوو ناوی شەماڵ بوو، هەڵۆکەی پێدەڵێن لەبەر ئازایەتی... هەڵواسینێک هەڵیانواسیوە...، ئەمەندەیان لێدا، ئیتر لەبیر ناچێتەوە. ئافرەتێکی عەرەب لەوێ بوو لای مولازم حەجاج. ئافرەتەکە سەر بە خۆیان بوو. داوای لە حەجاج کرد ئازادی بکات، ئیتر وازی لێهێنا و کەوتە سەر زەوی. دواتر خستمانە سەر بەتانیە شڕێک و بە چواردەستە هەڵمانگرت. ئیتر ئەوە دۆخی ئێمە بوو هەتا کاتی لێبووردنەکە، وابزانم لە (١٩٨٨/٩/٢٠) بوو. کات نزیکەی چوار و نیو تا پێنجی ئێوارە بوو، هەواڵەکە گەیشتە ناو زیندانەکە. سەدام چەند دڕندە بوو، بەڵام بڕیارە بڕیار بوو. بڕوا دەکەیت هێشتا دنیا تاریک نەبوو، شەش ئیسعاف گەیشتە ناو زیندان... هەر ئەو شەوە بڕیاردرا کەس نەخەوێت، یەکسەر یەکێک لە هۆڵەکانیان چۆڵکرد. پانیی هۆڵەکە چواردە مەتر بوو، هەر ئەو ڕۆژە من و بیست کەسی تر لە پیاوەکان و دە دوازدە ئافرەت هۆڵەکەمان پاککردەوە. هەر ئەو ئێوارەیە دیتۆڵ هات و ناو هۆڵەکەمان بە باشی خاوێنکردەوە و نەگەیشتە کاتی بانگی شێوان قەرەوێڵەڕێژمان کرد. یەکسەر کرا بە نەخۆشخانە و وتیان: کەس بۆی نییە بخەوێت و یەکی دوو حەپیان پێمان دا و وتیان بیخۆن. پێشتر هەمووی تووشی سکچوون ببوو بەهۆی سەمونی کۆن و ئاوی سوێرخواردنەوەوە. هەمووی ڕیزکرا بۆئەوەی ئەو دوو حەپە وەرگرێت، وتیان: ئەو حەبە سکچوونەکەتان ڕادەگرێت، کە ئەو حەبەمان وەرگرت، من و چەند برادەرێکی تر ئەو شەوە نەمانخوارد، وتمان: خۆمان دەگرین تا سبەینێ بزانین ئەوانەی خواردیان چییان بەسەردێت. بەیانی ئەوانەی خواردبوویان وتیان: زۆر باش بووە، ئەوجا ئێمەش خواردمان، ئیتر ئەو سکچوونەی پێشوومان نەما.

ئیتر ئەوەی دۆخی خراپ بووایە و هێشتا سکچوونی بمایە، یەکسەر دەخرایە نەخۆشخانەکە و ئاوی بۆ هەڵدەواسرا، دەوا و دەرمانیان دەدایە، تۆزێک دۆخمان باشتر بوو. هەفتەی یەک هێلکەیان پێداین. ڕۆژی شەممان یەک هێلکەی نەکوڵاویان پێدەداین. من دوو جار ئەو هێلکەیەم بەرکەوت و نەمخوارد، دام لە قژم، بۆئەوەی توکی سەرم نەوەرێت...! سپێنەکەیم ڕشت و زەردێنەکەیم دا لە پرچم. ئەو دوو هێلکەیەشم نەخوارد. نزیکەی مانگێک و بیست ڕۆژ تێپەڕی بەسەر بڕیاری لێبووردنەکەدا، هێشتا هیچ کەسێک ئازاد نەکرابوو.

یەکەم کاروان چوارسەد کەس دەرچوو. سیستمی ئازادکردنەکە وابوو ڕۆژی پێنجشەممە ناو دەنووسرا، ڕۆژی هەینی دەبرانە نەخۆشخانەکەی سەماوە. لە سەماوە یەک هەفتە بە دڵی خۆت خزمەت دەکرایت، ئەوجا بەرەو کوردستان بەڕێدەکران. من و مام نوری ئەحمەد وەستا قادر، خودا لێی خۆشبێت، کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، ئەو ناوی نوری ئەحمەد قادر بوو، منیش ئیحسان عەلی قادر. لە قادرەکەدا هاوناو بوو باپیرەمان، هیچی یەکتریش نەبووین. مام نوری وتی: بۆ نەچین بە مولازم حەجاج بڵێین بمانخاتە ئەم کۆمەڵەوە کەسمان لەگەڵ نییە و زگوردین و دەڵێین ئامۆزای یەکترین... مام نوری دەستی فیتەری هەبوو. مولازم حەجاجیش ئۆتۆمبێلێکی سۆپەری پێبوو و زوو زوو تێکدەچوو، مام نوری دەبرد بۆی چاک دەکردەوە. بوو بە ئاشنای هەندێ جار ئاوی سارد و خاوێنی پێ دەدا. وتم: باشە دێم، بەڵام نایەمە ژوورەوە. کاتژمێرێکم لە دەستدا بوو کە لە ئێران کڕیبووم، ئەو جۆرەی چواردانە دیارە پێکەوە. یەک دنیا دڵم پێی خۆشبوو. زنجیرەکەی زەرد بوو. هەردوو سەردەسی کراسەکەم پێشتر بڕیبووم بۆ چای لێنان. کراسەکەم قۆڵی کورت ببووەوە، سەعاتەکەم دەرکەوت. مام نوری چووە ژوورەوە بۆ لای حەجاج. بە حەجاجی وتبوو من و ئەو کوڕەی ئامۆزام پێکەوەین، بەڵکو ناومان بخەیتە ئەم وەجبەیەوە. ئەویش وتبووی بۆ ئەم هەفتەیە، ئەو کوڕەش بانگ بکە با بیبینم. مام نوری هات وتی: بانگت دەکات. بەڕاستی زۆر ترسام. بە عەرەبی بە منی وت: ناوت؟ وتم: ئیحسان عەلی قادر. وتی: خزمن لەگەڵ کاکە نوری؟ وتم: بەڵێ کوڕی ماممە. تۆزێک عەرەبیم دەزانی. کاغەزێکی دەرهێنا و ناومانی نووسی، لەو کاتەدا کاتژمێرەکەی دەستمی بینی. وتی: ئەو سەعاتەی دەستت... منیش یەکسەر دامکەند لە دەستم و خستمە سەر مێزەکەی پێشی. کاغەزەکەی دایە دەستم و وتی: بیبە بۆ شەمغی با ناوتان بخاتە ئەم وەجبەیەی ترەوە و ئاوا سەعاتەکەمی برد و نەیدامەوە... ڕۆژی سێشەمە بوو کە کاغەزەکەم برد، ڕۆژی پێنجشەمە ناو نووسرایەوە هەتا سێسەد و نەوەدو هەشت ڕۆیی، ناوی ئێمەی تیادا نەبوو. لە سێسەد و نەوەد و نۆ وتی: ئیحسان عەلی قادر، لە چوارسەد وتی: نوری ئەحمەد قادر. ئێمە وەجبەی چوارەم بووین. چوارسەد کەس دەخوێنرایەوە لە گەرمیانی و هەڵەبجەیی. ئەوی جێی سەرنج بوو لە گەرمیانییەکان و ئەوانەی پێش ئێمە دەستگیرکرابوون، کوڕیان لەگەڵ نەبوو تەمەنی سەرووی نۆ ساڵ بێت، لە تەمەنی نۆ ساڵەوە لەگەڵ گەنجەکاندا برابوون.

پێش ئێمە سێ وەجبەی تر ڕۆیشتبوون. ئەو شەوە ماینەوە لە مەیدانی زیندانەکەدا و هەر لە حەوشەکەدا بووین ئەو چوارسەد کەسە. پێشتر دەکراینەوە هۆڵەکان و دەرگایان لەسەر دادەخستین، بەڵام ئەو شەوە نەکراینە ژوورەوە تا بەیانی. بەیانی پاسیان هێنا و براین بۆ نەخۆشخانەی سەماوە، بەڵام داخی کاتژمێرەکەم لە دڵ دەرناچێت بەقەد زیندانەکە پێم ناخۆش بوو، بۆئەوەی ناوم زوو بخرێتە وەجبەوە، سەعاتەکەشم برا، حەجاج بردی ئێستاش باسی دەکەم...

شتێکی تر کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە، کاتێک یەکەم ڕۆژ گەیشتینە ناو نەخۆشخانەی سەماوە، هەموو دڵخۆش بووین. پێدەکەنین، لەبەرئەوەی دەمانوت ئازاد دەبین و لە دۆزەخی زیندان ڕزگارمان بووە.

کچێک ناوی... بوو، لە... خوا شاهیدە ئێستاش گۆشەیەکی خەستەخانەکەم لەپێش چاوە، زۆر بەکزیی و ماتی لەو گۆشەیەدا دانیشتبوو. ئاوەها پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە، ئیتر ئەوە نەبوو شەرم و شت لەنێوانماندا بێت، هەمووومان وەک خوشک و برا بووین. منیش چومە لایەوە و دەستم ڕاوەشاند وتم:... ئەوە چییە بۆ وا خەمباریت، بۆ دڵخۆش نیت، بۆ پێناکەنیت؟ ڕزگارمان دەبێت.

وتی: کاک ئیحسان وازم لێبێنە.

وتم: بۆ چی بووە؟ کاک عەباسیش لەو کاتەدا بەوێدا تێدەپەڕی. ئەو پێنج تا شەش ساڵ لە من گەورەترە و دڵنیام چیرۆکەکەی بەباشی لەبیرە. وتم: کاک عەباس دەبینیت... چۆن خەمبارە شتێکی لایە و بە من ناڵێت، کە واموت: دەستی کرد بە گریان. ئیتر ئێمە هیچمان پێ نەوترا.

ئەو کچە وتی: نۆ مانگە لەم سجنەدا شەرەفی خۆم دەپارێزم، پێرێ شەو بۆ هاتنەدەرەوەم شەرەفمیان شکاند. ناویان بەو جۆرە نوسیبوو. ئیتر من و کاک عەباس یەک سەعات قسەمان بۆکرد و دڵنەواییمان دایەوە، کە ئەوە شتێک نییە لە دەسەڵاتی کەسماندا بێت و خەمبار مەبە. لەوەش زیاتر هیچمان لەدەست نەدەهات. پاکیی ئەو کچە لەوەدا بوو ئەو تاوانەی نەشاردەوە و بە ئێمەی وت.

کە هێنراینە نەخۆشخانەی سەماوە، هەر سەد کەس و نوێنەرێکیان بۆ دانان لە خۆمان، من بووم بە نوێنەری سەد کەس. عەباسی عەلی بەیخانیش نوێنەری سەد کەس بوو، دوو کەسی تریشیان دانا بۆ ئەو دووسەدەکەی تر. لەناو نەخۆشخانەکەی سەماوەدا بیستوچوار حەمامی تیادا بوو. بە ناچاریی فەرمان بوو دەبوو هەمووومان ڕۆژی یەک جار خۆمان بشۆردایە. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەسایین. نان و سەمون و کەرەو ماست و سەرتوێژ دانرابوو، بە کەیفی

خۆمان دەمانخوارد. چەند دەبەیت و دەخۆیت کەس ڕێگر نەبوو... شەش کتری گەورەش لەسەر ئاگر بوو، چەند چایت دەخوارد ئازادبوویت. نیوەڕوان، یان برنج و ماسی و گۆشت بوو، یان برنج و مریشک و گۆشت بوو. ئێوارەش بەوجۆرە. دەیوت چەند دەخۆیت ببە. لە ڕۆژی شەممەوە بۆ شەممە بەو جۆرە بووین لەو نەخۆشخانەیە. تەنها پیاویش نەبووین، تێکەڵبووین لە ئافرەت و پیر و گەنج، هەڵەبجەیی و گەرمیانی و ناوچەکانی تر هەمووی تیکەڵبوون...

ئینجا بانگی نوێنەرەکان دەکرا... دەیوت ئیحسان وەرە بزانە ئەو سەد کەسەی کە تۆ نوێنەریانیت، چییان پێویستە لە بازاڕ بۆیان بهێنە. هەندێ کەس پارەی پێبوو. یەکێک دەیوت کیلۆیە ترێم بۆ بهێنە. یەکێکی تر دەیوت پسکیتێکم بۆ بهێنە، هی وا هەبوو دەیوت دوو پاکەت جگەرەم بۆ بهێنە. منیش یەک یەک ناوەکان و داواکارییەکانیانم دەنووسی. دەیانزانی ئیتر ڕاکردنمان نەماوە، بە ئۆتۆمبێلی ئەمنی سەماوە کە شۆفرلێتێک بوو، هەر چوار نوێنەرەکە سوار دەبووین و ئەمنمان لەگەڵدا بوو، ئۆتۆمبێلی ئەمنەکان لە گۆشەیەکی بازاڕەکە دەوەستان و دەیانوت ئێوە بڕۆن شتەکان بکڕن و بگەڕێنەوە. دەیانزانی ڕاناکەین. ئێمەش دووکان بە دووکان دەڕۆیشتین هەموو شتەکانمان دەکڕی و ناومان لەسەر دەنووسی و دەگەڕاینەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە و سەعات یانزە دەگەیشتینەوە ناو خەڵکەکە و شتەکانمان پێ دەدان. خواردن زۆر و بەردەست بوو. لە سەعات هەشتی شەوەوە تا دوانزەی شەو بە زۆر و ناچاری دەبووایە گۆرانی و چەپڵەڕێزان بووایە. بەڕێوەبەری ئەمنی سەماوە دەهات دادەنیشت و تەماشای دەکردین، دەبوو هەڵپەڕین و عاشە قائید و عاشە سەید ڕەئیس بڵێین و گۆرانی بەسەر سەدامدا بوترێت، کە ئازادی کردووین.

لەو بڕوایەدام لەژێر چاودێرییدا بووین، بۆیە ئەمەیان پێدەکردین... لەو ماوەیەی ئێمە لەناو نەخۆشخانەی سەماوەدا بووین، دڵشادی برام ئەوەی وتم لە کۆلێژی شەریعە بوو لەگەڵ کوڕێکی برادەریا کە ئەویش برادەرێکی دەبێت لەناو ئەمنی سەماوەدا، دێن بۆ سۆراغ و هەواڵپرسینی ئێمە. ئێمەش لەو نەخۆشخانەیە بووین، کەس بۆی نەبوو بێت بمانبینێت و هەواڵمان بپرسێت، ئێوە چۆن گەیشتوون بە ئێرە؟ ئەوانیش دەڵێن بە هەواڵپرسین هاتووین. بەڕێوەبەری ئەمنی سەماوە پێیان دەڵێت: ئەوان ئازاد دەکرێن، بەڵام ئێوە دەخەینە شوێنیان. چۆن توانیوتانە بگەنە ئێرە؟ ئەوانیش دەڵێن بیستوومانە ئازاد دەبن، ئێمەش خوێندکاری زانکۆین و وتوومانە دەچین دەیانبینین. بەڕێوەبەری ئەمنیش پێیان

دەڵێت: لەبەرئەوەی خوێندکاری زانکۆن ناتانگرم، چۆن هاتوون ئاوا بگەڕێنەوە بەخێرایی. ئیتر ئەوان گەڕانەوە، بەڵام لەناو نەخۆشخانەکەدا ئێمە دەمانتوانی تەلەفۆن بکەین. ئەو جۆرە تەلەفۆنانەی لێبوو کە پەنجا فلست دەکردە ناوی و دەتتوانی بۆ ماوەی دوو خولەک قسە بکەیت. من قسەم لەگەڵ ماڵی کاک عەلی کۆکۆیدا کرد، وتم: من لە نەخۆشخانەی سەماوەم و بەمنزیکانە ئازاد دەکرێین. هەفتەیەکمان لەوێ تەواوکرد. بەیانی سەعات هەشتی بەیانی سواری مەنشەئەی باشیان کردین. دوو ئۆتۆمبێلی شۆفرلێت لە پێش و پاشمانەوە بوو، دەگەیشتینە هەر شوێنێک، قەرەڵەباڵغی بووایە بۆقەکانی هۆڕینیان دەکردەوە، هەروەها دەبوو ئێمە لەناو پاسەکاندا هوتاف و گۆرانی بڵێین، کەوا ئازادکراوین هەتا گەیشتینە ناو یاریگای سلێمانی.

لە یاریگاکە وتیان: ئەوەی هەڵەبجەییە دەبێت بچێت لە ئۆردوگای باینجان دانیشێت لە سنووری چەمچەماڵ. ئەوەی گەرمیانیشە بڕوات بۆ ئۆردوگای سمود لە کەلار. لەو کاتەدا من لەگەڵ ماڵی کاک عەباسدا بووم، برایەکی کاک عەباس لەوێ بوو هاتبوو بۆ لای ئێمە.

ئەویش لەگەڵ ئێمە سەرکەوتە ناو پاسەکە، پاسەکە هی ناو سلێمانی بوو، شۆفێرەکەی ناسیاری بوو. بە شۆفێرەکەی وت کە دەرچووین بسووڕێرەوە بۆ لای ماڵی ئێمە. بردینی بۆ ئەو خانووەی کە کاتی خۆی پێیان درابوو بەهۆی شەهیدبوونی براکەیەوە لە سوپای عێراقدا. ئاوا ئێمە نەچووینە ئۆردوگای باینجان و من چوومە ماڵی براکەی کاک عەباس.

کە هاتمەوە سلێمانی ئەوەندە شارەزای ناو سلێمانی نەبووم. هەواڵی ماڵی باوکم و ئەوانم نەدەزانی. کوڕێکی براکەی کاک عەباس وتی: وەرە من دەزانم ماڵی باوکت لە کوێن. ڕۆیشتین چووینە گازینۆ بەهار لە بەردەرکی سەرای سلێمانی، کە ڕۆیشتمە ئەوێ دڵشادی برامم بینی بەرەو ڕوومان دەهات. منیش بەرەو لای چووم وامزانی ئێستا دەست دەکاتە ملم. ئەو دای بەلامدا و بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆیشت، بانگم کرد کاک دڵشاد، ئاوڕیدایەوە و وتی: ئەوە تۆی براڕۆ خۆ نەمناسیتەوە. ئیتر گەڕایەوە و باوەشی پیاداکردم و دەستمان کردە ملی یەک. لەگەڵ ئەودا ڕۆیشتم، ماڵمان لە گەڕەکی سابونکەران بوو. ماڵی باوکم دوای لێبووردنەکە لە ئێران گەڕابوونەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون. هەر ئەو بڕیارەی ئێمەی پێ ئازادکراین، هەر ئەو بڕیارە بوو ئەوانیشی پێ هاتبوونەوە، یەکمانگرتەوە، کە چوومە ژوورەوە، دایکم لەباوەشی گرتم و ماچی

کردم و یەکسەر وتی: بچۆ ئەو حەمامە و چی جلێکت لەبەردایە بمدەرێ با بیسووتێنم. هەموو جلەکانی زیندانیان سووتاند، پڕی ئەسپێ بوو، ئەسپێی وامان پێوەبوو بە ئەندازەی مێشێک بوو. لە زیندان ئافرەتی گەرمیانی و قەرەداغیم بینیوە ئەسپێ هەر خستبوونی، کە ڕاپەڕین کرا، یەکسەر گەڕامەوە هەڵەبجە، لە پێش ماڵی باوکم. ماڵمان بووە جێی گەنجەکان، وەک بارەگا وابوو، لە کۆڕەویش ماڵی باوکم چوونەوە ئێران تا سنووری نەوسود، بەڵام من زوو گەڕامەوە و هاتمەوە هەڵەبجە. لە ساڵی (٢٠٠٠) هاوسەرگیریم کردووە و کچێکی جوانم هەیە ناوی شاتووە. ئێستاش لە هەڵەبجەم و لەم چاوگە جوانە گازینۆ و شوێنێکی گەشتیاریمان هەیە، کارێکی باشە کەوا ئەو بیرەوەرییە تاڵانە تۆمار دەکەن، چیش بە من بکرێت، هاوکارتانم.

زۆر سوپاس، هەر سەلامەت و ئازاد بژین.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە سەیرانگای چاوگ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی (٢٠٢١/٧/١٨)، لەگەڵ بەڕێز کاک ئیحسان.



**ئەبوبەکر عومەر محەمەد ئەمین عەبدولقادر**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٧).**

ئەبوبەکر عومەر محەمەد ئەمین عەبدولقادر، لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٧) لە گوندی دەرەیش، لە نزیک ئەحمەدئاوا بە دووریی پێنج کیلۆمەتر لە پارێزگای هەڵەبجە.

لادێکەمان زۆر خۆش بوو، خەریکی کاری ئاژەڵداریی و ژیانی خۆمان بووین، ئێستاش لەوێ کێڵگەمان هەیە و خەریکی گاودارین. جاران ژیانی لادێ زۆر خۆش بوو. دوای گەڕانەوە لە شوانیی و دواتریش لە قوتابخانە، دەچووینە ناو دێ بۆ یاریکردن، یاریی سەرەکیمان خولخولێنە بوو، تایە کۆنی پاسکیل و تایەی ئۆتۆمبێلمان پاڵدەنا لەگەڵ کوڕانی ئاواییدا. ئێوارانیش کە دەچووین بۆ بەرەوپیری گەڕانەوەی ئاژەڵ، کە لە دەشت دەهاتنەوە، زۆربەی کوڕەکانی ئاوایی یەکی گوێدرێژێکمان پێبوو.

ئەو کات ئۆتۆمبێل نەبوو، هەر ماڵێک سێ تا چوار گوێدرێژی هەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی، ئێمەش غار غارێنمان پێ دەکردن و بەوەمان دەوت

یاریی داوداوێن، ئێستا پێی دەڵێن پێشبڕکێ. جارێکیشیان لەسەر ئەو گوێدرێژە کەوتم و سەرم دای بە بەردێکدا و شکا، زۆر ئازاریدام و بردمیانە لای برینپێچێک لە عەنەب، کە ناوی کاک حەمەسەعید بوو، ئەویش چارەسەری بۆ کردم و شوێنەکەی هەر دیارە، ئێستاش هەر کاتێک سەیری ئاوێنە دەکەم، ئەو ڕۆژەم دێتەوە یاد کە کەوتم بەسەر بەردێکی گەورەدا، وابزانم ساڵی (١٩٧٦) بوو، یان (١٩٧٧).

ئاوایی ئێمە قوتابخانەی نەبوو، لەوێوە دەهاتین بۆ قوتابخانەی دێی عەنەب، تا پۆلی سێی سەرەتایی لەوێ خوێندم، وەک خۆم شوانیم نەکردووە، ئیتر ڕاگوێزراین.

– ئەو کاتە ئاوایی ئێوە چەند ماڵی تیادابوو؟

نزیکەی چل ماڵی تیادابوو، لە ساڵی (١٩٧٨) حکومەتی عێراق بەزۆر باری پێکردین و هێنراینە کۆمەڵگەی زۆرەملێ لە زەمەقی، کە هەر لە سنووری هەڵەبجە بوو، کە هاتینە ئۆردوگا زۆر ناخۆش بوو، ئەو خۆشییانەی لادێ نەما، لە لادێ گۆرانی و شایی زۆر خۆش هەبوو، کاک حەمەفەرەج ناوێک هەبوو باوکی مامۆستا یاسین بوو، زۆر دەنگی خۆش بوو، شایی خاڵۆیەکی ئەم خێزانەشم زۆر خۆش بوو. کاک حەمەسەعیدی ناو بوو، خۆی تاقانە بوو، لە شایی ئەودا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ هەڵپەڕکێی بۆ کرا، بووکەکەش جوانترین کەسی ئەو شاییە و ئەو ناوە بوو. من لادێم زۆر لاخۆشە، ئێستاش بمکەن بە وەزیر لە عێراق، نایکەم و هەر ژیانی لادێم پێخۆشە.

ئێمە شەش برا و یەک خوشک بووین، کە ڕاگوێزراین ژیانمان زۆر سەخت بوو، بێکار و کەسابەت لەناو ئۆردوگا و ڕێگەی لادێمان لێ گیرا. دواتر لە ساڵی (١٩٨١) باوکم لە فەرمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجە دامەزرا. بە ماڵەوە هاتینە هەڵەبجە، لەو ماوەیەدا تا شەشی سەرەتاییم خوێند، ئیتر لە هەڵەبجە ماینەوە. برایەکم ژنی هێنا و لە خانووەکەی زەمەقی مایەوە...

ئێمە لە هەڵەبجە ماینەوە، لە ساڵی (١٩٨٧) منیش ژنم هێنا. هاوسەرەکەم خەڵکی گوندێک بوو لە نزیکی ئاوایی خۆمان، کە پەیوەندیی خۆشەویستیش هەبوو لەنێوانماندا، لەسەر بەڵێنی خۆم بووم و هێنام، بەڵام لەو منداڵم نەبوو. لەسەر داوا و ڕەزامەندیی ئەو، ژنی دووەمم هێنا لە ساڵی (١٩٩٧). دواتر هاوسەری سێیەمیشم لە ساڵی (٢٠٠٤)دا هێنا.

– دەڵێن لێرە ژنبەژنە و فرە هاوسەریی نییە، کەچی تۆ سیانت پێکەوە کۆکردووەتەوە، ئەوە چۆن بوو؟

بەڵێ وایە، منیش ناچاربووم، دەنا هاوسەری یەکەمم هەر خۆشەویستە و ئەویش ڕازیبوو ئەوانەی تر بهێنم، هەمووشمان لە یەکماڵدا پێکەوە دەژین. کوڕێکیشم ژنی هێناوە و جیا نابێتەوە خۆی و هاوسەری دەڵێن پێمان خۆشە لەگەڵ ئێوەدا بژین. سوپاس بۆ خودا باشین پێکەوە.

– لەکاتی کیمیابارانەکەدا چیتان بینی و چی ڕوویدا لەناو شاری هەڵەبجە؟

بەڵێ، کە هەڵەبجە تۆپباران دەکرا، ئێمە لە ژێرزەمینێکدا بووین لەگەڵ ماڵی باوکم. تراکتۆرێکیشمان هەبوو، ئیتر لەو کاتەدا ساروخێک دای لە مزگەوتەکەی نزیک ماڵمان، کە مزگەوتی مەسعەبە، زۆر ترساین. باوکم وتی: ڕۆڵە هەستن بکەونەخۆ. برایەکم ناوی کاک عوسمان بوو، ئەو لە من گەورەتر بوو، تراکتۆرەکەی لێدەخوڕی. هەموو سەرکەوتینە سەر تراکتۆرەکە و دراوسێکانیشمان لەگەڵ خۆمان سەرخست. ئەو کۆڵانە چلوهەشت کەسی لێبوو، هەموویان لەگەڵ ئێمە سەرکەوتنە سەر تراکتۆرەکە و چووینە بیاوێلان، کە پێشتر ماڵی خەزوورم لەوێ بوون، ماڵی باوکی هاوسەرە گەورەکەم. لەوێوە لەسەر یاڵەکانەوە سەیری هەڵەبجەمان دەکرد کە ساروخەکانی لێدەدرا. لای خوارەوە شوێنێکی مریشک بەخێوکردنی لێبوو، بینیمان تەمومژ دێتە خوارەوە. نەمانزانی کیمیاییە، هەتا مستەفای جەلیلە شەل ئەویش پیکابێکی پێبوو هاتە بیاوێلان، ئەویش ماڵی خەزووری لەوێ بوو، وتی: کاکە بەخوا سەدام بە کیمیایی هەڵەبجە بۆدومان دەکات، لەڕاستیدا ئێمە سەرەتا هەستمان پێ نەکرد و نەمانزانی ئەوە چەکی کیمیاییە. ئیتر شەومان بەسەردا هات، دایکم ئۆقرەی لێبڕا بۆ باوکم، چونکە کە ئێمە دەرچووین، باوکم لە ماڵ مایەوە و نەهات لەگەڵ ئێمەدا، کە بە تەراکتۆرەکە هاتم بە شوێن باوکمدا، لەناو دارەکانی عەنەب بینیم، هەروا خەڵکە و کەوتووە لەبەر زۆریی تەرمی کەوتوو نەمتوانی بەو ڕێگەیەدا بێمەوە کە پیایدا ڕۆیشتبووین. ناچار گەڕامەوە لە خوارترەوە بە ڕێگەیەکی تردا چووم تا گەیشتمە ماڵی خۆمان و باوکمم هێنا، باسناکرێت چیم بینی... ئیتر هەر ئەو شەوە باوکمم هێنا و کەوتینەڕێ، چووین بۆ شاری پاوە لە ئێران. لەوێ بردیانین بۆ ئۆردوگای سەنغور. نزیکەی ماوەی مانگێک لەوێ بووین. لەوێ خزمانی شێخ قادری نەجار هەیە، هاتنە شوێنمان بردیانین بۆ ئۆردوگای سەریاس. ماوەیەکیش لەوێ بووین. لەوێ پڕوپاگەندە بڵاوکرایەوە، کە گوایە خەڵک بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە. لەوێ هەندێ کەسی سەر

بە ڕژێمی عێراق هەبوون ئەو هەواڵانەیان بڵاودەکردەوە، کە گوایە بڕیاری لێبووردن هەیە. من ئەوکات پاسێکی پۆلۆنیم پێبوو، خۆم و هاوسەرەکەم لەگەڵ زۆر کەسی تر گەڕاینەوە بۆ سەر سنوور. لە خێزانی خۆمان تەنها من و خێزانم هاتینەوە، زۆر دڵم بە شارەکەم خۆشبوو، وامزانی دەمانهێننەوە بۆ ئێرە. لە تەوێڵە دەستگیریان کردین و براین بۆ تەوارییەکەی سلێمانی. لەوێ هەرکەس لەوانەی لەگەڵ ئێمە هاتنەوە و سەر بە ڕژێم بوون، ئازادکران. ئەوانەشی وەک ئێمە بوون و هیچ نەبووین، بەرەو زیندانی نوگرەسەلمان بەڕێکراین. زۆر بیرم نەماوە دوو مانگ و چەند ڕۆژێک لەوێ بووین و دواتر بە بڕیارێکی لێبووردن ئازادکراین و هێنراینەوە بۆ سلێمانی.

– چۆن لەناو زیندانی نوگرەسەلماندا ژیانتان دەگوزەراند؟

چی بڵێم، نوگرەسەلمان ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، بەڕاستی جەهەننەمی دووەمی خودا بوو، خراینە ناو دۆزەخ. هەر کە کراینە ناو حەوشەی زیندانەکەوە ئەوەی من یەکەمجار بینیم سێ و چوار تەرمی پیرەژنی گەرمیانی بوو، کە لەو ناوەدا کەوتبوون. پورە ئامینێک هەبوو لەگەڵ دادە عوزرای دایکی کاک کۆچەر، دەستیان دایە تەرمەکان و لەو ناوە هەڵیانگرت و هەندێ پەڕۆ و بەتانییان لێپێچان. عەرەبانەیەکی یەک تایەی بچووک لەوێ بوو، تەرمەکانیان خستە سەری و نازانم چۆن برایە شوێنێکی دیکە لەودیوەوە، دواتر بینیم، کە خۆم مردووم دەبردە دەرەوەی زیندانەکەوە، تۆزێک لمەکەمان چاڵ دەکرد و دامان دەپۆشییەوە، ئەوەندەی پێ نەدەچوو سەگ تەرمەکانی دەردەکرد و دەیانخوارد. خۆم بە چاوی خۆم تەرمی دایکی ئادەم سۆسنەیم بینی بەدەم سەگەکانەوە. دواتر ئادەمیش کۆچی دوایی کرد. ئەوەبوو دایکی پێش ئادەم مرد... ئەو ڕۆژە تەرمی دایکی ئادەممان برد، بۆ بەیانییەکەی ئادەمیش کۆچی دوایی کرد. بەخوا کە تەرمەکەی ئادەممان برد لاشەی دایکی ئادەمم بینی بەدەم سەگەکانەوە. ئیتر ڕۆژانەش ئێمە دوو سەمون تا سێ سەمونیان پێ دەداین، ئاوێکیان بۆ دەهێناین، بڕوام وایە ئاوی ئاوەڕۆ بوو، چونکە کە لێی دەڕژا بۆ سبەینێ دەبوو بە قەوزە. هەمووومان تووشی سکچوون و ڕشانەوەیەک ببووین، چاومان چووبوو بە قوڵا. من خۆم تووشی ئەو نەخۆشییە بووم و هەر مردم، لاشەکەمیان هەڵگرتبوو و بردبوویانم کە بمشۆن، کە هەندێ ئاویان کردبوو بە سەرمدا، بینیبوویان لاشەم تەزووی پیادا هاتبوو، هێنابوویانمەوە... وتبوویان هێشتا ماوە. ئەوەبوو ئەو دادە عوزرایەی دایکی ئەم کاک کۆچەر پارەی دابوو بە میسرییەکان، کە شۆفێری

تانکەری ئاوەکان بوون، ئەو شۆفێرانە عێراقی نەبوون، بەڵکو میسری بوون، بەنهێنی تەماتەی بۆ هێنابوو، یەک سەلک تەماتە بە پێنج دینار بوو. دادە عوزرا بە دزییەوە سەرمی خستبووە سەر کۆشی و کراسەکەی دابوو بە سەرمدا و سەلکە تەماتەکەی گوشیبووە دەمم. ئەگەر بەو تەماتەیەوە بگیرایە، ئەوا بێ شک دەیانفەوتاند، چونکە بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بوو کە شتێکمان بۆ بێت، بەخودا بەوە زیندووبوومەوە، بەڕاستی ئەو ژنە بووە هۆکار کە من نەمردم. تا ئێستاش لە زۆر شوێن ئەوەم باسکردووە لەناو خزم و کەسمدا. بەڕاستی کارەساتێک بوو ناو ئەو زیندانە، نازانم باسی چی بکەم. ڕۆژێک نووستبووین لەناو هۆڵی زیندانەکەدا. مولازم حەجاج هات ئاماژەیەکی کرد منی هەستان و غەریبە دۆم و حیکمەتی حاجی ڕەحیم وتیان: وەرن. زۆر ترساین، وتم: بەخوا لەوانەیە بمانکوژن.

وتی: دوامکەون. ئێمەی بردە هۆڵێکەوە لەژێر ژوورەکەی خۆیاندا. دوو ئافرەتی تریشیان هێنابوو لەوێ بوون. یەکێکیان ناوی... بوو. قەت ئەوەم لەبیر ناچێت، ئەو لە دەستگیرکراوەکانی پێش ئێمە بوو، کە ئێمە چووینە نوگرەسەلمان، ئەوانەی پێشتر لەوێ بوون، گەرمیانی و قەرەداغییەکان بوون. پیاوە هەرە گەنجەکەیان تەمەنی شەستوپێنج ساڵ بۆ سەرەوە بوو، ئەوانەی تریان ژن و منداڵ بوون... ئەویتریان ناوی... بوو، بەڵام زۆر جوان بوو. زۆر زۆر، بەڵام... یان ئافرەتێکی شێوە پیاوانە هەڵکەوتبوو.

حەجاج و ئەوانەی لەوێ بەرپرسی زیندانەکە بوون، وتیان: ئەمە مەتبەخە دەبێت ئەم ئافرەتانە ڕۆژانە خواردن بۆ کاربەدەست و پۆلیسی پاسەوانی بەندیخانەکە لێنێن. ئێوەش هاوکارییان بکەن و قاپەکان بشۆن. ئیتر ڕۆژانە ئەو کارەیان پێ دەکردین بۆ خزمەتی خۆیان، کە تەواو دەبووین یەکی سەتڵێک شلە و برنجی



حەجاجی تاوانبار و هاوپیشە دڕندەکانی

تێکەڵیان پێ دەداین و دەگەڕاینەوە بۆ ناو زیندانەکە. ئەو خواردنەی دەمانهێنا هەتا بەشی بکردایە، یەکی ئاوا پڕی ژێرپیاڵایەک دابەشمان دەکرد بەسەر خەڵکی ناو زیندانەکە و ئەوانەی دەوروبەرمان. ئیتر ئێمە بووینە خزمەتکاری ئەوان. بەیانییەک کە چوومەوە بینیم یەکێک لەو ئافرەتانەی لەگەڵمان بوو لەوێیە و دەگری.

وتم: چیتە فلان بۆ دەگریت؟ هەر واموت... سینگی دادڕی. تومەز ئێوارە کە کارەکان تەواوبوو و ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ هۆڵەکان، ئەویان بردووەتە سەرەوە. وابزانم بۆ شەمخییان بردبوو، چونکە ئەو ڕۆژە حەجاج لەوێ نەبوو... شەمخیش کەسێکی باڵادەست بوو لەوێ، کە زۆر بەد و دڕندە بوو. ئێمە شەرم و شت نەمابوو لەنێوانماندا. ڕۆژانە ژنمان دەبینی کاسەیەکیان دەخستە ژێری و میزیان دەکرد. مردوو لەبەر چاوت دەکەوتن، وەک وتم: شەرمی لە من نەکرد، هەتا کەمەری پیشاندام. سینگ و ملی هەموو شین و مۆر ببووەوە، وەک دڕەندە بە گاز و قەپ سنگیان بریندارکردبوو، وتی: کاک بەکر من تەواوبووم، ئەتککرام، خۆ مردن چییە، گیان سەختە و دەرناچێت. پیاوەتی نەمابوو... ئێستاش کەوا باسی دەکەم، خۆم پێ ناگیرێت، کارێکیان پێکردین، نەعوزوبیللا ڕقم لە...، کە عەرەب بوو، یاخوا کەس ئەوە نەبینێت کە ئێمە بینیمان. ئەوەی ئێستاش کە باسی دەکەم، تا ئێستا بە خێزانەکەی خۆیشم نەوتووە و هیچیشم بە کەس نەوتووە لەبارەی ئەو ڕووداوەوە، لێرەشدا بۆ ئەو زوڵمەی خۆم و میللەتی کورد کە لێیان کردووین، باسی ئەوە دەکەم، دەنا ئەو ژنە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو کە ئەوەیان بەسەردا هێنا. لەو دۆخەدا ژنەکەی منیشیان وا لێبکردایە هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو. تکا دەکەم ناوەکەی مەنووسە... نەوەک زیاتر ئازاری بدات ئەو ڕووداوە.

خوا دەزانێت، وام دەزانی ئەوە بەرامبەر بە خێزانەکەی خۆم کراوە. ئەو دوو ئافرەتە ئەوەندە پاک و بەڕێزن لە پێش چاوی من، ئێستاش بیانبینم حەز دەکەم پێیەکانیان ماچ بکەم، چونکە ئەوانە هیچ تاوان و دەسەڵاتێکیان نەبوو... ئەوەش هەبوو لەبەرئەوەی ئێمە ژن و پیاو بەیەکەوە بووین، نەدەهاتن بەزۆر تەعدا لە ئێمە بکەن، بەڵام بۆ گیانی گیراوەکانی تر بە هەوەسی خۆیان ئازاریان دەدان. ژنیش هەبوو لەگەڵ ئێمەدا کە گەنج بوو... کەس زۆری لێ نەکردبوو، بەڵام بۆئەوەی خواردنێکی دەستکەوێت، خۆی دەچوو بۆ لای کاربەدەستەکانی زیندان، ئەوەش هەبوو لەو دۆخەدا. بەفر و شوتییان دەهێنا بەرامبەر بە چی؟ نازانم! خۆیان و خودای خۆیان، زۆریشمان پێ ناخۆش بوو، بەڵام ئیتر زیندانە، هەیە

بەزۆر تووشی کارەساتیان دەکرد. هەشبوو خۆی دەچوو، بۆئەوەی خۆراکێکی دەستکەوێت. ئەو شوتییەی دەیانهێنا، بەس بە بۆنەکەی وەختبوو شێت بیت بۆی. ئاوی سارد ئەوە هەر زۆر بە ئاواتییەوە بووین.

– بۆچی لەو هەموو کەسە ئەو دوو ئافرەتەیان هەڵبژارد؟

زۆر جوان بوون... لەو کاتەدا ئەوان لە تەمەندا لە ئێمە گەورەتر بوون. بەخودا ئافرەتی نۆ ساڵم بینیوە دووگیان کراوە، ئێ ئەوە چی بکات، منداڵێک بوو. بەخودا جارێکی تر بینیم ئاویان دەدایێ، منداڵێکی بچووکی ساوا لەباوەشی دایکیدا بوو، ئەو شەمخیە بێ ڕەوشتە بەردێکی هەڵگرت، کە بەردەکە نوکی تیژ بوو، هێنای بە ناوچەوانی ئەو منداڵەدا و خوێن بە ناوچاویدا هاتە خوارەوە. بڕوا بکە هەرچۆن باسی ئەو ڕووداوانە بکەیت، دواییان نایەت. لە ئێستاوە تا سبەینێ باسی ئەو زیندانەت بۆ بکەم، هەر تەواو نابێت.

ئێمە هەر نزیکەی ماوەی دوو مانگ و پانزە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، تا ئازادبووین، نزیکەی مانگ و نیوێک لەو مەتبەخە بووین. ڕۆژێکیان دوو کوڕی لای خۆمان لەوێ سوکە شەڕێکیان بوو، شەڕێکی وایش نەبوو، تۆزێک دەمەبۆڵەیان بوو لەنێوان خۆیاندا. هاتن بردیانن، شەماڵ و عەلی پاسکیلچی بوون. نزیکەی دوو مانگ پێش ئێستا ئەو عەلیە کۆچی دوایی کرد لە هەڵەبجەی تازە، شەماڵیش هەر لە ژیاندا ماوە.

بردیانن، شیشی دوو گۆڵییەک هەبوو لەناو حەوشەی زیندانەکەدا، بە سیمی وایەری تەلەفۆن باڵیان بەستن، هەتا بانگی مەغریب بەو شێوەیە بەسترابوونەوە، لەبەر ئەو هەتاوە گەرمەی هاوینی باشووری عێراق، کە ئێوارە وازیان لێ هێنان و کردیاننەوە، ئەو سیمە دەستیانی بڕیبوو و تەلەکە چوبووە ناوی، جارێکی تر ستار قادری حامییان برد، کاتەکەی شەو بوو، نازانم بۆچی و چی کردبوو، ئیتر لەسەر هەرچی بوو نازانم. ئایا لەناو خۆماندا خەڵک هەبووە وتبووی ئەمە سەر بە یەکێتییە و پێشمەرگە بووە، نازانم، هۆکارەکەی چی بوو، نەشمپرسی... بردیانە تەلبەندەکەی دەرەوە بەستبوویانەوە، کەسمان بەتەمای نەبووین، وتمان: ئەمشەو سەگ دەیخوات. ئیتر بەیانی هەندێ پیاوی لای خۆمان وەک حاجی عەبدوڵڵا و ئەوان چوون داوایان کردبوو ئازادی بکەن، ئەوەبوو هێنایانەوە، ئەوەشم بینی. لێدان زۆر بوو، هەر بۆ هەوەسی خۆیان دەهاتن شەقێکیان لێدەداین، یان بە کێبڵ بەردەبوونە کەسێک.

یەکەم ڕۆژ کە براین، ژن و منداڵ بە پاس بەڕێخران و ئێمەش، پیاوەکان، بە

ئۆتۆمبێلی داخراو، بەڵام یەک کاروان بووین بەدوای یەکدا، دواتر کە گەیشتینە ئەوێ دوو حەوشە هەبوو، لە حەوشەی یەکەم هەموومان تێکەڵکراینەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەم یەکمانگرتەوە. وابزانم کات هەشتی بەیانی بوو کە گەیشتینە ئەوێ... پیاوەکان کە دابەزێنراین، یەک بەیەک ناومان دەخوێنرایەوە، بەپێی ئەو لیستەی لە تەوارییەکەی سلێمانی نێردرابوو. پیاوێکی هاواریمان لەگەڵدابوو، باوکی کاک سەلمان و ئیحسان هاواری. پیاوێکی بەتەمەن بوو، هەندێ گوێی گران بوو. دوو جار ناوی خوێندەوە و گوێی لێ نەبوو بڵێت بەڵێ. بۆ جاری سێیەم کە ناوی خوێندەوە، یەکێک لە خۆمان نازانم کێ بوو، کوتایە بندەستی و وتی: لەگەڵ تۆیەتی، ئەویش وتی: بەڵێ. سوێند بەخودا یەک کێبڵی دا بە تەوقی سەریدا، یەکەم کەس کە لێمان کوژرا لە نوگرەسەلمان ئەو بوو. هەر لەوێدا کەوت و ڕاست نەبووەوە. نزیکم بوو و لەلای منەوە کەوت. هەر کە گەیشتین، ئەوەمان بینی، ئەو پیاوە نەخۆش نەبوو، هەر بەکوشتن کوشتیان. دواتر لەو حەوشەیە کراینە ناو حەوشەیەکی ترەوە، کە گیراوەکانی پێش ئێمەی لێبوو. حەوشەیەکی زۆر گەورە بوو، گۆڕەپانێکی یاریی دووگۆڵی تیادا بوو. شوێنی دووگۆڵییەکەشی تیابوو، ئیتر ئەوەبوو بڕیاری لێبووردن دەرچوو، لەبەرەوە لێیان ئازاد دەکردین، ئەگەر دووسەد کەس لە ئێمە ئازاد بکرایە، پەنجا کەسیان لە گەرمیانییەکان ئازاد دەکرا. بردیانینە نەخۆشخانەی سەماوە، ماوەی حەوت ڕۆژ لە سەماوە بووین. لەوێ خواردنمان باش بوو، خۆمان دەشۆرد و چارەسەر دەکراین، بۆئەوەی تۆزێ هۆشمان بێتەوە سەرخۆ. دواتر گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. دوای چەند ڕۆژێک چووینەوە بۆ تەوارییەکە و ئەو کەلوپەلانەی کە پێشتر لە ئێران گەڕاینەوە و پێمان بوو و لەوێ لێیان وەرگرتبووین، وەرمانگرتنەوە. من ئۆتۆمبێلەکەم وەرگرتەوە و هاتینەوە، بژی و مەمرە خۆمان پەنادا. ئینجا بانگکراین بۆ سەربازیی و براین بۆ شەڕی داگیرکردنی کوێت. زۆر ناخۆش بوو ئەو دزیی و تاڵانییەی عەرەب لە سوپای عێراقم بینی لە کوێت، هەروەک کاتی ئەنفالەکەی خۆمان دەهاتە پێشچاوم. ژنی کوێتیم بینیی چوار پێنج ئافرەتی گەنج دوو ئۆتۆمبێلی مالیبۆیان پێبوو، ئۆتۆمبێلەکەیان لێوەرگرتن و ژنەکانیان لەناو ئەو دۆزەخی شەڕەدا سەرگەردان کرد. هەر بیرم دەکردەوە دەبێت ئەو ژنانە دووچاری چ چارەنووسێک بووبن. لەناو کوێتدا منارەیەکی بەرز هەبوو، ڕەنگە زۆر کەس ئەو منارەیەی بینیبێت، لەسەر ئەو منارەیە ئۆتۆمبێلێکی مارسیدیسی لەسەر بوو. سەربازی عێراقی چوونە سەر ئەو منارەیە و تەسجیلی ناو ئەو ئۆتۆمبێلەیان کردەوە و هێنایان. بینیم دووکان


و کارگەی زێڕ دروستکردنیان دەبرِی و هەرچییان دەستکەوتایە دەیانهێنا، کە دەشگەڕاینەوە لە نزیک سەربازگەی سەفوان خاڵێکی پشکنینیان دانابوو، هێزی تایبەت (قوە خاصە)ی سەدام، بانتۆڵەکەشیان لە پێی سەرباز دادەکەند، بۆئەوەی بزانن چییان پێیە و هەموویان لێ دەسەندن، هەتا بێرییەکەی سەریان دەتەکاندن. ئێمەش کە بە جلی سەربازییەوە دەگەیشتینە پرسگەی تاسڵوجە، دایاندەگرتین و سوکایەتییان پێ دەکردین، ئەی من چۆن ئێستا خۆم ناکەم بە قوربانی ئەم حکومەتەی خۆمان. لە پرسگەکانی خۆمان ئەگەر ئاسایشەکەش تێر جنێو بکەم، وەڵامم ناداتەوە و ڕێزیشم دەگرێت. بۆیە دەڵێم بە خودا پێویست بکات، کراسی خێزانەکەشم پێویست بێت بۆ ئابووری کوردستان، دەیفرۆشم، بەس نییە کەس نایەت سوکایەتیم پێ بکات.

ئەوجا ڕاپەڕینمان کرد و وەرە تۆڵەی ئەو هەموو ستەمە لە داگیرکەری بەعس بکەرەوە، بەخوا تا کۆڕەویش دەستی پێکرد، من هەر لە بەرەکانی شەڕ بووم، لە سنووری سەرقەڵا و کفری. لە داستانی سەرقەڵا بەشداربووم، کە دەیان دەبابەی ڕژێم سووتان لەنێوان قەزای کفری و ناحیەی سەرقەڵادا. لەناو کەلاردا بینیم دەبابەی موجاهیدین چووە سەر ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییان، کە لە جۆری سۆپەرێک بوو و شۆفێر و خێزانەکەی تیادابوو پانیکردەوە. چیمان نەدی تا گەیشتینە ئەم پەنا ئارامە. ئێستاش خودا لاماندا لە دەستی زاڵم.

هێشتا دۆخەکە ئارام نەبووەوە خۆم گەیاندە هەڵەبجە و گوندەکەی خۆمان، وابزانم هێشتا پێشمەرگە نەگەیشتبووە لای کانی میل. ئێستاش سوپاس بۆ خودا چوار کوڕم هەیە، یەکێکیان ژنی هێناوە و لەگەڵ خۆمانە. من کچم نییە، بەڵام بووکەمم وەک کچی خۆم خۆشدەوێت و هەموو پێکەوە دەژین. دەستتان خۆش، کە ئەم مێژووە تۆمار دەکەن.

– سوپاس بۆ ئێوە و هیوادارم چیتر ناخۆشی نەبینن.

–ئەم چاوپێکەوتنە لە پارێزگای هەڵەبجە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوەو تۆمارکراوە، لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/١٢/٢٠) لە ماڵی کاک بەکر.



**سەلمان ئەڵڵاکەرەم میر ئەحمەد عەزیز عەلی کەرەم**
**لەدایکبووی دێی هاوار، ساڵی (١٩٦٥).**

دێی هاوار بە دووریی شانزە کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی سنووری پارێزگای هەڵەبجەوە. دێیەکی کاکەیی نشینە. من لەو دێیە لەدایک بووم. لەوێش چوومە بەر خوێندن. بەیانیان دەچوومە قوتابخانە و دوانیوەڕۆش دەچووینە لای کار و بەرخ، شوانی ئاژەڵی خۆمان بووین. سەردەمی منداڵیمان زۆر خۆش بوو. دێی هاوار سروشتی زۆر جوانە و بەفریش دەیگرێت. شوێنێکی سەختە، کاتی خۆی جاری وا هەبووە پەنجا شەو ئاژەڵ بەر نەبووە، بەهۆی زۆریی بەفربارینەوە، بەڵام ئێستا ئەو بەفرە نەماوە و ئاوەهەوا گۆڕاوە. بژێویی خەڵک زیاتر لەسەر باخداریی و ئاژەڵدارییە، شوێنی چاندنی گەنم و جۆی نییە. لە هاوار هەر لە ساڵی (١٩٥٠)وە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی تیادابووە. شوێنی تایبەت بە ئاینی خۆشمان هەبوو، بەڵام ڕژێمی بەعس هەمووی وێرانکرد.

هاواریش وەکو هەموو دێهاتەکانی تر ڕووخێنرا، لە ساڵی (١٩٧٥) بەدواوە هاتین لە هەڵەبجە نیشتەجێ بووین، قۆناغی ناوەندیی و ئامادەییم لە هەڵەبجە

تەواوکرد... دواتر پەیمانگای مامۆستایانم لە هەولێر تەواوکرد. لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٧)، دووبارە دەستم دایەوە خوێندن، ئێستا بەکالۆریۆسم هەیە لە بەشی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی. جێگری بەڕێوەبەرم لە قوتابخانەی شەپۆلی بنەڕەتی لەناو هەڵەبجەدا.

زیاتر بە هاواری ناسراوین، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە تیرە و تایەفەی زۆرمان نییە، یەک عەشرەتین، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنمانەوە بە گوێرەی دەستووری ئاینی خۆمان دابەشکراوین بەسەر سێ چیندا: (سەید، مام، ئۆمی). ئەم سێ چینە هەر کۆمەڵە و تەنها لەناو خۆیاندا ژن و ژنخوازیی دەکەن. شیربایی و ژنبەژنمان نییە، بەگوێرەی نەریتی کۆمەڵەکە و داهاتی خێزان خەرجیی شایی دەکەن، دەنا داواکراو نییە لە کاتی داخوازیدا و خاوەن کچ پەڵپ ناگرێت. هاوسەرەکەم پورزای خۆمە و کاتی خۆی ئەرکێکی وایان نەخستە سەرم.

ئێمە لەگەڵ موسڵمانەکانی ناوچەکەدا تێکەڵاویی زۆرمان هەیە، بەتایبەت لە بۆنەکاندا. زۆرجار بۆ شایی یەکتر دەچین و پێکەوە هەڵپەڕکێ دەکەین. جاران نەورۆزی ئێمە سێ ڕۆژ بوو، ئەو سێ ڕۆژە بەزم و شایی بوو. هەمووی خۆی دەگۆڕی و خەریکی خۆشی بوون. بۆ شایی و ئاهەنگ لە هاوارەوە دەچووین بۆ تەوێڵە و بیارە و پاڵانیان بە ڕمبازیی و ئەسپسواری. فشاریش نەبوو لە ناوچەکەدا و هەرکەسەش دینی خۆی پیادە دەکرد و کەس کاری بەسەر ئەوی دیکەوە نەبووە.


شەهیدی زیندانی نوگرەسەلمان:
ئەڵلاکەرەم میر ئەحمەد

دواتر ڕووداوە سیاسییەکان کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر ئێمە، بەتایبەت نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٧٥). پێشمەرگەمان بینی تفەنگەکەی فڕێدەدا و ئامادە نەبوو بیدات بە

حکومەت، کەسی واش هەبوو دەیفرۆشت بە دینارێک، ئەو ڕووداوە زۆر ناخۆش بوو، کە شۆڕشی نوێ دەستی پێکرد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، لە سەرەتاوە کاکەییەکان نەچوونە ناوی. دواتر کە مەفرەزە سەرەتاییەکان دروستبوون، کاک شێخ عەلییەک هەبوو چووە ناویان، بە نازناو خولە کەشکۆڵیان پێدەوت، ئەو زۆر لە هاوارا مایەوە وەک مەفرەزە. دوای ئەوە وشیاری ئەحمەد مینە بووە پێشمەرگە، تۆفیقی ڕەعناش ماوەیەک لەوێ بوو، دوایی گەڕایەوە، حاکم کامەرانیان پێدەوت.

هاوار لەبەرئەوەی شوێنێکی سەخت بوو، حکومەت بە ئاسانی پێی نەدەگەیشت، بەڵام لەگەڵ بڕیاری داگرتنی دێهاتەکاندا ئەوەبوو هاتینە هەڵەبجە. دۆخ باش نەبوو، شەڕی عێراق- ئێران دەستی پێکرد، ناو هەڵەبجەش هەر لە بەرەی شەڕدا بوو. لەو ماوەیەدا دایکم مرد، ئێمە چوار برا و دوو خوشک بووین لەگەڵ باوکم. خوشکێکم زووتر شوی کردبوو، هاوسەرەکەی پێشمەرگەی شوڕشی ئەیلوول بوو، کە شۆڕش نەما، ئەوانە چوونە ئێران. خوشکەکەی تریشم لە هەڵەبجە شوی کرد بە کوڕی پوری خۆمان. ئەو ماڵی نزیک بوو لە خۆمانەوە و ئاگای لێمان بوو، کە شەڕیش کەوتە ناو هەڵەبجە، هەر پێکەوەبووین.

ئەو ڕۆژەی بۆمبارانی ناو هەڵەبجە دەستی پێکرد، لە ماڵ دەرچووین و چووینە ئەو سەرەوە لەژێر ئەو تەنکیە شینەی سەرەوە، کە هی ئاوی هەڵەبجەیە و لەوێوە سەیری ڕووداوەکانمان دەکرد. ئیتر تۆپباران دەستی پێکرد، چووینە سەرووتر و ژێرزەمینێک هەبوو، چووینە ناو ژێرزەمینەکە. لەوێ بووین باوکم و برایەکم، دوو برای بچووکترمان هەبوو پێشتر ناردبوومانە ماڵی خزمێکمان لە سلێمانی. ماڵی خوشکێکم دوو منداڵی بچووکی پێبوو هەڵمان دەگرت لەگەڵیان. ماڵی پورزایەکیشم لەگەڵماندا بوون، من لە ژێرزەمینەکە هاتمە دەرەوە، وتم: خەوم دێت دەچم جگەرەیەک دەکێشم لە دەرەوە. پورازکەشم وتی: منیش دێم، کە هاتمە دەرەوە، بینیم دەنگی فڕۆکە دێت و لای عەنەبەوە دوکەڵێکی خەست بەرزبووەتەوە. پێشتر بیستبوومان کیمیایی چۆنە. بۆنی سیر دەهات. وتمان: تەواو ئەوە کیمیاییە. دەنگی هاوار و قیژەی خەڵکیش دەهات. لەوانەی لەگەڵ ئێمە بوون، یەکێکیان ئامۆزامان بوو ناوی جەلال ئاغا ڕەحیم و لەگەڵ مێردی پورێکمدا چوون بۆ لای ماڵەکەیان لای ماڵی عەبە نەوتا بوو بەرامبەر شوێنی کۆمیتەی ئێستا. چوون بە شوێن پورزاکانی ترماندا لە ماڵەوە بیانهێنن. هەر گەیشتبوونە ئەوێ، کیمیاییەکە لێیدابوون، هەر لەوێدا مردبوون. ئیتر کە ئەوان نەگەڕانەوە،

کات گەیشتبووە چواری ئێوارە، ئێمەش لەوێ دەرچووین و بەو دەشتەدا کەوتینەڕێ وەک هەزاران کەسی تر تا گەیشتینە کانیە بەهارەی عەبابەیلێ، لەو کاتەدا فڕۆکەکان هاتنەوە و ناو بازاڕیان بۆردوومان کرد. دوکەڵەکە دیاربوو دیسان کیمیاییە. ئیتر خۆمان دا بە زەویدا و دواتر بینیمان خەڵک هات لە هەڵەبجەوە بە پشتوێن دەستیان گرتبوو بەیەکەوە. دەیانوت: چاومان نابینێت... فڕۆکەش هەر بەردەوام بۆمبارانی دەکرد. بەو شەوە ڕۆیشتین تا گەیشتینە هاوار بارانیش بە بەردەوامی دەباری. ئیتر خەڵکی مردووت دەبینی لەو سەر ڕێگایانە، دەبابەی ئێرانی و عێراقی بەجێمابوو، تەرمی سەرباز کەوتبوو. ئینجا بەرزاییەکانی هاواریش کیمیایی لێیدا. خەڵک لەترسا ڕوویان کردە چەم و شیوەکان. ناو شیو و چەمەکەشی بۆردوومان کرد. ئێمە ئەو شەوە لە هاوارماینەوە، هەواڵ هات وتیان: ئەو دوو کەسەی لای ئێمەوە ڕۆیشتنەوە، مردوون، کەسوکار چوونەوە تەرمەکانیان هێنا و لە گۆڕستانی شاخوەشێن ناشتیانن لەو دۆخەدا. من خۆم بەشداریی مەراسیمی ناشتنەکەیانم کرد. ئیتر خەڵکی هەڵەبجەشم بە برینداری دەبینی لەوناوە. فڕۆکەی کۆپتەری ئێرانی دەهات و بریندارەکانی دەبرد. نان و خواردنی فڕێدەدا بۆ ئەو خەڵکە، ئێمەش تا دوو ڕۆژ لەو ناوە ماینەوە، دواتر کەوتینە ڕێ بەرەو گوندی دەرەدێ، لەوێشەوە بۆ قەڵاگە لەسەر سنووری ئێران. لەوێش فڕۆکەی عێراقی هەر کیمیایی دەڕژاند، بەڵام لەوێ شتێکم بینی، سەربازە ئێرانییەکان شتێکیان دەڕژاند بۆنی سێوی لێدەهات، کە کاریگەریی کیمیاییەکەی نەدەهێشت، کە گەیشتینە سنووری ئێران، چووینە شێخان، لەوێ هەندێ خواردن و سێویان بۆ هێناین و لەناو خەڵکەکەدا دابەشیانکرد. لە شێخانەوە ناویان دەنووسین و ئۆتۆمبێلی لۆرییان هێنا ئەوان پێیان دەوت خاوەر. بەو لۆرییانە گواسترایینەوە بۆ ئۆردوگای سەریاس لە سنووری پاوە. لەوێ خێوەتێکی زۆر دانرابوو. خێوەتەکانمان دانەنابوو بەفر باری، وابزانم (١٧ و ١٨) مانگی (٣) بوو. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانییەکەی پوری خوشکی باوکی و دایکی زاواکەیان لەوێ کۆچی دوایی کرد. کوڕەکەی ناوی حەیدەر بوو، ئەو کاتە پێشمەرگەی یەکێتی بوو، بانگی کردم وتی: وەرە دایکم هیلاکە... کە چوومە سەری سەیر دەکەم وەفاتی کردووە. ئیتر بردمان بۆ نەخۆشخانەی پاوە، لەوێ وتیان: تەواو بووە. هەر لە پاوە ناشتمان. باوکیشی لەو ماوەیەدا نەخۆشکەوت و بردمانە نەخۆشخانەی کرماشان، ئەویش هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کاکەییەکان لە

مەزارگەکەی سەهەنە بەخاکمان سپارد. ئیتر ماوەی سێ تا چوار مانگ لەوێ مابینەوە. لەناو ئۆردوگای سەریاس بۆمان نەبوو بچینە دەرەوە، بێکار و کاسپی بووین، وتیان: شەڕی نێوان عێراق و ئێران وەستاوە، بڕیاری لێبووردن هەیە هەڵەبجەییەکان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە... تەنها هەڵەبجەییەکان. مانگی هەشت بوو، ئێمەش چووین خۆمان ناونووس کرد. وتمان: چی لەوە باشترە لەم ناخۆشییەوە بگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە. ئیتر ناونووسکراین، کۆمەڵێکی زۆر بووین براینە سەر سنووری عێراق و ئێران. ئیتر لەوێ سەربازی سنووری تیادا بوو، کە هاتین بەمدیودا سەربازی عێراقی لێبوو. یەکسەر پەلاماریان داین و وتیان: وەرن سەرکەون، خراینە زیلی سەربازییەوە و یەکسەر بۆ بنکەی تەواری سلێمانی، کە دەزگایەکی ئەمنی بەعس بوو. ماڵ و کەلوپەل هەرچیمان پێبوو وتیان بیبەن لەو حەوشەیە داینێن، هەروا خەڵک بوو دەهێنرانە ئەوێ. نزیکەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ گلیاندراینەوە، لەو سێ ڕۆژەدا لێیان دەپرسین ئایا بەعسیت؟ یان بەعسی نیت؟ چ کارەیت...؟ بەیانیانێک پاسێکی زۆریان هێنا ژن و منداڵ و پیرەکانیان خستە پاسەکانەوە، پیاوە گەنجەکانیشیان خستە ئۆتۆمبێلی داخراوەوە. من خرامە ناو گەنجەکانەوە. باوکم بەتەمەن بوو خرایە ناو ژن و منداڵەکانەوە، خوشکەکەشمان هەر لەگەڵ بوو، کەوتە ناو ژن و منداڵەکان. ئیتر نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن. براین و نەوەستان، هەتا گەیشتینە شوێنێک وتیان ئەمە بەلەدە. بۆیە وەستا، چونکە تایەی ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە پەنچەر بوو. لەوێ دایانبەزاندین و خراینە ئۆتۆمبێلێکی پاسەوە. داوای ئاومان کرد، تەنەکەیەک ئاوی گەرمیان بۆ هێناین، وتیان: لەوە بخۆن. ناچار لێمان خوارد، ناو ئۆتۆمبێلەکەی پێشوو زۆر تەنگ و گەرم بوو، چەند کەسێک کە لەگەڵماندا بوون بوورانەوە، نزیکەی هەژدە کەس بووین. دواتر کەوتینەوە ڕێ تا گەیشتینە بەغدا و کات شەو بوو. ناوبەناو بە بێتەل پەیوەندییان دەکرد و دەیانوت: بیانبەن بۆ خوارتر بۆ سەماوە. بۆ بەیانی گەیشتینە سەماوە، لەوێوە براین بۆ نوگرەسەلمان. لەوێ دایانبەزاندین و کراینە حەوشەیەکەوە. هەر دابەزین، من و یەک دووانێکی تر بە پێوە وەستابووین. کابرایەکی کاربەدەستی ئەوێ هات گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، کەوتە لێدانمان. لە من و ئەویشی دا. باوکم عەرەبی دەزانی، هەستا وتی: بۆ لەو کوڕانە دەدەیت، تاوانیان چییە، چییان کردووە؟ خۆمان هاتووینەتەوە و دەستگیرکراوین، ئیتر بۆ لێیان دەدەیت. ئینجا کەوتە لێدانی باوکم، بەسەریدا، بە پشتیدا، زۆری لە باوکم دا. باوکم کەوت. ئێمە تا

ئەو کاتە ناوی حەجاجمان نەبیستبوو. دواتر وتیان: ئەوە حەجاجە. یەکێکی تر هات ناوی مولازم خالید بوو، بە حەجاجی وت: بوەستە، لێیان مەدە، ئەوانە دیلی ئێرانن. ئیتر وازی لێهێناین. باوکم کەوت و بەدەست هەڵمانگرت و چووینە حەوشەی زیندانەکە، ئەو کەوتنەی کەوت هەڵنەسایەوە تا کۆچی دوایی کرد.

یەکەم ڕۆژمان لە ئۆردوگای ئێران پورم کۆچی دوایی کرد. یەکەم ڕۆژیشمان لە نوگرەسەلمان باوکم کۆچی دوایی کرد... هەندێ پارەمان لەناو خۆماندا کۆکردەوە، وتیان: پیاوێکی گەرمیانی هەیە ناوی حەمە خولەیە کفنی پێیە و لە ڕێگەی شۆفێری تانکەرەکانەوە بۆی دێنن. کفنیان هێنا و تۆزێک ئاویان پیاکرد و کفنیان کرد و بردمان لە دەرەوە بینێژین. منیش چووم لەگەڵ تەرمەکەی باوکمدا. دەرەوەی زیندانەکەش ئەوەندە گەرمبوو دەسووتایت. تۆزێک خاکەکەمان چاڵکرد، زۆر سەخت بوو و هەڵنەدەکەنرا، هیچ ئامێرێکی ئەوتۆشمان پێ نەبوو. هەر دوای ئێمە سەگەکان تەرمەکانیان دەردەکرد. لەناو زیندانەکەدا بینیمان خەڵکێکی زۆر لەوێیە. دوایی دە پازدە ڕۆژ کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ پیاوێکی بەتەمەندا، وتی: خەڵکی گوندی دیانم لە سنووری قەزای ئاکرێ. وتی: ئەوە پێنج مانگ زیاترە لێرە بەندم و دوو بەرە خێزانم هەیە. ئاردمان پێویست بوو بە گوێدرێژ بارە ئاشم هاورد بۆ ئاش تا گەنم بهاڕم، لەسەر ڕێگەی گشتی دەستگیرکرام و هێنرام بۆ ئێرە، ماڵ و منداڵیشم هەواڵم نازانن کە دەستگیرکراوم. کوڕێکی هەشت نۆ ساڵانیشم بینی سەری تووشی برین ببوو و پەڵەی پێوەبوو، تووکی پێوە نەمابوو. وتی: منیش کەسم لەگەڵ نییە و خەڵکی ئاخجەلەرم لە سنووری چەمچەماڵ و شوان بووم لە دەشت، کۆپتەر هات نیشتەوە و هەڵیگرتم و هێنامیانە ئێرە، هیچ هەواڵی کەسوکارم نازانم چییان لێ بەسەرهاتووە.

ئیتر نازانم چی بڵێم لەبارەی خراپیی دۆخی خەڵکەوە لەوێ. ئاوێکیان بۆ هێناین تاڵ بوو، کە خواردمانەوە نەخۆشکەوتین، ئەو ئاوە زۆر کەسی کوشت. تووشی ڕشانەوە دەبوون و چاویان بە قوڵا دەچوو و پێستیان وشک دەبووەوە و دەیکوشت. خوشکەزاکەم توشبوو. زۆر ترساین بمرێت، بەڵام باش بوو ئەو کاتە بڕیاری لێبووردنەکە درابوو و دکتۆریان بۆ هێنابووین. شانزە کیسە ئاوی موغەزییان تێکرد ژیایەوە و چاکبووەوە. ئەو بڕیارە نەبووایە لەوێ یەک بەیەک دەمردین. پێشتر نەیاندەهێشت دەستمان بە دەوا و حەب بگات بە پارەش بێت، بەڵام کە بڕیاری لێبووردن دەرچوو، خۆیان هێنایان.

ئینجا ئەو حەجاجە ڕۆژ ناڕۆژێک دەیهێنایەتە دەرەوە هەر بەهەوەس و لەو خەڵکەی دەدا. دەیوت ئا بەم دەستانەی خۆم دوو هەزار کوردم لێرە کوشتووە. بە گوێی خۆم گوێم لێبووە ئەو قسەیەی وتووە.

پۆلیسێکی تر لەوێ بوو، زمانی کوردی بە تەواوی دەزانی، دەیوت لە ساڵی شەستەکان لە هەولێر پۆلیس بووم... هەواڵی ئەو کۆمەڵە کەسەی قالە تەگەرانی و ئەوانم لێپرسی، چونکە سێ کەسی ئاوایی هاوار، کە ناسیار بوون، لەو کۆمەڵەدا بێسەروشوێن بوون. ئەو پۆلیسە وتی: ئەوانیش لێرە گوللەباران کراون. نازانم پێنجسەد کەس بوون، یان چەند بوون. وتوویانە لەگەڵ نازم گوزار و ئەواندا ویستوویانە کودەتای سەربازیی بکەن بەسەر حکومەتی عێراقدا. ئەوانەی خەڵکی لای ئێمە بوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی قالە تەگەرانیدا... عەبدولزاهیر ناوێک، سەعدون شاکەرەم، تاڵب خدر. دووانیان خاڵۆ و خوشکەزا بوون.

زیندانی نوگرەسەلمان کۆنە. ئێمە پێشتریش بیستبوومان خەڵکی ناسیاوی خۆمان لە حیزبی شیوعی بوون، برابوونە نوگرەسەلمان و حەوت ساڵ لەوێ زیندانیی بوون...


کاک سەلمان و هاوژینی لە ماڵی خۆیان، هەڵەبجە (٢٠٢١)

لەگەڵ ئەوانەی وەک ئێمە لە ئێران گەڕانەوە، چەند خێزانێکی هەڵەبجەیی گەڕانەوە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکران تا ئێستاش بێسەروشوێنن. وتیان: نەیانهێناون بۆ لای ئێوە؟ وتمان نەخێر. وەک خێزانی ماڵی عەبدوڵڵا نەوتە، دوانزە کەس بوون، تەنها فەرەیدونیان دەرچووە، ئەویش دەستگیر نەکرابوو... فەرەیدونیش منداڵ بوو لای ماڵی مامەی بوو. ماڵی ئیسماعیلیش کە خۆی لە دەزگای ئەیلوولە، مکائیلی برای بە خێزانەوە کە شەش کەس بوون، دەستگیرکران و نەگەڕانەوە. ماڵی

مچەعالیە دوانزە کەس بوون، ئەوانیش نەگەڕاونەتەوە.

(١١٥٢) کەس لە هەڵەبجەییەکان لە زیندانی نوگرەسەلمان بوون... شەستودوو کەسمان لەوێ مردن.

نازانم گەرمیانییەکان چەند کەس بوون، بەڵام زۆربەیان کەسانی پیر و بەتەمەن بوون. لە دوای پانزە ڕۆژ چوومە ناویان، لەناو گەرمیانییەکاندا تەنها دوانزە کچی عازەبم بینی، گەنجیان کەمبوو، زۆربەیان کەسانی بەتەمەن بوون. ژنم بینی لەوێ منداڵی بوو. منداڵەکە دەمار و ئێسکەکانی دیاربوو لە برسا. گەرمیانییەکان زۆرتر بوون لە ئێمە، زۆریشیان لێ دەمرد. پرسیارم لە پیرەژنێک کرد، وتی: پیاوەکەم و منداڵەکانم لە کەرکوک لێ جیاکراونەتەوە و خۆم بە تەنها هێنراوم بۆ ئێرە. پرسیارم لە پیاوە پیرەکان دەکرد دەیانوت لە کەرکوک ژن و منداڵمان لێ جیاکراوەتەوە و تەنها خۆم لێرەم. لە دە تا پانزە کەسم پرسی لە ژن و پیاوە پیرەکانی گەرمیان ئەوەیان دەوت کە چۆن منداڵەکانیان لێ جیاکراوەتەوە و خۆیان بە تەنها هێنراونەتە نوگرەسەلمان.

کە بڕیاری لێبووردن دەرچوو، ئیتر لەبەرەوە کەوتنە ئازادکردنمان بە تێکەڵی، ژمارەیەک لە ئێمە و ژمارەیەک لە گەرمیانی و قەرەداغییەکان.

کاروانی ئێمە زۆر دواکەوت، تا لە نوگرەسەلمان دەرچووین. وابزانم (١٩٨٨/١٢/١٩) ئازادکراین. بڕیارەکەش لە (٦)، یان (١٩٨٨/٩/٢٠) دەرچووبوو. تاکوتەرا خەڵک مابوو لە دوای ئێمە، لەوەیە یەک کاروان دوای ئێمە مابێت. بۆیە وا دوا دەخراین دەیانهێناینە نەخۆشخانەی سەماوە و دوو هەفتە خزمەتیان دەکردین و خواردنی باشیان پێ دەداین تا تۆزێک بێینەوە سەرخۆ، ئەو کات ئازاد دەکراین. هێنراینە سلێمانی ویستیان بمانخەنە ئۆردوگای باینجان لای چەمچەماڵ. ئێمە خۆمان دزییەوە و دوای ئەوەی لە زیندانی ئەنفال هاتینەوە، چووینە موسڵ بۆ کرێکاری لەگەڵ برایەکمدا خودا لێی خۆشبێت، کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، شەوانیش دەچووینە ماڵی خوشکێکم کە لەوێ بوون. ئەوانیش ساڵی (١٩٧٤) لای خۆمان ئاوارە بوون چوونە ئێران، پیاوەکەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو. دواتر گەڕانەوە و ڕاگوێزران بۆ پارێزگای بابل لە باشووری عێراق. ساڵی (١٩٧٨) گەڕانەوە و چوونە پارێزگای موسڵ و لەوێ نیشتەجێ بوون. لەوێ هاوسەری خوشکەکەم لە فەرمانگەی شارەوانی دامەزرا، ئیتر ئێمە ئەو ماوەیە دەچووین لەوێ دەماینەوە. سەردەمی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ بوو. دواتر بانگکراین بۆ خزمەتی سەربازیی.

سێ مانگ سەربازیم کرد، دواتر هەڵاتم، ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو ڕاپەڕین کرا و ڕزگارمان بوو لە ڕژێمی بەعس. لە ساڵی (١٩٩١) هاتمەوە هەڵەبجە، ئەم ناوە هەمووی چۆڵ بوو، کاتی ڕاپەڕینەکە بوو.

لە ساڵی (١٩٩٢) ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە، دوو کچ و کوڕێکم هەیە. کچێکم شوی کردووە و سێ منداڵی هەیە، کوڕەکەشم ژنی هێناوە و ئەم کچەشم لە پۆلی دوانزەیە. برایەکی هاوسەرەکەشم لە ساڵی (١٩٨٥) دەستگیرکرا. ئەوان لە سلێمانی دادەنیشتن، لە هەڵمەتەکانی مولازم موحسیندا دەستگیرکرا، کە گەنجیان دەگرت.



ئەوەش وێنەی دەروێش حەبیب، دەروێشی دینی خۆمانە، پزیشک بوو. وازی لە پزیشکی هێناوە بۆ دەروێشی، ئەویش لە ساڵی (١٩٧٠) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکرا و لەسێدارە درا.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/١٢/٢٠) لە ماڵی کاک سەلمان.



**مەحتاب عەزیز جەعفەر**
**لەدایکبووی تەوێڵە، ساڵی (١٩٥٢).**

لە تەوێڵە ژیاوین، جاران تەوێڵە زۆر خۆش بوو.ماڵی هاوسەرەکەشم هەر لەوێ بوون، خزمی خۆمان بوو. دراوسێ بووین. هاوسەرەکەم لەدایکبووی (١٩٤١) بوو. لای ئێمە شیربایی و ژنبەژن نەبوو، بەس جلوبەرگ و کڵاوزەڕیان بۆ کردم. لای ئێمە شایی و ڕەشبەڵەک نەبوو، بەڵام گۆرانی هەبوو. بەهۆی پێگەی ئاینیی تەوێڵەوە شایی زۆر نەدەکرا لەوێ. هەر بە منداڵی کچ دەدرا بە شو، من تەمەنم یانزە ساڵ بوو کە شوم کرد. هەر نەماندەزانی شوکردن چییە، بڕیار تەنها لای گەورەکان بوو. هەر لای ماڵە خەزوریش دەژیاین. هاتینە هەڵەبجەش هەر پێکەوەبووین تا سێ ساڵ، ئیتر تا مردن لای خۆمان بوون و لە یەکتر جیانەبووینەوە. بژێویمان لەسەر باخداریی بوو، بەهاران دەچووینە ناو باخ، تا هاتنی وەرزی پاییز نەدەهاتینەوە بۆ ناو تەوێڵە. گوێز هەبوو، توو هەبوو، ترێی بوو، هەمەجۆر شت هەبوو. ئەوە هەمووی دەکرایە سەمەر و دەفرۆشرا و بەوە دەژیاین و دەمانکردە خەرجیی و ئەوکات دەهاتینەوە سەر

ماڵ. ئیتر بەفر دەباری و دەرودەشت دەبووە بەفر و لەبەر بارینی بەفرێکی زۆریش دەچووین سەربانەکانمان دەماڵی. سوپای دارمان هەبوو، سەرقاڵی کارو کاسپی بووین. جاران تەویڵە زۆر زۆر خۆش بوو. هەتا شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێکرد. ئەوکات من دوو کچم هەبوو. هەر لەگەڵ ماڵی خەزورم ژیانمان دەبردەسەر، وەک ئێستا نەبوو کچ و کوڕ زەماوەند بکەن و بچنە ماڵی سەربەخۆی خۆیان. ئیتر کە شەڕ دەستی پێکرد، هاتینە هەڵەبجە، لە هەڵەبجە هیوا و کچێکی ترم هەبوو.

چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی شەڕەکە بگاتە ناو هەڵەبجە، کوڕێکی دراوسێمان پاسی پێبوو، وتی: دادە مەحتاب دەچم بۆ سلێمانی، ئەگەر دێن وەرن دەتانبەم. هیوای کوڕم وتی: من بەهیچ جۆرێک ناڕۆم و باوکم بەجێناهێڵم.

منیش وتم: نایەم بەس ئەو دوو کچەم بۆ ببە و بیدە دەست ماڵی کاکم، ماڵی براکەم لە سلێمانی بوو. ئاوا کچەکانم ناردە سلێمانی. خۆمان لەناو شەڕ ماینەوە. من و باوکیان، هیواو کچە بچووکەکەم. ڕۆژێکیان نیوەڕۆ بوو نانمان دەخوارد، پیاوێکی دراوسێشمان لەوێ بوو، وتی: بەتەمام بچم لە ئێران سەوزە و میوە بهێنم بیفرۆشم، ئەوکات سنوور کرابووەوە، لەم قسانەدا بووین، وتم: بۆ ناڕۆیت سەوزە و میوە بهێنیت؟ ئەوە سەدامە سەدام ڕێگە نادات شتمان بۆ بێت. فڕۆکەکان هاتنە سەر هەڵەبجە و بۆردوومانیان کرد. یەکسەر چووینە ژێرزەمینەکەوە. نزیکەی بیست ڕۆژێک لە ژێرزەمین و ناو شەڕدا ماینەوە و بە ترس و لەرز دەهاتینە دەرەوە بۆ پێویستییەک. تا کیمیایی لێیدا، دواتر دەرچووین بەرەو ئێران ڕۆیشتین، ئەوەندەم لەبیرە.

لە ئێران براینە ئۆردوگای سەریاس، لەوێ ماینەوە بە کوللەمەرگی، هەتا نزیکەی پێنج مانگ. دوایی گەڕاینەوە وتیان: دەچنەوە بۆ هەڵەبجە؟ ڕێگەتان دەدەن بچنەوە سەر ماڵی خۆتان، ئێمە هاتینەوە، بەڵام لەسەر سنوور دەستگیرکراین و هێنایانین بۆ تەوارییەکەی سلێمانی، لەوێ خەڵکی هەڵەبجەمان زۆر بینی. هەر لەوێ دوای سێ ڕۆژ ناونووسکراین، وتیان: ژن و پیاو جیابێتەوە، باوکی منداڵەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە، پیاوەکانیان خستە سندووقەوە، ئۆتۆمبێلێک بوو وەک سندووق قەپات بوو. ئێمەش ژن و منداڵ کراینە پاسەوە و براین. شەو و ڕۆژێک بەڕێوەبووین، ئەوکات گەیشتینە نوگرەسەلمان. لەوێ پیاوەکانیان تێکەڵکردینەوە.

کاتێک بردیانین زۆر بەبێڕێزیی و هەروەکو مانگا کراینە ناو گۆڕی

نوگرەسەلمان، چونکە ئەویٚ هەروەکو گۆڕ وابوو. سەمونێکیان دەداینیٚ، هەر پیسی سەگ و پشیلە بوو. هاوارمان کرد لە حەرەسەکان وتمان بۆ وا دەکەن؟ سەمونەکەمان بدەنیٚ با لای خۆمان بێت، ئیتر بۆ دەیخەنە بەر پێی سەگ و پشیلە. ئیتر یەکی سەمونێکیان دەداینیٚ ڕەق بوو، بە بەرد دەمانکوتا وەک چۆن خویٚ دەدەیتە مەڕ، ئاوا ئەو سەمونە ڕەقەمان دەخوارد. نەخۆشی و ڕشانەوە کەوتە ناومان، ئاوەکە زۆر گەرم و پیس بوو، ئەو ئاوەی دەمانخواردەوە بە پارچەیەک کارتۆن باوەشێنمان دەکرد تاوەکو کەمێک فێنکبێتەوە. نوگرەسەلمان زۆر پیس بوو. دۆزەخ بوو دۆزەخ. بەخودا ژێرزەمینێکی تیابوو جارێک چوومە ئەویٚ، کەللەسەری ژنم بینی کە قژەکەی هەر پێوەبوو، ئەوانە زیندانیی پێش ئێمە بوون. کاتێک خوێندەوارەکان دەیانخوێندەوە لەسەر دیوارەکانی نووسرابوو: سەمونی ڕەق و ئاوی گەرم هەتا مردن. حیکایەتەکانی ئەویٚ زۆرن، نازانم چی بڵێم...

ئەو کچەم نەخۆشکەوت و داوای تەماتەی دەکرد. تەماتەم دەست نەکەوت. حەوت دینارم دا بە قوتوویەک دۆشاوی تەماتە. نەیخوارد، دەیوت ئەوە تەماتە نییە. ئیتر وتیان: بڕیاری لێبووردن دەرچووە، مەترسە کچەکەت نامرێت و چاک دەبێتەوە. دەستمکرد بە گریان، کچەکەم دۆخی خراپبوو و ڕشایەوە، بردم بۆ لای دکتۆرەکان، کە تازە بڕیار دەرچووبوو دکتۆریان بۆ هێنابووین. هەر هاوار و گریانم بوو. یەکێک لە دکتۆرەکان هاتە لام و دەرزییەکی بۆ دانا، دەرزییەکە ئاوت بوو، ویستیان کانوێلای بۆ دابنێن، وتیان: وەریناگرێت مردووە. ئیتر دەستم کرد بە شیوەن و گریان. لەو کاتەدا باوکی منداڵەکانیشم تووشی نەخۆشییەکە ببوو. ئیتر وەخت بوو شێت بم. پیاوێک لەلامانەوە بوو ناوی فایەق بوو، ئەویش دوو کچی بە یەک ڕۆژ لەویٚ کۆچی دواییان کرد، وتم: فایەق گیان تۆ حەمە ببە بۆ لای دکتۆرەکان تا من کچەکەم دەنێژم. ئیتر ئەو پیاوەکەمی بردە لای دکتۆرەکان و حەوت بتڵ ئاویان تێکرد و باش بوو. منیش تا بەیانی ئەو کچەم لە باوەشمدا بوو، دواتر لێیان وەرگرتم بردیانە دەرەوە، ئیتر نازانم چۆن ناشتیان.

ئەوەبوو بڕیاری لێبووردنیش دەرچوو، هەر بە نۆرە خەڵکیان دەناردەوە، ڕێگەیان پیٚ نەدا‌ین هەموو زوو ڕزگارمان بێت لەو دۆزەخە. خەڵکەکە کەوتە بەرتیل و بەرتیلدان، بۆئەوەی زوو ناوی بخەنە پێشەوە و دەرچێت. بینیم ژنێکی لای خۆمان کە بازنێکی گەورەی پانی لەدەستدا بوو، چوو دای بە حەجاج تا

ناویان پێش بخات. لەوانەیە ئەوکاتە مولازم حەجاج گونییەیەک ئاڵتوونی لەو خەڵکە وەرگرتبێت. عەرەبی خێڵەکی و فاشیزم ئەوە ئەخلاقی بوو بە بەرتیل هەموو شتێکیان دەکرد. ئەوی ڕاستی بێت منیش ئەنگوستیلەیەکم پێبوو پێمدان، وتم: بەڵکو ناوم پێش بخەن و زوو دەرچین لەو دۆزەخە. ژنێک حەسیبەی ناوبوو، ئەویش چوو بۆئەوەی ناوی پێش بخەن. منیش ئەنگوستیلەکەم دایە دەست ئەو، وتم: پێیان بدە، با ناوی ئێمەش بنووسێت. ژنەکە چوو ئەوەندەی پێ نەچوو هاتەوە، پارچە کاغەزێکی لەدەستدا بوو، وتی: حەجاج ئەو پارچە کاغەزەی فڕێداوە و منیش بە نهێنی هەڵمگرتەوە، وتم: ئا بیهێنە بزانین چی تیا نووسراوە، کاغەزەکەی کردەوە ناوی خۆم دەناسی، سەیر دەکەم ناوی منە. دەستم کردە گریان. وتم: ئەی خوایە من چی بکەم کە ئەم وەجبەیەش ناڕۆمەوە. لەبەر خاتری هیوا پەلەم بوو، تەنها ئەو کوڕەم پێبوو هەر ئەو کوڕەشم هەبوو، لەبەر تەرمی جێماوی کچەکەشم هەر حەزم نەدەکرد بێمەوە.

زۆر بێتاقەت بووم و گریام. کات شەو بوو و خەوتبووین. ئەو ژنەی کە پارچە کاغەزەکەی هێنا، هات هەڵیساندم، وتی: مەحتاب مولازم حەجاج بانگت دەکات.



شەهیدی زیندانی نوگرەسەلمان، شادیە محەمەد عوسمان، لەدایکبووی (١٩٨٧)

وتم: وەڵڵا من نایەم بۆ لای مولازم حەجاج، دەترسم. کوڕێکمان لەگەڵدا بوو ناوی حیکمەت بوو، وتی: دادە مەحتاب بڕۆ من لەگەڵت دێم. ناچار ڕۆیشتم حیکمەتیش لەگەڵمدا هات. بینینم مولازم حەجاج دانیشتووە و ژنێکیش لەلای دانیشتووە، بە زمانی عەرەبی وتی: ها مەحتاب بۆ پیاوەکەت ئامادە نییە؟ وتم: پیاوەکەم لە هۆڵەکەیە لە خوارەوە خەوتووە.

وتی: نا وتوویانە پێشمەرگەیە و لە دەرەوەیە.

منیش هەر بە هەورامی قسەم دەکرد، وتم: کێ ئەو دیارییەی بۆ تۆ هێناوە؟ ئەوە پیاوەکەمە لە خوارەوە. حیکمەتیش قسەکانی وەردەگێڕا و وتی: ئەگەر دەتەوێت دەچم پیاوەکەی بانگ دەکەم. حەجاج وتی: نیازم نەبوو بتنێرمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بە درۆ وتیان مێردت لە دەرەوەیە و پێشمەرگەیە، ئەوە بەیانی وەرە حەوشەکە دەتاننێرمەوە. ئیتر منیش گەڕامەوە و دەستم کردە گریان، وتم: ئێستا چی بکەم دەڕۆمەوە و کچەکەم بەجێدێڵم لەم غەرییبیە. ئیتر ئەوەبوو وابزانم مانگی یانزە بوو، لەوێ گوازراینەوە بۆ نەخۆشخانەی سەماوە. لە سەماوە خزمەتیان دەکردین و خواردنمان باش بوو. وتیان: دەبێت نەقشبەندییەکان جیابن. قەرەداغی و گەرمیانییەکانیش جیاببنەوە لە یەکتری، لەبەرئەوەی نەقشبەندییەکان زۆر ئازاریان درابوو، ئێمە لە بەرەی نەقشبەندییەکان بووین. وتیان: هیچ مەکرن، سەهۆڵ نەبێت، خواردنتان لەسەر ئێمەیە. ئەوانەی سەماوە زۆر خزمەتیان کردین. بۆ ئەوەبوو تۆزێک بێینەوە سەرخۆ. هاتینەوە هەر لە ترس و ناخۆشیدا بووین، تا ڕاپەڕین. نازانم چی تر باس بکەم...

* ئەم چاوپێکەوتنە لە پارێزگای هەڵەبجە، لە سەعات (١)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/١٢/١٩) لە ماڵی خاتوو مەحتاب ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە.



**هیوا محەمەد عوسمان، کوڕی خاتوو مەحتاب**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٨٣).**

من ئەو کاتە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، بەڵام زۆر شتم لەبیرە. هێشتا نەچووبوومە قوتابخانە. لە کاتی بۆمبارانی هەڵەبجەدا لێرە، لای ماڵی شەوکەتی قەساب، کە بەردەرگای خۆمانە، بە حساب ناپاڵم لێیداوین و ئێمە مردووین، ئاوا هەواڵ بڵاوبووەوە. لە مزگەوتی دوو دەرگای سلێمانی خاڵم و خزم و کەسوکار پرسەیان بۆ داناوین. ئێمە بیستوحەوت ڕۆژ دوای کیمیاییەکە گەیشتینە ئۆردوگای سەریاس. کابرایەکی ناسیاو بە پێکەنینەوە هات بۆ لامان لە سەریاس، باوکم وتی: بۆ پێدەکەنیت...؟ کابرا وتی: تەڵاقم کەوتبێت سێ بەسێ، سێ ڕۆژ بە پێوە لە پرسەتاندا وەستاوم، کە ئێستا ئەوەتا ماون و دەتانبینم. ئیتر تا ماوەیەک لەوێ ماینەوە و دواتر گەڕاینەوە و هێنراینە تەوارییەکەی سلێمانی. لەوێش ژن و پیاویان جیاکردەوە، پیاوە پیرەکان کرانە ناو ژن و منداڵەکانەوە. گەنج بە جیا، پیر بەجیا. ئەو پاسەی ئێمەی تیادابووین کاک سەعید ناوێکی تەوێڵەییمان لەگەڵدا بوو. دڵشادی کوڕی کە ئێستا لە

ژیاندا ماوە. ئەوکات دڵشاد لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا سەرباز بوو و لە شەڕدا قاچێکی لەدەست دابوو. لەبەر دڵشاد کاک سەعیدیشیان کردە لای ئێمە، ئەوە هاوکارییەکەیان بوو ئازادیان نەکرد. لە ڕێگە پاسە داخراوەکانی پیاوە گەنجەکانیشمان لەگەڵدابوو، هاوین بوو، زۆر گەرم بوو، دەمانبینی چەند جارێک بە ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە ئاویان دەکرد بەسەر ئۆتۆمبێلی پیاوەکاندا، لەبەرئەوەی زۆریان لە گەرماندا دەبوورانەوە، بەو جۆرە گەیشتینە زیندانی نوگرەسەلمان. لەوێ پیاوەکانیشیان هێنایەوە لای ئێمە، کە چووینە ئەوێ، بینیمان ئێمە دۆخمان زۆر لەوانەی پێشوو باشترە کە لەوێ زیندانیی بوون. لەبیرمە پیاوێکی قەرەداغی لەوێ بوو، دەیوت نە تاوانبارم، نە هەژار. سێ جۆر ڕانە ئاژەڵم هەبووە، مەڕ بەجیا و بزن بەجیا و گاگەلیش بەجیا. نۆ کوڕ و نۆ بووکم هەیە، هەواڵی هیچیان نازانم و خۆم بە تەنها لێرەم. ئەمانەمان بە چاوی خۆمان بینیوە، نان نەبووە بیخۆین. حەجاج دەهات بەبێ هیچ هۆیەک لێی دەداین. مولازم شەمخی لێی دەداین، تەنها لەبەرئەوەی کورد بووین، دەیانوت: ئێوە خۆتان فرۆشتووە. ئاوێکیان دەداینێ، ئەوەندە گەرم بوو، یەک سەعات باوەشێنمان دەکرد تا تۆزێک فێنکبێتەوە. سەمونێکی ڕەقی درێژی سەربازییمان دەخوارد.

کە براین بۆ ئەوێ، لەبیرمە خێزانێکمان لەگەڵدابوو باوکیان سەربازی حکومەتی عێراق بوو، لە پرسگەیەک لە پرسگەکانی ڕێگا لە ئەرکدا بوو، کە ڕایانگرتین هاتە پێشەوە، خێزانەکەی خۆی بینی لەگەڵ منداڵەکانیدا و دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو داوا بکات ژن و منداڵەکانی ئازاد بکەن، هەر ئەوەندەی پێکرا وابزانم پارەکەی چل دینار بوو، دایە دەست ژنەکەی و وتی: با ئەوەتان پێبێت. منداڵەکانی وتیان: ئەوە باوکمانە...

شەوێکیان ئەو هۆڵەی ئێمەی تیابووین تا لە خەو هەستاینەوە، شەستوسێ کەس کۆچی دواییان کرد، یەکێکیان خوشکەکەی خۆم بوو. کابرایەکمان لەگەڵدابوو لە سەرگەتییەکان تا شیلانی کچی برد ناشتی و هاتەوە شادی کچیشی کۆچی دوایی کرد. کاتێکیش هێنراینەوە بۆ سەماوە، پاسەکەی ئێمە حەوت خێزانی تیادابوو، منداڵیان لەوێ بەجێهێشتبوو و شەهید بوون. کابرای شۆفێری پاسەکە عەرەب بوو، دەیوت توخوا گەردنمان ئازادبکەن، زاڵممان زۆردار بووە، تاوانی ئێمە نییە. چی بڵێم، ڕۆمانێکی تراژیدیمان بە چاوی خۆمان بینی. کاتێک بڕیاری لێبووردن دەرچوو، شۆفێری تانکەرەکان بە پارە شتیان

بۆ خەڵک دەهێنا. بۆ ئەو خوشکەم کە مرد، پەنجا دیناری ئەو کاتەمان دایە شۆفیری تانکەرەکان، کە ترێ و تەماتەمان بۆ بهێنن، کەمێکیان هێنا، بەڵام ئەو کۆچی دوایی کرد. بۆ باقی پارەکە وتیان: دواتر دەتاندەینەوە، کەچی بردیان. دایکم هەرمێیەکی دەستکەوتبوو، سەعات دوانزەی شەو وەک قەترەی دەرمان بە نهێنی وەک بەچکە چۆلەکە کردیانە دەمی منەوە، بۆئەوەی کەسی تر نەیبنێت و دڵی بچێتە سەری، هەر ئەوەش بوو.

کاتێک بڕیاری لێبووردنیش درابوو، بە بەرتیل و بەرتیلکاریی پارەت نەدایە ناویان نەدەخستیتە پێشەوە، کە هاتینەوە بۆ سەماوە نزیکەی بیست ڕۆژ لەوێ کەمێک خواردن و دەرمانمان خوارد، بۆئەوەی تۆزێک ڕەنگی مرۆڤبوونمان بۆ بگەڕێتەوە. بیستوحەوت جار هەوڵیان دا لە تاقیگە بمپشکنن، هیچ لە جەستەمدا نەبوو، وشک ببوومەوە. پیاوێکی قەرەداغیم بینی، چەندجار بانگیان دەکرد و وەڵامی نەبوو، ناوی خۆی لەبیرچووبووەوە. گەرمیانییەکان هەر زۆر دۆخیان خراپ بوو. کاتێک خوشکەکەم مرد، باوکم بردی ناشتی، مردووی تریشیان دەبرد بە عارەبانە، هەموو جارێ کە باوکم دەچوو تا مردووەکانیان لەگەڵدا بنێژێت، منیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. دەزانیت بۆ منی دەبرد؟ تەنها لەبەرئەوەی مەرکانەیەک هەبوو لە دەرەوەی بەندیخانەکە تا تۆزێک ئاوی سارد لەو مەرکانەیە بدات بە من. ئەوەشم بینی دوای ناشتنی تەرمەکان سەگەکان تەرمەکانیان دەردەکرد و دەیانخواردن، کە لە ئێران بووین، قۆریی و پیاڵەی منداڵانەمان بۆ خوشکەکەم کڕیبوو، کاتێک کە مرد، ئیتر کەرەستەی یارییەکانیمان خستە ناو گۆڕەکەیەوە. دواتر لەگەڵ باوکم چوومەوە شوێنی ناشتنەکەی، تەنها قۆریی و پیاڵە منداڵانەکەی مابوو، سەگ قەبرەکەی هەڵدڕیبوو و جەستەی خوشکەکەمی خواردبوو. باوکم هەرجارێک مردووی دەبرد لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا منیشی دەبرد، تەنها لەبەرئەوەی تۆزێک ئاوی سارد لە مەرکانەکە بخۆمەوە. دادە ئامینێک هەبوو لەوێ مردووەکانی دەشۆرد. خۆیشی مرد، ئێمە بردمان و ناشتیان. من بچووک بووم، وەکو وتم باوکم هەر لەبەر ئەو ئاوە منی دەبرد. ئەو شەوەم بیرناچێت کە خوشکەکەم مرد لەلای خۆمان بوو. هەر دەموت باوکە بۆ قسە ناکات، دەیوت وازی لێبێنە نووستووە، نەمزانی مردووە، هەر دەموت بۆ قسە ناکات؟ نازانم چی بڵێم لە سەر ئەو کارە نامرۆڤانەی عەرەبی دز و جەردە و کوردکوژ...

نازانم باوەڕ دەکەیت، یان نا، لە نوگرەسەلمان بووین، خەوێکم بینی لە


خەوما پێیان وتم: ئیتر بەسە مەترسن، ئاهی ئێوە گەیشتە لای خودا. ئەمانەمان بینی سوپاس بۆ خودا لە ستەمی عەرەبی نامرۆڤ و سەدام ڕزگارمان بوو و بڕایەوە. تەمەننا دەکەم ئەم بەرپرسانەی لای خۆشمان پەند لە هەڵەکانی ئەوان وەرگرن. خەڵک پشتگوێ مەخەن، ئەوەی ئێمە بینیومانە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، مەگەر ئازادیی قەرەبووی ئازارەکانمان بێت.

دواتریش کە هێنراینەوە بۆ سلێمانی، وتیان: دەبێت ببرێینە ئۆردوگای گردەچاڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر، بەڵام ئێمە نەچووین، خاڵم گەیشتە فریامان و بردینییە ماڵی خۆی. ئیتر لەلای ماڵی خاڵم ماینەوە و خوشکەکانی تریشم لەوێ بوون و هاتنەوە لای خۆمان. لە ساڵی (١٩٩١) من چوومە قوتابخانە و تا پۆلی سێی ناوەندییم خوێند.

دواتر هاتینەوە هەڵەبجە، ئەم خانووە هەمان خانووەی پێشووی خۆمانە. سوپاس بۆ خودا نەڕووخابوو، کە هاتینەوە پاکمانکردەوە و دوو گوللەتۆپی تی ئێن تی تیابوو نەتەقیبووەوە، هەر هەڵمگرتبوو لەو کاتەوە. دوو مۆمی ئەوەندەبوو تی ئێن تییەکە. ئەوکات وتم: با بمێنێت بۆ بەڵگە... بەداخەوە هەرکەس لێی نەپرسین، ئەمساڵ دام بە برادەرێکی خۆم و بردی بۆ ڕاوەماسی. دوو ماسی گەورەی بۆ هێنابووین و دابوویە دەست دایکم، بەڵام داخ ئەوەیە دەسەڵاتی خۆمان تائێستا وەک پێویست ئاوڕمان لێ نادەنەوە. بەعس لەسەر کوردایەتی وای بەسەرمان هێنا، بەڵام ئەمانەی لای خۆمان لەسەر هیچ سزامان دەدەن.

ئێستا خێزانم پێکەوەناوە و سێ کچم هەیە، باوکم لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی دوایی کرد، خوشکەکانم شویان کردووە و دایکیشم لەگەڵ خۆماندا دەژی. خۆیشم سوپاس بۆ خودا خەریکی کار و کەسابەتم، بەڵام دەڵێم دەبوو حکومەتی هەرێم ئەم ئازار و زیانانەی ئێمە لەبیر نەکات.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە پارێزگای هەڵەبجە و لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢١/١٢/١٩) لە ماڵی کاک هیوا ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە.



**عومەر عینایەت حەمەسەعید، ناسراو بە (عومەری حاجی عینایەت) لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٥٣).**

من پێنجەم منداڵی خێزانەکەمانم... کە لە خێزانەکەمدا یانزە منداڵ بووین، واتا لە منیش منداڵتر، شەش منداڵی دیکە هەبوو. دایکم و باوکم زۆر گونجاو بوون، هەرگیز نەمبینیوە ڕۆژێک ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبووبێت، بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماون. زیاتر لە ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵی (١٩٦١)وەم لەبیر دێت، بەتایبەت ئەو ساڵانەی کە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول بوو. ئەو کات منداڵ بووین، وەک ژیانی ئاسایی هەر منداڵێک خەریکی تەشیلان و تۆپێن و یاریی ناو کۆڵان بووین. دواتر چوومە قوتابخانە. وابزانم مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش لە هەڵەبجەوە دەستی پێکرد. سەرەتا شێخ حەمەئەمینی شێخ عەولا بوو. بە دەستپێکردنی شۆڕش ژیانی ئاسایی خەڵک تێکچوو و هەڵەبجە بووە گۆڕەپانی شەڕی شۆڕش و حکومەتی عێراق، لەبەرئەوەی پشتی بە شاخەوە بوو، لەبیرمە هەواڵ هات کە حکومەتی عێراق سوپایەکی زۆری بەڕێخستووە بەرەو ئەو سنوورە، هێز لە بەغداوە دەهات، هێزی خێڵەکان و


سەرۆک هۆزەکان چوونە بەرەی پێشمەرگە و شۆڕشەوە، پلان وابوو لە سنووری ناحیەی بازیان و تونێلی دەربەندیخانەوە ڕێگە لە هاتنی سوپا بگرن، بەڵام هێزی حکومەت زۆر بوو، فڕۆکەی جەنگی هەبوو. پێشمەرگە نەیتوانی بەرگریی بکات، سەرۆک هۆزەکانیش وەک پێویست ئامادە نەبوون، سوپا گەیشتە سنوورەکە، بەڵام شەڕ هەر هەبوو. پێشمەرگە بە شەو هەڵەبجەی بەدەستەوە بوو، بە ڕۆژیش بەدەست حکومەتەوە بوو.

لەبیرمە فڕۆکە دەهات بە دۆشکە ناو شار و سەر ئەو چیایانەی بۆردوومان دەکرد، ئێمەش ئەوکات منداڵ بووین، دوای ڕووداوەکان دەچووین قەوانی گوللەکانمان کۆدەکردەوە و یاریمان پێدەکرد. لەبیرمە جارێک پێشمەرگە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ هەڵەبجەی بەدەستەوە بوو، ئەو ڕووداوە پێیان دەوت «حەوت شەو و حەوت ڕۆژەکە». ئیتر بەردەوام شەڕ و ئاڵۆزیی هەبوو، جاروبار ڕێکەوتن و ئاگربەستی کورت هەبوو، بەڵام شەڕ هەڵدەگیرسایەوە، ئیتر ژیان زۆر سەخت بوو لەناو هەڵەبجەدا. ئەوەی دەوڵەمەند بوو، یان فەرمانبەری پلەبەرزی حکومەت بوو، لە هەڵەبجە باری کرد و چوون بەرەو سلێمانی و بەغدا و شارەکانی دیکە. دۆخی خەڵک خراپ بوو، کار و کەسابەت تێکچووبوو. ئەم دۆخی شەڕ و ئاڵۆزییە لە ساڵانی شەستویەکەوە تا ساڵی حەفتا درێژەی کێشا. لە ساڵی (١٩٧٠) ڕێکەوتنی یانزەی ئازار کرا لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولدا. لەو ڕێکەوتنەوە تا ساڵی (١٩٧٤) بەردەوام بوو. هەڵەبجە چوار ساڵی بە ئارامی بەڕێخست و خەڵک تۆزێک بووژانەوە، کە بەیانی یازدەی ئازار دەرچوو، من لە قۆناغی پۆلی چواری گشتی بووم، کە دەکاتە پۆلی دەی ئێستا، بەردەوام بووم لە خوێندن، تا لە کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی وەرگیرام لە زانکۆی سلێمانی. ئەو کات من دووەم گەنجی هەڵەبجە بووم کە لەو کۆلێژە وەرگیرام، لە پێش ئێمەدا کوڕێکی تر بە ناوی شەوکەتی حاجی عیزەت ببووە ئەندازیار...

لەگەڵ منیشدا ئەوکاتە کاک حەمەئەمین بارام ناوێک لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرا و کاک عوسمانیش لەگەڵ مندا لە کۆلێژی ئەندازیاریی وەرگیرا، ئەو ساڵە دکتۆر جەلال عوسمانیش لە کۆلێژی دەرمانسازیی وەرگیرا. منیش کۆلێژی پزیشکی بەسرە وەریدەگرتم و خۆم نەچووم، چوومە کۆلێژی ئەندازیاریی و دواتریش توانیم بڕوانامەی ماستەر لەو بەشەی خۆمدا بەدەست بهێنم... لەو ساڵانەدا خوێندن زۆر زەحمەت بوو.

باوکم دووکانی عەلافی هەبوو، گەنم و جۆی لە جوتیارەکان دەکڕییەوە و دەیفرۆشتەوە، دۆخی ئابووریی خێزانەکەمان باش بوو. منیش دوانیوەڕوان لای باوکم کارم دەکرد و ئاردیشمان دەفرۆشت. لەو سەردەمەدا لەبیرمە دەیان خێزانی هەژار دەهاتن و ڕۆژانە یەک کیلۆ ئاردیان دەکڕی، لەبەرئەوەی توانای ئەوەیان نەبوو زۆر بکڕن بەسەر یەکەوە. باوکم پێی دەوتم کوڕم ئەوانەی کە لە کیلۆیەکەوە تا پێنج کیلۆش دەکڕن، پارەیان لێ وەرمەگرە و نەبوون. هەڵەبجە شارێکی بە گۆشە کەوتووی عێراقە، هیچ دەرامەت و داهاتێکی وای نەبوو، لە شوێنێکی بنبەستدایە، سێ لای سنووری ئێرانە و هاتوچۆ لەسەری سنووردارە. ئەوکاتە گرانییەکی سەخت بوو بۆ زۆر خێزان، فەرمانبەرانی حکومەت دۆخیان باش بوو. مامۆستایەک کە دادەمەزرا سەرەتا مانگانە بیستوهەشت دیناری وەردەگرت و کارگوزارێک هەژدە دیناری وەردەگرت... ئەو کاتە نەفەرێک کەباب بە سی فلس بوو. دینارێک هەزار فلس بوو. نەفەرێک بە تەکسی لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی بە ڕوبعە دینارێک بوو، واتا دوو سەد و پەنجا فلس، بەها و نرخی پارە بەرز بوو، کەم کەسیش دەستی پێدەگەیشت.


سروشتی هەڵەبجە ناوچەیەکی سەختی شاخاوییە، زۆربەی سنوورەکەی بازرگانی بوو لەگەڵ وڵاتی ئێراندا، چایی بە قاچاخ دەهات لە ئێرانەوە، کە ڕێکەوتنی نێوان شۆڕش و حکومەت تێکچوو لە ساڵی (١٩٧٥)، لە قوناغی دووی زانکۆ بووم، لەگەڵ ئەوەشدا کە شەڕ هەڵگیرسایەوە لەگەڵ شۆڕشدا، چووینە شاخ و بووم بە پێشمەرگە.



گوندێکی هەڵەبجە

بۆردوومانی قەڵادزێم بینی، بۆردوومانی هەڵەبجەم بینی، نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)م بینی، کە سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕشی دا، بۆردوومانی (١٩٨٧)ی هەڵەبجە و بۆردوومانی ساڵی (١٩٨٨)یشم بینی، داخستنی زانکۆی سلێمانیم بینی، هەموو ئەمانە ئازارەکەی ناگاتە ئەو ئازارەی نسکۆ خستییە سەر دەروونی خەڵک. من وەک هەڵەبجەییەک کە بەو جۆرە لێمان قەوما، ئەوە شارێک بوو لێی قەوما، بەڵام نسکۆ لە هەموو کورد قەوما لە هەرکوێیەک بووبێت. من خۆم لە هەڵەبجە کیمیایی بەر چاوم کەوت، ماڵم ڕووخا، ئەو هەموو کەسە شەهید بوون، لە ئێرانیش خەڵک لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا بەدوای کەسوکاریاندا دەگەڕان، کەس دانەدەنیشت بگریەت. خەڵک بە جۆرێک لێی قەومابوو، فریای گریان نەدەکەوت، بەڵام کە بڕیاری نسکۆی شۆڕش درا لە ساڵی (١٩٧٥) هەموو میللەت لە پرسەیەکی سەرتاسەرییدا بوون و دەگریان.

خەڵک هەبوو لە بیارە و لە تەوێڵە خۆیان دەکوشت. بەڵێ بە هەموو واتایەک ئازاری نسکۆ لە ئازارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە سەختتر بوو. من لەبیرمە کە هاتینەوە ئەو کاتە لە زانکۆ بووم، لە بەشی ناوخۆیی چوار پێنج شەو هەروەکو لە پرسەدا بین، هەر دەگریاین.



عومەر عینایەت، پێش ڕووداوەکانی (١٩٨٨)

گوێمان لە گۆرانییەکانی حەمەساڵح دیلان و ڕەفیق چالاک دەگرت و دەگریاین. ئەو هەموو چەکە کۆکرانەوە، هەبوو بە پارە دەیفرۆشتەوە. ئەو کاتەش خەڵکی مەردی تیابوو خۆبەدەستەوەدانی قبوڵ نەدەکرد، هەشبوو هەلپەرست بوو چەکەکانی بە حکومەت دەفرۆشت. بەزۆری خەڵکەکە خاوەن

هەڵوێست بوو. بەڕاستی نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) کارەساتێکی گەورە بوو، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر لە کیمیاباران زیاتر خەڵکی ئازار دا.

کیمیابارانی هەڵەبجە چەند گەورە بوو، حکومەتی عێراق هەر کپی دەکردەوە لەو کاتەدا، شاری سلێمانیش نەیدەزانی لە هەڵەبجە چی ڕوو دەدات... لەسەر ئاستی کوردستان خەڵک نەهەژا، حکومەتی عێراقی ڕووداوەکانی کپ کردبوو. ئێرانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆی وێنەی تاوانەکانی سەدامی بڵاودەکردەوە و جیهانی لێ ئاگادار کرد، خۆ تاوانی ئەنفال لە دوای هەڵەبجەش ڕوویدا، کەچی لەو کاتەدا دنیا لێی بێدەنگ بوو، بەڵام بۆ نسکۆ هەموو کورد هەژا. بەهۆی ڕێکەوتنی جەزائیرەوە لەنێوان شای ئێران و حکومەتی عێراق، ئەوکات سەدام جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو. لەو ساڵەدا کە هەر لە سەرەتای مانگی سێ-دا بوو لە (١٩٧٥/٣/٦)، هەتا نەورۆزی ئەو ساڵە ڕێکەوتنەکە جێبەجێکرا و شۆڕشی کورد ئاشبەتاڵی خۆی ڕاگەیاند، واتە بێ بەرگریی سەرکردایەتیی شۆڕش داوای لە هێزەکانی خۆی کرد چەک دانێن، شۆڕش تەواو لە بەرامبەر هیچدا. ئەوە گورزێکی دەروونیی ئەوتۆی لە خەڵک دا کە بە دەیان پێشمەرگەی قارەمان خۆیان کوشت.

لە ڕووداوەکانی هەڵەبجەدا حیزبە کوردییەکان بەشداربوون، ئەو حیزبانەی دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) دروست بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوول بوو پێش نسکۆ. حیزبی شیوعیش هەبوو، بەڵام زیاتر خۆیان بە عێراقی دەزانی، نەک کوردستانی و زۆریش دژی شۆڕشی ئەیلوول بوون، لەبەرئەوەی حیزبێکی چەپی مارکسی بوون و خۆیان بە بەشێک لە بلۆکی سۆشیالیستی دەزانی، حیزبی بەعسیش سۆشیالیستییان پێوەبوو و لە بەرەیەکدا بوون و پێشڕەوی دەبابەکانی بەعس بوون بۆ دژایەتی شۆڕشی کورد. تا دواتر ئەوانیش دڕەندەیی بەعسیان بۆ دەرکەوت و بەعس کەوتە کوشتن و لەناودانی ئەوانیش، زۆر پەشیمانبوونەوە لەوەی پێشتر دژایەتی شۆڕشیان کردبوو، لە ساڵانی دواییدا هاتنە بەرەی دژ بە حکومەت لە شاخ و ڕۆڵی باشیان هەبوو لە دژایەتی ڕژێمی سەدام لە عێراقدا. شیوعییەکان هەتا ئەوەندە لەژێر کاریگەریی سیستەمی سۆشیالیستی یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا بوون، ئێمەش پارتی بووین پێش نسکۆ، بە توانجەوە پێمان دەوتن ئەگەر لە مۆسکۆ باران ببارێت، ئێوە لێرە ئەگەر هاوینیش بێت چەتر هەڵدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من دوای ئەوەی حیزبی شیوعی هاتە بەرەی گەلەوە، یەکێک

بوون لەو حیزبانەی کە بە گەندەڵییەوە نەئاڵابوون و لە هەڵەبجەدا بەو تاوانانە لەکەدار نین، بۆیە ناوی هەڵەبجە دێنم، سەرەڕای کاولکارییەکەی، تاڵانیش کرا، ئەوان هەڵوێستیان باش بوو و دەستپاکیش بوون.

بەڵام لەدوای ساڵانی نسکۆ، حیزبی تر زۆر بوون، وەک: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، پارتی هاتەوە بە ناوی قیادە موقەتەوە، حیزبی سۆشیالست و ئیسلامییەکان و زۆری تر پەیدابوون. لە ساڵی (١٩٨٠) کە شەڕی نێوان عێراق و ئێران دروست بوو. ئێران بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەوتە هاوکاریی ئەم حیزبانە. ئەوانیش ئێرانی دوای ڕژێمی شایان بە دۆست دەزانی، لەبەرئەوەی ئەم سیستمەی ئێران، شای دووژمنی هەردوولای لەناوبرد. ئەو ڕژێمی شایەی شۆڕشی کوردی لەناوبرد لەسەر داوای سەدام. سەدامیش لە بەرامبەری ئەو کردەوەیەدا نیوەی کەنداوی دا بە ئێران. دواتر پەشیمان بووەوە و شەڕ هەڵگیرسا. من ناچمە سەر ئەو ڕووداوانە، بەڵام بۆئەوەی وێنەکە ڕوون بێت، هەڵەبجە چۆن بووە گۆڕەپانی ململانێی حکومەتی عێراق و ئێران و چۆن کورد لەو نێوەندەدا بوو بە سوتەمەنی.


لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕی نوێدا دۆخی هەڵەبجە لە جاران خراپتر بوو، هەتا دۆخ گەیشتە کارەساتەکانی ساڵی (١٩٨٨).

وەک وتم: پێشڕەوی بەر سوپای ئێران بۆ گرتنی هەڵەبجە و وەدەرنانی سوپای عێراق لە ساڵی (١٩٨٨)دا، بە پلەی یەکەم یەکێتی بوو، بە پلەی دووەم پارتی، سێیەم ئیسلامییەکان و حیزبی سۆشیالست. چەکدارەکانی ئەم حیزبانە لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران بەشداربوون، بە تەگبیری خۆیان هەڵەبجە ڕزگار دەکەن بە پشتیوانی ئێران. ئەوەبوو لە ڕۆژانی پێش کیمیاباران سوپای عێراق هەتا نزیکی سەیدسادق لەو سنوورەدا نەما. من لە ساڵی (١٩٨١) بۆ ساڵی (١٩٨٥) بەڕێوەبەری شارەوانیی هەڵەبجە بووم لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا، دواتر بیانوویەکیان بۆ دۆزیمەوە کە گوایە من وتەی نەشیاو و جنێوم بە سەدام وتووە، وەک سزایەک لە سەرۆکی شارەوانی لابرام و نزیکەی چل ڕۆژ بەند کرام. دواتر گوازرامەوە بۆ کارگەی قیر لە ناحیەی عەربەت وەک ئەندازیار، بەڵام ماڵم لە هەڵەبجە بوو. شەوی سیانزە لەسەر چواردە کە هێرشەکە دەستی پێکرد، ئەو ڕۆژە لە سلێمانی بووم، بەڵام ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٥)، لە عەربەتەوە لەگەڵ شۆفێرەکەم کە ناوی هادی بوو، هاتین بۆ هەڵەبجە، پرسگەکەی هەڵەبجە کەسی تیا نەبوو، پاشان هاتینە لای پردەکەی زەڵم و

لەوێدا دەبابەیەک کەوتبوو و ڕێگاکەی گرتبوو و گەڕاینەوە لای مەرکەزەکەی عەربەت. دواتر وتم: وەڵڵا هادی عەیبە گەڕاینەوە با بچین، بەڵکو خەڵکی تر بێت ڕێگاکە بکەینەوە، کە گەڕاینەوە دووبارە بینیمان کۆمەڵێک سەربازی عێراقی ڕێگەکەیان کردبووەوە. چووینەوە سەیدسادق دۆخەکە ئاسایی بوو. گەڕاینەوە سلێمانی و کەس ئاگای لە هیچ نەبوو، چوومەوە بۆ کارگەکە بە فەرمانبەرەکانی خۆمم وت: شتێکی وا ڕوویداوە لە هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگە و ئێرانەوە شەڕ بەردەوام بوو هێشتا نەگیراوە. دواتر چووم بۆ لای بەڕێوەبەرەکەم ناوی کاک عەزیز بەکر بوو، بۆئەوەی مۆڵەت وەربگرم، مۆڵەتم وەرگرت و زۆری پێوتم کە نەڕۆم ئەوێ جێگای مەترسییە.

وتم: کاک عەزیز من چەندین ساڵە خوا خوام بوو بچمە دەرەوە و لە دەست ئەم بەعسییانە ڕزگارم بێت. ئێستا هەڵەبجە ڕزگارە، چۆن ناڕۆم. خۆزگە نەچوومایە و بەقسەی ئەوم بکردایە. ئیتر ئەملاو لای یەکمان ماچ کرد و زۆر گریاین بەسەریەکدا و بە گریانەوە خواحافیزیمان لە یەکتر کرد و تا بەردەرگاکە لەگەڵمدا هات. وتی: ئەوە ئۆتۆمبێلت پێیە و ئۆتۆمبێلێکی تریشت دەدەمێ بچۆ منداڵەکانت بهێنە بۆ ئێرە. وتم: نەوەڵڵا دەڕۆم ماڵت ئاوا، بڕیارمداوە ئێستا دەڕۆم بەرەو هەڵەبجە، کە هاتم پێش ئەوەی لە سلێمانی دەربچم، چوومە گەراجی هەڵەبجە، لە گەراجی هەڵەبجە لێیان پرسیم بۆ کوێ دەڕۆیت...؟ مەڕۆ دۆخەکە خراپە دوو سێ برادەری خۆم لەوێ بوون، وتم: ئەگەر دێن، وەرن لەگەڵم، من هەر دەڕۆم. وتیان: نایەین. کوڕێکیان ناوی خالید بوو، ئێستاش لە ژیاندا ماوە، ئەو وتی: من دێم. ئەو هات، پانزەی مانگە، هێشتا شەڕ بەردەوامە و هەڵەبجە بەتەواوەتی نەگیرابوو، کە هاتم، گەیشتمە سەیدسادق، سەیر دەکەم بازاڕ و دوکان داخراوە و تاکوتەرا خەڵک بەدەرەوەیە، دەنگی تەقە و تۆپیشە و لای هەڵەبجەوە دێت. هەندێک خەڵکیشم بینی چووبوونە سەر شاخی حەسار و سەیری هەڵەبجەیان دەکرد. هەندێ هاتنە سەر ڕێگەم، وتیان: بۆ کوێ دەچیت؟ وتم: بۆ هەڵەبجە، وتیان: مەڕۆ، نابینیت بۆردوومانە، وتم: بەخودا دەڕۆم ماڵ و منداڵم لەوێیە. ئیتر شۆفێرەکەم ئیزن دا و وتم: کاکە تۆ بچۆ ئەولاوە خۆم لێی دەخوڕم و با تووشی شتێک نەبیت خۆم دەڕۆم. ئۆتۆمبێلێکی ستاوتمان پێبوو... ئیتر گەڕاینەوە تا چووینە ناو هەڵەبجە ڕاجیمە و قەسف بەسەرمانەوە بوو، هەرچۆنێک بوو گەیشتمە ناو هەڵەبجە، هێرشی هاوبەش لە (١٣)ی مانگەوە دەستی پێکردبوو، هێشتا هەر هەڵەبجە بەتەواویی نەگیرابوو و

شەڕ بەردەوام بوو... سەعات یەک و نیو گەیشتمە هەڵەبجە. سەعات دووی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٥) بوو چوومە سەربان، لیڤڵێکی ئەندازیارییم پێبوو، سەیرم کرد لە سەربازگەکەی هەڵەبجەوە پێشمەرگە تەقەی خۆشی دەکەن. وتم: تەواو هاتن. ئیتر ئەوە زانیمان (٣/١٥) تەواو هەڵەبجە گیرا. بە ویستی خۆم لە هەڵەبجە مامەوە و هەر ئەو ڕۆژە دەمتوانی منداڵەکانیشم ببەم و بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بەڵام خۆم پێم باشبوو لە سایەی حوکمی پێشمەرگەدا بمێنمەوە، شەڵڵا وام نەکردایە و پەشیمانم کە خۆم و خێزانمان دووچاری ئەو هەموو گرفتە بووینەوە، کە چوومەوە ژمارەیەک سەربازی عێراقی لەبەردەم ماڵماندا بوون. وتیان: کاکە ئێمە تەقە ناکەین، چەکمان داناوە و فیشەکمان پێ نەماوە. ئیتر چا و نان و خواردنم بۆ هێنان، لەبەر ماڵی خۆماندا نان و چام دا بە سەربازە بێ چەکەکانی عێراق. یەکێکیان چەکەکەی بەجێمابوو دوای نانخواردنەکە بۆم برد، وتی: بۆچیمە؟ فیشەکی تیادا نییە، بەزوویی ئێوەش خۆتان دەربکەن، سوپای عێراق کیمیاییتان لێدەدات. یەکێکیان گەڕایەوە لام. وتی: من ڕائیدم، ئەوە پلەکەمە (ڕوتبە)کەم لە گیرفانمایە و ناوێرم دەری بکەم، خۆم وەک سەربازێکی ئاسایی نیشان دەدەم. ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، شەو ڕاوێژێکمان کرد و چوومە لای یەکێک لە بەرپرسەکانی یەکێتی و زۆر قسە و باسمان کرد، کە بۆچی واتان کرد و بەرگریی ئاسمانیتان پێ نییە، ئێمە چی بکەین، بڕۆین، یان نەڕۆین؟ هەندێ کەس دەرچوون بەرەو سلێمانی، بەڵام بەڕاستی پێت بڵێم زۆربەی زۆری خەڵکی خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی و پێشوازییەکی گەرمیان لە هێزی پێشمەرگە و سوپای پاسدارانی ئێران کرد کە ڕزگاریان بووە لە ستەمی سەدام، بە حسابی ئەوەی کە ئێمە ئازادکراوین، بەڵام بەداخەوە ئەوە نەبوو، بەڵکو بەشو دراین. دەمەو نیوەڕۆی ڕۆژی (٣/١٦) کات نزیکەی نیوەڕۆ بوو. من و یەک دوو برادەرم بە ناوی کاک حەیدەر و کاک عارف پیاسەمان دەکرد لە کۆڵان و گوێمان لێبوو مەلا عەلی خوتبەی دەدا لە مزگەوتی پاشا، داوای لە خەڵکی هەڵەبجە دەکرد پێشوازیی لە هێزەکانی بەرەی کوردستانی و حیزبە ئیسلامییەکان و سوپای پاسدارانی ئێران بکەن. دەستخۆشی لەو یەکگرتنە دەکرد بۆ وەدەرنانی سوپای عێراق و پیرۆزبایی لە خەڵک دەکرد. هەتا لە وتارەکەیدا ئەوەی دەوت: ئەوە ئیتر حوکم حوکمی ئیسلامە و پێویستە ژنان سەرپۆش بکەن و لە ئێستا بەدواوە شارەکەتان ئازادکراوە.



خانووە ڕووخاوەکەی عومەر عینایەت، (١٩٩١)

لە سەعات یانزە و بیستوپێنج چرکە بۆمبارانی هەڵەبجە دەستی پێکرد، ئێمە هێشتا گوێمان لەو وتارە بوو.

لە ماڵی ئێمەدا ژێرزەمینێکمان هەبوو، نزیکەی سەد و پەنجا کەسی دەگرت، هەر لە بەیانییەوە زۆر کەس هاتبوونە ئەو ژێرزەمینە. ئەوانەی لە دەرەوە بووین، کە یەکەم بۆردوومان دەستی پێکرد خۆمان دا بە زەویدا، بۆمبی ئاسایی بوو، سەرەتا هەتا نزیکەی سەعات دوو تا دوو و نیوی دوانیوەڕۆ هەر دە دەقە جارێک کۆمەڵێ فڕۆکە دەهاتن هەندێ بۆمبارانی ئاساییان دەکرد و دەڕۆیشتن. منیش لەو ماوەیەدا چوومە ژێرزەمینەکەوە، کات نزیکەی دوو و نیو تا سێ دەبوو، کچێکم هەیە مازیاری ناوە لەگەڵ خوشکێکمدا بە گریان لە ماڵی باوکمەوە هاتن بۆ ماڵی خۆمان و پێشیان پەتی بوو، وتی: کاکە چی بکەین دەڵێن کیمیایی وەشاندووە، ئیتر منیش خۆم پێ نەگیرا، بۆ ڕزگارکردنی دایکم و باوکم و خوشکێکم، کە لەوێ مابوون، لە ماڵی خۆمانەوە چووم بۆ ماڵی باوکم، نیوانی ماڵی ئێمە و ئەوان گەر بەخێرایی بڕۆیت نزیکەی چارەکە سەعاتێک دەبوو، لەو ماوەیەدا تا چوومە ماڵی باوکم، خەڵکم دەبینی لە ڕێگەدا کەوتبوون. شۆفێرەکەی خۆم بینی کەوتووە و منداڵم بینی لە باوەشی باوکیدا کەوتووە، کە

چوومەماڵی باوکم قومبەلەیەک دابووی لەوبەری ماڵەکەی بەرامبەریان، کوڕێکی ئامۆزامان لەوێ بوو، ئۆتۆمبێلێکی سۆپەری پێبوو، دەرگاکەی حەوشەی ماڵی باوکم کەوتبوو بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا. چووم گەیشتمە باوکم و ئەوان، بینیم دایکم و باوکم و خوشکێکی ترم هەیە بە ناوی ناهی هەرسێکیان باوەشیان کردووە بەیەکتردا، هێنامنە دەرەوە و بردمن لەبەر بەلوعەکە دەوموچاویان شۆرد. ماڵی ئامۆزاکەشمان لەوێ بوو، ماڵی کاک حەمەتاهیر ئەوانیشم بانگکرد لە ژێرزەمینەکەدا بوون. وتم: وەرن کیمیاییە، هەموو ڕایانکردە دەرەوە. ماڵی کاک حەمەبامۆکیش باوکی ئاسۆ، گەڵابەیەکی لێبوو، هی ئەوان بوو، ژنەکەی ئامۆزامانە، ئەوانیشم بانگکرد و وتم: سەر لۆرییەکە کەون، عەلی برایشم بەڕەحمەت بێت، پێوت: عەلی تۆش ئەو لۆرییەی دیکە لێخوڕە، ئەویش هی ئەوان بوو. چووینە بەردەم ماڵی خۆمان، کوڕێکی ناسیارمان هەیە ناوی ئاکۆیە، ئێستا لە ئەڵمانیایە. پێش ئەوەی بچم بۆ ماڵی باوکم ستافی نەخۆشخانەکەی هەڵەبجە بەوێدا هاتن، وتم: ئەوە چی دەکەن، وتیان: نەخۆشخانەکەش بۆردوومانکراوە، ماڵمان لە سلێمانییە و ناتوانین بگەڕێینەوە، وتم: وەرنە ئەو ژێرزەمینەی ئێمە، وەرن لەگەڵ ئێمە بێن. ئەوەی بریندار‌بوو، تیمارمان کردن و هەموویان سواری ئەو دوو لۆرییە بوون. دکتۆرەکانیش لەگەڵمان هاتن و ماوەی سێ مانگ لە ئێران بووین و ئەو دکتۆرانەشمان لەگەڵدا بوو. لەگەڵ سەرکەوتندا، جارێکی دیکە فڕۆکەکان هاتنەوە و دیسان دابەزینەوە، جارێکی دیکەش دیسان سەرکەوتینەوە، ئاکۆشمان لەگەڵ خۆمان سەرخست، ئەوکاتەی خەریکبوو دەکەوتینەڕێ، بە فەوزییەی خێزانم وت: ڕادیۆکە بێنە، وتی: نەماوە، نازانم کێ بردی لەو کاتەدا، وتم: کاکە وا بەرەو شەو دەڕوات، هەریەکەتان بەتانییەک بکەنە کۆڵتان، ئیتر هەر لە ماڵی ئێمە هەریەکە کردیە بەتانیەکا و لە خۆی پێچا، تاڵانیی ماڵی من لەو کاتەوە دەستی پێکرد، ئیتر بەوجۆرە لە ماڵ دەرچووین. یەکەمجار لەلای سەربازگەکەوە چووین، پاسدارەکان ڕێگەیان لێگرتین، دواتر لە بامۆکەوە چووین، کوڕێکی ناسیاو هەیە ناوی کاک سالم بوو، کوڕەکەی کەوتبووە ناو بیرەوە، لەو دۆخەدا تۆزێک لای دانیشتم و دڵم دایەوە، ئیتر ئێمە لەناو لۆریدا بووین و کەوتینەڕێ. خەڵکی تریش بە پێ و بە ئۆتۆمبێل بەرەو سازان کەوتبوونە ڕێ. لەبیرمە شەو بوو، فڕۆکە هێشتا هەر بۆردوومانی دەکرد. خەڵکی دەیانوت لایتی ئۆتۆمبێلەکان بکوژێننەوە تا فڕۆکەکان نەمانبینێت، هەتا گەیشتینە چاوگی سازان. لە چاوگی سازان لە لۆرییەکان دابەزین و بە

پێ کەوتینەڕێ، ئەو شەوە تا بەیانی بەڕێوەبووین بە پێ هەتا ڕۆژبووەوە، تا سنووری ئێران بە درێژایی ئەو ڕێگایە خەڵک ڕیز ببوون و بەڕێوەبوون بەرەو ئێران، پاسدار و سوپای بەدر لایتیان پێبوو، لە قورت و کەندەڵانەکاندا دەیاندا لە ڕێگەکە، بۆئەوەی خەڵک ڕێگەکە ببینێت، خواردن و پسکیت و شتیشیان دەدا بە خەڵک، بۆئەوەی بیخۆن و برسی نەبن. کوڕێکی خۆم کە ئێستا مامۆستایە، بەکۆڵمەوە بوو و بە بەتانییەک پێچابوومەوە. بەیانی گەیشتینە سەر پردەکەی لانەوان، لەسەر پردەکە وتیان: بپەڕنەوە، لەوانەیە ئەم بەیانییە بە کیمیایی لەم چەمە بدات. لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێمەدا ئێرانییەکان سرودی سەرکەوتنیان لێدەدا. لەوێ دایکم و باوکم و منداڵەکانیان خستە ئۆتۆمبێلی خۆیانەوە و من لەوان دابڕام. وتیان: با پیر و ژن و منداڵ بڕوات، گەنجەکانیش دواتر بڕۆن. ئەوان ڕۆیشتن، ئێمە هێشتا لەوێ بووین، هەرواش بوو. فڕۆکە هاتەوە کیمیابارانی کرد و بەر چاویشم کەوت، هەندێکی تر بە پێ ڕۆیشتین، ئۆتۆمبێلێکی خاوەر هات و سەرکەوتین، نزیکەی شەست کەس لەو لۆرییەدا بووین، ڕێگە نەبوو قاچ درێژ بکەیت بەهیچ لایەکدا، کەشەکەش زۆر سارد بوو، هەتا گەیشتینە کرماشان ئەو هەوایە دای لە چاوم. ئەوە بووە هۆکارێک بەبۆچوونی خۆم کە کاریگەریی کیمیاییەکەی لەسەرم کەمکردەوە تا گەیشتینە کرماشان. لەو کاتەدا فڕۆکەی عێراقی بۆردوومانی کرماشانیشی کرد. لای پرسگەکە بووین، لەو کاتەدا دابەزین خۆمان دا بە زەویدا، دواتر براینە قوتابخانەی تاڵەقانی لە هەرسین، ماوەی مانگێک لەو قوتابخانەیە بووین. ئەو مانگە زۆر سەخت بوو، خەریکی تیمارکردنی بریندارەکان بوون، من لە خێزانی خۆمان دابڕابووم. ئەوەبوو لەسەر سنوور لە یەکتر جیایان کردینەوە، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا ئەوسا توانیم سۆراغیان بکەم و بیاندۆزمەوە. من و دوو برادەرم لەو ماوەیەدا لە ژوورێکدا بووین، کاک حەمەفەرەج و ئەسعەدی کەبابچی، پێکەوەبووین، ئەوانیش وەک من دابڕابوون لە خێزانەکانیان. دواتر بەهۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەوە ناوی ئاغای گودەرزی بوو، جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی ئاغا فەرەج بوو، بە ماتۆڕی خۆیان لەگەڵماندا گەڕان تا لە ئۆردوگاکانی تر ئەوانمان دۆزییەوە و یەکمانگرتەوە. هەموو خێزان و کەسوکاری خۆم نزیکەی سی کەس دەبووین لە شوێنێکدا کۆبووینەوە، تەنها ژوورێکمان بەدەستەوە بوو. لەوێ خامنەیی هات بۆ سەردانمان. خامنەیی ئەوکات بە نوێنەرایەتی ئیمام خومەینی هاتبوو. وتی: دەتانگوازینەوە بۆ کرمان، من ڕووبەڕووی بوومەوە.

وتم: نارۆین، ئێمە لێرە دەمێنینەوە. وتی: تۆ کارت چییە؟ وتم: ئەندازیارم. دکتۆرەکانیش لە هەڵەبجەوە بوونە هاوڕێمان، ئەوانیش لەوێ بوون، وتیان: ئێمەش دکتۆرین و نارۆین. ئیتر زانی ئێمە خەڵکێکی خوێندەوار و خاوەن پیشەین و خۆیانوتەنی سەوادێکمان هەیە، ئیتر ئێمەیان نەنارد بۆ کرمان. دوای مانگێک لە قوتابخانەکەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ ئۆردوگای هەرسین. هەرسین شوێنێکە سەر بە پارێزگای کرماشان. ئۆردوگاکە دەکەوێتە دووریی دە کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی هەرسینەوە. ناوچەیەکی زۆر سارد بوو، خێمەیان هێنابوو... خێمەمان هەڵدا. نزیکەی مانگێکیش لەوێ بووین. لەو ماوەیەدا هەواڵم بۆ هات، وتیان: ماڵەکەت تالانکراوە لە هەڵەبجە. کاک ئاسۆی شێخ نوری، وتی: کاک جەبار فەرمان داوات دەکات، دەڵێت با بێتەوە بۆ سۆراغی ماڵەکەی، ئەوەی پێمان کراوە بۆمان گلداوەتەوە. کاکە حەمەی حاجی مەحمودیش شەڕی کردبوو لەسەر ماڵەکەی من، بەکورتی: بە هەر فەلاکەتێک بوو لەگەڵ خێزانەکەمدا گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە. ئەوەبوو لە گوندی خەرپانییەوە دوو مانگ دوای کیمیاباران هاتینەوە و چووینە ماڵەکەمان، بینیمان هیچی تیادا نەمابوو، تەنانەت سەقفی سانەوی ماڵەکەشم برابوو، کەلوپەل و زیاتر لە هەزار کتێبیشم هەبوو، هەمووی برابوون.

گەڕامەوە چوومە گوندی جەلیلیە. لەوێ بارەگای یەکێتی لێبوو. کاک جەبار فەرمان بەرپرسی ئەو سنووورە بوو، وتم: ماڵەکەم براوە، چۆن دەستم



دیمەنێک لە ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجە

بکەوێتەوە و کێ ئەمەی کردووە؟ تاخمی ژووری میوان و تەبڵەک و هەندێ شتمان لە ژوورەکەی کاک جەبار بوو، وتی: ئێمە ئەو شتانەی تۆمان هێناوە لێرە پاراستوومانە. من لای کاک جەبار دانیشتبووم، یەکێک لە پاسەوانەکانی هات، وتی: وەڵڵا کاک جەبار حەیامان چوو، وتی: بۆ حەیات چوو؟ وتی: خێزانەکەی کاک عومەر وتوویەتی ئەو فەرشانەی لاتانە، فەرشی ئێمەیە. لەو کاتەدا یەکێک لە چەکدارەکان فەرشەکەی تەکاندبوو و دابوویە بەر هەتاو. چەکدارەکان بە خێزانەکەمیان وتبوو فەرشی ئێوەی چی، ئێمە لە ماڵی عومەری عینایەت هێناومانە، لە شوێنێکی تریش هەندێ لە جلەکانی منی دۆزیبووەوە... ئیتر منیش زۆر تورە بووم، وتم: ئێوە دزن، یان پێشمەرگەن؟ چۆن شتەکانمان ئاوا پەرشوبڵاو بووە. کاک جەبار لێم تورە بوو، وتی: ئەوانە خەجاڵەت بن کاری وا دەکەن، شەڕە و هەموو شت لەژێر چاودێرییدا نییە.

ئەمە چیرۆکێکی دوورودرێژە، من ناڵێم هەموو حیزبێک هەموو ئەندامەکانیان وەک یەکن و خراپن، بەڵام لەناو هەموو حیزبەکاندا ئەوانەی لە هەڵەبجە بوون، کەسانی نەفسنزم هەبوون، بۆ پێویستی و بەرژەوەندیی خۆیان دەستیان بردبوو بۆ کەلوپەل و ماڵی ئەو خەڵکە لێقەوماوە. لەو ماوەیەدا هەڵەبجە بە دەست پێشمەرگە و سوپای ئێرانەوە بوو. منیش ئەو کاتە زۆر دەمگەرم بووم، خۆم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بووم، وتم: زۆر عەیبە پێشمەرگە بیت و دە ساڵ خەباتی خۆت بگۆڕیتەوە بە سەلاجەیەک، یان موجەمیدەیەک. هەروەها وتم: ئێمە لە ئۆردوگا هیچمان نییە، دێین ئەو کەلوپەلانە دەبەین دەیفرۆشین بۆ پێویستییەک تا پێی بژین، ئێوەش ئاواتان کردووە، چوومەتە ماڵەکەم، تەنها کاشییەکەی زەوی و سەقفەکەی پێوەماوە. لە ساڵی حەفتاو پێنجیش هەڵاتین، بەڵام کەس دەستی بۆ ماڵمان نەبرد. ئەویش وەڵامی دایەوە و وتی: کاکە چی بکەین کۆنترۆڵی ئەو هەموو هێزەمان پێ ناکرێت و سەرمایە، ئەوانیش بۆ پێویستییان ئەو شتانەیان هێناوە. ناتوانم لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەم. لیژنەیەکیان دروستکرد بە سەرکردایەتی دلێری سەید مەجید و حاکم قادر و مام وریا هاواری، وتیان: بڕۆن بگەڕێن بە شوێن شتەکانتاندا، هەتا لە شوێنێکدا جانتایەکی خۆم هەبوو، ناسیمەوە. ئەو کوڕەی جانتاکەی لابوو. وتی: لە بارەگایەکدا هێناومە خۆ کاکە تەنها تۆ لەم جۆرەت نییە، وتم: هی من ناونیشانێکی پێوەیە، بەو جۆرەیە، هێنایە دەرەوە، وتی: خوا ئەو کەسە خەجاڵەت بکات وا ئێمەی خەجاڵەت کرد، فەرموو ئەوە جانتاکەت. هەر لەناو

گوندی جەلیلەدا لەگەڵ فەوزییەی خێزانمدا بە شوێن شتدا دەگەڕاین، ئەوەبوو پێشمەرگەکە بە کاک جەباری وت: ژنێک وتوویەتی ئەو فەرشانە هی ئێمەیە، ئێمەش وتوومانە نا هی ماڵی عومەری حاجی عینایەتە. کاک جەباریش وتی: خوا بتانگرێت، ئەوە ژنی کاک عومەرە. ئیتر بە کوردییەکەی بڵێم تاڵان و بڕۆیەک کرابوو، ناکرێت بڵێین هێزی پێشمەرگە کردوویەتی، بەڵام خەڵکی نابەرپرس لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەبووە... هەروەها پاسداری ئێرانی و خەڵکی ئاسایی نەفسنزم ئەو کارەیان کردبوو. ئێمە و زۆری وەک ئێمە هیچی بۆ دەرنەچوو، کتێبەکانیشم فەوتان و بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە بۆ ئۆردوگا لە ئێران. ئەمە چیرۆکێکی زۆر دوورودرێژە، بە کورتی ئەوەت بۆ باس دەکەم، کە چووینەوە ئێران، لەوێ ماوەیەکیش بەندکرام لە ئێران، لەبەرئەوەی پێیان وترابوو من پێشتر سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە بووم، دواتر نوێنەری سوپای پاسداران هاتن وتیان تۆ ئەندازیاریت، وەرە لەگەڵمان کار بکە، وتم: نایکەم، زۆر پەست و بێزاربووین لەو دۆخە، وتم: دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان، من لە سەرەتادا بە ویست ئارەزووی خۆم ڕۆیشتم، بەڵام وایانلێکردم، کە بیر لە گەڕانەوە بکەمەوە.


– بۆ ماوەی چەند ڕۆژ هەڵەبجە بەدەست هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێرانەوە بوو؟

پێشمەرگە چەند ڕۆژێک، بەڵام سوپای ئێران تا مانگی (١٩٨٨/٨)، کە شەڕ وەستا.

ئەوەشت پێ بڵێم، ئەو ئێوارەیەی ئێمە گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە بۆ سۆراخی ماڵەکەمان، کاک جەبار فەرمان بە ئۆتۆمبێلی خۆی ئێمەی هێنا تا نزیکی هەڵەبجە. وتی: سوپای پاسداران لەوێیە، ئێمە لەم سنوورە زیاتر ناتوانین بێینە پێشەوە و بچینە ناو شار. پاسداری لێیە خەڵکی نەفسنزم دزیی و تاڵانی کردووە و ڕێگە نادەن بچین. لە (١٩٨٨/٣/١٦) تا (١٤)ی تەمموزی (١٩٨٨) هەڵەبجە بەدەست سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بووە. ئێران کشایەوە، دوای ئاگربەست و کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران لە (١٩٨٨/٨/٨)، سوپای عێراق گەڕایەوە ئەو سنوورە و شوێنی پێشوو تا سنووری نێوان عێراق و ئێران. لەو ماوەیەدا شارەکە بە دەست ئێرانەوە بووە، هەتا ماڵەکەی من کرابوو بە بارەگای سوپای پاسداران، چونکە خانوویەکی گەورەبوو. وێنەیمان

هەیە بە فارسی لەسەری نووسراوە، بەو هۆیەشەوە دواتر عێراق گرتییەوە و تەقاندییەوە. نەشیانهێشتبوو پێشمەرگە بێتە ناو شارەوە بارەگا بکاتەوە. سوپای پاسدارانی ئێران کەوتبوونە بردن و گواستنەوەی عامود و تێل و ویستگەی کارەبا لەناو شاردا، هەروەها بردنی هەرشتێک کە بەکەڵک بێت لە هەڵەبجەدا و هەر ئەوانیش یانەی هەڵەبجە و تاقیگەکەیان تەقاندەوە و کەوتنە وێرانکردنی شارەکە، ئێران نەیهێشت دەنا هێزی پێشمەرگە بەرنامەی وابوو کە هەڵەبجە بکاتە بنکە و پێگەیەک کە لەوێوە کار بکات بۆ ڕزگارکردنی شارەکانی تر، بەڵام وەک ئەوەی ڕێکەوتنی نێوان ئێران و عێراق خۆیان بێت، شارەکەی وێرانکرد و نەشیهێشت هێزی پێشمەرگە بێتە ناو شارەکەوە، خۆیشی نیازی مانەوەی نەبوو لەو شوێنەدا، بۆیە لە ماوەی ئەو چەند مانگەی بەدەستیانەوە بوو، ئەوەی بەکەڵک بێت، بردیان، نیازیان خاپورکردنی بوو. ئیتر وایانلێکردین بێزار و نائومێدبین.

لە شۆڕش و لە ئێرانیش بێ ئومێد بووم. بڕیاری خۆم دا و لە ڕێگەی کاکە حەمەی حاجی مەحمودەوە نووسراوی بۆ کردم و لە سنووری ڕێگەی سەردەشتەوە بەرەو عێراق گەڕاینەوە. لای بارەگای حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە، ئەو کاتە بارەگایان هەبوو لەناو عێراقدا.



ئاڵا و سروشت عومەر عینایەت، هەڵەبجە، (١٩٨٤)

منیش کاتێک کە کاکە حەمە نووسراوی بۆ کردم. دەبوو نووسراوی یەکێک لە حیزبەکانت پێبێت و بێیتەوە بە ڕووی عێراقدا، دەنا ئێران ڕێگەی پێ نەدەدایت بەویستی خۆت بگەڕێیتەوە. منیش هاتم لەسەر سنوور چووینە لای پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران. ئەوان ئەوکات حکومەتی عێراق پەنای دابوون، لەبەرئەوەی دژی ئێران بوون. هەردوو وڵات کوردیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنا. پێشوازییان لێکردین، ڕۆژێک لە سنووری گوندی سینەمۆکە بووین، کە ئەوان پێیان دەوت زیندان، لای پیاوێک بووین ئەوان بە کاک حەمە نەوزل بانگیان دەکرد، لەوێ پشوومان دا و خۆمان شۆرد، ماوەیەکی تر بە پێ ڕۆیشتین و بردیانین بۆ لای بارەگای شەهید دکتۆر قاسملۆ، ئەویش میواندارییەکی باشی کردین و دوو شەو لای ئەو ماینەوە. دواتر دکتۆر قاسملۆ بە ئۆتۆمبێلی خۆیان پیاوێکی خستە تەکمان، کە ناوی حەمزە بوو و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکرات بوو لە سلێمانی، خۆی لە پێشەوە سواربوو، کە گەیشتینە پرسگەی سەربازیی حکومەتی عێراق لە کورتەک، شوێنێکە لەو سنوورە. یەکسەر ئەو دابەزیی و وتی: کەس بۆی نییە قسە بکات، ئێمە لە پاسێکی (٢١) کەسیدا بووین، سەرنشینەکانی ئەو پاسە هەندێکی ئێرانی بوو (١٣) کەسیشی ئێمەی عێراقی بووین. چووە خوارەوە و هاتەوە، وتی: ئەوەی ئێرانییە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا بمێنێتەوە، ئەوەشی عێراقییە با دابەزێت. پاشان ئێمە دابەزین و بردیانینە ژوورێکەوە، ئیتر ئێمەش لەو ساتەوە دەستگیرکراین. لەوێوە هێنایانین بۆ چوارقوڕنە و لەناو سەربازگەکەی ئەوێ دایاننایین، لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان براین بۆ موخابەراتی سلێمانی، لەوێشەوە بۆ ئەمنی سلێمانی. لە ئەمنی سلێمانییەوە بۆ ئەمنی کەرکوک. حەڤدە سەعات لە قەندیل و پشدەرەوە بە پێ هاتین، ئێمە زوو گەڕاینەوە، هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتبوو. وابزانم سەرەتای مانگی شەش بوو، چونکە (١٩٨٨/٥/٢٩) ئێمە لە سەردەشت بووین. خۆم و خێزانم، سێ کچ و کوڕێکم، گەورەکەیان دە ساڵ بوو، بچووکەکەشیان سێ ساڵ بوو، لەگەڵ سێ خوشکم: بەیان و ئاواز و دڵخواز. خوشکەزایەکم ئەحمەدی ناوە، کوڕێکی ترمان لەگەڵدا بوو بە ناوی کاک یونس، لەگەڵ دکتۆر ئاراس و دکتۆر محەمەد نوری. ئەم سیانزە کەسە پێکەوە هاتینەوە و پێکەوە دەستگیرکراین. لە ڕۆژی (٥) یان (١٩٨٨/٦/٦) ئێمە گەیانرابووینە ئەمنی کەرکوک. لە ئەمنی کەرکوک ژن و پیاویان لە یەکتر جیاکردەوە. ئێمە براینە ژێرزەمینەکەوە، کە دەستگیرکراوی تری زۆر لێبوو، لە

زیندانی سیاسی و خەڵکی تریش. دواتر براین بۆ هەیئەی سەرەکی لە بەغدا، پاشان براینە ئاسایشی بەغدا، ئینجا هێنراینەوە بۆ هەمان شوێن لە کەرکوک. هەتا جارێک لە حەمامەکە خۆمشۆرد زۆریان لێدام و وتیان: حەمامیمان دانەناوە بۆ ئێوە. زۆر زۆریان لێدام لەسەر ئەو خۆشۆردنە لە شوێنێکی لای تەوالێتەکە بوو، وتیان: بۆت نییە خۆت بشۆریت. لەو کاتەدا کوڕێکم هەیە کە ناوی ڕەوەندە، تەمەنی سێ ساڵ بوو ئەوکاتە، ئاوی بۆ هێنام. لەبەر ئەو هەتاوە ئەو منداڵەیان بە بۆرییەکەوە بەستەوە لە حەوشەکەدا. نزیکەی شەش تا حەوت سەعات ئەو منداڵە بە بەر ئەو خۆرەتاوەوە بوو. ملی بەملاو ئەولادا دەکەوت، دایکیشی لەوبەرەوە بوو و هاواری دەکرد. منیش لەمبەرەوە هاوارم دەکرد. دواتر بە ویستی خۆیان ئازادیان کرد و وازیان لێهێنا، تەنها لەبەرئەوەی لە یەک نزیک بووین، ئەو منداڵە تۆزێک ئاوی بۆ هێنام...

شەوێک لە ئەمنی کەرکوک بانگکراینە سەرەوە، من و فەوزی و چوار منداڵەکەم. هەر لێپرسینەوەیان لێ دەکردین، منداڵەکانیش لەبەردەستماندا لەسەر ئەو کاشییە ڕەقە خەویان لێکەوتبوو. لێپرسینەوەکە هەر درێژەی کێشا، منداڵیش لەوێدا خەوت، یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوە بوو، بە عەرەبی وتی: (من ضرب حلبجە بالكيمياوی)، واتا کێ بە چەکی کیمیاویی لە هەڵەبجەی دا؟ من پێشتر بە هەموو منداڵەکانی خۆمان وتبوو لە هەرکوێ ئەم پرسیارەیان لێکردن، بڵێن ئێمە لە ژێرزەمین بووین، نازانین کێ بوو. نە بڵێن ئێران بووە، نە بڵێن عێراق بووە. ئیتر بەمە ڕزگارمان دەبێت، وتم: نازانم ئێمە لە ژێرزەمیندا بووین، فڕۆکە هاتووە و لێیداوین، نازانین عێراقی بووە، یان ئێرانی، کە ئەوەم وت، کابرای ئەفسەر زۆر لە من توڕە بوو، هەستایەوە زللەیەکی لێدام. هەرچەند ویستیان بڵێین چ لایەک نەمانوت: یەکێکی تریان وتی: ئێمە بووین، یان ئێران. دوور لە ڕووی ئێوە دایکی هەڵەبجەمان... بە عەرەبی ئەوەی وت. ئیتر دوای ئەوە یەک دوو زللەی تریان لە من دا و منداڵمان بە گریانەوە هەستان و براینەوە بۆ شوێنی پێشوومان، ژن و منداڵ بۆ لای زیندانی ژنان، منیش بۆ ناو زیندانی پیاوان.

زۆرمان بەسەرهات، ئەمە بەکورتی پێت دەڵێم. ئیتر ئەوە دۆخەکەمان بوو هەتا (١٩٨٨/٩/٢٤)، کە بڕیاری لێبووردنی گشتی دەرچوو. ئەوکاتە هێنراینە حەوشەکە سەیر دەکەم پیاوێکی خزممان ناوی کاک حەمە سەعید بوو، چاوەڕێی دەکردین، لەگەڵ پۆلیسێکی تەسفیراتدا هێنایانینەوە بۆ سلێمانی، لە

سلێمانیش براینە ئەمنە سوورەکە، دواتر براینە تەوارییەکە. لە تەوارییەکەش بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕایانگرتین، وتیان: تۆ برایەکت موخەریبە، واتا پێشمەرگەیە، بەڵێ ئەوکات برایەکم پێشمەرگە بوو. وتیان: بۆ ناوت نەهێناوە؟ وتم: ئێوە باسی ئەوتان لە من نەپرسیوە، دوای ئەوە ئەو ژن و ماڵی خۆی هەیە و منیش ژن و منداڵی خۆم هەیە و کارم بەسەر ئەوەوە نییە. ئیتر دوای ئەوە ئازادیان کردین. لە سلێمانی ئەو ئەمنە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم ناوی (مولازم خالید) بوو، ئەوی دیکەیان ناوی (مولازم ناجی) بوو.

ئەو ناجیە پێشتریش دەمناسی، زۆر ڕقی لە من بوو، جارێکیان ئەو کاتەی سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە بووم، دەهاتە ناو فەرمانگەکەمان بۆئەوەی کچەکان بێزار بکات. منیش لێی توڕەبووم و دەرمکرد. ئەو ڕقەی هەر لە دڵدا بوو بەرامبەر بە من، هەر بە مەبەستیش ئەو هەفتەیەی تر لە سلێمانی هێشتیانینەوە و لەناو کابینەیەکدا بووین، کە هەروەک شوێنی ئاژەڵ و شت وابوو. لەوێ گوێم لێبوو ئەو مولازم ناجیە بە چپەوە بەوی تری وت: ئەمە باوکیشی دەستگیرکراوە، ئیتر لەوێ زانیم کە باوکیشم دەستگیرکراوە. دواتر کە باوکم ئازاد بوو، ئەویش دوای بڕیاری لێبووردنەکە لە تۆبزاواوە هاتەوە، ئەویش وتی: ڕۆڵە منیش زانیومە ئێوە دەستگیرکراون، منیش کە لە ئەمنی سلێمانی دەستگیرکراوم نەیانزانیوە کە من عەرەبی دەزانم، وتوویانە ئەمە باوکی عومەری ئەندازیارە. ئەوەی زۆر ئازاریدام، ئەوەبوو کە دوای ئێمە باوکم و دایکم و ماردینی برازام گەڕابوونەوە، برابوونە ئەو هۆڵانەی لە تۆبزاوا


عومەر عینایەت و باوکی، هەڵەبجە، بەر لە ساڵی (١٩٨٨)

ئەنفالەکانی پێشووی لێبوو. ئەوانیش نۆرەیان نەگەیشتبوو دەنا حکومەت پیلانی ئەوەبوو کۆمەڵکوژیان بکات. ئیتر لەوە زیاتر ڕایاننەگرتین لە سلێمانی، لەبەرئەوەی بڕیاری لێبووردن دەرچووبوو. ئەو کاتەی لەوێ دەرچووین کات نزیکی ئێوارە و شەو بوو، وتیان: نابێت لە سلێمانی دانیشن، دەبێت بڕۆن بۆ ئۆردوگای بەرحوشتر و گردەچاڵ لە سنووری پارێزگای هەولێر، ئەویش زۆر ناخۆش بوو، خۆمان پێنەگیرا، ماوەیەکی کەم لەوێ ماینەوە، پاشان خۆمان دزییەوە و بە نهێنی هاتینەوە ناو شاری سلێمانی.

لە سلێمانیش نەماندەوێرا زۆر خۆمان دەرخەین، من ناسنامەی ئەندازیارییەکەم پێبوو لە هەرکوێ تووشیان بوومایە ئەوەم نیشانی ئەمنی سلێمانی دەدا، باشبوو ئەوە کەمێک یارمەتی دەدام. ڕۆژێکیان ئەو ناسنامەیەم پێ نەبوو لە ئەسحابەسپی دەستگیرکراین. دیسان سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و براینەوە بۆ بەرحوشتر و گردەچاڵ لە ناوچەی هەولێر. دیسان خۆمان دزییەوە و هاتینەوە، ئیتر بە نهێنی و کوللەمەرگی تا ماوەیەک ژیانمان بردەسەر، دوایی وتیان: بڕیارێک هاتووە، کە هەڵەبجەییەکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کارەکانیان، یەکەمجار کۆمەڵێک گەڕێنرانەوە و ئێمەی تیادا نەبووین.

لە کۆمەڵەی دووەمدا ئێمەش گەڕاینەوە سەر کارەکانمان، فەوزیەی خێزانیشم مامۆستا بوو، ئەویش چووەوە سەر کاری خۆی. من بوومەوە بە ئەندازیار لە شارەوانییەکانی سلێمانی، دواتر کە عێراق کوێتی داگیرکرد و شەڕی کوێت ڕوویدا، داواکرام بۆ سەربازیی، من متەخەلیف بووم، هەروەها خوێندنی باڵاشم تەواوکردبوو، دواتر بوومە سەربازی بڕیاری (٣٦و ٣٧)، ئەوە واتا سەربازی پلە دوو. بەو بڕیارە برام بۆ سەربازیی بۆ سنووری پارێزگای کەرکوک، لەوێش ماوەی سێ مانگ سەرباز بووم. دواتر بڕیارێک هات ئەوانەی خوێندنی باڵایان تەواوکردووە لە سەربازیی ببەخشرێن، دوای ئەوە گەڕامەوە سلێمانی، لە سلێمانیش لەبیرم چوو ئەوەت پێ بڵێم کە سەرەتا گەڕاینەوە، ڕێگەیان نەدا بچینەوە سەر کارەکانمان.

پێش کیمیاباران من ماڵێکم هەبوو لە عەربەت، ئەوکاتەی لە کارگەی قیر بووم، ماڵێکی تەواو بوو بە کەلوپەلەوە بە کرێ پێیان دابووم. چووم گوایە پاکی بکەمەوە و منداڵەکانم ببەمە ئەوێ، بینیم ماڵێکی گەرمیانی تیادایە، پیاوێکی بەڕێز هات بەدەممانەوە وتی: چییە کاکە فەرموو؟ وتم: وەڵڵا ئەمە ماڵی من بوو، وتی: ئەی چۆن؟ کاکە ئەمە ماڵی ئێمەیە. وتم: چۆن ئەمە ماڵی من بوو

پێشتر. وتی: ناشێ تۆ کاک عومەری ئەندازیار بیت. وتم: بەڵێ ئەوم. وتی: وەڵڵا خەجاڵەتم چی بکەم، دوای ئەوەی وتیان تۆ چوویت بۆ ئێران و ناگەڕێیتەوە، ئێمەش داوای خانوومان کرد، ئەمەیان پێدام. وتم: ئەی کەلوپەلەکانم؟


وتی: وەڵڵا فەرمانگەی ئەمن هەموویان بردووە، ئیتر ئا بەو شێوەیە دوو ماڵم بەتاڵانبراو کەوتمە سەر ساجی عەلی. هەوڵم دەدا ئیشێک بکەم، ئەوەبوو ویستم لەگەڵ کۆمپانیایەک ئیشێک بکەم، کە دەبوو بچم لە پارێزگای سلێمانی ڕێگەم بدەن وەک ئەندازیاری مقاوەلات لەگەڵ کوڕێکدا کە مقاوەلاتی هەبوو، ناوی کاک سالّح بوو، چوومە لای پارێزگاری سلێمانی ئەو کات، کە شێخ جەعفەر بوو، جێگرەکەی ناوی سالّح زۆراب بوو، سەرۆکی لیژنەی ڕێگەپێدان بوو. کارێک بۆ ئەم کاک سالّحە دەرچوو بوو، چوومە ژوورەوە بە کاک سالّحی وت: ئەندازیارەکەت بێنە، ئەویش وتی: ئەمەیە.

وتی: وەڵڵا ئەمە ئەندازیارت بێت پرۆژە نادەین بە تۆ، وتی: ئەمە یەکەم جەلالییە، دووەم حەوتسەد و سیوشەشە، سێیەم لە ئێران هاتووەتەوە، چوارەم هەڵەبجەیی بێت. ئەم کابرایە هەزار تۆمەتی هەیە، هەر ئەوەیە نەگیراوە و ڕێگەیان پێداوە بژی، ئەگینا ئەمانە هیچ مافێکیان بەسەر حکومەتەوە نییە. منیش پێشتر ئەو کابرایەم دەناسی، لێی تووڕە بووم، هەندێ ناسیاو لەوێ بوون و کەوتنە نێوانمانەوە، وتیان: کاکە تۆ بۆ وادەکەیت بەرامبەر ئەم کوڕە، ئەم لێی قەوماوە و هیچ کارێکی نییە، چۆن وای پێدەڵێیت؟

وتی: نەخێر ئەمانە مافی ئەوەیان نییە و مافی ژیانیشیان نییە. منیش لێی توڕەبووم و مێزەکەم بە ڕوویدا هەڵگێڕایەوە و وتم: منەتت بەو پێڵاوانەم، ئەو نانەی لە ناوچاوانی تۆ دەستم بکەوێت هەر نامەوێت، ئیتر هاتمە دەرەوە لەوێ، لەو کاتەدا مامۆستایەکی خۆم بینی، کە ناوی گوڵاڵە بوو، ئەویش ئەندازیار بوو، وتی: ئەوە چییە چی دەکەیت لێرە؟ وتم: بڵێم چی، ئەوە دۆخەکەیە. وتی: بەیانی وەرە بۆ چەمچەماڵ من کارێکت دەدەمێ. منیش بەیانی چووم بۆ لای بۆ چەمچەماڵ، لەوێ ئەو ژنە پرۆژەیەکی پێدام ماڵی ئاوابێت. لەوێوە دەستم کرد بە کارکردن. تەکسییەکیشم پێبوو دوانیوەڕوان دەرفەتم بووایە کاری تەکسیم دەکرد. بە کوللەمەرگی دەژیاین و ئەو کارانە وایکرد من جارێکی تر لەسەر پێی خۆم بوەستمەوە، تا شەڕی کوێت هات و دیسان جارێکی تر برامەوە بۆ سەربازیی، هەر بە بڕیاری حەوتسەدو سیوشەشەکە سەرباز بووین، هەتا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١).

ماڵی خوشکێکیشم، کە ناوی سەربەنازە، خۆی و منداڵەکانی و هاوسەرەکەشی ئەوانیش کە دواتر هاتبوونەوە، دەستگیرکرابوون و بران بۆ زیندانی نوگرەسەلمان، واتە خێزان و بنەماڵەی ئێمە لە سێ زیندانی جیا جیا بووین لەو ساڵەدا.

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی گەڕابوومەوە سەر کار، لە فەرمانگە بووم، فەوزییەی خێزانم هات دەستی مازیاری کچمی بەدەستەوە بوو، وتم: بۆ هاتوویت؟ وتی: مازیاریان لە قوتابخانە دەرکردووە و وتوویانە نابێت دەوام بکات، لەبەرئەوەی هەڵەبجەیین. بە کورتییەکەی لە دۆخێکدا بووین بە هەموو جۆرێک ڕێگەی ژیانیان لێدەگرتین، تەنها ئەوەبوو بە ئازادیی هەوامان هەڵدەمژی... ڕۆژێکیان لەبیرمە لەو ماوەیەدا دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لەو کاتەدا ماڵمان لە گەڕەکی ڕزگاری بوو لە سلێمانی. بینیم موختارەکەی گەڕەکی ڕزگاری بڵندگۆیەکی بەدەستەوە بوو، هاواری دەکرد ئەی خەڵکی گەڕەک، هەر ماڵێک خەڵکی هەڵەبجەیی لە ماڵەکەیدا بگرین، خانووەکە دەڕووخێنین بە سەریدا، ئۆتۆمبێلێکی ئەمن بەدوایانەوە بوو و بە گەڕەکدا دەگەڕان. لەو کاتەدا کاک محەمەدی زاوامانم لەگەڵدابوو، چووە لایەوە و وتی: توخوا کاکە ئەوە کارە، یان گەوادییە تۆ دەیکەیت، یان موختاری. ئەویش ناسیاو بوو، وتی: وەڵڵا مامۆستا گەوادییە، بەڵام چی بکەین، خۆم ماڵ



ماردین حەمەسەعید عینایەت، سروشت، ئاڵا، مازیار عومەر عینایەت، هەڵەبجە، (١٩٨٦)

بەماڵی هەڵەبجەییەکان دەزانم، بەڵام ناهێڵم دەستیان بگاتە هیچ ماڵێک، دەزانم ئەوەی لەگەڵتایە یەکێکە لەوانە. بەڕاستی موختارەکە پیاو بوو، بەڵام بەناچاریی ئەوەی دەوت.

بەوجۆرە ژیاین تا ڕاپەڕین لە (١٩٩١/٣/٧) گەیشتە سلێمانی، ئێمە لە ڕۆژی (٣/٩) چووینەوە بۆ هەڵەبجە، کە چوومە هەڵەبجە، بینیم ماڵەکەم ڕووخاوە و حیزبی بەعس بە تی ئێن تی تەقاندبوویانەوە. گەڕەکیان هەمووی تەقاندبووەوە، کەم شوێن مابوو، کە گەڕاینەوە چووینە سەر کەلاوەیەک، ئیتر کە ڕاپەڕین تێکچوو و کۆڕەو دەستی پێکردەوە، ماڵەکەمان لە سلێمانییەوە بردەوە بۆ هەڵەبجە، لە هەڵەبجە ماینەوە تا دۆخەکە ئاسایی بووەوە و دووبارە ڕژێمی بەعس دوورخرایەوە. دوایی خۆمان لیژنەیەکمان دروستکرد بە ناوی (لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە)، من سەرۆکی ئەنجومەنی ئەو لیژنەیە بووم، هەوڵ و کۆششی زۆرمان دا لەو بوارەدا و کارەکانی ئەو لیژنەیەم کردووەتە کتێبێک بە ناوی (ژاری من)، خوا یاربێت ئەو کتێبە دەبینیت، واتا بەرهەمەکانی من...

سێ پرۆژەی گەورەمان دیاریکرد، یەکەم هەنگاومان: پاککردنەوەی ناو هەڵەبجە بوو لە پاشماوەکانی شەڕ، دووەم هەنگاو: بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە لەگەڵ ڕێکخراوی فرانسلیبەرتی. یەکەم شۆفڵ کە بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بەکارهات، من بەکارمهێنا بۆ پاککردنەوەی، کە شۆفڵێکم لە کاک عەلی فەتاح وەرگرت، لەگەڵ گرێدەرێکدا لە قەڵاچوالان. هێشتا سوپای عێراقی لە سلێمانیدا بوو، ئێمە ئەو ئامێرانەمان بردە هەڵەبجە، ئیتر کە حکومەتی عێراق کشایەوە، هێشتا حکومەتی هەرێم دانەمەزرابوو، من گەڕامەوە سەر کارەکەم بۆ شارەوانیی سلێمانی و دەستم کردەوە بە کار و کاسبیکردن



ڕەوەندی کوڕی و کچەکانی عومەر عینایەت، (٢٠٢٢)

لەگەڵیدا. ئەوکات دەرمانمان دەهێنا لە ئێرانەوە، کە ئەو کارە باش بوو و هەندێ لە ڕووی ئابوورییەوە خۆم گرتەوە، ئەو کارەش هەر ئەو گوڵاڵەخانە پێیدام. بەڕاستی ئەو مامۆستایەم بناغەی دروستبوونەوەی من بوو، بەردەوام چاکەیم لەبیرە... ئێمە لە هەڵەبجە پێشتر باوکم دیوەخانی خۆی هەبوو، بەڵام کە لە سلێمانی بووین هەموو پێکەوە دەژیاین و من سەرچاوەی داهاتیان بووم. پێشتر هەموو موڵک وماڵمان لە هەڵەبجە بوو، هیچ شتێکم نەبوو لە شوێنێکی تر. پاش ماوەیەک ڕێکخراوێک هات بە ناوی (ڕێکخراوی فاو)، چووم دوو ساڵ لەگەڵ ئەوان کارم کرد، دواتر چوومە ڕێکخراوی (هابیتات) و نزیکەی سێ ساڵیش لەوێ کارمکرد، تا ڕووخانی سەدام لە ساڵی (٢٠٠٣).

لە ساڵی (٢٠٠٤) ڕۆژێکیان دکتۆر بەرهەم تەلەفۆنی بۆ کردم، دکتۆر ئەو کاتە سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی بوو. من ئەو کاتە لە کارگەی خشتەکەی ئاسۆ بامۆکی کارم دەکرد لە چەمچەماڵ لای تەکیەوە، وتی: خەریکی چیت؟ وتم: ئەندازیارم لە شارەوانییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی کارمان کەمە، خەریکی ئەم کارەشم. وتی: ئەی بۆ کارێکمان بۆ ناکەیت، فەرمانت بۆ دەردەکەم بۆ بەڕێوەبەری وەبەرهێنان. وتم: کاک دکتۆر بەرهەم ئەوە بە من ناکرێت و من یەکێتی نیم، لێمگەڕێن بۆ خۆم لە دەرەوەی حکومەت کار بکەم، وتی: تۆ فەرمانبەری حکومەتی، یان نا؟ وتم: بەڵی فەرمانبەرم. وتی: دە تا سبەینێ بیری لێبکەرەوە و وەڵامم بدەرەوە. بۆ سبەینێ وتی: چیت وت؟ وتم: وەڵڵا پێم ناکرێت.

وتی: ئەوە فەرمانەکەمان بۆ دەرکردیت و دەبێت ببیە بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان، منیش قسەی ئەوم نەشکاند و ئەو پۆستەم وەرگرت تا ساڵی (٢٠٠٩)، کە حکومەتی هەرێم یەکیگرتەوە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، کاک عومەر فەتاح بووە جێگری سەرۆکی حکومەتی یەکگرتوو. داوای لێکردم وتی: وەرە بۆ هەولێر وەک بەڕێوەبەری گشتی، وتم: بە پلەی وەزیری دێم، بەڵام وەک بەڕێوەبەری گشتی نایەم، وتی: وەزیری پلەیەکی سیادیی و سیاسییە، وتم: کاکە منیش کۆمەڵە بووم لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا... لە ساڵی (١٩٧٨) تا ساڵی (١٩٨٨) تا ئەو ڕۆژەی بە کاک جەبار فەرمانم وت من ماڵەکەم تاڵانکرا لە سایەی دەستی ئەو پێشمەرگانەی من لە حیزبەکەیدا بووم، ئیتر لەم ڕۆژەوە من کۆمەڵە نیم. ئیتر بۆ ئێستا مافی ئەوەم نەبێت ببم بە وەزیر.

کاک عومەر فەتاحیش وتی: وەزیری ناکرێت. ئەگەر وەک بەڕێوەبەری گشتی

دێیت دەتوانیت بەردەوام بیت، وتم نایکەم، ئەویش وتی: ئەی چی دەکەیت؟ وتم: دەست لە کاری بەڕێوەبەری وەبەرهێنان دەکێشمەوە. ئیتر لەوەوە دەستم لە کاری بەڕێوەبەری گشتی هەڵگرت و وەک ئەندازیارێکی ئاسایی بوومەوە بەرپرسی بەشی ئەندازیاریی لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی. پاش ماوەیەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هاتە پێشەوە، من پاڵێورام بۆ پەرلەمانی عێراق لە لیستی بزووتنەوەی گۆڕاندا.

ئەو کات من لە گۆڕاندا نەبووم، بەڵام وتیان: وەرە خۆت بپاڵێوە، منیش وتم: وەک سەربەخۆیەک دێمە ناو لیستەکەتان. ئەوانیش منیان خستە لیستەکەیانەوە کە (٣٢) سیودوو کەس بووین، لەو سیودوو کەسە من پێنجەم کەس بووم. یانزە هەزار و سەدو حەفتاوسێ دەنگم هێنا، هەر ئەو شەوە ناوەکانیشمان دەرچوو. ئێمە لە ماڵی خۆمانەوە ئاهەنگمان دەگێڕا، ئەوەندەی پێنەچوو ناوەکەی من لابرا، وتیان: بەهۆی کۆتای ژنانەوە کوێستان عەبدوڵڵا لە چەمچەماڵ خرایە شوێنەکەم، کە دەنگی لە منیش کەمتر هێنابوو، بەهۆی سیستمی کۆتاوە ئەو سەرکەوت بۆ پەرلەمانی عێراق. دواتر لە ساڵی (٢٠١٣) کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرا، هەر لەسەر لیستی گۆڕان خۆیان منیان پێشنیارکردەوە و لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتم بۆ پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمدا و ئەندامی پەرلەمان بووم، لە (٢٠١٣) بۆ (٢٠١٨). ئێستاش هەندێ کاری ئەندازیاریی دەکەم ئەگەر هەبێت، یان وەک ڕاوێژکاری ئەندازیاریی ئەگەر کەسێک داوام لێ بکات. ئەگەر نا بەشێوەیەکی گشتی خانەنشینم و کارێکی سەرەکیم نییە. لە کاتی پەرلەمانتاریشدا و کاتی کێشەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی، داوایان لێکردم دوای یوسف محەمەد ببمە سەرۆکی پەرلەمان. وتم: لەم دۆخەدا پشت لە حیزبەکەی خۆم ناکەم و نەشمکرد، شکۆی خۆم دەپارێزم.

یەکێتیش هەمان پێشنیاریان کرد، بەڵام بەو هۆکارانە نەمکرد. چەند ساڵێکیشە سەرقاڵم بە نووسینەوەی ڕووداوەکانی ژیانم لە شێوەی ڕۆمانێکدا، کە کارێکی بەڵگەیی و خەیاڵییە و ناوی خۆیشم گۆڕیوە، لەبەرئەوەی تێکەڵی فەنتازیای ئەدەبیم کردووە. وەکو ژیانی تایبەتیش لە ساڵی (١٩٧٧) خێزانم پێکهێناوە و هاوسەرەکەم فەوزیە، خەڵکی شاری خانەقینە، لە قۆناغی زانکۆ یەکترمان ناسی و هاوسەرگیریمان کرد. لە هەمووی گرنگتر ئەو شیعە مەزهەبی خانەقینی و من سوننە مەزهەبی عومەر ناو، بەڵام ئەوانە نەبوونە ڕێگر و دایکی پێنج منداڵمە و هەموو ئەو ڕۆژە سەخت و خۆش و ناخۆشەمان پێکەوە بەسەربرد،

کە کیمیابارانی هەڵەبجە ڕوویدا، من و خێزانم چوار منداڵمان هەبوو، دواتریش لە زیندان گەڕاینەوە کوڕێکی ترمان بوو.
ئێستا هەر پێنجیان گەورەبوون و لەسەر کار و ژیانی خۆیانن. ئارمان دەرچووی بەشی کۆمپیوتەرە، ڕەوەند گیان، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی و کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریشی تەواوکردووە، مازیاری کچم مامۆستایە.

* وێنەکانیان هی دوو قۆناغی جیان، سوپاس بۆ خودا گەیشتنە ئەم قۆناغە و ڕۆژگارێکی سەختیان بینی.
کەسایەتییەک هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، کە ئێستا پەیکەری بۆ کراوە لەناو هەڵەبجەدا، ناوی (تۆفیقی کارەبایە). ئەو کاک تۆفیقە بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارەبا بوو لە هەڵەبجە. شەوی (١٥-٣/١٦) بینیم لەناو هەڵەبجەدا، کە زۆر تورە دیاربوو، وتم: چییە کاک تۆفیق بۆ وا بێزار دیاریت؟
وتی: بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم چووم تا ملەی سازان، بۆئەوەی بەرەو ئێران بڕۆین، دەزانم دۆخەکە باش نییە. پیرۆز و ئاواز و منداڵەکانی تریشم پێبوو، پیرۆز خێزانی بوو، ئاواز کچی بوو، وابزانم سێ کچ و کوڕێکی هەبوو.
وتی: ئۆتۆمبێلەکەیان لێسەندم و نەیانهێشت بڕۆم. سێ تەلاقم کەوتبێت بشکوژرێم دەرناچم لە ماڵ. بەخوا کەسیان دەرنەچوون لە ماڵەکەی خۆیاندا و شەهید بوون. ئێستا پەیکەری بۆ کراوە دوای چی...؟! پێشمەرگە و سوپای پاسداران پرسگەیەکیان دانابوو ڕۆژێ پێش ڕووداوە گەورەکە و نەیانهێشت سەرەتا خەڵک دەرچێت، بۆ ڕۆژی دواییش کە ئەو هەموو فڕۆکەیە لە هەڵەبجەیان دەدا و خەڵک بەدەم هەڵاتنەوە شەهید و بریندار دەبوون، سوپای ئێران بەو هەموو چەکەیەوە بە فیشەکێک بەرگریی لەو خەڵکە نەکرد...!
ئەوەش بڵێم: عومەری خاوەر برای حەمەعەلی ئەوبەریە، ئەو پیاوێکی جوان و قۆز و قەشەنگی هەڵەبجە بوو، نانەواخانەی هەبوو. عومەری خاوەر هەشت کچی هەبوو، کوڕی نەبوو. لەو دواییانەدا دوو کوڕیان بوو بە دووانە، ئەوەی وێنەکەش یەکێکە لەو دوو منداڵە دووانەیەی کە لە باوەشیدایە و پێکەوە شەهیدبوون، کەسیان دەرنەچوون و هەموویان شەهیدبوون. کاک عومەر یەکێک لە کوڕە هەرەجوانەکانی هەڵەبجە بوو. وەکو تەمەن لە من گەورەتر بوو، لەوانەیە لەنێوانی ساڵانی (١٩٣٥) یان (١٩٣٦) بێت. بە بۆچوونی خۆم وا دەڵێم. دەمبینی پیاوێکی کەشخە بوو، هەمیشە بە جلی شاڵ و کڵاشی هەورامییەوە

دەردەکەوت، وابزانم برایەکی لە ژیاندا ماوە و دەتوانیت بیدوێنیت...

گێڕانەوە لەبارەی هەڵەبجەوە تەواو نابێت. ئەوەیە هەریەکەمان بەشێکین لەو ڕووداوانە و هەر بەشێکیش لەو مێژووەمان پێ دەگێڕدرێتەوە.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، کە لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/١/٣٠) دەستی پێکرد و بە چەند پەیوەندییەک زانیارییەکانی لێوەرگیرا، ئێمە لە هەولێر و کاک عومەریش لە سلێمانی.



**فەوزیە عەلی بەگ ئەمین حەسەن**
**لەدایکبووی خانەقین، ساڵی (١٩٥٣).**

- خاتوو فەوزیە، کە هاوسەری کاک عومەریت، تۆش تووشی گرفت و ناخۆشییەکانی ڕۆژانی ئەنفال بوویت، گەر بکرێت هەندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارانەمان بۆ باسبکەیت.

لە خانەقینماڵمان لە گەڕەکی مەزرەعە بوو، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییم هەر لە خانەقین تەواوکرد، کە لە زانکۆ وەرگیرام، چوومە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی ساڵی (١٩٧٣ بۆ ١٩٧٤) و زانکۆی سلێمانیم تەواوکرد. لە ساڵی (١٩٨١) زانکۆی سلێمانی گواسترایەوە بۆ هەولێر. دۆخی خانەقین زۆر خراپ نەبوو، هەرچەند ئێمە خێزانێکی گەورە بووین، حەوت خوشک و پێنج برا بووین، باوکم فەرمانبەری کۆمپانیای نەوت بوو، بەو داهاتەی کە باوکم بەدەستی دەهێنا، ژیانمان دەبردەسەر. لە ساڵی (١٩٧٤) برایەکم بوو بە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول و هەر لەو ماوەیەدا لە چیای بەمۆ شەهید بوو، لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١)یشدا دوو برام شەهید بوون،

ئەوان لە خانەقینەوە چوونە بەغدا بۆ ماڵی خوشکێکم لەوێ دەستگیرکران و تا ئێستا بێسەروشوێنن.

لە زانکۆ لەگەڵ عومەر ئاشنایەتیمان پەیداکرد. سەرەتا ماڵەوەمان هەندێ ڕێگربوون، باوکم دەیوت تۆ شو بە سوننی مەزهەب دەکەیت و کوڕەکەش ناوی عومەرە، وتم: چی بکەم وا ڕێککەوتووە. دواتریش باوکم لە هەموو زاواکان زیاتر ڕێزی عومەری دەگرت، سوپاس بۆ خودا کە من پردی پەیوەندیی نێوان شیعە و سوننەم بەهێزتر کرد.

زۆر باسی ڕووداوەکان ناکەم، لەبەرئەوەی هەر پێکەوەبووین و ئەو (هاوسەرەکەم) بۆی گێڕایەوە، بەڵام کاتێک گەیشتینە سەر سنوور، دۆخەکە زۆر سەخت و پڕمەترسی بوو، لەوێش هەموو پیاوەکانیان جیاکردەوە و ژن و منداڵ و پیر بەڕێخران، دواتر ئەوان هاتن لە ئێران یەکمانگرتەوە. هەتا هەواڵ گەیشتبووە ماڵی باوکم، کە کچە گەورەکەم «مازیار» ونبووە. دوایی لەناو چادر هاتن عومەریان برد، کە گوایە سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە بووە و بەعسی بووە. ئەو لە ژیانیدا یەک ڕۆژ چییە بەعسێتی نەکردووە. دواتر خۆیان ئازادیان کرد و داوایان لێکرد کاریان لەگەڵدا بکات، ئەوەش زۆر ناخۆش بوو. دواتریش کە گەڕاینەوە، براین بۆ ئەمنی کەرکوک و ئەمنی بەغدا، چواری بەیانی بوو خراینە ئۆتۆمبێلەوە بەرەو بەغدا، بە ئەمنەکەم وت: بۆ کوێمان دەبەن؟ وتی: بۆ ئەمنی عامەی بەغدا، لەبەرئەوەی عەرەبییەکەم باش بوو لەوێدا دڵم زۆر پڕبوو، دەستم کردە گریان و هاوار، بە زمانی عەرەبی (یاوەلی، یاوەلی)م


عومەر عینایەت و خاتوو فەوزیەی هاوسەری (٢٠٢٢)

دەوت، عومەر وتی: ئەوە چیتە، تا ئێستا ئەمەت نەبووە، ئەمەت لە کوێوە بۆ هات، وتم: خۆیشم نازانم دڵم زۆر پڕبوو بەو شێوەیە دەرمبڕی.

– لەوێدا (هاوسەرەکەی- واتا عومەر عینایەت) هاتە ناو پاسەکەوە، وتی ئەوە ئێوارەکەی بە ئێمەیان وت: خۆتان ئامادە بکەن دەتانبەینەوە بۆ سلێمانی. بەیانی زوو بوو هێشتا دنیا تەواو ڕووناک نەببووەوە، گڵۆپی سەر شەقامەکان ڕووناک بوون، کە پاسەکە کەوتەڕێ بە ئاڕاستەی بەرەوخوار ڕۆیشت. زیاتر ڕۆیشت و دنیا تاریک بوو، نەماندەزانی بەرەو کوێمان دەبەن، کە ڕۆژ بووەوە سەیرمان کرد ئەمە ڕێگەی سلێمانی نییە. دوایی کەوتە سەر ڕێگەیەکی خۆڵ. لەو کاتەدا زۆر ترساین وتمان: بۆ کوشتنمان دەبەن. هەر لەو کاتەدا بوو فەوزی دەستی کرد بە گریان و خوشکەکانیشم لەگەڵدا بوو، ئەوانیش گریان و زۆر ترسان، ئەو پاسەوانەی لامان بوو، بە عەرەبی وتی: تۆ عومەر عینایەتی خەڵکی هەڵەبجەیت؟

– وتم: بەڵێ ئەوم، وتی: ئەوانە بۆ وا دەکەن؟ وتم: دەترسین و نازانین بۆ کوێمان دەبەن، وتی: پێیان بڵێ مەترسن ناتانبەین بۆ شوێنی خراپ. وتم: جا چۆن قەناعەتیان پێ بکەم. دەستی برد بۆ سمێڵی و وتی: سوێند بەمەم، ناتانبەین بۆ شوێنی خراپ. دواتر چووینەوە سەر جادەی قیر. تۆزێک هۆشمانهاتەوە و بردیانین بەرەو لای چێشتخانەیەک لەلای سلێمانبەگ، لەوێ وەستان، ئێمە هەر لە پاسەکەدا بووین، پێنج ئەمنمان لەگەڵدا بوو، چواریان چوو بۆ چێشتخانەکە و یەکێکیان لای ئێمە مایەوە. یەکێک لەوانەی ڕۆیشت، گەڕایەوە، وتی: ئەگەر پارەتان پێیە با لەفەتان بۆ بهێنین؟ منیش وتم: کاکە خۆ هەر لەفە و خواردن نییە، ئەوانە ژن و منداڵن پێویستیان بەوەیە بچنە سەرئاو، دەست و دەموچاوێک بشۆن، وتی: دەی باشە دابەزن، کە ئێمە دابەزین و ئەمن بە دەورمانەوە و بەپێی پەتی و سەروچاو کز و جلشڕ و پەڕپوت. ئەوانەی لەوێ بوون دەوریاندان و دەستیان کرد بە گریان بەدیارمانەوە. خێرا ئێمەیان بردە ژوورێکی تایبەتەوە لەناو چێشتخانەکە، کە بەشی تایبەت بوو بە خێزان، وتیان: ئەوێ دەستشۆریشی لێیە، دەرگاکەشیان لەسەر داخستین. لەو کاتەدا بینیم لەسەر مێزەکە قەڵەم جافێکی شین و پاکەتێک کلێنیکسی لێیە. کوڕێک لە شاگردەکانی چێشتخانەکە هاتە ژوورەوە، وتی: چی دەخۆن؟ پاکەتە کلێنیکسەکەی سەر مێزەکە بە دەستمەوە بوو. بە کوڕەکەم وت: کوردیت؟ وتی: بەڵێ. وتم: غیرەتی کوردانەت تیایە؟ وتی: فەرموو، دەشگریا. وتم: تۆ بڕۆ

هەندێ شتمان بۆ بهێنە، شتێک دەنووسم و دەیخەمە ژێر ئەم پاکەتە کلێنیکسە، ئەگەر توانیت بیگەیەنە، ئەگەر نەشتتوانی ئەوا هیچ. تا ئەو هاتەوە ناوی هەندێ لەوانەی خۆمان و سێ ژمارە تەلەفۆنی سلێمانیم نووسی. هەندێ شتمان خوارد و هاتن، وتیان: دەی با بڕۆین، کە ئازادکراین هاتینەوە سلێمانی، ئامۆزایەکم هات وتی: ئەو کوڕە هاتووە منی دۆزیوەتەوە و هەواڵی ئێوەی گەیاندووە، ئەو کوڕەش ئەو چاکەیەی لەگەڵدا کردین لەو ڕۆژە سەختەدا.

ئینجا خاتوو فەوزیە وتی: هەندێ کەس لەو زیندانەدا بوو بە زنجیر بەسترابوونەوە، کوڕەکەم دەچوو بە مەسینە ئاوی دەکرد بەدەم گیراوەکانەوە. لە بەغدا ژنی عەرەبیش هەبوو دەستگیرکرابوون. دوای هەفتەیەک لە بەغداوە گەڕێنراینەوە بۆ کەرکوک. دواتر لە کەرکوک ماینەوە تا بڕیاری لێبووردن دەرچوو و گەڕێنراینەوە بۆ سلێمانی، کە لە زیندان گەڕاینەوە و دوای ماوەیەک چوومەوە سەر کاری مامۆستایی و لە قوتابخانەیەک دایاننام، کە بەردەوام چاودێریمان لەسەربوو، ئەو قوتابخانەیەی منی لێبووم، ئەو ڕەفیق حیزبییەی لەوێ بوو پیاوێکی عەرەبی زۆر باش بوو، هەموو جارێک ئاگاداری دەکردمەوە و دەیوت تۆ ڕاپۆرتت لەسەر دێت و دەڵێن: ئەمە برای شەهید بووە لەناو پێشمەرگە، بەڵام خەمت نەبێت هیچت لەسەر نانووسم. لەو دۆخەدا ئەوە بۆ من کارێکی زۆر گەورە بوو، کە ئەو کەسە بەرامبەرم دەیکرد، منیش دەموت: من دەسەڵاتم چییە کە برام شەهید بووە؟ من هەرگیز چاکەی ئەو پیاوەم بیر ناچێت.

ئێستا خانەنشینم و ئێواران جار جار دەچم بۆ گەڕان، لەبەر تەندروستیم و کارێکی وام نییە. منداڵەکان گەورە بوون و عومەریش خانەنشینە، سوپاس بۆ خودا باشین.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٢/٢/٥) دەستی پێکرد و زانیارییەکان وەرگیرا. ئێمە لە هەولێر و خاتوو فەوزیە لە سلێمانی.



**سەربەناز عینایەت حەمەسەعید**
**لەدایکبووی گوندی دەڵەمەڕ، ساڵی (١٩٤٥).**

خاتوو سەربەناز وتی: زۆرم لە بیرنەماوە ئەوا چەند ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە، هەر لە پارتی و یەکێتی و لە خەڵکی دەرەوەی وڵاتیش چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووم و هیچ سودێکیشی بۆ من نەبووە...

– وتم من دەیکەم بە کتێبێک و دەیدەمە دەستت، بۆئەوەی ئەو بەسەرهاتەی تۆ و ئەوانی دیکەش هەر بۆ مێژوو بمێنێت...

– خاتوون ناوەکەت زۆر خۆشە، کێ ناوی نایت سەربەناز؟

بە متمانەیەکی زۆر و دڵنەواییەوە وتی: باوکم، ئەو، ئەو ناوەی لێناوم.

– با لە ساتی منداڵیتەوە بپرسم، چیت لەبیرە؟

من منداڵیم لە دێی دەڵەمەڕ بووە. تا ساڵی (١٩٥٣) لە لادێ بووین، دێیەکەشمان زۆر دوور نییە لە هەڵەبجەوە و لای عەبابەیلێیە. ئەوکات کارو کەسابەت کەمبوو لە لادێ و باوکم بەماڵەوە هاتە ناو هەڵەبجە. ئەو کاتەم بیرنایەت ماڵی

خۆمان لەوێ بوو، بەڵام دواتر دەچووومەوە بۆ ماڵی باپیرم و بە مانگ لەوێ دەمامەوە، زۆر بەباشی هەموو شتێکی ئەو کاتەم لەبیرە. ژیانی لادێ خۆشتر بوو تا شار. من لە هەڵەبجە شومکرد، تەمەنم دوانزە ساڵ بوو کاتێک شومکرد. چوار ساڵ ژنی پیاو بووم و هێشتا باڵغ نەببووم، هاوسەرەکەشم زۆر لە من گەورەتر بوو. ئیتر ئەو سەردەمە وابوو پرس بە کچ نەدەکرا، هەر گەورەکان بڕیاریان دەدا. جاران دراوسێ هەبوو ئەگەر شتێک لێبنرایە بەشی دراوسێ دەبرا. ڕۆژێکیان دایکم وتی: ئەو چێشتە ببە بۆ ماڵی دادە مەنیجە، ئەوان ماڵیان لەوبەرمانەوە بوو، منیش قاپە چێشتەکەم برد بۆیان، ئەو ماڵە ماڵی شەهید بەکر بوو، ئەوکات شەهید بەکر منداڵ بوو، دایکی وتی: ئا کوڕم بڕۆ قاپێک بێنە ئەو چێشتەی تێبکەین، کوڕەکە چوو گەڕایەوە، وتی: ئەرێ وەڵڵا مەلا ئامان و مارۆ سەربەناز یۆ بڕییاوْ. واتا ئەرێ وەڵڵا مەلا هات و سەربەناز مارە بڕا. بە شێوەزاری هەورامی وتی، خۆیان تەوێڵەیی بوون. منیش هەر لە ماڵی دادە مەنیجە دانیشتبووم نە مەلام بینیبوو، نە زاوا. بڕیاردرا و مارەکرام لە کوڕێکی ئامۆزام، ماڵیان لەودیوی خۆمانەوە بوو. بەخوا بەو جۆرەشەوە هەشت منداڵم لێی بووە، ڕۆژێک ناکۆکیی و بێزاریمان نەبووە لە یەکتر و زۆر ڕێزی یەکتری دەگرین. خۆشمان حەوت خوشک و چوار برا بووین. خوشکێکی تریشم هەروا شوی کرد، بەڵام ئیتر زەمانە و سەردەمەکە گۆڕا و دوو خوشکم هەر شویان نەکردووە، یەکێیان بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو، یەکێکی دیکەشیان مامۆستای بیرکارییە. یەکێکیان ماڵی لە هەولێرە و یەکێکیشیان لە دەرەوەی وڵاتە و یەکێکیشیان ئێوە خۆش، کۆچی دوایی کردووە. برایەکیشم لە ساڵی (١٩٩٠)دا کۆچی دوایی کرد و سێ براشم ماون خوا تەمەندرێژیان بکات. ئێستا کوڕەکانی خۆشم ژنیان هێناوە و کچەکانیشم شویان کردووە.

ئەوەشت پێ بڵێم، ئەوەتەی خۆمان ناسیوە و لەبیرم بێت لە هەڵەبجەدا هەر تۆپ لە بناگوێماندا تەقیوە، هەڵەبجە وەکو شەهید حەوت جار شەهیدکراوە و زیندووبووەتەوە. کاتی کیمیابارانەکە شوبرایەکم گەڵابەی هەبوو، هەموو وەک بۆشکە ترێ خۆمان پیادا هەڵواسی، وەک بۆڵەترێ خۆمان پیایدا هەڵواسیبوو تا چووینە بامۆک. لە بامۆک گەڵابە لاربووەوە و هەموو کەوتین. هەتا گەیشتە ئێرانیش بۆ ڕۆژی دواتر پێڵاو لە پێمدا نەبووە. بە خۆم و بە منداڵەوە دۆخێکی زۆر خراپمان هەبوو، دواتر لە ئۆردوگا بووین بۆیان باسکردووی کە چۆن دۆخێکیمان هەبووە، کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ بە بڵندگۆ لەناو

سەریاسدا و دەیانوت: عومەری حاجی عینایەت بووە بە قائیمقامی هەڵەبجە بۆ ناگەڕێنەوە؟ کەچی ئێمەیان ئاوا ڕەوانەکردەوە بە درۆ و دەلەسە. هەر لە سنووری نەوسودا ئێرانییەکان تا ئەوێ ئێمەیان هێنا و خۆیان گەڕانەوە، کە گەیشتینە سەر سنووری عێراق، خراینە زیلی سەربازییەوە و هێنراین بۆ تەوارییەکەی سلێمانی (کە دامەزراوەیەکی ئەمنی سەر بە ڕژێم بوو)، لە تەوارییەکەی سلێمانی ڕایانگرتین. ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی براین بۆ زیندانی نوگرەسەلمان، کات دوانزەی شەو بوو، وتیان: کەس نەخەوێت؟ بردیانین لە هۆڵێکی گەورەدا کۆیانکردینەوە و قسەیان بۆ دەکردین. ئیتر ئەوانەی کە بەعسی بوون، یان خۆیان بە بەعسی دەناساند و کاریان بۆ حکومەتی عێراق کردبوو، وتیان: وەرنە ئەو لاوە. ئەوانەش وەک ئێمە کەڕوڵاڵ بووین و هیچمان نەکردبوو، کراینە لایەکەوە. بەیانی زوو پاسی گەورەیان بۆ هێناین، ئێستاش ڕقم لەو جۆرە پاسانەیە، بچمە نەقلیات، گەر ئەو پاسانەی لێبێت، سواری نابم. خراینە ئەو پاسانەوە بە خۆم و دوو کچ و سێ کوڕەوە. کوڕەکانم گەنج بوون، خرانە ئۆتۆمبێلە داخراوەکانەوە، هەر بەتەمایان نەبووین.



خانمناز عینایەت و سەربەناز عینایەت

هیچ هەوایەکی تیا نەبوو، وەخت بوو بخنکێین. بەو جۆرە براینە نوگرەسەلمان و لەوێ دایانگرتین. یاخوا کەس ئەوە نەبینێت کە ئێمە و گەرمیانییەکان بینیمان. هەرچی خەڵکی گەرمیان و ئەوانەی پێشتر لەوێ بوون، وەک قەلەڕەشەیان لێهاتبوو لەودیوی تەلبەندەکانەوە سەیری ئێمەیان دەکرد. یەکێکیان لایکردەوە، وتی: ئەی خوداماڵتان بڕمێنێت، ئێوەش گەیشتنە ئێرە. نوگرەسەلمان واتا قیامەت. تەنها ئەوەبوو خودا نەیکوشتین، چۆن لە هەڵەبجە دەرچووین، ئاواش لەوێ دەرچووین و گەڕاینەوە. هەرچی شتی نوگرەسەلمانە بیرمە و هیچیم بیرناچێت. کاتێک نزا دەکەم دەڵێم: خودایە هەرچی ئەوانەی زوڵم دەکەن و ئەنفال و تالانی دەکەن، خودا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو داروودەستەکەی و سەدامیشمان بینی کە لەسێدارەدران.

ئەو کاتەی لە نوگرەسەلمان بووین، دەموت: خودایە ئەم منداڵانەم ببەمەوە و لە کەرکوک بەرەوئەولا بڕۆمەوە. هەرکە ڕاپەڕین بوو، یەکسەر گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە. لە دوای ساڵی (١٩٨٨)ەوە هەڵەبجە تەنها سوپای تیادا بوو. هەر سوپای عێراق نەما کەوتینەڕێ بەرەو هەڵەبجە، کە خەڵک و پێشمەرگە ڕاپەڕینی کرد، گەڕاینەوە، بەخوا ئەوەندە پەرۆشی گەڕانەوەبووین، کوڕێکم بە پێ لە سلێمانییەوە کەوتەڕێ بەرەو هەڵەبجە و ڕۆژێک بەڕێوەبوو بۆ ئێوارە گەیشتەوە. نیوەی خەڵکەکە بە پێ گەڕانەوە، ئەوەندە بەپەلە بوون چاوەڕێ نەبوون ئۆتۆمبێل بێت و بیانهێنێتەوە. ئێمە هەڵەبجەمان زۆر خۆشدەوێت، من ئێستاش هەڵەبجەم زۆر خۆشدەوێت، هەموو جارێک دەڵێم مەگەر تەرمەکەم لەو پەیژانە بێننە خوارەوە و ئێرە بەجێبهێڵم، دەنا هەرگیز بەجێی ناهێڵم. هەڵەبجە بە هەموو ئازارێکییەوە هەر خۆشە. باوکی منداڵەکانیشم لە ساڵی (٢٠١٢) کۆچی دوایی کرد. ئەو لە هەموو ڕووداوەکاندا لەگەڵمان بوو لە ئێران و لە نوگرەسەلمانیش. ئێستا خۆم تەنهام و منداڵەکان لەسەر ماڵی خۆیانن، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەڵەبجەم، خۆشە. خوا شەڕمان لێ لابدات. ئامین...

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١٩)، ئێمە لە هەولێر و خاتوو سەربەناز لە هەڵەبجە.



**ماردین حەمەسەعید عینایەت**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٨١).**

کاتێک منداڵ بووم، خۆپیشاندانەکەی ساڵی (١٩٨٧)م لەبیرە، ئەو ڕۆژە مەریوانی ئامۆزازامان لەو خۆپیشاندانەدا بە گوللەی دۆشکەی سەربازەکانی سەر بنکەی سەرا تەقەی لێکرا و شەهید بوو. حکومەت تابوتیان نەدەدا بە خەڵکەکە بۆ تەرمەکەی. ئەو شەهیدەم لەبیرە نازانم شەهیدی تر هەبوو، یان نا. باوکیشم بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەحمەد موختار جاف بوو، دوای خۆپیشاندانەکان بۆ جاری دووەم چوو بۆ پێشمەرگایەتی. من لە تەمەنی سێ مانگییەوە دایکم لە باوکم جیابووەوە و منی بەجێهێشتبوو و لای نەنکم و باپیرم دەژیام. من و کچێکی مامە عومەرم بە ناوی مازیار لە ماڵی نەنکم بووین. ئەوکات مامە عومەرم وتبووی نابێت ماردین هەست بە کەمیی بکات و تەنها بێت، با لەگەڵ مازیار پێکەوە گەورەبن. هەتا ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٨٨) هەر لەو ماڵەدا پێکەوەبووین. مازیار دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو... ئیتر باوکمم نەبینییەوە تا ساڵی (١٩٨٨) لە ئێران بینیمان. لە ئێرانیش ئەوەندە پێکەوە

نەبووین من لەگەڵ باپیرم و نەنکمدا گەڕاینەوە بۆ عێراق و ئەنفالکراین.

ڕۆژێک پێش ئەوەی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لێی بدرێت، ویستمان ڕزگارمان بێت و دەرچین لە شار، چووینە شاخی شنروێ و هەموو کەسوکار پێکەوەبووین، بەڵام لەوێ هێزی پێشمەرگە گەڕاندیانینەوە و وتیان: دەرمەچن لە شار، تازە هەڵەبجە ئازادکراوە و ترسی نییە. من باشم لەبیرە کە لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری «جێب»دا بووین، من دابەزیم و چوومە لای پێشمەرگەکان. وتیان: بۆ دادەبەزیت؟

وتم: دەچم بۆ لای باوکم. ئەوان وتیان: باوکت لێرە نییە، ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین و ئەو پارتییە و لە شوێنێکی ترن و هەندێ گاڵتەشیان کرد لەگەڵم و وتیان: ئێمە هەموو خزمین، پاشان گەڕاینەوە بۆ ناو هەڵەبجە.

ئەو شەوە، واتە شەوی (١٥-١٩٨٨/٣/١٦) لەناوماڵەکانی خۆمان بووین، شەوێکی کشومات بوو. ماڵی مامە عومەرم ژێرخانێکی گەورەی تیابوو. دیوی لای ماڵی باوەشم دوو گەلابەی گەورەی ماڵی کاک حەمەتایەری لێبوو، مامە عومەرم زوو زوو کوڕە گەنجەکانی دەهێنا و دەیوت با بچینە ناو گەلابەکان و زوو دەرچین. لەو ماوەیەدا دوو هەوڵمان دا ویستمان سواری گەلابەکان بین، بەڵام فڕۆکە هات و لێیداین. ژن و پیاو لەو گەلابە بەرزەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە.

مامۆژنە پەروین ژنی مامە مەحمودم هەرچەندە کێشیشی زۆر بوو، بەڵام بینیم لەترسا لەو گەلابە بەرزەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە... دادە ئایشێ ژنێکی بەتەمەنی دراوسێمان بوو، ئەویش خۆی هەڵدایە خوارەوە... دەرفەتی دووەم کە ڕۆیشتین سواری لۆرییەکان بووین و کەوتینەڕێ، ویستمان لە ڕێگەی عەنەبەوە دەرچین، ئەوەندە لاشەی خەڵک لەو سەر ڕێگەیە کەوتبوو، نەمانتوانی لەوێوە بڕۆین. مامە عەلی و چەند پیاوێکی تر دابەزین تەرمەکان لەسەر ڕێگاکە لابدەن. مامەم هاواری کرد، وتی: زۆرە ناتوانین و گوناهیشە بچین بەسەریاندا و یەک و دووان نییە (لای کانییەکەی بیارە و بلەقەوی پێدەڵێن ئەو شوێنە)، با بگەڕێنەوە لە ڕێگەی سازانەوە هەوڵ بدەین.

ئەوەبوو ڕێگەمان گۆڕی بۆ سازان بەناو بامۆکدا. لەوێوە دەچیت بۆ ملەی سازان و دەشتی سازان، لەوێ پردێک هەبوو، کە پردێکی ئاسن بوو، کە لەو پردە دەپەڕیتەوە دەچوویتە دیوی سنووری ئێرانەوە، کاتێک چووینە نزیکی ئەو پردە، سوپای پاسدارانی ئێران نەیانهێشت گەلابەکان بڕوات، ئەوان لەوێ

بوون مێکزەمینی و دۆشکەیان پێبوو، کە لە گەڵابەکان دابەزین و گەڵابەکانمان بەجێهێشت و لە پردەکەوە پەڕینەوە ئەوبەر، لە ماوەی چاو ترووکانێکدا هەروەک دیمەنەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی خەڵکێکی زۆر لەسەر پردەکە بوون، پردەکە ئاوێکی زۆر زۆری بەژێردا دەڕۆی، لەو کاتەدا فڕۆکە پردەکەی بۆمبارانکرد و بەریدایەوە و ئاو بردی، دەیان کەسیشم بینی بەو جۆرە کەوتنە ناو ئاوەکەوە، پیاوێکی پیرم بینی بە بەتانییەوە ئاوەکە بردی، تائێستا نەمبیستووە کەسێک باسی ئەو ڕووداوە بکات.

ئیتر لە دەستەی ئەوبەرەوە لەیەک ترازاین و جارێکی دیکە فڕۆکە لەو ناوەی دایەوە.

من دەستی باپیرم بەدەستەوە بوو، هەر بەرم نەدەدا. ئەو چاوی باش نەیدەبینی و کیمیایی بەرچاوی کەوتبوو... چەندجارێک هەوڵی دا دەستم لە دەستی بکاتەوە، بەڵام من هەر دڵم نەدەهات و دەستم بەرنەدا، مامەم و داپیرەم و ئەوانیش هەریەکە لە هەوڵدا بوون خۆیان و منداڵەکانی تر ڕزگار بکەن، بەڵام من هەر دەستی باپیرمم گرتبوو. بەردەوام دەیوت برۆ بەجێم بهێڵە، منیش هەر دەموت نەخێر دەستت بەرنادەم. ئیتر ئەوانەی لەوبەرەوە بوون، خۆیان دایە کەنار و کۆپتەری ئێرانی دەچوو دەیگواستنەوە، ئێمەش لە بەری ئێرانەوە. کات تەواو تاریک بوو، ئۆتۆمبێلی گەڵابەیان هێناو سەریانخستین.

وتیان: دواتر ئێران پردی کاتیی هێناوە و داینەوەتەوە بۆ پەڕینەوەی خەڵک. ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین، بەرەوخوارکەیەکی زۆر ناخۆش بوو، چراشمان پێبوو. ئەوەی چراکەی هەڵکردایە پاسدار یەکسەر دەهات چراکەی پێ دەکوژاندەوە، لەترسی فڕۆکەی عێراقی تا ئاشکرا نەبین.

من ئێستاش زۆرجار خەو بەو کاتەوە دەبینم. ئێمە واماندەزانی زووڵممان لێدەکەن ئەو کاتە، بەڵام چاکەیان لەگەڵ کردین، چونکە لە هەرکوێ ڕووناکی چرا هەبووایە، فڕۆکە لێی دەدان و دەیان کەسی لێ دەکوشتن، کە لە پردەکە چووینە ئەوبەرەوە، پێیانوتین: کەس جگەرە پێ نەکات، کەس چرا پێ نەکات. فڕۆکە لێتان دەدات. وتیان: خۆتان داپۆشن هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و دەتانگوازینەوە بۆ ناو شار. بەوجۆرە ئەو شەوە لەو شوێنە ماینەوە، بەیانی دنیا ڕووناکبووەوە و بە هاوارکردن یەکتریمان دۆزییەوە. مامە عومەر لە خەمی هەمووماندا بوو، یەک یەک دەیدۆزینەوە و سەریدەخستین بۆ ناو لۆرییەکان، لەپاشان هات ئێمەشی دۆزییەوە، وتی: کوا ئەوانی تر؟ وتم: نازانم هەر من و باوەحاجین.

باوەم وتی: بە زاراوەی خۆمان. من هەرووتگمە ماردین برۆ بەجێم بێڵە. ئەو هەر نەڕۆیشتگە. من و باوەم سواری گەلابەیەک کراین. گەیشتینە لادێیەک نانیان بۆ هەڵدەدایین. دواتر براینە قوتابخانەیەک یەکمانگرتەوە، ماوەیەکی کەم لەوێ بووین.

پڕوپاگەندە بڵاوکرایەوە، کە گوایە خەڵکی هەڵەبجە دەگەڕێنەوە و لێبووردنیان بۆ دەرچووە. باپیرەم خۆی پێ نەگیرا. بیری بازاڕی هەڵەبجە و باخەکانی دەکرد. بیری کەپرە میوەکانی دەکرد، کەوتە سۆراغی ئەوەی چۆن بگەڕێینەوە. هەواڵی دەستکەوت کە دەتوانین لە سنووری ڕانیە و قەلادزێوە بگەڕێینەوە. هەستا و چوو لە پاوەوە ئۆتۆمبێلێکی بەکرێ گرت و بردینی بۆ سنووری سەقز و بانە، کە چووینە سنووری سەقز و بانە لەوێوە بە سواری هێستر و وڵاخ پەڕینەوە بۆ بەری عێراق. بەس من و داپیرەم و باپیرەم ئەم سیانە بووین. ئیتر کۆمەڵ، کۆمەڵ بەجیا خەڵک دەگەڕانەوە. ماڵی پورەکانم، ماڵی مامەعومەرم. هەمووشمان ئەنفالکراین، بەڵام ئەوان لەگەڵ ئێمە نەبوون. ئێمە ئەم سیانە پێکەوەبووین، لە کاتی پەڕینەوەماندا دراینە بەر گوللەی عێراق و ئێران، بەڵام خوشبەختانە پێوە نەبووین.

لە نزیکترین بنکەی سەربازیی عێراق لەو سنوورە دەستگیرکراین و بەتەما بووین بهێنرێینە سلێمانی، بەڵام براین بۆ بنکەی تۆبزاوا لای کەرکوک و



زوبێدە قادر ئەبوبەکر، نەنکی ماردین حەمەسەعید

ئەنفالکراین، بە پاسی کەپس براین، پاسەکان هیچ جام و پەنجەرەی نەبوو، نەمانزانی کوێیە، براینە شوێنێک بۆ لێکۆڵینەوە، کابرایەکی عەرەب و کوردێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردین. بە منی وت: ئەمانە چیتن؟ وتم: دایکم و باوکم. یەک زللەی لێدام... منیش یەکسەر باوەشم کرد بە قاچی باپیرەمدا. بە باپیرەمی وت: ئەمە چیتە؟ وتی کوڕمە. دای لە باپیرەم. بە نەنکمی وت: ئەمە چیتە؟ ئەویش وتی: کوڕمە. پاڵێکی نا بە نەنکیشمەوە.

ئەمە تومەز لەولاوە زۆڵە کوردێکی لای خۆمان پێی وتوون ئەوە کوڕەزایانە و باوکی پێشمەرگەیە لە ئێرانە. ئێستاش ئەو زۆڵەکوردە بە پلەی عەمید خانەنشینە لای یەکێتی. ئەو خۆفرۆشە ناوی «بەیان» بوو، ئەویش لەگەڵ ئێمەدا دەستگیرکرابوو، بەڵام ئازاد بوو، نازانم خەڵکی کوێ بوو، بەڵام هەموو شتێکی لەبارەی ئێمەوە دەزانی، بە کەیفی خۆی لەناو زیندانەکەدا دەسوڕایەوە و یاریی تۆپێنی دەکرد، بەڵام ئەو ئازارێکی زۆری بە ئێمە و خەڵکی تر گەیاند. لەم ساڵانەی دواییدا ویستم تۆڵەی لێ بکەمەوە و شەڕی ئەوەی لەگەڵ بکەم. مامەم وتی: وازی لێبێنە با ڕیسوای مێژوو بێت و بیدەرە دەست خودای گەورە.

ئیتر منیان لە باپیرم جیاکردەوە و لەگەڵ نەنکمدا براین بۆ لای ژن و منداڵەکان، کە چووینە ئەوێ خەڵکێکی زۆری دیکەی ناسیاومان بینی. خاتوو کوێستان، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجەش لەوێ دەستگیرکرابوو، نازداری عەلی حاجی فەرەجیش لەوێ بوو، خوشکی ژنی دووەمی باوکم، هاوسەرەکەی ئەویش لە هەڵەبجە شەهید بوو. ماڵی خاڵە یوسفیشم لەوێ بوون. من لەناو ژن و منداڵەکاندا بووم، لەناو دەستگیرکراوەکاندا گەرمیانی و هەورامی و شارەزوریشی لێبوو، زیندانەکە پڕ بوو. چاڵیشی لێبوو، کە هەرکات فەرمان لە بەغداوە دەربچێت، ئێمەش بکوژن و بمانخەنە ئەو چاڵانەوە. ئێمە، منداڵەکان ڕۆژانە لەناو ئەو چاڵانە یاریمان دەکرد، تەنانەت ڕۆژێکیان لە کاتی یاریکردن من لەو چاڵانەدا کەوتم و دەستم برینداربوو. هەرچی ئەفسەر و پۆلیس لەو ناوەبوون کەوتنە شوێنم بمگرن و تەقەڵ بدەن لە دەستم، بۆیان نەگیرام، وتیان: با دەستت بدورینەوە ترسام و نەمهێشت.

نزیکەی سێ مانگ و نیو لەوێ بووین. من نەمزانی چییە، ڕۆژێک بینیم ژنەکان هەیانبوو بوخچەیان پێبوو و جلی کوردیان دەرهێنا و خۆیان گۆڕی و وتیان: بڕیاری لێبووردن دەرچووە و ئازاد دەکرێین. ئەوەبوو پاسیان هێنا و لە سلێمانی دایانبەزاندین، هاتینەوە سلێمانی و نەیانهێشت ئێمە ئازادبین و لە


سلێمانی گلیاندراینەوە، وتیان: تا حەمەسەعیدی باوکت خۆی نەدات بەدەستەوە، لێرە نارۆن.

ئەوەبوو باوکم هاتەوە و خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق کرد. ئەوجا ئازادکراین و من لە باپیرم جیاکرامەوە و لەگەڵ باوکم و ژنی دووەمیدا نەفیکراین بۆ باشووری عێراق بۆ پارێزگای ڕومادی. تا ساڵی (١٩٩٠) لە ڕومادی ماینەوە.

لە ڕومادی دۆخمان زۆر خراپ بوو، لە خانوویەکی کارگەی شوشەدا بووین، تەلەفزیۆنمان نەبوو. لەوێ کوردی تریشی لێبوو، بەتایبەت کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئیتر ئەوەبوو سەدام کوێتی داگیر کرد...، کە شەڕی کوێت دەستی پێکرد ئێمە هاتینەوە بۆ سلێمانی. دواتر کە ڕاپەڕین کرا لە دژی بەعس، ئێمە لە کوردستان بووین. لە کوردستانیش دیسان کۆڕەو بوو، دوای کۆڕەو گەڕاینەوە شەڕی ناوخۆ و جوندولئیسلام بوو. لە کاتی ڕاپەڕیندا دەقە بە دەقە لەگەڵ باوکمدا بووم، بینای ئێستای سەنتەری گەنجان، پێشتر کە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان بوو، لەوێ چووینە سەر بەعسییەکان تا ئازادکرا. هێشتا سلێمانی تەواو ئازاد نەکرابوو، باپیرەم وتی: دەبێت بچینەوە بۆ هەڵەبجە و ئیتر چووینەوە هەڵەبجەش وەک وتم: ببووە ناوچەی شەڕی یەکێتی و ئیسلامییەکان.

دایکم لە دەرەوەی وڵات بوو، تا ئێستا نەمبینیوە، ساڵی (١٩٩٧) وتیان هاتووەتەوە لە دەربەندیخانە. پورێکم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: وەرە بیبینە. منیش چووم لە ژوورێک چاوەڕێم کرد، وتیان: ئێستا دێت. دواتر وتیان نایەوێت بتبینێت. ئیتر منیش وتم: با نەمبینێت و نامەوێت بیبینم هاتمەوە و نەمبینی. من ئێستا ماڵ و هاوسەری خۆم هەیە و دوو منداڵیشم هەیە، کوڕ و کچێک. باوکم لە دایکی من تەنها منی هەیە. لە هاوسەری دووەمی دوو کوڕی دیکەی هەیە. لە هاوسەری سێیەمیشی خوشکێکمان هەیە و ئێستا دکتۆرەیە. منیش زانکۆی سلێمانیم تەواوکرد بەشی پەروەردەی وەرزشی. ناسنامەی زیندانیشیان بۆ کردووین، بەڵام تا ئێستا هیچ پاداشتیکیان پێ نەداوین.

– ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٤)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/٨)، ئێمە لە هەولێر و بەڕێز ماردین لە هەڵەبجە.



**عادل حەمەساڵح عەبدوڵڵا**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، گەڕەکی پاشا، ساڵی (١٩٦٩).**

ئێمە خێزانێکی دە کەسی بووین، پێنج خوشک و سێ برا، لەگەڵ دایکم و باوکم. ئێمە ساڵی ١٩٨١ بەماڵەوە هاتووینەتە شاری سلێمانی، لەبەرئەوەی باوکم کاری بەڵێندەرایەتی دەکرد، بەو هۆیەوە لە هەڵەبجەوە هاتینە سلێمانی. لەو کاتەشدا هەڵەبجە شارێکی سنووریی بوو و بەهۆی شەڕی عێراق-ئێرانەوە ڕۆژانە تۆپباران دەکرا، بەڵام ساڵی (١٩٨٧ و ١٩٨٨) خوشکێکم بوو بە مامۆستا، کە دامەزرا ناوی لە هەڵەبجە هاتەوە و منیش ئەو کاتە لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم بەشی زانستی. هەردووکمان چووینە هەڵەبجە، بۆئەوەی خوشکەکەم تەنها نەبێت و هاتوچۆ نەکات، منیش خوێندنەکەم گواستەوە بۆ هەڵەبجە. ماڵی باپیرم و خاڵەکانیشم لەوێ بوون، بەڵام ئێمە شوێنی خۆمان هەبوو و سەربەخۆ دەژیاین. من لە قوتابخانەی ئەحمەد موختار بووم و خوشکەکەشم مامۆستا بوو لە قوتابخانەی ڕەز لە ناحیەی سیروان، خوشکەکەم ناوی سەرگوڵە، ڕۆژێک باوکم هەواڵی نارد، وتی: وەرن

خانوویەکی نوێمان کڕیوە لە گەڕەکی زەرگەتە، پێشتر لە گەڕەکی بەختیاری بووین. بۆ گواستنەوە بۆ خانووە تازەکە باوکم وتی: وەرنەوە. ئێمە لە (٣/١٠) چووینەوە ماڵەکەمان لەگەڵیاندا گواستەوە و بۆ ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٢) هاتینەوە هەڵەبجە، کە چووینەوە بۆ هەڵەبجە ئەو شەوە لە ماڵی پورم بووین. کات یەک و نیوی شەو، وتی: هەستن نازانم چییە دنیا بوو بە ئاگر، کە هەستاین و چووینە سەربان، بینیمان چواردەوری هەڵەبجە تۆپبارانکراوە، چەند ساڵێک بوو هەر شەڕ بوو، هەرگیز شتی وامان نەدیبوو، تۆپبارانەکە زۆر زۆر بوو. ئەو شەوە زۆر ترساین ئەوە یەکەم چرکەی هێرشە گەورەکە بوو. هەرچۆنێک بێت ڕۆژمان کردەوە، بەیانی هەستاین نانێکی هاکەزایمان خوارد و چووین بۆ ماڵی خۆمان، کە ژێرزەمینمان هەبوو. نێوان ماڵی خۆمان و ماڵی پورم نزیکەی هەشتسەد مەترێک دەبوو... ماوەی سێ ڕۆژ لەو ژێرزەمینەدا بووین، زۆر بە کەمی هاتوچۆی دەرەوەمان دەکرد. هەروا هەواڵ بوو دەهات کوێ وێرانبووە، کێ شەهید بووە، کێ بریندارە... چیاکانی باڵامبۆ و شنروێ و پردی زەڵم ئەمانە بە چڕیی تۆپباران دەکران. تۆپەکان زیاتر ئێران بوو، دەستپێکی شەڕەکە بوو بەرەو ناو هەڵەبجە، ئەو کاتە هێزە کوردییەکانیش لەگەڵ سوپای پاسداران بوون، بۆئەوەی دوای شکانی سوپای عێراق بێنە شارەکەوە. ئامێرێکی دووربینی بچووکمان لابوو. جار جار دەچووینە سەربان و سەیری بەرەکانی شەڕمان پێدەکرد لە چیاکانی دەوروبەرەوە. ڕۆژی (٣/١٤) تۆپەکان ئاراستەی ناو شار کران. بەهۆی ئەو تۆپبارانانەی ئێرانەوە بە دەیان کەس شەهید و بریندار بوون. هەر خەڵک بوو دەیانویست لە شار دەرچن و بەرەو سلێمانی هەڵبێن و لە ڕێگە تۆپ لێی دەدان و شەهید دەبوون. ڕۆژی (٣/١٥) هێزی ئێران و هێزە کوردییەکان هاتنە ناو هەڵەبجەوە. خەڵک هاتە دەرەوە لە ژێرزەمین و دڵخۆشی دەردەبڕی کەوا ئازادبووە و سوپای عێراق لەوێ نەماوە. من لەبەرئەوەی ئەوکاتە تەمەنم هەژدە ساڵ بوو، کەم خۆم دەگرت لە ژێرزەمیندا، لەوانەیە لە زۆر کەس زیاتر ئەو ڕووداوانەم بینیبێت، سڵم نەدەکردەوە و نزیکترین تۆپبارانم دەبینی لە سەربان بووم. ڕۆژی پانزەی مانگ، کات نزیکی دەی سەرلەبەیانی بوو، پێش ئەوەی سوپای ئێران بگاتە ناو هەڵەبجە، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی سوپای عێراق بە برینداریی و شپرزەیی لەناو گەڕەکەکاندا داوای نان و جگەرەیان لە خەڵک دەکرد. من و چەند گەنجێکی تر وەک ئەرکێکی مرۆڤانە

لە ماڵەکان داوای نان و خۆراکمان دەکرد بۆ سەربازە عێراقییەکان. من ئەو کاتە بەهۆی خوێندنەکەمەوە تۆزێک عەرەبیم دەزانی.

یەکێک لە سەربازەکان بە زمانی عەرەبی بە منی وت: ئێمە تیاچووین بڕۆ فریای خۆت و کەسوکارت بکەوە و دەربچن لە شار. منیش گوێم بە وتەکانی ئەو نەدا و زۆر بە سادەیی وەرمگرت. ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو پاسداری ئێرانی گەیشتنە ناو شار و هەتا زۆریان لەو سەربازە عێراقییانە کوشتبوو لە دەرەوەی هەڵەبجە. خۆم چەندین تەرمی سەربازی عێراقیم بینی کوژرابوو بەبێ چەک، کە پاسدار هاتە ناو شارەوە، خەڵک زۆر هاتە بەردەرگا بۆئەوەی پاسدار ببینێت. یەکەمجار بوو پاسدار ببینین. ئەوانیش بە ئەڵڵاهوئەکبەر، ئەڵاهوئەکبەر. بە کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە بە کەسیشیان نەدەوت سەرتان داپۆشن. زۆر ژن لە دەرەوە بوو و سەرپۆشی بەسەرەوە نەبوو. بە کەسیشیان نەدەوت بچنە ژوورەوە، بەڵام دیاربوو دڵنیابوون سوپای عێراق نەماوە لە ناوشاردا و شار ئازادە و زیاتر بۆ بەرەکانی پێشەوەی شەڕ دەچوون، بۆ دەرەوەی هەڵەبجە و بۆ لای پردەکەی زەڵم. لەو کاتەدا فڕۆکەیەکی نەفاسا هات دووکەڵەکەی دیاربوو، ئێمەش سەیرمان دەکرد کات نزیکی دەی سەرلەبەیانی بوو. هەر سەیری ئاسمانمان دەکرد، هەندێ دەنگی تەقە هات، کات لە نزیکی یانزە لایدابوو، لە کۆڵانی پیش ماڵی ئێمە، کە کۆڵانی هەورامییەکانیان پێ دەوت، ئەو شوێنە ناوەندی شارە، گەڕەکی ئێمەش دەڵەمەڕییەکانیان پێدەوت من خۆیشم یەکێکم لە هۆزی دەڵەمەڕی. لە ڕۆژی پانزەی مانگ پاسداریش لەناو شاردا بوون. ئێرانییەکان چەند تۆپێکی تریان ئاڕاستەی ناو شاری هەڵەبجە کرد، وەک ئەوەی لە دەستیان دەرچوو بێت، یان ئەو تۆپهاوێژانە نەیانزانیوە هەڵەبجە بەدەست پاسدارەوەیە. چوار تۆپ بوون، دووانیان دای لە کۆڵانی هەورامییەکان، بەڕێکەوت منیش لەوێ بووم. ئەو ڕووداوەی کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، شەهیدبوونی سێ ژن و سێ منداڵ بوون بەهۆی ئەو تۆپانەوە. ئەو ژنانە لە ژێرزەمینەکان هاتبوونە دەرەوە و لەبەر خۆرەکەدا بوون، خۆرەتاوێکی خۆش بوو. دانیشتبوون منداڵەکانیش لایانەوە بوون. لە نزیکیشیان دوو بەرمیل نەوت هەبوو لەناو حەوشەکەدا.

تۆپەکانی ئێران دای لە بەرمیلە نەوتەکان. منیش لەوێ نزیکبووم، بەر دەرگای ماڵەکە یەک پارچە بوو بە گڕی ئاگر. کوڕێک بەڕەحمەت بێت

شەهیدبوو، ئەو کوڕە کە ڕەنگە بینبێتت ئەو پیکابەی پڕە لە جەنازە لە وێنەکانی هەڵەبجە. داتسۆنێکی قەمەرەی سپییە و شۆفێرەکەی شەهیدبووە و ملی بەلادا کەوتووە، ئەو شەهیدە ناوی ڕەئوف بوو. ڕەئوفی کاکە ئەحمەدی عەبابەیلێیان پێدەوت. پێشئەوەی تۆپەکە لێیان بدات کاک ڕەئوف لەوێ بوو و قسەی لەگەڵ یەکێک لە ژنەکاندا دەکرد. نازانم ئەو چۆن لەو کاتەدا شەهید نەبوو، منداڵێکیش ناوی ڕەفیق بوو لەو ناوەدا بوو. من بەڕێکەوت لەو کاتەدا چاوم لەسەریان بوو، لەگەڵ گڕەکە بڵاوبووەوە، لەلای ئامۆژنم بووم، چوار ماڵ ئەولای ئەو ماڵە وەستابووین، کە تۆپەکە تەقی پاڵێکم نا بە ئامۆژنمەوە تا بیپارێزم. منداڵەکەم بینی قژی دەسووتا و ئاگری پێوەبوو. من هێشتا نەچووبوومە ژوورەوە بۆ ژێرزەمینەکەی ماڵی مامم. پێنج تا حەوت خولەکی نەخایاند هاوار هەستا بگەنە فریامان و بێن بە هاوارمانەوە. کاک حەمەتاهیر ئەندازیاری فەرمانگەی کارەبای هەڵەبجە بوو هاواری کرد. حەمەتاهیر عەلی مەولود ئەو ڕووداوە لە ماڵی برای ئەودا بوو. خێزانی براکەی، خوشکی خێزانەکەی و براژنی خێزانەکەی حەمەڕەشید مەولود بوون لەگەڵ سێ منداڵدا، کە چوومە ژوورەوە نەرمایی گۆشتی ڕانیان تەقیبوو، ئێسقانە سپییەکەی دەرکەوتبوو ئەوەندە سووتابوون، سینگیان تەقیبوو زەرداوێکی



دیمەنێک لە هەڵەبجەی وێرانکراو

لێدەهات وەکو شیر، سەر پەنجەکانیان ئاگری پێوەبوو. جل و قژیان پێوە نەمابوو. چاویان خەریکبوو دەهاتە دەرەوە، سووتابوون و دوو بەرمیل نەوت ڕژابوو، منداڵەکانیش باوەشیان کردبوو بە یەکدا و نووسابوون بە یەکەوە. هەرگیز ئەو دیمەنەم بیرناچێتەوە. دوای کاک حەمەتاهیر دووەم کەس بووم چوومە سەر ئەو ڕووداوە. زۆر دیمەنی ترم بینی، بەڵام تا ئێستاش ئەو بۆنەی ئەو ڕۆژە و ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێتەوە. ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو تیمی ئاگرکوژێنەوەی هەڵەبجە هاتن کوژاندیانەوە و تەرمەکانیان خستە ناو بەتانی و بردیان ناشتیان.

بۆ ڕۆژی (٣/١٦)، کوڕێکی ئامۆزام ناوی سەرکۆ حەمەشەریفە، ئەوانماڵیان لە گەڕەکی سەرا بوو، هات بۆ گەڕەکی ئێمە بۆ هەواڵپرسین، وتم: با بڕۆین دەڵێن: کاک شەوکەتی حاجی مشیر و مەلا عەلی قسە بۆ خەڵک دەکەن، بزانین چی دەڵێن. کات نۆی سەرلەبەیانی بوو. چووین بۆ سەرای هەڵەبجە نزیک بینای قائیمقامییەت. لەوێ هەر ئۆتۆمبێلی پێشمەرگە بوو دەهات و دەچوو بەو ناوەدا. هەستمان کرد دۆخەکە نائاساییە و شپرزەییان پێوە دیاربوو، کەسیشمان نەدی قسە بۆ خەڵک بکات. وەک ئەوە وابوو خۆشیان سەریان لەوە سوڕمابێت کە چۆن ئاوا حکومەتی عێراقی بە ئاسانی شاری هەڵەبجەی بەجێهێشت، لەکاتێکدا پێشتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دەیانوت عێراق نزیکەی (١٧) هەزار سەربازی هەیە لە سنووری هەڵەبجەدا. هەر لەوێوە چووین سەردانی نەخۆشخانەمان کرد و دوو تا سێ سەربازی بریندای لێبوو تیمارکرابوون.

گەڕاینەوە بۆ ئەو کۆڵانەی ڕووداوەکەی تیادابوو، لای ماڵەکە وەستابووین هەمووی ڕەش بوو، باسی ڕووداوەکەم بۆ کوڕەکەی مامم دەکرد، کات نزیکی یانزە و نیوی نیوەڕۆ بوو، فڕۆکەیەک هات دەنگێکی لێوە هات. هاتین بۆ سەر کۆڵانەکە دەستمان گرتبوو بە سەرو چاومانەوە تا لەبەر خۆرەکە فڕۆکەکە ببینین، لەپڕ زرمە هات چوار مەتر زیاتر هەڵیداین و کەوتین. ناپاڵمێک نزیکەی پەنجا مەتر لە سەروومانەوە کەوت، لەوێشدا کوڕێک کە ناوی دڵشاد بوو و هاوڕێی منداڵیم بوو، قاچێکی پەڕی. هاواری دەکرد کەس نەدەچوو بە دەمییەوە، ماڵی کاکە سەید محەمەدی نانەوا ناپاڵمێک بەریکەوت، نازانم بڵێم چەندی تیاچوو. هەتا دواتریش چووینەوە هەڵەبجە کەرەستە بێنین بۆ ئێران، دەستێکی پەڕیوم بینی بە بنمیچی خانوویەکەوە، پیاوێک ببوو بە ژێر

دیوارەکەوە. ئیتر بۆردوومانەکە زۆر بوو، من و سەرکۆی ئامۆزام خۆمان کرد بە ژێرزەمینەکەی ماڵی شێخ عەلیدا، تاریک بوو، ناو ژێرزەمینەکە بە چەرخێک دەگەڕاین بزانین خوێنمان پێوە نییە. بۆردوومانەکە تۆزێک وەستا، وابزانم فڕۆکەکان دەگەڕانەوە چەکی تر بێنن و لێماندەن. هاتینە دەرەوە نزیک دوانزەی نیوەڕۆ بوو، ئەو چوو بۆ سۆراخی ماڵی باوکیی و منیش چوومەوە ماڵی خۆمان، کردمە دەستی خوشکەکەمدا و وتم: با بچێن بۆ ژێرزەمینەکەی ماڵی مامەم و بە ڕاکردن ڕۆیشتین، کە چووینە ئەوێ خەڵکێکی زۆر زۆری لێبوو. هەرکەسە هەواڵی کەسێکی لێ دەپرسین. یەکێک بۆ کوڕی دەگریا، یەکێک بۆ برای. هەبوو بریندار بوو، هەبوو لە خۆڵ و خوێندابوو. کاک مەلا محەمەد ئامۆزای باوکم بوو، وتی: کاکە ئەم ژێرزەمینە زۆر باش نییە با بچینە ئەو ژێرزەمینەی تر. چووینە ئەو ژێرزەمینەی تر و دەرگاکەمان دانەخست، وتمان با کەپس نەبێت لە کاتی بۆمبارانەکەدا. لەو ماوەیەی کە لەو ژێرزەمینەوە چووینە ژێرزەمینەکەی تر، دوو فڕۆکەی عێراقیم دەبینی دەهاتن و نزم دەبوونەوە و بۆمبیان فڕێدەدا، زۆر نزمبوون، بەڵام نەماندەزانی بۆ سوپای ئێران بەو هەموو چەکەوە لێیان نادات و بەرگریمان لێ ناکات... ئێستا بیر دەکەمەوە و دەڵێم دیارە ڕێکەوتنی نێوان خۆیان بووە بۆ لەناوبردنی کورد و وێرانکردنی ئەو شارە. کات نزیکی چوار و نیوی دوانیوەڕۆ بوو، کاک مەلا وتی: خەڵکینە بۆنی شتێک دەکەم وەک بۆنی سیرە... پێشتر بیستبوومان کیمیایی بۆنی دێت. ئیتر کاک مەلا وەک ڕێبەرێک لەو کاتەدا وتی: کاکە ئەمە چەکی کیمیاییە، کەس بەدیار کەسەوە نەوەستێت، هەرکەسە دەستی خێزانی خۆی بگرێت و خۆی دەرباز بکات. من لەو کاتەدا دەستی خوشکەکەمم گرت و دەرچووین لە ژێرزەمینەکە، بەجۆرێک ڕامدەکرد، نەمدەزانی کێی ترمان لەگەڵدایە، ئەو ماوەیەی بۆت باس دەکەم درێژایی کیلۆمەترێک نابێت، لە کۆڵانی هەورامییەکانەوە تا قەبرسانی هەڵەبجە. من خۆم ئێستا ڕووپێوم، لە ماوەی ئەو کیلۆمەترەدا من و ئەو خوشکەم زیاتر لە دە جار خۆمان داوە بە زەویدا لەبەر بۆمبارانی فڕۆکە. خوشکەکەم زۆر لە من زیاتر دەترسا. دیمەنی وامان دەبینی دەستم دەخستە سەر چاوی خوشکەکەم تا نەیبینێت. لە کۆتایی قەبرسانەکە سەربازێکی ئێرانیم بینی قیناعێکی لەسەردا بوو و نەعلی لەپێدا بوو. سەیرێکی ئێمەی کرد و بە ئاماژە پێی وتم: پشتێنەکەم بکەمەوە و تەڕی بکەم و لە دەمولوتمانی بئاڵێنین. ئەو ڕێنماییەی ئەو زۆر باش بوو

لەو کاتەدا، کە چووینە سەر گردەکە، کاروانم بینی لەگەڵ سێ منداڵدا بەو دەشتەدا ڕایاندەکرد. منداڵەکان هەر نزیکەی شەش تا حەوت ساڵ دەبوون. لە نەگبەتی ئێمەش منداڵەکان جلی سووریان لەبەردا بوو، ئەو جلە سوورە زیاتر دەیترسانین لەوەی فڕۆکە بیانبینێت و نەتوانن لەناو درەختەکاندا خۆیان بشارنەوە. بەوجۆرە بەو دەشتەوە بووین تا تاریک داهات. هەر ڕاماندەکرد، شەو لە شوێنێک کە پێی دەڵێن ڕێژاو، لەوێ ماینەوە. خەڵکی تر پەیدابوون لەو ناوەدا و سەرماش بوو، جارجار ئاگرێکیان دەکردەوە بۆ خۆگەرمکردنەوە لەو بندارانە، کە فڕۆکە دەهات خێرا دەیانکوژاندەوە. لەوێ خاڵمان بینییەوە هات بۆ لامان و هەواڵی نەنکمی لێپرسیم، وتم: ئەی لەگەڵ ئێوە نییە؟

وتی: نەوەڵڵا، وتم: وەڵڵا لە ژێرزەمینەکەدا بوو کە من لەوێ بووم، بەس کە کاک مەلا وتی دەرچن، ئاگام لە کەس نەما و دەستی سەرگوڵم گرت و ڕامانکرد، ئەوەی ئێمە بینیمان بڕوا ناکەم کەس لە دوای ئێمەوە بە زیندوویێتی مابێت...! بەوجۆرە دوو شەو لە ڕێژاو ماینەوە. لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا پاسدارەکانی ئێران خواردنیان دەدا بەو خەڵکە و بریندارەکانیشیان بە کۆپتەر دەگواستەوە بۆ ئێران. ئەوەی من بینیم لە برینی ئەو خەڵکە بەزۆری بەهۆی چەکی کیمیاییەوە جەستەیان سووتابوو، کەسوکاریان لەناو بەتانیدا هەڵیانگرتبوون. دیمەنی ترسناکی تیابوو. هەبوو پارچەی بۆمبی بەرکەوتبوون. مەیدانێک هەبوو لەناو گوندی ڕێژاودا و لەوێدا کۆپتەر دەنیشتەوە و دەیبردنە ئەوبەری ڕووباری سیروان بۆ گوندی مەڕەخێڵ لە سنووری ئێران، لەوێ سەربازگەیەکی لێبوو بریندارەکانیان دەبردە ئەوێ، لەوێوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران دەکران. بە خوشکەکەم وت: ئەو کۆپتەرە دەنیشێتەوە با ئێمەش بڕۆین و خۆمان دەربکەین. ئەو دەستی کرد بە گریان، وتی: تۆ هەر حەزت لەوەیە بچیت بۆ ئێران، من نامەوێت بڕۆم، من دەچمەوە بۆ لای دایکم و ئەوان و مامۆستام، دەچمەوە سەر کارەکەم. لە ڕۆژی دووەمدا کە کیمیایی دای لە سازان، بۆمبارانی لای ئێمەشی کرد، قەرەڵەباڵغییەکی زۆر دروست ببوو لەناو گوندی ڕێژاودا و کۆپتەر دەنیشتەوە و خەڵکی دەبرد. ناپاڵمەکان دایان بە شاخەکەی پشتی ڕێژاودا و ترسێکی زۆر بڵاوبووەوە، خەڵک دایە ئەو دەشت و شاخە. خوشکەکەم زۆر گریا هاتە قەناعەت و وتی: نەک بۆ ئێران، بۆ دۆزەخیش بڵێیت دێم با

تۆش نەدەم بە کوشت. لەو کاتەی کۆپتەرەکانی ئێران هاتن تا ئەو خەڵکە بگوازنەوە، دوو فڕۆکەی جەنگی عێراقی هاتن ئەو ناوەیان دایە بەر ناپاڵم. گوندی ڕێژاو لە شوێنێکی سەختی بەرداویدایە، لە ترسا لێمان بوو بە بیابان، نەماندەزانی خۆمان لە کوێدا بشارینەوە، ئێمە ئەو ڕۆژە هەر خودا پاراستینی لەو ناپاڵمانە. سوپای ئێرانیش هیچ بەرگرییەکی نەدەکرد و تەقەی لە فڕۆکە عێراقییەکان نەدەکرد. لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٣/١٨) بە کۆپتەر چووینە ناو خاکی ئێرانەوە بۆ گوندی مەڕەخێڵ. لەناو کۆپتەرەکانی ئێرانیش بووین هێشتا، فڕۆکەی عێراقیمان دەبینی بە ئاسمانی ناوچەکەوە. هەر کە لە کۆپتەرەکە دادەبەزین، یەکسەر لە قاپێکی سەفەریدا هەندێ برنج و شلەیان بۆ دەکردیت بەیەکدا و نانێکی کارگەیی درێژیان دەخستە سەری و دەیانوت بڕۆ بۆ لای ئەو پاسانە. پاسی گەورەی لێبوو کە ئامادەکرابوو بۆ ئەو خەڵکە.
لەوێ کە فڕۆکەی عێراقی هاتەوە ئێران، بە دۆشکا تەقەی لێدەکرد و نەیهێشت نزیکی ئەو سەربازگەیە بکەوێت. لە هاڕەی گوللەی دۆشکە وەختبوو کەڕ دەبووین، نانخواردنی چی، نانەکەم خستە ناو بەرۆکی کراسەکەمەوە بۆ کاتی تەنگانە لە ڕێگە پێمان بێت. نزیکەی چل تا چلوپێنج کەس چووینە پاسە مەنشەئەکەوە، ماوەیەک ڕۆیشت لە ڕێگە پەکی کەوت و وەستا. ڕێگەکە خۆڵ بوو، ناوچەیەکی سەختی شاخاویی بوو، کە پاسەکەی ئێمە تێکچوو، ئۆتۆمبێلی سەربازیی تر دەهات لە ڕێگاکەدا بڕ بڕ خراینە ئەو ئۆتۆمبێلانەوە، ئێمە خراینە ئەمبولانسێکی نەخۆشخانەوە. من و خوشکەکەم هەر پێکەوە بووین لەگەڵ سێ و چوار کەسی تردا براینە گوندی دەوان. لەوێ خزمێکی خۆمان پرسیاری خاڵۆمی کرد، وتم: من خوشکەزای ئەو کەسەم و ئەو منی نەدەناسی، کوێخا نوری ڕێژاو. ئیتر لەگەڵماندا سەرکەوت، پاسدارەکە وتی: نابێت. ئەو وتی: ئەمانە خوشکەزامن، لەگەڵماندا هات بۆ پایانگ ماڵی ئاوابێت. لە پایانگ بیرمان کەوتەوە خوشکەکەم نەعلی لە پێدا نەماوە و دڕاوە، دوو مامۆستای تریشی لەگەڵدا بوو، ئەوانیش پێڵاویان دڕابوو. ئەو پیاوە چوو نەعلی بۆ هەموویان کڕی. خۆیشم پارەم پێبوو، بەڵام پارەکەی من پارەی عێراقی بوو. یەکەم شارەدێی ئێرانی گوندی پایانگ بوو، لە ڕێگە دابەزین. ئەو پیاوە بە شۆفێری پیکابێکی وت: ئەمانە ببە بۆ ساتیاری، خۆم ئێوارە دێمەوە. ماڵی ئەو پیاوە لەوێ بوو. کابرایەک لەوێ بوو پلەی سەربازیی هەبوو لەناو پایانگدا، وتی: نابێت ئەمانە بنێریتە ماڵەوە، ئەمانە کیمیاییان پێوەیە. ببووە

هەرایان لەگەڵ کابرا. کابرا وتی: تۆ لە یاسا لادەدەیت. منیش چوومە پێشەوە و وتم: خاڵە پیاوی چاکبە لەسەر ئێمە مەیکە بە شەڕ، ئێمە هەر ڕۆژێک بێت دێینەوە بۆ ماڵتان. گەلابەیەک هات کابرای ڕیشدار وتی: دەبێت بچنە ناو ئەو گەلابەیەوە، نابێت بچنە ماڵی کەس، دەبێت ببرێن چارەسەر بکرێن. سواری گەلابەیان کردین و براین، کات نزیکی چواری ئێوارە دەبوو. گەلابەکە بەناو هەر شار و گوندێکدا تێدەپەڕی، خەڵک پاکەتە پسکیتی بۆ فڕێدەداین و کشمشیان هەڵدەدایە ناوی، نانیان هەڵدەدا، گەلابەکە هێواش دەڕۆیشت. خەڵکی دەهاتنە پێشەوە و یەکێک دەیوت ئاغا پول ئەوەز ناکەی، سەرەتا لەو ڕستەیە تێنەدەگەیشتین، دواتر زانیمان دەڵێن پارە ناگۆڕیتەوە؟! بەو سەرمایە من قەمسەڵەشم پێ نەبوو. خێزانەکان بەتانییان پێچابوو بە خۆیانەوە، بەلام من لەبەرئەوەی پێشتر شوێنی وام نەبینیبوو، وەک گەنجێک تازە چاوم بەو شارانە دەکەوت. دەستم خستبووە سەر کەناری گەلابەکە و سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد لە دەرەوە، لە قشلاخ و ڕەوانسەر و دواتر گەیشتینە کرماشان لەسەر شۆستەکان و پارکەکان خەڵکم دەبینی هاتبوونە دەرەوە و لەو ناوە نانیان دەخوارد و گەشتیان دەکرد. لەبەر خۆمەوە دەموت باشە ئەوە چۆن ئەو خەڵکانە ناترسن و لە ژێرزەمیندا نین؟! وامدەزانی هەموو خەڵک وەک ئێمە لە مەیدانی شەڕدا بووە و لە ژێرزەمیندا خۆی پاراستووە. گەیشتینە شاری سونغور. لە هەر شوێنێک گەلابەکە شارەزا نەبووایە، پرسیاری لە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکرد. ئیتر منیش دەمزانی ئەو شوێنە کوێیە.

کات یانزەی شەو بوو، گەیشتینە سونغور. زۆر هیلاک و برسی بووین، یەکسەر بردیانینە نەخۆشخانەی شەهید چەپراخ. ناوی نەخۆشخانەکە وابوو. قوتابخانەیەک بوو شوێنەکە کرابووە نەخۆشخانەیەکی فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ هەڵەبجەییەکان. ئەوەی ئەوکات من لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە بیستبووم، حەڤدە ئۆردوگایان بۆ هەڵەبجەییەکان کردبووەوە، یەکێک لەو ئۆردوگایانە، ئۆردوگای سونغر بوو. هەرسین، کەنگاوەر، سەراوفەرش، سەهەنە، کامیاران، سەقز. سەریاس، جوانڕۆ، زۆر بوون، ئەو ناوانەم لە خەیاڵە زۆربەشیان چووبووم. ئیتر ئەو شەوە ئەوانەمان کە برینی سەختیان نەبوو، مەلهەمیان کردە چاومان و هەندێ پاکیان کردینەوە. ئەوانەش کە بریندار بوون هەندێکی لەوێ دەمایەوە و ئەوانەش برینیان سەخت بوو، دەگوێزرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی کرماشان و تاران و هەتا لێشیان

دەگوازرایەوە مەشهەد. ئەو کاتانە بوو کە دایک لە منداڵ دادەبڕا، ژن لە مێردی، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی بریندار نەبووین و دەستم بە دەستی خوشکەکەمەوە بوو، لێکدانەبڕاین...

- هۆی چیی بوو ئەو هەموو منداڵەی هەڵەبجە ونبوون؟

هۆی سەرەکی ئەوە بوو ماڵی وا هەبوو بەهۆی برینداربییەوە بێهۆش بوون، یان هەموویان شەهیدبوون، یان منداڵ هەبووە ڕزگاری بووە. زۆربەی منداڵەکان لە نەخۆشخانەکاندا ونبوون، منداڵ هەیە زمانی نەگرتووە و هەڵگیراوەتەوە و ونبووە. ئەو سیێ منداڵەی کە وتم: لە ڕێگە لەگەڵماندا بوون لەگەڵ کارواندا، تا دوو ڕۆژ لای ئێمە بوون. ئەو ڕۆژەی هاتین سواری کۆپتەرەکان بووین لە گوندی ڕێژاو. کاروان وتی: کاک عادل ئەوە پورمە، ئیتر ڕایکرد بۆ لای، منداڵەکانی تریش چوون بۆ لای، وتم: ئەوانە چیتن؟ وتی: خوشکەزامن. کاروان ئێستاش ماوە ماڵیان لە گەڕەکی زەرگەتەیە لە سلێمانی، زۆرجار دەیبینم دەڵێت ئێوە بوونە هۆی ڕزگاربوونمان لەو ڕۆژگارەدا. کراس سوورەکان دەڵێم. ئەگەر ئەو ڕۆژە پوریان نەدۆزیایەتەوە، ئەوا دەستبەرداریان نەدەبووم، ئەو دوو ڕۆژەش هەر خۆم خواردنم بۆ دەهێنان. کاروان ئێستا دوکاندارە، نازانم کچەکان ئەوەیان بیرماوە، یان نا، نایانبینم، بەڵام ماون. ئیتر ئەو شەوە لەویێ ئێمەیان هێنا بۆ قوتابخانەی ئیمام حسێن و ژوورێکیان پێداین، ئۆتۆمبێلی هاوکاریی مانگی سوور هات و بەتانی و فەرشی پێداین، کورسی دانیشتنی قوتابییەکانیان لابرابوو، ژوورێکیشیان کردبوو بە چێشتخانە و خواردنیان دەدا بەو خەڵکە. نزیکەی چلوپێنج ڕۆژ لەو قوتابخانە بووین، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دوایی بوو بە بەڕێوەبەری ئۆردوگاکەش، ناوی فەیروزی تورکمانی بوو، پیاوێکی هەتا بڵێیت بە ئەدەب و بەڕێز بوو، زۆر هاوکاریی ئەو خەڵکەی دەکرد، زۆرجار منیش هاوکاریم دەکردن و یارمەتی خەڵکم دەدا کە بریندار بوون، ببووم بە هاوکاریان و دوای چلوپێنج ڕۆژەکە براینە ئۆردوگای سەریاس.

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٢)، کە ئێمە لە سلێمانییەوە چووینەوە بۆ هەڵەبجە، خاڵێکم خۆی و خێزانەکەی و منداڵێکی لە ماڵی باوکم دەبن و دێنەوە بۆ هەڵەبجە، لەسەر پردی زەڵم تۆپ لێیان دەدات، کە لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەرازیلیدا دەبن و ئۆتۆمبێلەکەیان وەردەگەڕێت. خاڵم دەڵێت چوار منداڵم

لە هەڵەبجەیە و هەر دەبێت بگەڕێمەوە، کە ئەوەیان بەسەر دێت، ئۆتۆمبێلی سەربازیی دەیانگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەی هەڵەبجە. خاڵۆژنم لەو ڕووداوەدا دەماری پشتی دەبچرێت. ڕۆژی سیانزەی مانگ دەیبەنەوە بۆ سلێمانی و بەداخەوە لەوێ شەهید دەبێت. ماڵی باوکی خاڵۆژنم لە پارێزگای دیوانیە بوون و خۆشیان کوردی هەڵەبجە بوون، لە ساڵی (١٩٧٥) ڕاگوێزرابوون بۆ ئەوێ. باوکم و دایکم و خاڵم تەرمەکەی خاڵۆژنم دەبەنەوە بۆ دیوانیە. دوای نزیکەی چل ڕۆژ لە کیمیابارانی هەڵەبجە، خاڵم لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە هات بۆ ئێران بۆ ئۆردوگای سونغر بۆ لای منداڵەکانی، منداڵەکانی لای ئێمە بوون، کە لە گوندی ڕێژاوەوە هێنابوومانن لەگەڵ خۆماندا... سونغر شارێکە تێکەڵەیە لە کورد و تورکمان، شارێکی زۆر میواندۆست و هاوکار بوون بۆ ئێمە. من هەرگیز چاکەی خەڵکی ئەو شارەم بیرناچێتەوە. دوای چلوپێنج ڕۆژ ئۆردوگایان بۆ دروستکردین، بۆئەوەی قوتابخانەکان چۆڵ بکرێن. چاکەی ئەو خەڵکەمان لەبیرە، من لە تەمەنی خۆمدا سێ جار بە ئاوارەیی چوومەتە ئێران، کە لە ئێران بووین دەمتوانی بە ئاسانی بچمە



دیمەنێک لە خەڵکی ئاوارەبووی هەڵەبجە

ئەڵمانیا لەو کاتەدا، زۆر کەسیش لەوێوە ڕۆیشتن، بەڵام لەبەرماڵی باوکم نەچووم. ئەو ئاغای فەیروزی تورکامانییە چەند جارێک پێی وتم دەرفەت هەیە بۆ نارۆیت؟ ئەو پێی وتم: جگە لە ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەفغانستان و عێراق، هەر وڵاتێکی دیکەت بوێت، دەتبەمە سەفارەتەکەی بە ئاسانی دەتوانیت بە فڕۆکە بڕۆیت، دەبینم زۆرکەس باوک و دایکی خۆی دۆزییەوە، تۆ نەبێت. منیش نەمدەوێرا بڵێم ماڵی باوکم لە سلێمانییە، لەبەرئەوە ناتوانم بڕۆم، هەر دەموت: لەوانەیە باوک و دایکم شەهیدبووبن، نامەوێت بچم، لەبەرئەوەی سەڵت بووم و خوێندکاری شەشی زانستی بووم، دەرفەتێکی باش بوو بۆم، بەتایبەت خۆیشم حەزم دەکرد بچمە ئەڵمانیا، بەشی ڕۆژئاوای ئەوکات، هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هێشتا یەکیان نەگرتبووەوە. زۆریش دەگەڕام بەناو ئۆردوگاکاندا، خوشکەکەم لای ماڵی خاڵم بوو و بێخەم بووم. زۆر خێزانم یەکخستەوە، کە یەکێک دەیوت فڵانەکەسم دیار نییە. دەموت: من لە فلان ئۆردوگا بینیومە. لە مانگی (١٩٨٨/٦) خوشکەکەم لەگەڵ ماڵی مامدا لە ڕێگەی حیزبە کوردستانییەکانەوە لە قەندیلەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، ئیتر هەرخۆم مابوومەوە لەوێ زیاتر ئازادبووم و خەمی هیچم نەبوو. بە خاڵم وت: ئەو ئاغای تورکمانییە چەند جارێکە پێم دەڵێت ئەگەر دەتەوێت بە ئاسانی دەتنێرم بۆ وڵاتی ئەڵمانیا با بچم، خاڵم وتی: دانیشە، بیر لە شتی وا مەکەرەوە، دوایی باوکت گلەیی لە ئێمە دەکات و دەڵێت کوڕەکەم دایە دەستتان و نەتانتوانی بیپارێزن، منیش ئیتر لە سەری نەڕۆیشتم و قسەی خاڵم نەشکاند.

ماوەیەکی پێچوو نامەیەکم لە باوکمەوە پێگەیشت لەگەڵ بڕێک پارەدا. دیاربوو باوکم دوای دوو مانگ لە بۆمبارانی هەڵەبجە ئەوجا هەواڵی پێگەیشتبوو کە ئێمە لە ژیاندا ماوین. بە مامەمی وتبوو هەرچۆنێک بووە ئەو کوڕەم بۆ بهێنەوە. منیش کە نامەکەی باوکمم پێگەیشت و خوێندمەوە زۆر بێتاقەت بووم... وتەی کەسێکی بۆ نوسیبووم کە وتبووی من عادلم لە دۆخێکدا بینیوە لەناو شەڕدا، حەفتا ڕۆحێشی تیابێت ئەوا لە ژیاندا نەماوە، ئەو شوێنە زۆر ترسناک بوو. ئەو کەسە باسی ئەو ڕۆژەی بۆ کردبوو کە تۆپ دابووی لە ماڵێک، ئێمەش سێ کەس بووین و لەوێ بووین. کوڕێک نازانم ناوی چی بوو، دەزانم برای سەباح ناوێک بوو، کە لەناو جێگاکە دەرمان کرد بیخەینە ناو ئۆتۆمبێلەکە، ڕیخۆڵەی لە زەوی دەخشا بەدوایدا، نازانم ڕۆژی

سیانزە، یان چواردەی مانگی سێ بوو، براکەی بردییە نەخۆشخانەکەی هەڵەبجە و لەوێ شەهید بوو... یەکێک لەو کوڕانە نازانم چۆن دەرچوو، چووبووە لای باوکم، ئەوەی بۆ گێڕابووەوە، ئەوانیش ئیتر بە تەمای من نەمابوون، تا دواتر هەواڵیان پێگەیشت و خوشکەکەشم گەڕابووەوە... ئیتر لە دوای نامەکەی باوکمەوە لە مانگی (٧)دا لە ڕێگەی قەندیلەوە و لەبەرخاتری نامەکەی باوکم، هاتمەوە، ئەگەرنا من ڕزگارم ببوو لە عێراق، دەرفەتی باشیشم لەپێش بوو کە بچم بۆ ئەورووپا، ئەوەبوو گەڕامەوە و کەوتمەوە ناو ڕووداوەکان. دواتر بیستم وتیان: تا (١٩٨٨/٧/١٣) لێبووردنی نهێنی هەبوو، خەڵک ئەوەی نەزانیبوو، ئەوەی تا ئەو ڕێکەوتە گەڕابووەوە، لێکۆڵینەوەیەکی کەمی لەگەڵدا کراوە و دەستگیر نەکرابوو، بەڵام ئەوەی لە (٧/١٤) تا (١٩٨٨/٩/٦) گەڕابووەوە، ئەوا ئەنفال کرا... من کە گەڕامەوە، ماڵی پوریشم لەگەڵدابوو، دوو کچی گەنج و سێ منداڵی پێبوو، هاوسەرەکەی پێشتر نەمابوو. ئیتر کە نامەکەم پێگەیشت و باوکم هەتا سەد دیناریشی بۆ ناردبووم، نامەکەی بۆ مامم ناردبوو، نووسیبووی هەرچۆنێک بووە ئەو کوڕەم بۆ بگەڕێنەوە و بیگەیەنە دەستم، ئیتر کە ئەو نامەیەم پێگەیشت، هەموو بیرکردنەوەیەکی ڕۆیشتن بۆ دەرەوەم لە مێشکی خۆم دەرکرد و کەوتمە هەوڵی ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی باوکم. چوومە سەقز، نووسراوی گەڕانەوەم وەرگرت بۆئەوەی ڕێگەم بدەن بگەڕێمەوە، بە نووسراوی یەکێک لە حیزبەکانی خۆمان ئەوان هاتوچۆیان هەر هەبوو بۆ سەر سنوور. شەوێک لە سەقز بووین و بۆ بەیانییەکەی لە ڕێگەی خزمێکی خۆمانەوە هاتینە ناوچەی هەڵوەتان، سێ وڵاخم بە کرێ گرت بۆ پورم و ئەوان. وابزانم بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی ئەو کاتە لەوێ بوو. شەوێک لە هەڵوەتانماینەوە و دواتر هاتینە گوێزێ و لەوێشەوە چووینە تانیدۆ، تانیدۆ گوندێکە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران. شوێنێکی زۆر سەختە، ئەو ماڵانەی لەوێ بوون لە دەوارنشیندا بوون. لەوێشەوە لە سنووری قەندیلەوە چووینە سورەدێ، ئەو ناوچەیە زۆر زۆر سەختە، هەتا ئەو کاتەش بەفری پێوەبوو بە دوو کاتژمێر بەسەر بەفردا دەڕۆیشتین. ئەو بەفرە ئەوەندە زۆر بوو، لەژێرەوە توابووەوە و هاژەی ئاوەکەی دەهات، وەک تونێلێک دڕابوو، لەکاتی تردا وڵاخی بە بارەوە تێکەوتبوو، کە بەس ئێسکەکەی مابوو، زۆر ڕێگەیەکی سەخت و ترسناک بوو.

نازانم چۆن باسی ئەو سێ ڕۆژەت بۆ بکەم کە ئەو ناوچانەمان بە پێ و بە سواری وڵاخ بڕی، بەوجۆرە گەیشتینە سورەدێ، بە کۆتا چیای قەندیلدا هاتینە خوارەوە، لەوێ بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی ئێرانی لێبوو، هەواڵی کوڕێکی خاڵۆزام پرسی لە تیپی پانزەی هەورامان بوو و پێشمەرگەی یەکێتی بوو. وتیان: بەڵێ ئەوانیش لای ئێمە میوانن، ئەوە بارەگاکەیانە. دوو سێ کیلۆمەتر لە یەکەوە دووربوون، چووم بینیمن لەوێ بوون، ناسیاوی تریشی لێبوو. هەتا هەندێ ڕاسپاردەشیان پێوتم بۆ خزم و برادەریان لەناو شاری سلێمانی، دوای ئەوێ، بە پێ هاتین و خاوەن وڵاخەکان گەڕانەوە بەرەو ئێران. ئێمەش هاتین بەرەو ڕانیە. کات دووی نیوەڕۆ بوو گەیشتینە سەر ڕێگەی قیری سەنگەسەر و ڕانیە، لەو ناوە هەندێ ڕەبیەی (جاش) چەکدارە کوردەکانی سەر بە حکومەتی عێراق و سوپای عێراق لەو سنوورە بوون. دوو سەد، تا سێسەد مەترێک لێمان دووربوون، دەشیانزانی لە ئێرانەوە هاتووین، هیچیان لەگەڵماندا نەوت. هەتا من سڵاویشم لێکردن، لەسەر جادەی قیر بووین ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی هات دەستم لێ ڕاگرت و وەستا، وتم: دەچین بۆ ڕانیە، وتی: فەرموون دەتانبەم، ئێمەش سەرکەوتین، بینیم لە پێش پێی خۆیدا تفەنگێکی مزەلی و مەخزەنێکی حەفتاوپێنجی دانابوو. سەیری چەکەکەم کرد ترسام، ئەو زانی من سەیری دەکەم، وتی: مەترسن پیاوخراپ نیم، دەزانم لە ئێرانەوە هاتوون، ئەوەندە نامەرد نیم بتاندەم بەدەستەوە. هەندێ ڕۆیشتین، خاڵێکی پشکنینی سوپای عێراقی دەرکەوت لەو ڕێگەیە بوو. پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ شۆفێری بەرازیلیەکە وتی: ئەگەر دەترسن، بۆ سەلامەتی خۆتان لێرەوە دابەزن و لەو شیوەوە بێنە خوار، هەر دوو کیلۆمەتر دەبێت، چاوەڕێتان دەکەم بۆئەوەی نەدەن لەو پرسگەیە، ئەوەبوو من داشبەزیم، بەڵام پورم ئەوەندە ماندوو بوو، وتی: عادل بشکوژرێم دانابەزم، ئەوەندە ماندووم پەنا بەخودا با بڕۆین، سەرکەوتمەوە و ڕۆیشتین. ئەو سەربازەی لە پرسگەکە بوو، ڕادیۆیەکی بەدەستەوە بوو، هەر سەیرێکی کردین و وتی: بڕۆن، باش بوو لەوێ ڕزگارمان بوو لێی نەپرسین... وتم: کاکە بمانبە هۆتێلێک لە ڕانیە. کابرا بردینیە بەردەم هوتێل سەرچنار، وتی: خۆمماڵم لە سەنگەسەرە و دەبێت بگەڕێمەوە. ئەم خاوەن هوتێلە ناوی کاک ئەحمەدە و هاوکاریتان دەکات، کە دابەزین هەموو گیانمان هەر خۆڵ بوو و پێڵاو دڕاو بووین، خەڵکەکە سەیریان دەکردین و دەیانزانی لە کوێوە هاتووین.

خێرا چووینە ناو هوتێلەکە و بە کرێکارەکەم وت: کاکە ژووری، یان دووانمان بۆ دابین بکەن، کرێکارەکان وتیان: بڕۆن خۆتان پاک بکەنەوە گەرماوی لێیە، ئێمە خەریکی خۆ پاکردنەوە بووین، هەستم کرد کرێکارەکان جموجوڵیان ئاسایی نییە و هەر بەناو خۆیاندا دێن و دەچن. وتم: کاکە چییە شپرزە دیارن؟ یەکێکیان وەک سەرکاری کرێکارەکان وابوو، وتی: بڕۆن خۆتان بگۆڕن و نان بخۆن، بەڵێ ئەوە تەلەفۆنمان بۆ خاوەن هوتێلەکە کرد، وتی: با خۆیان بشۆن و نانێکی باشیان بۆ بهێنن و با بێنە ماڵی خۆمان، منیش وتم: کاکە ناچینە ماڵ، ئێمە بۆ ئێرە هاتووین، یەکێکیان وتی: ئەوە بۆ خۆتان باشە، نابێت لێرەبن، ئەوەی ئێمە دەیزانین، ئێوە نایزانن. ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو کاک ئەحمەدە ئۆتۆمبێلێکی نارد بەشوێنماندا و بردینی بۆ ماڵی خۆیان، زۆر ڕێزیان لێگرتین، وتی: بۆیە نەمهێشتووە لەوێ بن، لە شەودا ئەمن دێت و لێکۆڵینەوە لەگەڵ میوانەکانی ناو هوتێلەکە دەکەن، ئەگەر لەوێ بوونایە، ئەوا دەستگیر دەکران. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، خۆی و خێزانی زۆر خزمەتیان کردین و بۆ بەیانی خۆی ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی هێڵی سلێمانی هێنایە بەردەرگا و سواری کردین بۆ سلێمانی و دە دیناریشی دا بە شۆفێرکە و وتی: بیانگەیەنە ئەو شوێنەی خۆیان دەیانەوێت، لەناو شار دایاننەنێیت، لە هەر پرسگەیەکیش لێیان پرسیت، بڵێ میوانی ماڵی کاک ئەحمەد بووین، هەرچەند وتم: خۆمان کرێ دەدەین، ئەو وتی: نابێت ئێوە میوانی منن، بڕۆن مەترسن. زۆر زۆر سوپاسمان کرد و ڕۆیشتین، باش بوو لەو پرسگانەی هاتە ڕێگەمان، لێیان نەپرسین و بە سەلامەت گەیشتینەوە ماڵی خۆمان. من تا ئێستاش سوپاسگوزاری ئەو پیاوەم، دواتریش دوو جاری دیکە چوومەوە ڕانیە، بۆئەوەی سوپاسی بکەم، بەڵام ڕێک نەکەوت بیبینم. سێ ڕۆژ لە ماڵی خۆمان بووین، هەتا بەزەحمەتیش ماڵی خۆمانم دۆزییەوە، کە چووینە ئەو خانووە، من جارێک چووبووم، ئەویش چەند ڕۆژێک پێش کیمیابارانی هەڵەبجە بوو، ئێستا وا نزیکەی کۆتایی مانگی حەوتە، ئەوەبوو هەندێ لەو ناوە سوڕامەوە، بینیم دایکم لە حەوشەدا نان دەکات، خۆم کرد بە ژووردا و بووە خۆشی و هەرا. دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لە ماڵی خۆمان، هەواڵمان لەسەر درابوو ئەمن هات و دەستگیرکراین و براینە ئەمنی سلێمانی لەگەڵ ماڵی پورم، هەرکە گەیشتینە ناو بارەگای ئەمن، ئەمنی بەرامبەر فیرقەیان پێ دەوت، ئەوانیان لە من جیاکردەوە و کرامە شوێنێکەوە کە هەمووی پیاو بوون.

ژووریک بوو، پەنجاوهەشت کەسی دیکەی لێبوو، زۆربەیان هەڵەبجەیی و شارەزوری بوون، زۆربەیان وەک من لە ئێران گەڕابوونەوە، نزیکەی مانگێک لەوێ بووین، ئەو مانگە ئەوەندەیان لێکۆڵینەوە لەگەڵدا کردبووم، ناگێڕدرێتەوە، هەتا لێدانیشمان هەبوو، سوکایەتی و جنێو ئاسانترینی بوو، لە دوای نیوەشەوەوە دەکەوتنە گیانمان، مولازم حەکیم ناوێک لەوێ زۆر لێکۆڵینەوەی دەکرد: لە ئێران چیت کرد، چیت بینی؟ چۆن هەڵەبجە کیمیاباران کرا؟ هەزارجار ئەمەیان پێ دەوتیتەوە. لەوێ بیستم وتیان: تا (٧/١٣) لێبووردنی نهێنی هەبووە، ئەوەی هاتووەتەوە دوای لێکۆڵینەوەیەکی کەم ئازادکراوە، بەڵام ئێمە دوای ئەو بەروارە گەڕاینەوە و دەستگیرکراین. لەو ژوورەی لێی بەند بووم، من لە نزیک تەوالێتەکەوە بووم و تەنها دەمتوانی بە چیچکانەوە دانیشم و تۆزێک بخەوم، کەچی ئەوەشیان کردبووە زەحمەت لێمان. زوو زوو بە عادل حەمە بانگیان دەکردم. دوای ئەو مانگە پاسی داخراوی تایبەت بە گواستنەوەی بەندکراویان هێنا و سەریانخستین. ئەو پاسانە تایبەت بە گواستنەوەی بەندکراوان بوو، لە دەرەوە هەر جامێکی تاریک بوو، تۆزێک لە جامەکەش کرابووەوە بە ئەندازەی دوو سانتیمەتر، بەڵام لەناوەوە پلێت لە جامەکان درابوو. پاسی سەوزی درێژ بوو. لەناو حەوشە کاتی سەرخستنیان پورم و ئەوانم بینییەوە و ئەوانیش هێنران و لەگەڵ ئێمە سەرخران بەرەو کەرکوک. دەرگای پاسەکانیش کلیل و زنجیری پێوەبوو. دوو ئۆتۆمبێلی پڕ چەکداری ئەمن بەر و دوای لێگرتبووین. لەگەڵ لاندکرۆزەرێکی جاراندا. مولازم عەلا و مولازم عەلی ناوێک هەبوون لە ئەمنی سلێمانی، ئەوان لە ئۆتۆمبێلی تایبەتی ئەمنەکاندا بوون و لە ڕێگەدا پاش و پێشیان لە پاسەکان گرتبوو. لەناو بازاڕی چەمچەماڵ پاسەکەی ئێمە وەستا، کە لەکارکەتبوو، پەکیکەوت و نەڕۆیشت. دوکاندارێک کە کوتاڵفرۆش بوو لەو ناوە، هاتە پێشەوە و وتی: ئەوانە سجنن. من وتم: بەڵێ. وتی: هەڵەبجەیین، یان گەرمیانی؟ وتم: هەڵەبجەیین. ئەوەندە زیندانییان لەوێوە بردبوو، ئەوانیش ئۆتۆمبێلەکانیان دەناسی. دوو سەرباز لای دەرگای پاسەکە بوون. ڕائید عەلا بوو، نازانم کێ بوو، کەتەیەکی زل بوو، دەمانچەکەی لەسەر ڕانی بوو، دابەزی و هاتە لای پاسەکە، دووکاندارەکە وتی: با هەندێ پسکیتیان بۆ بهێنم ژن و منداڵیان لەگەڵدایە، وتی: بەڵێ، بیهێنن. ئیتر بسکیت و پارچە جگەرە و خواردنێکی زۆریان بۆ هێناین و دایانە دەست دوو پاسەوانەکە و دەیاندا بە ئێمە. لەو

شوێنە خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆبووەوە و هەر شتیان بۆ دەهێناین و پاسەکەش چاک نەدەبووەوە. ڕاید عەلا بە دەمانچەکەی هەندێ تەقەی کرد بە ئاسماندا، دیاربوو لەوە ترسا خۆپیشاندان و شتی وا بکرێت و دەربازمان بکەن. خەڵکەکەیان بڵاوەپێکرد و چوون لە گەراج دوو پاسی کۆستەریان هێنا و کراینە ئەو دوو پاسەوە، سەربازێکیان لای پاسە تێکچووەکە جێهێشت. بەو پاسانە براینە تۆبزاوا. لەوێ جارێکی تر ژن و منداڵیان لێ جیاکردینەوە و پورم و منداڵەکانیان برد بۆ شوێنێکی تر، ئێمەش (پیاوەکان) براین بۆ هۆڵی پیاوان. بە منیان وت: بڕۆ لەو هۆڵەی ئەوبەرەوە بەتانییەک بۆ خۆت بهێنە، ئەوانەی لەوێ بوون وتیان: ئەوە کەلوپەلی گەرمیانییەکانە لەوێ بەجێماوە. منیش چووم لەناو بەتانییەکاندا بۆ بەتانییەکی باش دەگەڕام تا هەڵیبژێرم، ئەوەندەم زانی دوو سەرباز بە کێبڵ و لێدان کەوتنە گیانم و بەتانییەکی پیسیان دا بەسەر شانمدا و گەڕاندیانمەوە بۆ ناو هۆڵەکە، لەوێ زۆر ناسیاری هەڵەبجەییم بینی. حاجی عینایەتی باوکی کاک عومەریش لەوێ بوو، وتی: چەند ڕۆژێکە ئێمەش هێنراوینەتە ئێرە، ئەو ئامۆزای باوکمە، خزمی نزیکمانە. ئەو ماوەیە لەوێ بووین و وەک گەنجەکان لێدانمان زۆر بوو. لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا یەک جار بۆمان هەبوو بچینە سەر ئاو، ئەویش پاسەوانەکە تا ژمارە دەی دەژمارد، دەبوو لەو ماوەیەدا بچووایتایە سەر ئاو و لە بنە سەتڵێکدا هەندێ ئاوت ببردایە و بە ڕاکردن بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت، دوابکەوتیتایە، ئەوا لێیان دەدایت، خواردنمان سەمونێک و شۆربایەکی پیس بوو. شورباکە زۆر مووی پرچی ئافرەتی تیادابوو، نازانم بەمەبەست وایان دەکرد بۆئەوەی سزامان بدەن، یان چی. سەربازەکان بە کێبڵێکەوە دەهاتنە ناو زیندانەکە، هەر سەیرێکی بکردیتایە و دەموچاوتی بەدڵ نەبووایە، بە کێبڵ دەکەوتە لێدانت. سێ کەسمان لەگەڵدابوو کە بەباشی زمانی عەرەبییان دەزانی، زۆربەی کات لای دەرگاکەوە دادەنیشتن لەگەڵ پاسەوانەکان دەدوان، کە داوای خواردنێکمان بکردایە، یان شتێک دەیانوت: ئێوە کەرن بۆچی دەخۆن؟ ئێوە دەبێت بمرن، خواردنتان بۆچییە؟ بڕیاری کوشتنتان هەیە. تەنانەت ئەو سێ کەسە وتیان: بە ئێمە وتراوە تا ڕۆژی چوارشەممە دەکوژرێن، چەند ڕۆژێک پێش دەرچوونی بڕیاری لێبووردنەکە. نزیکەی سەدوپەنجا کەس بووین لەو شوێنە، پێنج لەو کەسانە نەخۆشیی دەروونییان هەبوو، کە لە هەموو شتێک بەخشرابوون و وەکو من بەند بوون، ئەوان وەک

پێشمەرگەیەک ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردین. مستەفا ناوێکیان تیابوو لەبەردەم مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بوو، جاران دەماننناسی تەواو نەبوو. شارەزوورییەک و دووانی تریش لە هەورامییەکان بوون. یەکێک لەوانە هوشیاری نوری حەلاو بوو. کاک نوری پیاوێکی ناوداری هەڵەبجە بوو، خۆیشی هەر لەگەڵماندا بوو، لە هەڵەبجەش هەر دەماننناسی ئێستا لە ژیاندا نەماوە. هوشیار نزیکەی پانزە ساڵ بوو ماڵی باوکی لە ماڵەوە بەندیان کردبوو، بۆئەوەی زیان بە خەڵک نەگەیەنێت، هوشیار سەرەڕای خراپی دۆخی دەروونی، لە دەست و پێش کەوتبوو، دەستوقاچی چووبوو بەیەکدا، ئەوەندە بەندکرابوو لە ماڵەوە، پیسی دەکردە ژێر خۆی، ڕیشی لەسەر ناوکی بوو، قژدرێژ بوو تا ناو شانی. ڕۆژێک سەربازەکان لەوانەیان پرسیبوو عەرەبییان باش دەزانی، کە ئەمە پێشتریش وابووە؟ ئەوانیش وتوویانە: نەخێر، دەست و قاچی تەواو بووە، هەر هۆشی تەواو نەبووە... وتی: دەی بیهێننە دەرەوە و پاک بیشۆن و تەراشی بۆ بکەن. دووان لە کاکەییەکانیان بانگکرد چوون شۆردیان. بیستوپێنج کەسی کاکەیمان لەگەڵدابوو. چوون هوشیاریان خستە سەر بەتانییەک و هەڵیانگرت و بردیانە دەرەوە بۆ لای تانکییە ئاوەکە، تانکییەکی بچووکی سەربازگەکە بوو، بەتانییەکەیان ڕاخست و نایلۆنیان کردە دەستیان و هوشیاریان پاک شۆرد و تەراشیان بۆ کرد، دواتر بەتانییەکەشیان پێ شۆردن و دووبارە بەتانییەکەیان ڕاخست و هوشیاریان خستەوە سەری، وتیان: ئێوە بڕۆن. ئێمەش هەر لە پەنجەرەکانەوە سەیرمان دەکرد. یەکێکیان دەستی ڕاستکردەوە و بە ئەژنۆی مەچەکی تەقاند، هوشیار هاواری دەکرد لەتاو ئازاردا. یەکێک چووە سەر پشتی و قاچیان بە توندی ڕاکێشا و ڕاستیان کردەوە، هوشیار بوورایەوە، هۆشی نەما و بێدەنگ بوو، بە تەواوی دەست و قاچیان ڕاستکردەوە. بانگیان کردین وتیان: بیبەنە ژوورەوە و کەس حەقی بەسەرییەوە نەبێت. دوو کەس چوو هەر لەسەر ئەو بەتانییە بە چواردەستە هێنایانە ژوورەوە. هوشیار شەو و ڕۆژێک زیاتر بێهۆش بوو. دوای ئەو شەو و ڕۆژە هاتە هۆش و یەکسەر هەستایە سەر پێ و داوای خواردن و جگەرەی کرد، هیچ نەبوو، سەمونە ڕەقەیەکیان دایە و فلتەری سەرەجگەرە لەوێدا کەوتبوو، دەیاننا بە دەمییەوە. ئەو زیندانە بۆ هوشیار بووە خێر، لە خۆشیدا هەر ڕای دەکرد، کە جارێکی تر دەتوانێت بگەڕێت، ئەوەندە دەسوڕایەوە، هەمووومان تووشی سەرەسوڕە بووین بەهۆی

ڕاکردنەکانی هوشیارەوە لەناو هۆڵەکەدا، لەو ساڵانەی دواییدا کە ئازادکرابوو هەر لەسەر شەقامەکانی سلێمانی لە سەرماندا ڕەقبووەوە و مرد.

ڕۆژێکیان براینە دەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە، لەو کاتەدا ماردینی کوڕەزای مامە حاجی عینایەت هاتە لای باپیری، نازانم چۆن هات، لەو ناوە بوو، لەبەرئەوەی ماردین منداڵ بوو، لای نەنکی بوو لەناو ژن و منداڵەکاندا. لە مامە حاجییان پرسی ئەوە چیتە؟ وتی: کوڕمە، لەبەرئەوە باوکی ماردین پێشمەرگە بوو، هەر لای خۆی گەورەی کردبوو، لەبەرئەوەی کێشەی زیاتری بۆ دروست نەبێت وای وت. مامە حاجی هات بڕوات دوای لێکۆڵینەوە، دووبارە بانگیان کردەوە. یەکێک لەو کوردانەی خۆمان کە وەرگێڕیی دەکرد و لەگەڵ خۆمان بەند بوو، ناوەکەی ناڵێم، بە ئەمنەکانی وتبوو نەخێر کوڕی نییە، ئەوە کوڕەزایەتی، ئەمنەکە مامە حاجی بانگکردەوە و زۆر بە ناشیرینی لەگەڵی دوان و بە توندی پاڵێکی نا بە مامە حاجییەوە و خەریکبوو بکەوێت، ئەو ڕووداوەمان زۆر لا ناخۆشبوو کە بەرامبەر ئەو پیاوە بەتەمەنە کرا، کە بەهۆی زمانلێدانی کوردێکی خۆفرۆشی خۆمانەوە بوو، داخەکەش ئەوەبوو بەهۆی نامەردێکی خۆمانەوە عەرەبێکی بێ دایک و باوک ئاوا بەرامبەر پیاوێکی وەکو مامەحاجی بکات، لەو ڕۆژەدا کە سەرەڕای ئەو دۆخە ناخۆشەمان، هێشتا نامەردی وامان تیادابوو...

هەرچەند بەندیش بووین، نەیاندەهێشت پشوو بدەین. دەبوو سەعات حەوتی ئێوارە بخەوین و بەیانیش لە سەعات پێنجدا هەستین بەدەم جنێو و ڕەفتاری ناشیرینەوە. ڕۆژێک گەنجەکان جیاکراینەوە لە بەتەمەنەکان و گوازراینەوە بۆ هۆڵێک کە لای دەرگا سەرەکییەکەی بەندیخانەکە بوو. ئێمە نەماندەزانی بۆ کوشتن گوێزراوینەتەوە بۆ ئەوێ، دواتر پێیان وتین، پاشان هێنراینەوە و کراینەوە لای ئەوانی دیکە.

ئەو سێ کەسە کە وتم لای دەرگاکە بوون، یەکێکیان ڕادیۆیەکی قیسارەی بچووکی پێبوو. جارجار بەنهێنی گوێی لێدەگرت لەژێر بەتانییەکەدا. ڕۆژی (١٩٨٨/٩/٦) ڕادیۆیان کردبووەوە، یەکێکیان وتی: جەماعەت هەواڵەکانی ڕادیۆ دەڵێت: بڕیاری لێبووردن بەڕێوەیە. لەبیرمە کات یەکی پاشنیوەڕۆ بوو، بڕیارەکە دەرچوو، دەڵێت: سەرۆک سەدام بڕیاری لێخۆشبوونی دەرکردووە بۆ هەموو بەندکراوێکی: مەحجوز، مەوقوفی مەنتیقەی شیمالی، خۆمان دەگرێتەوە، بەڵام نەمانوێرا بە ئاشکرا باسی بکەین، من بە نهێنی بە مامە

حاجیم وت شتێکی وا هەیە، ئینشائەڵڵا ڕزگارمان دەبێت. ئەو ئامۆژگاری منی کرد، وتی: لای کەس باسی مەکە، با تووشی کێشە نەبیت. بۆ ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە بەرپرسی زیندانەکە جلێکی ئاسایی لەبەردا بوو، جلی سەربازی نەبوو، پلەدارەکان دەیانتوانی لە شوێنی ئەرکدا جلی وا لەبەربکەن، هات بۆ لامان، پێشتر هەر بێزی نەدەهات سەیریشمان بکات. ئەو ڕۆژە هات و وتی: اخوانی اکراد شلونکم؟ واتا برا کوردەکانم چۆنن...؟ برا، چۆن بووین بە برا؟! زۆری وت... هیچتان پێویست نییە؟ کەس نەیوێرا هیچ بڵێت. دووبارە وتی: هەر هیچتان ناوێت؟ یەکێک لەوانەی عەرەبی دەزانی وتی: سلامتک سیدی. واتا بەس سەلامەتی تۆمان دەوێت گەورەم. کابراش وتی: دەی باشە با مژدەیەکی خۆشتان بدەمێ، سەرۆک لە ئێوە خۆشبووە، دەبێت لە ئێستا بەدوا ببنە هاوڵاتی باش و خزمەتی سەرۆک و وڵات بکەن، بە زمانی عەرەبی کەوتە وتاردان و زۆری وت. دواتر وتی: دەی گۆرانی بڵێن و هەڵپەڕن... گۆرانی چی، کەس نەیدەوێرا هەر سەیریشی بکات. وتی: نا دەبێت گۆرانی بڵێن. یەک دووانێ لە گیراوەکان هەندێ گۆرانی حەلەق و بەلەقیان وت و ئەویش ڕۆی و وتی: لەم ڕۆژانەدا کاروبارتان ڕێکدەخەین و دەچنەوە ناو کەسوکارتان.

ئیتر ڕەفتاریان لەگەڵماندا گۆڕا و بە پارە شتیان بۆ هێناین، بەتایبەت جگەرە. پێشتر جگەرەکێشان قەدەغە بوو. لە دەرەوە پاکەتێک جگەرە بە سێ پەنجایی و بیستوپێنج فلس بوو، واتا سەدو حەفتاوپێنج فلس، ئەوان بە پێنج دینار دەیاندا بە ئێمە، ئەوکات هەر دینارێکی عێراقی بەهاکەی هەزار فلس بوو، کاتی خەوتن و هەستانمان گۆڕا و زۆریان لێ نەدەکردین بۆ خەوتن. بۆ ڕۆژی (٩/٨) ئۆتۆمبێلی پاسیان هێنا و خێرا سەریانخستین. ئەوکاتە دیسان پورم و ئەوانمان بینییەوە و ژن و منداڵی تریشیان زۆر لەگەڵدابوو، لەوێوە هێنراینەوە بۆ سلێمانی و براینە لای باڵەخانەی «حەسیب ساڵح»، ئێستا پێی دەڵێن «پالاس» بەرامبەر باخی گشتی. هەروا خەڵک بوو لێمان کۆبووەوە و هەرکەسە هەواڵی ونبوو و دەستگیرکراوی خۆی لێ دەپرسین، هەواڵی هەیئەی کەرکوک و ئەبوغرێبیان لێ دەپرسین. یەکێک دەیوت: کێ سوورت نەدی، یەکێکی تر دەیوت: کێ ڕەشت نەدی...؟ هەرکەسە و ناو و نازناوی دەستگیرکراوی خۆی دەدا. ئەوە زۆر ناخۆش بوو، زۆر کەس نائومێدبوون لە چارەنووسی دەستگیرکراوەکانیان. من لەویا خۆم دزییەوە و چوومەوە بۆ

ماڵەوە، بەڵام دەستگیرکراوەکانی تر برانە عەربەت و لەوێوە نووسراوێکیان بۆ کرا و ئەو کات ئازادکران. من بەهۆی ئەوەی ئەو نووسراوەم نەبوو، کێشەم زۆر بۆ دروست بوو لە داهاتوودا. دواتر بە ناچاریی چووم نووسراوێکی گەڕانەوەی ماڵی باپیرمم هێنا و ساختەم کرد و ناوی خۆم خستە سەری، بە مەبەستی بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانەم. نووسراوە ساختەکە زۆر دیاربوو، دوو بەرواری جیاش بوون، ئازادبوونی من و هاتنەوەی ئەوان لە ئێران، دەچوومە هەرکوێ گرفتی بۆ دروست دەکردم، دوایی لەگەڵ کوڕێکی ئامۆزامدا چووین بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، بۆئەوەی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی ئامادەیی بدەین و دەست بە خوێندن بکەینەوە، لەوێ وتیان ئێوە مەشمولن بە حادیسەی هەڵەبجە، دەرکراون لە خوێندن و ناتوانن تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، دەبێت بڕۆن بۆ خزمەتی سەربازیی، یەکسەر نووسراویان بۆ کردین بۆ تۆماری سەربازیی. تەمەنەکەم سەرباز بوو (١٩٦٩)، یەکسەر نووسراویان بۆ کردین و نێردراین بۆ مەرکەز تەدریبی قادسیە لە پارێزگای دیوانیە، کە بووینە سەربازیش لەسەر دەفتەر خدمەکەمان نووسرابوو ئەمانە لە ئێران گەڕاونەتەوە و دەستگیرکراون. دەچووینە هەر بنکەیەکی سەربازیی، زۆر دووچاری لێپرسینەوە و سزا دەبووینەوە. جارێک گوازرامەوە بۆ تیمی مدەڕەعەی پاسەوانی نەوتی کەرکوک، ئەو شوێنە زۆر هەستیار بوو، لەبەرئەوەی کەرکوک هەمیشە چاوی کوردی لەسەرە، من و ئەو برادەرەم هێشتا پێکەوەبووین، کە فایلەکەم هات لە عەمارەوە بۆ ئەوێ، بۆ سەربازگەکە، کە لەوێ ئەوەیان بینی لەسەر دەفتەر خزمەتەکەم و فایلەکەم. زۆر لێم توڕە بوون و کەوتنەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵم، وەک ئەو کاتەی لە سلێمانی دەستگیرکرابووم، هەموو دۆسیەکەم هاتبووە یەکە سەربازییەکە، ئەفسەرێک پیاوێکی بەتەمەن بوو، پێی وتم: عادل ناتوانیت هیچ درۆیەک بکەیت لەگەڵمان، ئەوە دۆسیەکەتە لە پێشم. وتم: باشە گەورەم. هەرچی دەپرسی وەڵامم دەدایەوە و جنێوێکی ناشیرینی پێ دەدام. بەتایبەت جنێوی زۆری بە خەڵکی سلێمانی دەدا. زۆری وت، خەریکبوو نووسراوم بۆ بکات بۆ بەشی هەواڵگریی سەربازیی. لە کاتی نووسیندا ترسم لێنیشت، زانیم شتی خراپم لەسەر دەنووسێت، دەستم بەرزکردەوە وتم: گەورەم ڕێگەم بدە یەک شت بڵێم، زۆر بە ناشیرینی وتی: دەی فەرموو بزانم... دەخۆی، وتم: گەورەم ئێمە دوو خودامان هەیە و بەخشیویانم، ئەی تۆ نامبەخشیت؟ وتی: مەبەستت

چییە، ئێمە هەر یەک خودامان هەیە، خوای (جل جلالە)، وتم: نەخێر، دوو خودان. خوای گەورە و سەرۆک سەدامیش خوایەکمانە، ئەو دووانە منیان بەخشیوە، ئێستا تۆ بۆ نامبەخشیت؟ کە ناوی سەدامم هێنا، هەستایە سەر پێ و وتی: ڕاستە سەرۆک بەخشیونی، وا منیش بەخشیمیت لەبەر سەرۆک، خودا بیپارێزێت...! بەو ڕستەیە خۆم و پشتیوانی هاوڕێم ڕزگارمان بوو لە لێکۆڵینەوە. دوای ساڵێک لە سەربازیی، دواتر برامە تیمی مغاویر. تیمێکی زۆر دڕەندە و بێئاکار بوون، دەچووینە هەر یەکەیەکی سەربازیی وەک گومانلێکراوێک تەماشا دەکراین، لەبەرئەوەی هەڵەبجەیی بووین و لە ئێران گەڕابووینەوە... زۆر گەنجی تر هەر لەبەرئەوەی وەک ئێمە بوون، برابوون بۆ شوعبە خاسەی بەغدا و یانزە مانگ زیندانیی کرابوون، هەتا ساڵی (١٩٩٠)، کاتێک وڵاتی کوێت داگیرکرا، نان نەبوو بیدەن بە زیندانییەکان و زۆربەیان ئازادکرابوون. کاک بەهمەن عیزەت یەکێک بوو لەوانەی دەستگیرکرابوو. وەک من قوتابی بوو لە سەربازییەوە دەستگیرکرابوو، دەیوت ویستوویانە بە دەرزی بمانکوژن، بەڵام دکتۆرەکە ڕازی نەبووە، کە ئێستا ئەویش لە سلێمانییە و یەکێکە لەوانە. منیش دوای ئەو ڕۆژە نێردرام بۆ کەتیبەی مغاویر، ئامرەکەمان لەناو سوسێ بوو. لەوێوە لە پشتیوان دابڕام. لە (١٩٩٠/٨/٢) لە کوێت درا من لە (٨/٤)ەوە لە سەربازیی هەڵاتم و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لەو ماوەیەدا مۆڵەتی ساختەمان دروست دەکرد بۆ کاتی پێویست، بەڵام نەمدەوێرا زۆر بچمە دەرەوە، جارێک چوومە دەرەوە بینیم پشتیوان دەستگیرکراوە و لەناو ئۆتۆمبێلی مفەوەز شەماڵدایە، سەیرێکی کردم و خێرا چووم هەواڵم دا بە ماڵی باوکی، ئیتر ئەوانیش هەوڵیان بۆ دا و ئازادیان کرد. بەو دۆخە ڕامانکێشا تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، کە ڕاپەڕین کرا، ئیتر خێرا چووینەوە بۆ سەردانی هەڵەبجە، زۆری نەخایاند کۆڕەو دەستی پێکرد، دواتر گەڕاینەوە و چوومەوە بۆ خوێندن، زۆر ناخۆش بوو دوای ئەوەندە ساڵ بگەڕێیتەوە بۆ خوێندن. لە قوتابخانەیەکدا دەرگا و پەنجەری پێوە نەبوو و بینای باخچەی ساوایان بوو، لەسەر بلۆک دادەنیشتین، بەڵام بە هەوڵ و دڵسۆزیی کۆمەڵێک مامۆستای دڵسۆز کە هاندەرمان بوون، لەو دۆخەدا تاقیکردنەوەمان ئەنجام دا. هەرچەند پێش ڕووداوەکان خەونی ئەوەم هەبوو کە ببم بە ئەندازیار، لەبەرئەوەی خوێندکارێکی زیرەک بووم و لە خێزانەکەشماندا سوپاس بۆ خودا دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا هەن، بەڵام من هەر ئەوەندەم توانی

بچمە پەیمانگای تەکنۆلۆجی بەشی ڕۆپیو بخوێنم. ئێستاش فەرمانبەرم لە شارەوانیی سلێمانی بەشی نەوت.

لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا و دوو کچم هەیە، یەکێکیان خوێندکاری زانکۆیە، قۆناغی کۆتایی بەشی شیکاریی نەخۆشییەکان، کچەکەی ترم لە قوناغی یەکی زانکۆیە.

پورم لە ساڵی (٢٠١١) وەفاتی کرد، کچەکانیشی دووانیان لە ئەوروپان، یەکێکیشیان لە هەڵەبجەیە و زۆر شتیان لەبیر نییە و جارجار لە من دەپرسن، ئەوە چۆ بوو دەستگیرکراین؟

پەردەی گوێچکەی ڕاستم بەهۆی دەنگی ئەو فڕۆکانەوە ئێستاش ئازاری هەیە، ناسنامەی زیندانیی سیاسییان بۆ کردووین، بەڵام تا ئێستا هیچ پاداشتێکمان وەرنەگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئامادەم بۆ هەر خزمەتێک کە پێم بسپێردرێت، لەڕاستیدا ئەم دەستکەوتانەی ئەمڕۆشمان زۆر بەزەحمەت بەدەستهێناوە. سوپاسی تۆش دەکەم دوای سیوچوار ساڵ وەک ڕۆژنامەنووسێک، یان نووسەرێک کەوا منت بەسەرکردەوە و ئەو ڕووداوانەم بۆگێڕایتەوە بە کورتی و خێرایی، دەنا هەر ناخۆشییەکانی ئەو شەوەی لە گوندی ڕێژاو بەسەرمان برد، بە ساڵێک لێمان تێپەڕی.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١٥)، ئێمە لە هەولێر و کاک عادل لە سلێمانی، لەبەر درێژیی گفتوگۆکە تا ڕۆژی (٢٠٢٣/٢/٢٠) چەند جارێک پەیوەندیم پێوەکردەوە.




**ئاشنا ئەحمەد مەحمود**

**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٢).**

زۆر شتی منداڵیم لەبیر نییە، تا دایکم لە ژیاندا مابوو، ژیانێکی زۆر خۆشمان هەبوو. ئێمە چوار خوشک و دوو برا بووین لە دایکم. باری ئابووریمان باش بوو. باوکم کاری بەڵێندەرایەتی دەکرد، بەڵام دواتر دایکم تووشی نەخۆشی ئیفلیجی بوو بەسەر منداڵبوونەوە، لە ساڵی (١٩٨٠) تا ساڵی (١٩٨٦) بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد... ئەوە زۆر کاری تێکردین و ئەو خۆشییەمان نەما... باوکم دواتر ژنێکی تری هێنا، پاشان نەگونجان پێکەوە و لێی جیابووەوە و برایەکمان لەویش هەیە. دواتر ژنێکی تری هێنا، لەویش سێ برا و دوو خوشکمان هەیە، بەڵام مردنی دایکم ئازارێکی زۆری پێداین، ئێستاش پێویستمان پێیەتی. منداڵ کە دایکی نەبوو، هەر نەبێت باشە. من چوارەم منداڵی خێزانەکەمان بووم. براکانم و ڕۆشنای خوشکم لە من گەورەتر بوون، بەڵام سۆزانی خوشکم زۆر بچووک بوو، ئێمە لە دوو ساڵ پێش کیمیاییەکەوە خۆشی ژیانمان تێکچووبوو بەهۆی مردنی دایکمەوە. هەمووشمان لە قوتابخانە

بووین و دەمانخوێند. خۆپیشاندانەکانی ساڵی (١٩٨٧)م لەبیره ئەوەی کانی عاشقان، ئەوەشم بۆیە زۆر لەبیره باوکی فریشتەی هاوڕێم لەو ڕووداوەدا شەهیدبوو، وتیان: بە برینداریی دەستگیرکراوە و زیندەبەچاڵیان کردووە... ئەوەشم لەبیره کە بە شۆفڵ چەند ماڵێکیان ڕووخاند و ئێمە بە دیاریانەوە وەستابووین، سەربازە عێراقییەکان چوونە سەر شۆفڵەکان، دەشیانوت: کەلوپەلەکانیان دەربکەن، دواتر بە شۆفڵ چەند ماڵێکیان ڕووخاند، ئەو ماڵانە بوون کە کوڕیان پێشمەرگە بوو. ئیتر بەهۆی شەڕی عێراق و ئێران و بوونی پێشمەرگە لەو سنوورەدا، بەردەوام باوکم گوێی لە ڕادیۆ دەگرت (١٤-٣/١٥) شەڕەکە زۆر گەرم بوو، شەوان لە ئاسمان گوللەی ئاگرین (تەڵقەتەنوورە)ی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەدرا، دیاربوو شەڕەکە سەختە، باوکیشم لەبەرئەوەی پێشتر پێشمەرگایەتی کردبوو، دەیزانی واتای ڕەنگی گوللەئاگرینەکان چین... ئەو دەچووە سەربان، ئێمەش دەچووین لەگەڵیدا. باوکم دەیوت ئەوە مەترسییان لەسەرە بۆیە وایە. ڕۆژی (٣/١٥) تەقەکان زیاتر نزیک بوون. بەردەوام گوێشمان لە هەواڵەکان دەگرت لە ڕادیۆی بەغداوە. باوکم بە ئێمەی وت: نەیەنە دەرەوە، هێرش دەستی پێکردووە و دیارە هەڵەبجە گیراوە، زۆر ترساین. ماڵمان گەورە بوو، وتی: هەموو بچنە هۆڵەکە، لای بەیانییەکەی بوو و نەماندەزانی چی ڕوو دەدات... ئێمە لە ماڵەوە بووین، گوێمان لێبوو یەکێک وتی: یەکێتیی نیشتمانی باوەڕی هەموومانی... کە ئەو دروشمەمان گوێ لێبوو، باوکم چووە دەرەوە و بانگی کردین، وتی: مەترسن وەرن پێشمەرگەیان لەگەڵە. پێشتر زۆر شت وترابوو لەسەر سەربازانی عێراقی، کە کاتێک شاری قەسری شیرینیان گرتبوو، ستەمیان لە خەڵک کردبوو. خەڵکی هەڵەبجە و ئێمەش ئەو ترسەمان لە دڵدا بوو، ئەگەر شەڕ بکەوێتە ناو شارەوە، پاسداری ئێرانی، یان سەربازی عێراقی چیمان لێ دەکەن. ئێمەش زۆربەمان کچ بووین، ژیانی کچی مامم و برایەکیشی لەگەڵماندا بوو، ئیتر کاتێک ئەو دروشمەمان گوێ لێبوو، ترسمان ڕەوییەوە و هەموو هاتینە بەردەرگا، ئەوەندەی پێ نەچوو برای باجیەکەمان پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، هات بۆ ماڵمان، ئیتر خەڵکەکە و پێشمەرگەمان بینی. خۆم بە گوێی خۆم ئەو دروشمەم گوێ لێبوو، یەکێتی بوون و ئەوەش بزووتنەوە هاتە ماڵی خۆشمان و پارتیش هەبوو، بەڵام لە هەڵەبجە پێشمەرگە و لایەنگری پارتی هەر کەم بوو. سێ ڕۆژ بوو کارەبای هەڵەبجە بڕابوو، باوکیشم چەند ڕۆژێک پێش ئەو ڕووداوانە لە بەغدا هاتبووەوە و خواردنێکی

زۆری هێنابوو، وەک: مریشکی بەستوو و خواردنی ئامادەکراو شتی تر... ئێمەش خواردنمان ئامادەکردبوو تا نانی نیوەڕۆ بخۆین. ئەو ڕۆژە باوکم چوو بۆ بازاڕ و هاتەوە، هەندێ شتی تریشی هێنابوو... وتی: بازاڕ پڕی پاسداری ڕیش درێژە، هەتا ئەوەشی وت کە یەکێک لە پاسدارەکان پارەی پێ نەبووە و شتیان پێ نەفرۆشتووە، خەڵکەکەش شتیان بە بەلاش پێ نەداوە، من پێنج دینارم پێداوە. سەربازە ئێرانییەکان هیچیان پێ نەبوو، زۆر برسی بوون. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دۆخەکە ئاسایی بوو، خەڵکی بەکەیف بوون و دڵیان خۆش بوو و ترسیان نەبوو. شەو خەوتین بەیانی هەستاین کاری ڕۆژانەی خۆمان دەکرد، ئەو ڕۆژە من تاقیکردنەوەم هەبوو لە قوتابخانە، ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) بوو و چووم بۆ قوتابخانە، هەرچەند وتیان مەڕۆن. وتمان: نەخێر، دەڕۆین تاقیکردنەوەمان هەیە، کە ڕۆیشتین یەک زیلی پڕ لە سەربازی بریندار لای بارەگای سەربازەکان بوو... ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی سەرا بوو، یەکێک لەوێ بوو، وتی: بۆ کوێ دەڕۆن؟ وتمان: دەچین بۆ قوتابخانە. وتی: قوتابخانەی چی؟ قوتابخانە نەماوە! تەنانەت ئەوەم لەبیرە، وتی: والله انتم ابطال، واتا ئێوە پاڵەوانن. ماڵی دایکی باجیەکەم لەوێ بوون لە مۆریانە، ئیتر کە ئەوەمان بینی، گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، تەواو دەوامی قوتابخانە نەبوو.



ئەحمەد مەحمود ناسراو بە ئەحمەد لادا، پێش ساڵی (١٩٨٨)

هەر هێشتا دنیا کشومات بوو، سفرەمان داخست کە نانی نیوەڕۆ بخۆین. ناڵەیەک هات و ناپاڵم بوو، تۆپێک بوو بەر سەربازگەکەی پشت ماڵمان کەوت. شوشەی پەنجەرەکان هەمووی کەوتە سەر سفرەی نانەکە، ئەوەندەی پێ نەچوو چنووری مام مەحمودی سافە بە ڕاکردن هات بۆ ماڵمان، وتی: مام ئەحمەد گیان فریامان بکەوە... جەلال و ئەرسەلان و باوکم بریندارن لە ژێرزەمینیش بوون هەندێکیان. جەلالیان ئێستاش لە ژیاندا ماوە کە لەو ڕووداوەدا قاچێکی لەدەست دا. نزیک دوانزە و دە خولەکی نیوەڕۆ بوو... باوکم وتی: لە ماڵ دەرنەچن هەتا ئەم بریندارانە دەبەمە نەخۆشخانە. باوکم ڕۆیشت و بریندارەکانی خستە ئۆتۆمبێلەکەی، چووبووە نەخۆشخانە و کەسی لێ نەببوو، شار تۆپباران بوو... وتبوویان بیبەنە دەرەوەی شار. بریندارەکانی بردبوو تا سەر سنوور، باوکیشم دەیگێڕایەوە کە چی بەسەرهاتووە، ئێمە هەر لە ماڵەوە بووین، سەعات شەشی ئێوارە باوکم هاتەوە، وتی: دەرنەچوون؟ وتمان نەخێر، وتی: کەس نەهاتووە بەدواتاندا؟ وتمان: نەخێر. وتی: وەرن سەرکەون. ئۆتۆمبێلێکی سۆپەری مۆدێل (١٩٨٧)مان هەبوو، هەندێکمانی سەرخست. پورە مەوزەرم و کوڕێکیشی لەگەڵدابوو، کە لە سلێمانییەوە هاتبوون لە ماڵمان بوون، ئەوانیش هاتن. زۆربەی خانووەکان ڕووخابوون بەهۆی بۆمبارانەوە. باوکم لە کۆڵانی ماڵی شێخ ئەحمەدەوە ڕۆیشت. لە کۆڵانی ماڵی شێخ ئەحمەددا پێشمەرگەیەک قیناعی کیمیایی لەسەردا بوو و هاتە سەر ڕێگەمان، وتی: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ باوکم لێی توڕە بوو، وتی: تۆ خۆت قیناعت لەسەردایە و سوور دەزانیت کیمیابارانە و ڕێگەشت بە من گرتووە دەڵێت بۆ کوێ دەچن؟ ئیتر جامەکەی داخست و ئەومان بەجێهێشت. تەبریدی بۆ کردینەوە، پورە مەوزەر ڕەبۆشی هەبوو، هەر هاواری بوو دەیوت: ئەحمەدی برام خنکام. بەرەو چیای گوڵان ڕۆیشتین بۆ ناو دارسنەوبەرەکان و ئێمەی لەوێ دانا، نیوەشمان لە ماڵەوە بوو، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلەکە هەموومانی نەدەگرت. باپیرم و ژیانی مامەم و ئەوان لە ماڵەوە بوون و دواتر باوکم ئەوانیشی هێنا. ئەو شەوە تا بەیانی لەوێ ماینەوە، فەرش و شتمان دا بە خۆماندا. ئەو شەوە وەک حەشر وابوو، هەر هاوار و ناڵەی خەڵکی بوو تا بەیانی، کەس نەیدەوێرا ئاگری جگەرەش پێ بکات لەترسی ئەوەی لە فڕۆکە ئاشکرا نەبین و نەزانێت خەڵک لەوێیە. بەردەوام فڕۆکە بۆمبارانی دەکرد. یەکێک ئاگرێکی بکردایەتەوە، هەزار جنێوی پێ دەدرا. بەیانی باوکم ئێمەی دوورترخستەوە بۆ لای کانییەکەی

زرگوێز و خۆی چوو سەر لە شار بداتەوە، زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە، وتی: لەسەر ڕێگەکە خەڵکێکی زۆر کەوتوون و مردوون، ڕێگە نەبووە بڕۆم. تەنانەت ئەوەشی وت: بە باجیتان مەڵێن ماڵی خاڵ و مامی و خزمەکانیم بینیوە، لەسەر ڕێگەکە بە مردوویی کەوتوون، وەک وتم: باوکم پێش ڕووداوەکان لە بەغدا شتی زۆر هێنابوو، دوو پاکەت پەنیری هێنابوو، پەنیرمان پێبوو.

وتی: هەندێ لەو پەنیرانە بخۆن بە نانەوە با برسیتان نەبێت. دواتر ژیان و گۆران و باوکم چوونەوە ناو شار و لەوێ زۆر لە شەهیدەکانیان کۆکردبووەوە و بە سندووقی ئۆتۆمبێلەکە بردبوویانن و ناشتبوویانن لە گۆڕستان. تاک تاک کەسوکار لێی کۆدەبوونەوە، تۆزێ چاڵیان دەکرد و دەیانشاردەوە. دەزانم هەندێ کەسیان لە سەرووی گۆڕەکەی دایکمەوە ناشت لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا. دەزانم گۆڕی هەندێ کەس لەوێیە. دواتر هێزی بزووتنەوەی ئیسلامی و خەڵکی تر هاتن بە کۆمەڵ تەرمی شەهیدەکانیان دەناشت. تا دوانزە ڕۆژ زیاتر لەو ناوە بووین. خەڵک دەیوت خواردنی هەڵەبجە کیمیایی لێیداوە و مەترسیدارە. ئێمە بەکارمان دەهێنا و سوپاس بۆ خودا سەلامەت بووین. دواتر چووینە ئەوبەرەوە، باخێکی ماڵی مامی باجیم لەو ناوە بوو، چووینە ئەوێ، باوکم هەر نەیدەویست بچینە خاکی ئێرانەوە، خەڵکی هەموویان بەرەو ئێران دەچوون. باوکم ڕۆژانە دەچووەوە ناو شار. کوڕێکی سەید جەمیل تەمەنی نزیکەی حەوت تا هەشت ساڵ بوو بەجێمابوو لە خێزانەکەی. باوکم ئەو منداڵەشی هێنایە لامان، باوکم وتی: کە چووم بینیومە ئەو منداڵە جانتایەکی بە سینگەوە بووە و گریاوە، هەربۆیە لەگەڵ خۆمدا هێناومە... ماڵی شادمان و سێ خوشکی هاتنە لامان، ئەوانیش ماوەیەک لەلامان بوون، باوکیان لە کیمیاییەکەدا شەهیدبوو، ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن، ئەحە ڕوش و ئەوانیش هاتنە لامان. لەو باخە ماینەوە، دەمانبینی لە فڕۆکەکان دەدرا. منداڵبووین و دەچووین سەیرمان دەکرد تا بزانین لەکوێ کەوتووە. ماڵی حاجی حەمە عەزیز هەیە کۆکۆین، لەو ناوە شوێنی مریشک بەخێوکردنیان هەبوو (دواجن). هێشتا هەر لە باخەکە بووین، وتیان: مادام ئێوە ناچن بۆ ئێران، وەرن بچنە ئەوێ و لەو ناوە مریشکیشی لێیە لێی بخۆن. سۆزانی خۆشکم مریشکی بۆ لێدەناین، ئەوەشم لەبیرە پێشمەرگە لەوناوە بوو و بارەگایان لە باوەکۆچەک بوو، جارجار دەهاتنە لامان و دەیانوت: چایەکمان بۆ لێنێن. سۆزانی خۆشکم دەیوت: خۆ چایخانەمان دانەناوە. دەمانبینی ئەو پێشمەرگانە ڕۆژانە دەچوونە

ناو هەڵەبجە و شتیان دەهێنا بۆ پێویستی خۆیان. دواتر ئێرانییەکان چەکیان لێسەندن و نەیاندەتوانی بە چەکەوە بچنە ناو هەڵەبجە، ئەوەبوو پێشمەرگەیان چەککرد و تەنها خۆیان دەسەڵاتیان هەبوو لەو ناوە.

فەلاح خزمی دایکم بوو، لەگەڵ برا گەورەکەم کە برای شیرییمان بوو، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە خانەقین شەهید بوو، پێشمەرگەی یەکێتی بوو. لەو ماوەیەدا هاتەلامان، وتی: کە لە ئێران بووین پێش هێرشەکە، پاسدارەکان قورئانیان هێناوەتە پێشمان وتوویانە داوا بکەن و سوێند بخۆن کە خوا لەم شەڕەدا شەهیدتان بکات. منیش وتوومە. دە... چۆن داوای وا دەکەم؟ بەداخەوە دواتر لە ڕاپەڕیندا شەهیدبوو... تەرمەکەشی هەر نەدۆزرایەوە.

ڕاستە ئێران هەر هێرشی دەکرد، بەڵام ئەگەر پێشمەرگەی لەگەڵدا نەبووایە، نەیدەتوانی وا بەو ئاسانییە بێتە ناو هەڵەبجە و بیگرێت. ئێمە ئەو ماوەیە لەوێ بووین. بینیومە باجیم نانی کردووە، فڕۆکەکان نزیکیش بوون، وەک بڵێی بزانێت ئێمە خێزان و ژن و منداڵین تەقەی لێ نەدەکردین. سوپاس بۆ خودا کیمیابییەکەش هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەرمان، هەتا ڕۆژی (١٩٨٨/٣/٣١) لەوێ بووین، بەوەدا دەزانم ئەو ڕۆژە ژیان و شادمان هەر بە خێزانیی ئەندامی حیزبی شیوعی بوون و لە ئێمە گەورەتر بوون. یادی دامەزراندنی حیزبی شیوعییان کردەوە، بۆیە ئەو بەروارەم باش لەبیرە. ژیان کچی ئەبو تارایە. ئەبو تارا کادیرێکی پێشکەوتووی حیزبی شیوعیە، وا دەزانم تا سێ و چواری مانگی چواریش لەوێ بووین، بەوەدا دەزانم هەتا چواله و هەڵوژەی هەڵەبجەش پێگەیشت، لێمان خوارد و هەر لەوناوە بووین. هەر باوکم حەزی نەدەکرد بچینە ئێرانەوە. باوکم ڕۆژانە دەچووەوە بۆ هەڵەبجە و مردووی دەناشت و هاوکاریی ئەو کەسانەی دەکرد کە لەوێ بوون... دواتر وتیان: نابێت لێرە بمێننەوە. پاسدارەکانی سوپای ئێران چوون لۆرییان هێنا، وتیان: چیتان پێیە لەگەڵ خۆتان ببەن. ئێمە ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان و ئۆتۆمبێلێکی شەهید عومەرمان پێبوو، وتیان: بۆمان بهێنن. لۆریشیان هێنا و شتەکانمان لەگەڵ خۆمان برد و چووین بۆ ئێران، کە ڕۆیشتین لەو شوێنە، شەوێک لە مەرقەدی سیراجەدین و بەهادین لە تەوێڵەماینەوە، دواتر براین بۆ پاوە. خزم و کەس هاتن بەپیرمانەوە. دواتر چووینە کامیاران و لە خانوویەکدا نیشتەجێ بووین و نەچووینە ئۆردوگا، لەوێش خەڵک زۆر دەهات بۆ هەواڵپرسین و ماڵمان وەک بارەگایەک وابوو بۆ هەڵەبجەییەکان. وەکو ژیانی ڕۆژانە لە خانوودا


بووین و جێمان باش بوو. من زۆر بەرپرس نەبووم و منداڵ بووم، ئەركی زۆر لەسەر باوكم بوو. ئێمە چوار خوشك بووین، ژیان و باجیشم ئەمە شەش ژن، باپیرم و پورم و ئەوانیشمان لەگەڵدابوو. گۆرانی برام پێشمەرگە بوو و لای ئێمە نەبوو، كاروانی برام ژنی هێنابوو و ماڵی جیابوو، گۆرانی مامم لای ئێمە بوو... سوپاس بۆ خودا هیچ كاریگەرییەكی كیمیاییمان لەسەر نەبوو. باش لەبیرم نییە چەند لە ئێران ماینەوە، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلەكەی باوكم زۆر جوان بوو، ئەوكاتە ئۆتۆمبێلی لەو جۆرە لە ئێراندا نەبوو. بەڕێوەبەری ناحیە و زۆر بەرپرسی ئێرانی دەهاتن و داوای ئۆتۆمبێلەكەیان دەكرد، بە باوكیشمیان وت وەرە كار بكە لەگەڵماندا. ئێمەش هەر دەمانوت: نامانەوێت لە ئێراندا بمێنینەوە، با بگەڕێینەوە عێراق. خزمی ماڵی باپیریشم هەبوو لە ئێران و دەهاتن میواندارییان دەكردین. كات گەیشتە هاوین، بەوەدا لەبیرمە جلی تەنك و عەزی هاوینەمان لەبەر دەكرد، دواتر باوكم ئۆتۆمبێلەكەی فرۆشت بە ماڵی یار ئەحمەدبەگ، ئەوان خێزانێكی پارتی بوون، ئۆتۆمبێلەكەمان بەوان فرۆشت و باوكم بڕیاری گەڕانەوەی دا. دواتر چووینە شارێك لەلای شاری شنۆ و مەهاباد، لەوێوە مامم خەڵكی بۆ دابینكردین تا بمانبات بۆ سنووری تومسوران و تانیدۆیان پێدەوت، تا ئەوێ بە ئۆتۆمبێل هاتین. ئیتر لەوێوە دوو پێشمەرگەیان خستە تەكمان لەسەر سنوور، لەوێوە هێستر و وڵاخیان بۆ هێناین. بە وڵاخ سواربووین و چووینە شوێنێك كە سەر شاخ بوو، هەمووی بەفر و دارودرەخت و چەم و كانی بوو. زۆر سەیر و جوان بوو، وەك دیمەنی ناو فیلمەكان وابوو لەپێش چاوم. چووینە شوێنێك پێیان دەوت سێكوچكەی سنوور، لەنێوان عێراق و ئێران و توركیا، بارەگای حیزبی شیوعی لەوێ بوو، مامم ئەبوتارا لەوێ بوو، بارەگای عەزیز محەمەدیش لەوێ بوو. لەو كاتەدا حكومەتی عێراق بۆردوومانی بارەگاكانی دەكردن و ئەوەشمان بینی خەریكی بارەگا گواستنەوە بوون و خێمەی لێبوو... فڕۆكەی عێراقی هات، دوای هێرشەكە ماوەیەكیش لەو شوێنە ماینەوە، نازانم خواكوركیان پێدەوت، یان شوێنێكی تر بوو. شەوێك لەژێر كەورگە بەفرا خەوتین... بۆ بەیانی لەسەر سنوور, ئەوانەی هێسترەكانیان پێبوو، وتبوویان نەیانبەن بەرەو لای خاڵی سەربازیی عێراقی لەسەر سنوور. لەوناوە لەسەر كانییەك وەستاین، دەست و دەموچاومان شۆرد و خۆمان گۆڕی و هەموو شەرواڵی پیاوانەمان لەبەردا بوو. سەعاتێكی پێ نەچوو لەو شوێنەوە هاتین بەرەو ناوچەی ژاراوە و قەڵادزێ، ڕێك كەوتینە

ناو خاڵی پشکنینی سوپای عێراقەوە، زۆر ترسابن، ئەوان ئێمەیان دانا و خاوەن وڵاخەکان بەرەو دوا گەڕانەوە، ئێمەش تازە چارمان نەما و چووینە لای بازگەکە. سەربازەکان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ باوکمدا، وتیان: لێرە چاوەڕێ بکەن ئێستا ئۆتۆمبێل دەهێنین بتانبات بۆ ناو شار، باوکم وتی: ئۆتۆمبێلی ئێوەمان ناوێت، خۆمان هاتووینەتەوە. یەکێکیشمان لە ڕێگە لێ مردووە، باوکم مەبەستی منداڵەکەی براژنم بوو کە لەو ماوەیەدا لەباری چووبوو. سەربازەکان وتیان: نابێت خۆتان بڕۆن. لەو گفتوگۆیانەدا بوون، یەکێک لە سەربازەکان هاواری لێ هەستا و وتیان: تووشی ڕیخۆڵەکوێرە بووە. هەر نازانم چۆن بوو لە چەند خولەکێکدا سەربازیان خستە ئۆتۆمبێلە مێکزەمینییەکەوە و ئێمەشیان لە پشتەوە سەرخست و ئۆتۆمبێلەکە وەک بروسک کەوتەڕێ، خێرا گەیشتە ناو ژاراوە. لەوێ باوکم وتی: ئێمە لێرە دانێن و سەربازەکە ببەن بۆ لای دکتۆر. خێرا ئێمەیان دابەزاند و ڕۆیشتن. نەخۆشکەوتنی ئەو سەربازە بۆ ئێمە بوو بە مایەی خێر، دەنا ئێمەش ئەنفال دەکراین. ڕێکەوتێک بوو وەک فیلم وابوو، هەر نازانم چۆن ئەم ئۆتۆمبێلە هات و ئەوە ڕوویدا و ئێمە دابەزین. کچێکی پورە ماوزەرم لە ژاراوە شوی کردبوو، باوکم وتی: با بچین بۆ ماڵی ڕووناکی پوررزام، یەکسەر چووین بۆ ماڵی ئەوان. ڕووناک هات بە دەممانەوە و زۆر خۆش بوو. دوو شەو لەوێ ماینەوە و ڕووناک لە خۆشیدا سەری گرتە خەنە، وتی: نەزرم کردووە ئێوە ببینم، سەرم بگرمە خەنە. دوای ئەوێ هاتینە سلێمانی و لەوێ کاروانی برام ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی هەبوو، ئەویشمان برد و چووین بۆ بەغدا، خزم و دۆستی باوکم لەوێ بوو. ماوەی هەفتەیەک زیاتر لەوێ ماینەوە. لەوێش باوکم ئەوەندە ماندوو بوو و خەمی خواردبوو، جەڵدە لێی دا و تەندروستی تێکچوو، دواتر بردیانە لای دکتۆر، هەندێ باش بوو، پاشان هاتینەوە بۆ سلێمانی. باوکم پێشتر لەسەر گردەکەی سەرچنار خانوویەکی کڕیبوو، شەش مانگ بوو کرێچی تیادا نەبوو، ئیتر چووینە ئەو خانووە و ئاڵتوونی دایکم و باجیم مابوو، باوکم فرۆشتی و پێداویستیمان پێ کڕی و لە سلێمانی ماینەوە دەستگیر نەکراین و حکومەتی عێراق لێی نەپرسین. ساڵی من (١٩٨٩) هەر لە سلێمانی شومکرد. سێ منداڵم هەیە، کچەکەم شوی کردووە و کوڕەکەشم تازە ژنی هێناوە و کچێکی بچووکم لەسەر ماڵ ماوە. ماڵی باوکم دوای ڕاپەڕین چوونەوە بۆ هەڵەبجە و تا ماوەیەک لەوێ بوون. ڕۆژێکیان تارا مەولود، خەڵکی هەڵەبجەیە، هاتە ماڵمان، وتی: باوکت لە کوێ ببینم تا

سوپاسی بکەم، فلان کەسمان لە هەڵەبجە شەهیدبوو، هەموو ئاڵتوونمان بە کەمەرییەوە بوو، ئەو شوێنی ناشتنەکەی نیشانداین و گۆڕەکەمان هەڵداوەتەوە و هەموو ئاڵتوونەکان هەر لە پشتیدا بووە و هێنامانەوە، وتم: باوکە کەسێک هاتووە وای وتووە، ئەویش وتی: بەخوا ڕۆڵە هەر کەسم ناشتبێت، باوەڕ ناکەم دەستنوێژم لێیان شکابێت و دەستم بەریان نەکەوتووە... باوکم زۆر شتی لایە، بەڵام تەندروستی باش نییە، هەوڵ دەدەم بیدوێنم، بۆئەوەی زۆرترین زانیاریت دەستکەوێت.

زۆر کەلوپەل و شتمان لای خەڵکی ناسییەوە کە برابوون، هەڵەبجە تالانکرا. پورزاکانی دایکم چووبوونە ماڵەکەمان، بینیبوویان کە شتمان براوە، تەلەفزیۆنی خۆمانمان لە ئێران بینییەوە.. لەگەڵ دڵسۆزی خوشکیشم بدوێ، ئەویش زۆر شتی لەبیرماوە.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (١٠)ی شەوی ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٣١)، ئێمە لە هەولێر و خاتوو ئاشنا لە سلێمانی.



**دڵسۆز ئەحمەد مەحمود**
**لەدایکبووی هەڵەبجە،ساڵی (١٩٧٥).**

لە پۆلی یەکی ناوەندیی بووم کاتێک کیمیابارانی هەڵەبجە کرا. دواتر لە سلێمانی ئامادەیی کشتوکاڵیم تەواو کرد. پاشان هاتینە وڵاتی بەلجیکا، لێرەش بەشی دایەنگەم خوێند و لە فێرگەی پەروەردەی منداڵ کارم دەکرد، بەڵام ماوەیەکە بەهۆی نەخۆشییەوە دەوام ناکەم. ئێمە سەرەڕای مردنی دایکم، کە خەمێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام بە گشتی ژیانمان خۆش بوو. خێزانێکی گەورە بووین، ماڵی مامیشم بە زۆری لەگەڵماندا بوون. هەڵەبجەش زۆر خۆش بوو. ئێمە ئەو کاتە هەر لەگەڵ شەڕ و تۆپباراندا گەورەبووین، لامان ببووە شتێکی ئاسایی. هەشت ساڵ شەڕی نێوان عێراق- ئێران بوو، هەڵەبجە بەردەوام لەژێر مەترسی تۆپباراندا بوو، کە شەڕەکە زیاتر گەرم بوو، دەوامی قوتابخانە وەستا، کارەبا زوو زوو دەبڕا، کە قوتابخانە دەوەستا، زۆر دڵمان خۆش دەبوو، دەمانوت: باشە ئیتر ناچین بۆ قوتابخانە. ڕۆژێ، دووان پێش

کیمیابارانی هەڵەبجە، باوکم لە بەغدا هاتبووەوە، شتی زۆری بۆ هێنابوین، زۆر کەس پێشتر لە هەڵەبجە ڕۆیشتبوون، بەڵام ئێمە بێ باوکم بۆ هیچ کوێ نەدەڕۆیشتین، نەنکم و باپیریشم هەر لەگەڵماندا بوون. نەنکم پێشتر کۆچی دوایی کرد، بەڵام کە هەڵاتین، باپیرم لەگەڵماندا بوو. ئەو ڕۆژە وابزانم پانزەی مانگ بوو، پورم و کوڕێکیشی لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ ماڵمان. پێش ئەوەی بە تەواویی هەڵەبجە بگیرێت، باوکم وتی: دەتانبەم بۆ سلێمانی، چووین تا لای پردەکەی زەڵم، حکومەتی عێراقی پێش ئێمە پردەکەی تەقاندبووەوە و نەمانتوانی بڕۆین. بەڕێوەبەری پۆلیس کاک مەحمود ناوێک بوو و ناسیاومان بوو، ئەوانیش پۆلیسی ئاسایی بوون، پێشتر ڕۆیشتن بۆ سلێمانی، کە پردەکە تەقێنرابووەوە ناچار گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە. زۆری پێ نەچوو پێشمەرگە و پاسداری ئێرانی هاتنە ناو هەڵەبجەوە. ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی سەرا بوو، ماڵە بەعسی زۆر لەو گەڕەکەی ئێمە هەبوو. سەربازگەیەکمان لێوە دیاربوو، گوێمان لە ئەڵڵاهوئەکبەری ئێرانییەکان بوو. ئێمە نەماندەوێرا بچینە دەرەوە، هەر لە دەرگاکەوە سەیرمان دەکرد و دەرگاکەمان نیوەی پەنجەرە بوو... باوکم زۆر بێتاقەت بوو، ئەو هەستی بە مەترسییەکان دەکرد... پاسداری عەمامە بەسەر دیاربوو، بەڵام خەڵکی تر چوونە ناو خۆپیشاندانەوە. ڕۆژی (٣/١٥) هەندێ تۆپباران کەم بوو، تۆزێ دۆخەکە ئارام بوو. خزمێکمان



سۆفی مەحمود، باوکی ئەحمەد لادا

هەبوو ناوی کاک عومەر بوو، هات بۆ ماڵمان، هەر لەبەر دەرگاکەوە وتی: کاک ئەحمەد هەوڵی دەرچوونیشمان دا، کەچی نەیانهێشت بڕۆین و گەڕاندیانینەوە. باوکیشم هەر دڵی دەدایەوە، وتی: مەترسن خودا کەریمە، بەڵام بەداخەوە خێزانی ئەوان هەموو تیاچوون و شەهیدبوون، ئەوە زۆر ناخۆش بوو. دواتر تەرمی هەموویانمان بینی کەوتبوون. هەموومان بەوە زۆر خەمبار بووین، وابزانم شانزە بوو، یان پانزەی مانگ بوو. لاموایە تەنها خوشکێکی کە پێشتر شوی کردبوو، هەروەها برایەکیشی کە پێشمەرگە بوو و لەوێ نەبوون، لە ژیاندا ماون، ئیتر تەواوی خێزانەکەیان تیاچوو. ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) ژمارەیەکی زۆری فڕۆکە هاتنە سەر شاری هەڵەبجە و دەنگیان زۆر بەرز بوو. بڕوابکە ئێستاش کە لەم وڵاتەم و کاتێک گوێم لە دەنگی فڕۆکەی سەربازیی دەبێت، کە جارجار مانۆڕی خۆیان دەکەن، وەختە زیرە بکەم. دەچمە سوچێکەوە و خۆم کپ دەکەم، لەبەرئەوە ئەو ترسەی هەڵەبجە ئێستاش لە مێشکمدایە. دەڵێن دۆزەخ، ئەو ڕۆژەی هەڵەبجە بۆخۆی دۆزەخ بوو، قیژە و ناڵە و دەنگی فڕۆکە، کە وەخت بوو لەتاودا شێت دەبووین، قیژە و ناڵە زۆر بوو، هەرچی تۆپبارانی جاران بوو وەک فیشەک بوو لەچاو ناڵەی تۆپەکانی ئەو ڕۆژەدا. ئاریای برام بچوک بوو و لەترساندا دەگریا و گوێچکەی خەریکبوو دەتەقی. نیوەڕۆ بوو، باجیم خەریکبوو نانی بۆ دادەنایین. چنوری ئامۆزامان دراوسێمان بوو، پێشتر ماڵیان لە گەڕەکی کانی عاشقان بوو، لە ساڵی (١٩٨٧) لەلایەن سەدامەوە ڕووخێنرابوو، لەبەرئەوەی خۆپیشاندانی تیادا کرابوو، هاتبوونە گەڕەکی ئێمە، دراوسێمان بوو، بە قیژە و گریان خۆی کرد بە ژووردا، هەموو گیانی هەر خوێن بوو، وتی: کاک ئەحمەد فریامان بکەوە ناپاڵم داویەتی لە ماڵمان، ئەرسەلان و سالار و مام مەحمود کوژران. ئەو وتی کوژران، بەڵام بریندار بوون. باوکم یەکسەر ڕایکرد لەگەڵ چنوردا و ئێمەی بەجێهێشت و بریندارەکانی بردبوو بۆ لای دکتۆر. ئێمەش هەر لە ماڵەوە بووین. باوکم ئێمەی هەر بیر نەمابوو. دوای تۆزێک باوکم گەڕایەوە، وتی: مەترسن ئەوان نەمردوون، بەڵکو بریندارن و فریایان دەکەوم و دەیانبەمە لای دکتۆر. ئێوە لە ماڵ دەرنەچن، تا دێمەوە. خێرا بە قوڕی چیمەنەکە ئۆتۆمبێلەکەیان نایە قوڕ و ڕۆیشت، دواتر بۆی باسکردین چی بەسەرهاتووە. ئەوەشی پێوتین بچنە حەمامەکە، ئەوێم بە

باشی دروستکردووه، ئێمەش زۆر بووین. وتی: ئەگەر کوڕی پورزاکەم، کاکەی پێدەوت، بەو دەڵێم بێت بە شوێنتاندا، کە هات، لەگەڵ ئەودا بڕۆن. ئەوانیش دەرچوون ئێمەیان لەبیرچوو و نەیانزانیبوو باوکم بەو بریندارانەوە سەرقاڵە. ئێمەش تۆزێ هەستمان بە بۆن دەکرد، بەڵام شتێکی وا نەبوو. گۆرانی ئامۆزاشمان زۆر دڵی دەداینەوە، ئاگامان لە باوکم نەما، ئێمە ماینەوە لەوانەیە لەو گەڕەکەدا تەنها ئێمە مابینەوە، کاتێ باوکم هاتەوە شەو درەنگ بوو.

وتی: چۆن نەڕۆیشتوون؟ باوکم ئاوی دەدا بە دەموچاوماندا، پورم دەبوورایەوە و خەریکبوو دەخنکا. نزیکەی دە جار هەوڵمان دا ئەوجا توانیمان بچینە ناو ئۆتۆمبێلەکە، نازانم چەند کەس بووین. باجیم و دە کەسی ترمان نەهاتن، ئەوان وتیان: منداڵەکان دەرکەن ئێمە گەورەین و خۆمان دەپارێزین. باپیرم و پوریشمان برد. پورم ڕەبووی هەبوو و دۆخی خراپ بوو، نەیدەهێشت بڕۆین. وامانزانی ئێستا دەڕۆین، کە چووینە دەرەوە، شار ڕوخابوو، کۆڵان وێرانبوو. بۆن دەهات، نەماندەتوانی دەرچین، نزیکەی یەک سەعات لەو گەڕەکەی خۆمان سوڕاوینەتەوە، چووینە لای کانی عاشقانیش، ڕێگە نەبوو بڕۆین. دەچووینە هەر کۆڵانێک ڕووخابوو و ڕێگە گیرابوو، هەر چۆنێک بوو ڕۆیشتین، کابرایەکیش پێشمەرگە بوو بە قیناعێکەوە هاتبووە سەر ڕێگەمان، وتی: کاک ئەحمەد بۆ کوێ دەچن؟ باوکم زۆر توڕە بوو، وتی: تۆ بە قیناعێکەوە بە من دەڵێی بۆ کوێ دەچم؟ لاچۆ لە ڕێم با منداڵەکان دەربکەم. هەتا ئەو کاتەی ئێمە دەرچووین، تەرممان نەبینی، بەڵام شار زۆری ڕووخابوو، باوکم ئێمەی بردە لای گوڵان، هەمووی دار سنەوبەر بوو. ئێمەی لەبن چەند دارێک دانا و خۆی گەڕایەوە بۆ ناو شار. بەتەمابووین باوکم زوو بگەڕێتەوە، بەڵام زۆر دواکەوت، باوکم چەند خێزانی تری ڕزگارکردبوو، ئەوجا گەیشتبووە ماڵی خۆمان و ئەوانی تری هێنابوو. باوکم کە گەڕایەوە، زۆر تێکچوو. ئەو شەوە دەڵێن ڕۆژی حەشر بووە، ڕەنگە هەر وابێت، قیژە و ناڵەی خەڵک نازانم چۆن باسی بکەم...، بەردەوام فڕۆکەی عێراقی دەهاتن و ئەو شوێنانەیان بۆمباران دەکرد کە خەڵکی بۆی دەچوون... بۆ بەیانی باخێک هەبوو هی خزمی ماڵی باجیم بوو، ژوورێکی بچووکی تیادابوو و بردیانینە ئەوێ... کە دەڵێن دۆزەخ، ئێمە ئەو

شەوە بەچاوی خۆمان دۆزەخمان بینی. بڕواناکەم هیچ گێڕانەوە و فیلمێک هەبێت کە بتوانێت وێنای ئەو ڕووداوانەی هەڵەبجە بکات. بۆ ئەو ڕۆژە هیچ بەرگرییەک نەبوو لەلایەن ئێرانەوە، فڕۆکەکان هیچ دەرفەتێکیان نەدەدا و لە هەموو شوێنێکیان دەدا... بۆ بەیانی باوکم دیسان گەڕایەوە ناو هەڵەبجە، کە گەڕایەوە زۆر تێکچووبوو و دەگریا، وتی: خەڵک هەمووی مردوون، ئێمەش لە ترسا دەلەرزین. ئیتر ئێمە لەوێ ماینەوە و باوکم لەگەڵ چەند کەسێکدا گەڕایەوە و چوونە ماڵی خزم و ناسیاوەکان بۆ سۆراغیان. ئیتر ڕۆژانە دەگەڕانەوە بۆ ناو هەڵەبجە و سەردانی ماڵی ناسیاو و خەڵکیان دەکرد و ئەوەی شەهید ببوو، دەیانبرد دەیانناشتن. زۆر کەس دواتر دەهات بۆ ماڵمان بۆ هەواڵپرسینی کەسوکاریان، باوکم پێی دەوتن بڕۆن لە فلان شوێنە. زۆر تەرمیشیان دەهێنایە ئەو دەشتە، منیش دەمبینین لە دووریی سەد مەترێکەوە سەیرم دەکرد و نەمدەوێرا بچمە نزیکیان. ماڵی کاک عومەر و ئەوان و ناسیاوی زۆرمان شەهید بوو، لەوێ دەمبینی تەرمەکانیان کەوتوون. کچ و کوڕی مامەکەشم زۆرجار لەگەڵ باوکم دەچوون بۆ کۆکردنەوەی تەرمی شەهیدەکان. ماڵی حاجی نیهایەت، باوکم هەر باسی دەکردن کە چۆن تەرمی کچ و کوڕەکانی خستبووە سەر عەرەبانەیەک و بەجێی نەهێشتوون، منداڵەکانی زۆربەیان خوێندنیان تەواوکردبوو، هەر دەیلاواندنەوە... ئیتر



دڵسۆز ئەحمەد و منداڵەکانی ٢٠٢٢

هێنایانن و باوکم لەگەڵیاندا ناشتیانن. زۆرجار خەڵکی زیندووشی دەردەکرد. جارێکیان دوو منداڵی لەگەڵ خۆی هێنا کوڕێکی سەید جەمیل و کچێکی حەمە سەعیدی تەنەکەچی، کە هاوتەمەنی خۆم بوو، لە بیرمە، کوڕەکە جانتایەکی پێبوو، کە پڕی دەرزی و دەرمان بوو، دەشمانوت بماندەرێ، نەیدەداینێ، ئەو کچ و کوڕە دایک و باوکیان مابوو، نازانم چۆن لە خێزانیان دابڕابوون. دواتر باوکم گەیاندنییەوە دەست کەسوکاریان. باوکم دەچووە ژێرزەمینەکان و بانگی دەکردن کێ ماوە، من فلانە کەسم، با یارمەتیتان بدەم؟ باوکم زۆر شتی لایە، زۆرجار بۆی باسکردووین. دوای ئەوە چووینە ئێران و ماوەیەک لەوێ بووین. دواتر زۆر بەزەحمەت و بە سواری وڵاخ هاتینەوە. باش بوو لە سلێمانی خانوویەکمان هەبوو، دوای ماوەیەک چووینە ئەو خانووەی خۆمان، کە ساڵی نوێی خوێندن کرایەوە، چوومەوە بەر خوێندن و ئامادەیی کشتوکاڵم تەواوکرد. لە سلێمانی دەژیاین، تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، دواتر چووینەوە هەڵەبجە. ماڵمان لە هەڵەبجە بوو، لەوێ شوم کرد. دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەم چووینە شەقڵاوە لە کاتی شەڕی ناوخۆ و لە ساڵی (١٩٩٦) ماوەیەک لەوێ بووین. دوای ئەو ڕووداوانە چووین بۆ دەرەوەی وڵات و هاتین بۆ وڵاتی بەلجیکا و لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە لەوێ نیشتەجێبووین. لەوێ ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا لە برۆکسل سکاڵامان تۆمارکرد لە دژی سەدام. خۆم و هاوسەرەکەم ئەو سکاڵایانەمان تۆمارکرد.

کاک عەبدولڕەزاق فەیلی و چەند کەسێکی تریشمان لەگەڵدابوو. ئەو کات سەدام لەسەر دەسەڵات بوو، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت لەسەر ئەو سکاڵایە. کچێک هەبوو شایانی ناوبوو، وەرگێڕ بوو لە کەیسی ئێمە لە بەلجیکا، دەیزانی چیمان بەسەرهاتووە، وتی: وەرن دەتوانن سکاڵا لەسەر سەدام تۆمار بکەن؟ ئەوکات ساڵی (٢٠٠٢) بوو سەدام هەر لەسەر دەسەڵات مابوو، بەڵام پێیان وتین ئێمە بەرپرس نین لە سەلامەتیتان. ئەوە زۆر دڵخۆشی بوو بۆمان، کە ئێمە دەتوانین سکاڵا لەسەر سەدام تۆمار بکەین و شتێک بکرێت بۆ هەڵەبجە. ئەو سەردەمەشمان بینی سەدام و عەلی کیمیایی گەیشتنە ئەو چارەنووسەیان.


هێشتا لە بەلجیکا دەژیم. ماوەی سێ ساڵە هاوسەرەکەم کۆچی دوایی کردووە. ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر کارەکەم لەم وڵاتە. سێ منداڵم

هەیە و کوڕێکم زانکۆی تەواوکردووە و کچەکەشم لە بەشی یاسایە، کوڕە بچووکەکەشم لە ئامادەییە.

زۆر حەز دەکەین بێینەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئێستا منداڵەکانم لە کۆتایی قۆناغی خوێندندان و چاوەڕێی ئەوانم کەی کاتی پشوومان هەبێت، دێینەوە. جارێکیش لە ستەیر تیڤی بانگیان کردم، هەندێ شتم باسکرد لەو کەناڵە هەر لە بەلجیکاوە ئەوەندە گریام و دڵتەنگ بووم، زۆرم بۆ نەوترا لەبارەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ تۆ زۆر باشم کە دەتوانم ئەوەندە لەو بەسەرهاتە ناخۆشانەت بۆ بگێڕمەوە.

- ببوورە کەوا ئەو بیرەوەرییە ناخۆشانەم بیرخستیتەوە.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (١)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/٤/٢٦)، ئێمە لە هەولێر و خاتوو دڵسۆز لە وڵاتی بەلجیکا.



**ئەحمەد سۆفی مەحمود**

**لەدایکبووی گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی، سلێمانی (١٩٤٢).**


ئەحمەد، ناسراو بە ئەحمەد لادا، کەسایەتییەکی دیار و بەڕێزی شاری هەڵەبجەیە. بەداخەوە ئەم پیاوە ئێستا هەندێ ناساغە و هیوای تەندروستی باشی بۆ دەخوازین.

لەبارەی ڕووداوەکانەوە، وتی: شتێک کە لەبیرم ناچێت، ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٧١) بۆ (١٩٧٢) نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشتم بۆ کرابوو و لە سلێمانی بووم. ئەو ساڵەش بۆمباران و قەسفی هەڵەبجە کرابوو، منداڵەکانمان زۆر بچووک بوون، براو خوشکەکانم زۆر ترسابوون، لەوەودوا لە دەنگی کۆپتەریش دەترسان. لە ساڵی (١٩٧٤)، کە زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە بۆ قەڵادزێ، ئەو کاتەش کە بۆمبارانی قەڵادزێ کرا، پێشمەرگە بووم و لەوێ بووم. بۆمبارانی قەڵادزێشم بینی، ئەوکات دایک و باوکم لە سلێمانی بوون. ئێمە لە ساڵی (١٩٤١)، یان (١٩٤٢) بەپێی وتەی باوکم لەسەر ڕێنمایی دکتۆر بۆ چارەسەری نەخۆشی دایکم، دکتۆر ناو «مەلیک»ێک هەبوو تورکمان بوو، ئەوکات ئەو لە

سلێمانی بوو و ئامۆژگاری باوکمی کردووە، کە دایکم نەخۆشییەکەی هەندێ خەمۆکییە و دەبێت بیباتە دەرەوەی شاری سلێمانی، ئیتر بەو هۆیەوە ماڵمان چووە هەڵەبجە. دواتریش کاکە ئیبراهیمم، برا گەورەکەم کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بوو، چووە ناو حیزبی شیوعییەوە. ئێمەش هەرچەند بنەماڵەیەکی ئاینی بووین، بەڵام وەک ڕوونە حیزبەکانی کوردستان زیاتر بنەماڵەیین تا لەوەی فیکریی و بیروباوەڕ بن. ئێمەش دوای ڕێبازی براکەم کەوتین و وەک هاوبیری حیزبی شیوعی دەرکەوتووین لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیدا. دەنا من خۆم خەریکی کارو کاسبی خۆم بووم و کاری بەڵێندەرایەتیم دەکرد... ئەوەشت پێ بڵێم هیچ کەسێک نییە لە جیهاندا بتوانێت ئەوەی بە چاوی بینیویەتی، وەک خۆی بیگێڕێتەوە. ئەوەش من بینیومە هەرگیز ناتوانم وەک خۆی وێنای بکەم. ئەوە دەزانی کە ویستم لە هەڵەبجە دەرچین بەرەو سلێمانی چەند ڕۆژێک پێش بۆمبارانی کیمیاییەکە، بەڵام کە پردی زەڵم تەقێنرابووەوە، گەڕاینەوە ناو هەڵەبجە. ئەو ئێوارەیەش کە منداڵەکانم دەرکرد، باوکم و خوشکێکیشم لەگەڵدابوون، غیرەتم ڕێگەی نەدام بەجێیان بهێڵم، ئەوەبوو بۆ جاری دووەم گەڕامەوە ئەوانی تر بهێنم، ئەو هەموو خەڵکەم بینی نەمتوانی بێهەڵوێست بم، بەڵام خێزانی ماڵی هاوسەرەکەم بیستودوو کەسیان لێ شەهید بوو و لای ماڵەکەی خۆیان کەوتبوون... بە سەدانی تریش، ئەوە ئێستا گریان ڕێگە نادات زیاتر بدوێم.

– بمانبوورە کە ئەو کارەساتە ناخۆشەت بیر دەخەینەوە، هیوادارین تەندروستیت باش بێت، تا ئەوەی بۆت دەگێڕدرێتەوە، ئێمە تۆماری بکەین.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٢/٤/٣٠)، ئێمە لە هەولێر و کاک ئەحمەد لە سلێمانی.



**ستار حەیدەر عەبدولحەکیم**
**لەدایکبووی تەوێڵە، ساڵی (١٩٦٨).**

ماڵمان لە تەوێڵە بوو تا هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨٠). ناچار بارمان کرد و هاتینە ناو هەڵەبجە و لەوێ نیشتەجێ بووین. چوومە بەر خوێندن و پەیمانگای خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، موالیدەکەی من بۆ خزمەتی سەربازیی گیرا، ئیتر دانەمەزرام و نەشچووم بۆ سەربازیی، وتیان: ببە بە جاش و خۆت بپارێزە.

وتم: من شتی وام ناوێت، برام پێشمەرگەیە، عەیبە بۆ من ببمە جاش و چەکداری حکومەتی عێراق لە دژی گەل و خەڵکی خۆمان. کاک فەیسەڵی برام دەرچووی کۆلێژی کارگێڕیی و دارایش بوو، ببووە پێشمەرگەی حیزبی شیوعی. ئەو ماوەیە خۆم پاراست، تا ئەوەبوو وامان بەسەرهات. ڕووداوەکان دوورودرێژن، بە دوو کتێب تەواو نابن، باسی ڕۆژی ڕووداوەکەت بۆ دەکەم، کات یانزە و نیوی پێش نیوەڕۆ بوو، لەگەڵ برادەرێکمدا بووم کە خزمی خۆمانە، ناوی کاک فەیسەڵ بوو، ئەویش دواتر ئێران کوشتی. لەناو هەڵەبجەدا چەند ساتێکی کەم

بوو پێکەوەبووین، وتی: بابچینە ماڵی خۆمان کوڕی مامەڕەشە خزمی خۆمانە و دراوسێش بووین، نان بخۆین، لەگەڵیدا چووم بۆ ماڵەوە بۆ نانخواردن. لەوێ کچی مامەڕەشە ئەدیبەخان، ئێستا خێزانی کاکە حەمە وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سفرەی ڕاخست نان بخۆین، لەو کاتەدا فڕۆکەکانی عێراق هاتن و هەڵەبجەیان کیمیاییباران کرد. منیش نەمتوانی بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان و هەریەکە بەجۆرێک هەڵاتین، فریانەکەوتم بچمە هاوکاری خێزانی خۆمان، ئۆتۆمبێلیشم پێبوو، خەڵکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت تا شاری پاوە. دوای چوار مانگ دایکم و باوکمم لە ئۆردوگاکانی ئێران دۆزییەوە. دایکم و ئەوان دوای دوو مانگ بەفەلاکەت گەیشتبوونە شوێنێک، کە پێیان دەوت قشلاخ. منیش برام بۆ شوێنێکی تر ناوی هەرسین بوو. لەوێ ئەو برایەم پێشمەرگەی حیزبی شیوعی کوردستان بوو، هات منی دۆزییەوە و وتی: وامانزانیوە دایکم و ئەوان شەهیدبوون و ماون، بەڵام ماڵی خاڵۆم و زۆر خزمی تر شەهیدبوون. ئاراز عادل بەرپرسی ڕێکخراوی منداڵانی کیمیاباران، ئەوە کوڕی خاڵۆمە، نزیکەی حەفتا کەسیان تیاچووە و شەهیدبوون، منیش لەگەڵیدا چووم بۆ قشلاخ، دێیەکی ڕۆژهەڵاتە لە کوردستانی ئێران لای سەریاسەوە، ماوەیەک لەگەڵ ئەواندا بووم. ئێمە شەش خوشک و سێ برا بووین، هەموو گەورە بوون، خوشکێکم لە من بچووکتر بوو. ئەوکات چەند خوشکێکم شویان کردبوو. لەوێ ڕۆژانە دەهاتینە ناو شاری پاوە و ئەو ناوە، ئێرانییەکان جنێویان پێدەداین و دەیانوت: ئەم عێراقییانە واو وان و ئەوەتەی ئەمانە هاتوون هەموو شت گران بووە. منیش بەرگەی ئەو قسانەم نەدەگرت و شەڕم لەگەڵدا دەکردن و وەڵامم دەدانەوە. بە باوکم وت: من ئەمە قبوڵ ناکەم و دەگەڕێمەوە. ئەو کاتەش کۆمەڵێ کەس هەبوون لایەنگری بەعس بوون، لەگەڵ خۆماندا بوون، دەیانوت با بگەڕێینەوە هەڵەبجە ئاوەدانکراوەتەوە و قوتابخانە کراوەتەوە و دەچینەوە شوێنی خۆمان. باوکم وتی: مەڕۆ شتی وانییە، تۆ برات پێشمەرگەیە دووچاری کێشە و گرفت دەبیت و تیادەچیت.

وتم: نەخێر، هەر دەڕۆم ئێرە کەی شوێنە؟ باوکم و دایکم زۆریان وت، بەقسەی ئەوانم نەکرد، خۆیشم ئەوەندە بیرو هۆشم نەبوو بڵێم باشە بەم شەش حەوت مانگە چۆن هەڵەبجە ئاوەدانکراوەتەوە، لەکاتێکدا هەمووی وێرانبووە. ئەوکات تەلەفۆن و ڕاگەیاندن نەبوو، هەواڵی ڕاست نەدەگەیشت. منیش هاتمەوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەرازیلیم هەبوو، کە پێشتر باوکم بۆی کڕیبووم، لەگەڵ دە هەزار دیناری ئەو کاتە و تەلەفزیۆنێک و هەندێ کەرەستەی تریان دامێ و وتم: دەڕۆمەوە ژن دێنم. باوکم وتی: سەدام هی ئەوە نییە متمانەی پێ بکرێت، مەڕۆ

دەفەوتێیت، لە شوێنێکدا دەمریت، مەگەر خودا بگاتە فریات، وتم: نەخێر هەر دەڕۆم. خۆیشم چوار تایەی تازەم بۆ ئۆتۆمبێلەکە کڕی و هاتم بەرەو سنوور بۆ لای تەوێڵە. هەر من نەبووم، بەڵکو سەدان خێزانی تر دەگەڕانەوە.

هەر کە گەیشتمە سەر سنوور، دەستگیرکرام و ئۆتۆمبێلەکەیان لێسەندم و خرانیە زیلی سەربازیی و هێنرانیەوە بۆ ئەمنی سلێمانی، لەوێوە برانیە زیندانی نوگرەسەلمان. لەوێ ئەوەی باوکم وتی هەمووی هاتە ڕێگەم. هەرجارێ کە لە نوگرەسەلمان لێیان دەدام و ئازاریان دەدام، دەموت ئەمە وتەکانی باوکمە کە بەقسەم نەکرد، بزانە چی هاتە ڕێگەم. هەر بەبێ هۆ لێیان دەدایین. حەجاج زۆر دڕندە بوو. دەیوت حەزدەکەم هەمووتان بکوژم و کەستان لێرە نەڕۆنەوە. من قژم ڕەش و لوول بوو، دەیوت تۆ لەم زیندانە بە چی قژت وا نیگرۆ دەکەیت؟ دەموت: چی بکەم خۆی وایە، نیگرۆی چی، من دوو مانگە سەرم نەشۆردووە. ئەو قژە بۆ من بوو بە بەڵای گیانم و زۆر زۆریان لێدام. چەندجار لەوێ نەخۆشکەوتم و کەس بەتەمای مانم نەبوو.

– بەڵێ ڕاستە، منیش لە زۆر کەسی دیکەم بیستووە کە تۆ زۆر ئازاردراویت، گەرمیانییەکانیش باسی ئەو لێدانانەی تۆ دەکەن لە نوگرەسەلمان؟

هەر لەخۆیانەوە بیانوویان بەو خەڵکە دەگرت و لێیان دەدایین. کاتێکیش بڕیاری ئازادبوونمان درا، من خرامە دوایین کاروانەوە. لەکاتی دادگاییکردنی سەدام و هاوکارەکانیشی چوومە دادگا و وەک شایەتحاڵێک ڕووبەڕوویان وەستام. سەدام و عەلی کیمیایی ئەوان پارێزەریشیان هەبوو، زۆرجار وەڵامی شاهیدەکانیان دەدایەوە، بەڵام بۆئەوەی کە بەسەر منیان هێنابوو، هیچیان پێ نەدەوترا، لەبەرئەوەی پێش ئەوەی بچمە دادگا، چیم بینیبوو، بە بەڵگەوە ئامادەم کردبوو بۆ لێکۆڵەرەوەکان، کە هاتنە هەڵەبجە وتەیان لێوەرگرتم، وتم: ئەمە ڕۆژی منە کە بچمە بەردەم ئەو تاوانبارانە. من بە چاوی خۆم بینیم، کە «شەمخی» ناوێکیان تیادا بوو چەند تاوانی ئەنجامدا بەرامبەر ئافرەتە دەستگیرکراوەکان، جارێکیان منی بانگکرد و سێ ئافرەتی لە زیندانییەکان هێنا، وتی: بچۆ لای یەکێکیان، وتم: من شتی وا ناکەم، وتی: نا هەر دەبێت بچیت، وتم: ناتوانم. حەجاجیش لەوێ بوو لای ژوورەکانی خۆیان، شەمخیش لەگەڵ یەکێکی تر بوو، من ئەوەم بە چاوی خۆم بینی. لە دادگا باسی ئەوەم کرد، وتم: ڕۆژی وا هەبووە پانزە کەس مردوون لەوێ، لە دادگا وتیان: چۆن؟ وتم: بە ناو هەموویم پێیە، ناوی شەهیدەکانم پێبوو. پرسیارێکی تری دادگا ئەوەبوو دەیانوت: ئەو فڕۆکانەی هاتن بۆمبارانیان کرد، فڕۆکەی کوێ بوون؟ وتم: عێراقی بوون، لەبەرئەوەی بە چاوی خۆم بینیومە.

ئەوکاتە خوالێخۆشبوو دادوەر (محەمەد عریبی) دادگاکەی بەڕێوە دەبرد.

ئەوەشم وت: من دوایین کەس بووم کە ئازادکرام، نزیکەی شەست کەسێک مابووینەوە لە ئێمەی هەڵەبجەییەکان و گەرمیانییەکان، من زۆر زیاتر لەوانی تر لەوێ مامەوە، کە ئێمە ڕزگارمان بوو لەوێ و سواری ئۆتۆمبێلیان کردین، تەنها پشیلەیەک لەو ناوە مابوو، ماوەی دە ڕۆژێک هێنراینە نەخۆشخانەی سەماوە و لەوێ ڕایانگرتین، لەو ماوەیەدا خواردنیان پێداین و خزمەتیان کردین، کەمێک تەندروستیمان باش بوو و جەستەمان هاتەوە سەر خۆی، دەنا پێشتر هەر ئێسک و پێستەکەمان مابوو، ویستیان بەو خزمەتەی ئەو چەند ڕۆژە بمانکەنەوە بە شێوەی مرۆڤ، دەنا لە شێوەی مرۆڤی ئاسایی دەرچووبووین. دوای ئەو دە ڕۆژە سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و هێنراینەوە بۆ سلێمانی، لە سلێمانی وتیان: دەبێت بڕۆنە ئۆردوگای گردەڕەشە لای هەولێر. من لەوێش هەڵاتم و وتم: ناچم بۆ ئەوێ. ماوەیەک خۆم شارەدەوە لە ماڵی خوشکەکانم لە سلێمانی. ماڵی دوو خوشکم لەوێ بوون. ئەوکات سەربازی فیرار بووم، وتیان: ناکرێت تۆ هەر خۆت بشاریتەوە، جارێکی تر بتگرنەوە خراپتر دەبێت. ئەوەبوو چوون ناسیاوێکیان دۆزییەوە کە دەستی دەڕۆیشت لەناو حکومەتی عێراقدا، لە ڕێگەی ئەوەوە خۆم ڕادەستکردەوە و بوومە سەرباز لە سنووری تکریت. لەوێش کرامە شۆفێری دەبابە و برام بۆ شەڕی داگیرکردنی وڵاتی کوێت، کە هاوپەیمانان لە کوێتیان دا و سوپای عێراق تێکشکا، من هەڵاتم و هاتمەوە سلێمانی. ئەوەبوو دواتر ڕاپەڕین کرا و بووم بە پێشمەرگە، تا ئەو کاتەش دایکم و ئەوان لە ئێران بوون و دوای ڕاپەڕین لە ئێران گەڕانەوە و یەکمانگرتەوە. منیش ئەوکات ژنم هێنا و ماڵم پێکەوەنا. سوپاس بۆ خودا نۆ منداڵم هەیە، کچەکان سیانیان شویانکردووە و دوو کوڕیشم ژنیان هێناوە و یەک کوڕم لەسەر ماڵە لەلای خۆم. ئێستا مامۆستام و کاری حەواڵەکاریش دەکەم بۆ ئێران، لە تەوێڵە نیشتەجێم.

چیت بۆ باس بکەم؟ ناخۆشییەکان ئەوەندە زۆرن کۆتاییان نایەت...

- خودا بتپارێزێت و ئەو پرچە ڕەشەت هەر وابێت.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٢/٤/٢)، ئێمە لە هەولێر و کاک ستار لە هەڵەبجە.



**سەبریە محەمەد ئەحمەد**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٠).**

پرسی بێسەروشوێنانی ئەنفالکراوانی هەڵەبجە:
ئەو خێزانەی چوار لە منداڵەکانیان بێسەروشوێنن.
سەبریە محەمەد ئەحمەد، لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٠) بە نووسراوی سەر ناسنامەکەی، بەڵام خۆی دەڵێت: تەسکەرەکەم هی خۆم نییە و هی خوشکێکی مردوومە و دراوە بە من، بە تەواوی نازانم لەدایکبووی چ ساڵێکم.
لە ساڵی (١٩٧٠)وە لەم شوێنەین. ئێمە و ماڵێکی تر ئێرەمان ئاوەدانکردەوە، ئەم ناوە هەمووی گەنم بوو، تا دەگاتە شەهیدان. ئەم خانووە نەڕووخا لە کاتی کیمیاباراندا و هەر هەمان خانووە و ئێستاش تیایدا نیشتەجێین. خێزانێکی گەورەی دە کەسی بووین. خۆم هەشت منداڵم هەبوو، سێ کوڕ و پێنج کچ. کچێکی تریشمان هەیە شوی کردووە. دۆخی ئابووریمان باش بوو. لە ساڵی (١٩٨٧) شەڕی عێراق و ئێران بەردەوام بوو، بە باوکی منداڵەکانم وت: بچۆ لە سلێمانی خانوویەک بکڕە بۆ کاتی پێویست، منداڵەکان لە قوتابخانەن و

دەخوێنن، نەوەک ناچاربین هەڵەبجە بەجێبهێڵین، چونکە هەرجارێک کە تۆپباران زۆر دەبوو، دەچووینە ماڵە خزم لە سلێمانی. وتم: با خانووی خۆمان هەبێت. ئەویش پێی باش بوو، دە هەزار دیناری ئەو کاتەی خستە گیرفانی و بەرەو سلێمانی کەوتەڕێ بە مەبەستی کڕینی خانوو. لە سلێمانی حاجی حەمەحسێن گورگەیی هەیە ناسیار و هاوکەسابەتی باوکی منداڵەکانم بوو، بینیبووی وتبووی بۆچی هاتوویت، خێرە؟ ئەویش وتبووی هاتووم خانوو بکڕم بۆ کاتی پێویست لە سلێمانی. ئەویش وتبووی نا خانوو مەکڕە، جارێ پارەکە بدە بە من کارگەی عەلەفم کڕیوە لە عەربەت، پارەم لێبڕاوە و پارەم پێویستە، بەقەرز بمدەرێ. ئیتر ئەوەبوو خانووەکەی نەکڕی و پارەکەی بە قەرز دا بەو. حاجی حەمەحسێن دوو ژن و خێزانی هەبوو. لە کاتی دەرکردنی بڕیاری لێبووردنەکەدا ژنە بچووکەکەی و ژمارەیەک لە منداڵەکانی لە ئێرانەوە ناردەوە بۆ سلیمانی. خۆی و ژنە گەورەکەی و کوڕێکی کەمئەندام و ئۆتۆمبێلەکەی لە ئێران لە ئۆردوگای سەریاس مابوونەوە، ئێمەش لە ئۆردوگای جوانڕۆ بووین، شەوێک هات بۆ ماڵمان لە ئۆردوگا، وتی: ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشتووە و دەمەوێت خۆیشم بگەڕێمەوە بۆ عێراق، وتوویانە لەسەر سنوور ئۆتۆمبێلت لێدەسێنن، منیش ناچار فرۆشتوومە و هاتووم بزانم حاجی پارەی ناوێت بۆئەوەی دە هەزارە قەرزەکەمان بداتەوە کە ساڵی پێشوو لێی قەرزکردبوو.

ئاواتی کوڕم وتی: باوکە با ئێمەش بگەڕێینەوە، بۆئەوەی خوێندنەکەمان نەفەوتێت، مامە حەمەحسێن وەک خۆت ئاگای لێمان دەبێت، با ئێمەش لەگەڵ ئەوان بگەڕێینەوە.

ئاوات لە قۆناغی دووەمی زانکۆ بوو لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدا، سەربەناز لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بوو، بەهار لە پۆلی چواری ئامادەیی بوو، لانەش تەمەنی شەش ساڵ بوو ئەو ساڵە چووبووە قوتابخانە.

ساڵێ پێش کیمیابارانەکە ئاواتی کوڕم لە زانکۆ هاتەوە و نەگەڕایەوە، لەبەرئەوەی داوایان لێکرابوو بکرێنە جەیشی شەعبی، ئەویش ئەو ساڵە هاتەوە لەماڵ بوو و نەڕۆیشتەوە بۆ زانکۆ. هەموو کات کاتی خوایە نزیکی نیوەڕۆ بوو، کە بۆمباران دەستیپێکرد. ئەم کوڕەم «ئاراس» زوو لەگەڵ کوڕێکی ماڵێکی هاوڕێی خۆی دەرچوو، چووبوونە عەبابەیلێ و لەوێوە بۆ دەرەتوێ، خۆشمان ئێوارەکەی بەسەلامەتی دەرچووین و ئاوات و ئەوانی ترم لەگەڵدا بوو، لە ڕێگەش ناسیاوم بینی وتیان: لە ڕێگە ئاراسمان بینیوە و سەلامەتە، خەمی

ئەوم نەبوو. ئاواتی کوڕم زۆر جوان بوو، چاوشین و قژ لوول، لەم ساڵانەی دواییدا هاوپۆلێکی هاتە ماڵمان، وتی: هەموو ساڵێ لەناو قوتابخانەکە ئاواتیان وەک جوانترین کوڕ هەڵدەبژارد، وتم: بۆ ئەوە لەناو کوڕانیشدا دەکرێت؟ وامزانیوە تەنها شاجوانی کچان هەڵدەبژێرن، وتی: نا، لەناو ئێمەشدا دەکرا، ئاوات جوانترین کوڕی خوێندنگەکە بوو، وتم: قەت لە ماڵەوە باسی نەکردووە، ئێستاش زۆر گەشبینم کە منداڵەکانم بێنەوە.

خوا کارێکی کرد ئەو شەوە ڕێکەوتن کە بگەڕێینەوە. حاجی حەمەحسێن بە باوکیان وت: ڕۆژی ئەوەنە شەممە بیانهێنە بۆ ناو سەریاس بۆ فڵانە شوێن و لەگەڵ خۆم دەیانبەمەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژەکەم بە تەواوی بیر نییە چەند شەممە بوو، بەڵام دەزانم (١٩٨٨/١٠/٢٦) بوو، ئەوەی کەرەستەی پێویست بوو لەبەردەستدا، بۆمان پێچانەوە و هەتا سنووری لێسانەش باوکیان هات لەگەڵیاندا. ئەوکات ئەگەر بڕیاری لێبووردنی فەرمی هەبووایە، دەیانوت نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر سنوور ئامادەیە و بەناو و ناونیشان ئەو کەسانە لە حکومەتی ئێران وەردەگرێت و بەسەلامەتی دەیانگەیەننە ناو خاکی عێراق و ئەو شوێنەی بۆی دەچن، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە منداڵەکانی ئێمە هاتنەوە، ئەو بڕیارە ماوەی نەمابوو، ئێمەش ئەوەمان نەدەزانی، ئەو کافرانەی ئێران هەر دەیانوت بڕۆنەوە بڕیاری لێبووردن دەرچووە، ئێمە چووزانین ئەوە کاتی نەماوە، کە منداڵەکان دەگەنە سەر سنوور، لە ئۆتۆمبێلێکدا دەبن، کە وەک دووتەنی لای خۆمان وابوو، لە ئێران پێی دەڵێن خاوەر، هەر کە دەگەنە سەر سنوور لە ئۆتۆمبێلەکە دایاندەگرن و دەستبەسەر دەکرێن، لەسەر پارچە مقەبایەک نامەیەکیان بە شۆفێرە ئێرانییەکە داو بۆ ئێمەی گەڕاندەوە، کە گەیشتوونەتە تەوێڵە و سەلامەتن و تەنانەت ئەوەشی نووسیبوو کە چووینەتە تەوێڵە «لانە» ترساوە و گریاوە، ئەفسەرێکی عێراقیش سەری ماچ کردووە و وتوویەتی مەترسن دەتاننێرینەوە ماڵی خۆتان. لە عەربەت ئامۆزایەکی دکتۆر فوئاد بابان هەیە کە ماڵیان لێرەیە، وابزانم ئەحمەدی ناوە لە ڕێگە دەیانبینێت. حاجی حەمەحسێن-یشیان هەر لەگەڵ دەبێت و سەربازێکی عێراقیش لەگەڵیان دەبێت. ئەو ئەحمەدە بە حاجی حەمەحسێن دەڵێت هەزار دینار بدە بەو سەربازە با لە لاکۆڵانێکدا ئازادیان بکات و لە سلێمانی خۆتان دەرکەن، گەر بچنە بەردەستی حکومەت وا بەئاسانی ڕزگارتان نابێت. ئەویش دەیکاتە گاڵتە لەگەڵ ئەو ئەحمەدە کە ناسیاوی یەکترن، دەڵێت: کوڕە بۆ پارەی بدەمێ، چیمان

لێدەکەن؟ ئێستا لە سلێمانی ئازادیان دەکەن. شەڵڵا دە هەزارەکەی ئێمەی بدایە و ئاوا منداڵەکانم نەبرانایە. حەمەحسێن خۆی دەردەکات و دەگەڕێتەوە و منداڵەکانی ئێمە دەبرێنە بارەگای فیرقەی سەربازیی سلێمانی. لەوێ ئاواتی کوڕم زۆر هەوڵدەدات و نائارام دەبێت. ئەفسەرێک پێی دەڵێت: چیتە، چیت دەوێت؟ ئەویش دەڵێت: ئەگەر ڕێگەم بدەن بە تەلەفۆن پەیوەندی بە ماڵی خاڵۆکانمەوە دەکەم لە سلێمانی، ئەوان تەلەفۆنی نۆرماڵیان هەبوو. ئەویش پێی دەڵێت: بەڵێ، ئا وەرە ئەوە تەلەفۆنە و پەیوەندییان پێوە بکە. ئاوات پەیوەندی دەکات بە ماڵی خاڵۆکانی و ماڵی دوو برام بە تەکسی دێن بۆ لایان و لە فیرقە چاویان پێیان دەکەوێت و دەگرین بەسەریەکدا. ئەفسەرەکە دەڵێت: بۆ دەگرین؟ هیچیان لەسەر نییە، تەنها لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەین لە ئەمنی کەرکوک و دەیاننێرینەوە بۆ لاتان. ئیتر ئەوەبوو برانە کەرکوک، لەوێشەوە بەرەو عەرعەر لە سنووری عێراق و سعودیە، تا ئەوێش هەواڵمان پێگەیشت. پیاوێک هەبوو کۆنە ئەفسەری خانەنشینی سوپای عێراق بوو، ناوی شێخ محەمەد بوو، هەموو شەوێک هەواڵی وەردەگرت لە ڕادیۆوە. زۆرجار دەهاتە لامان و دەیوت هەواڵ وایە و وایە. ڕۆژێک وتی: لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێم لێبووە ناوی منداڵەکانی



سەبریە محەمەد

تۆی خوێندووەتەوە لە سعودیە بوون لە ئۆردوگای ڕەفعە، گوایە لە کاتی داگیرکردنی کوێت گواستراونەتەوە بۆ ئەوێ. دوای ئەوەش تا ساڵی (١٩٩٣) چەند کەس هاتووە وتوویەتی گوێمان لێبووە ناوی منداڵەکانی ئێوەی هێناوە، کە لە ژیاندا ماون و لە سعودیەن.

منداڵی من هەر ماون. بەیانییەکیش ئاواتی کوڕم تەلەفۆنی کردووە بۆ ماڵی شێخ حەمەسەعیدی عەبابەیلێ و وتوویەتی: من ئاواتی حسێن شام، مامە مەهدیم دەوێت. پیرەژنەکەی خەسووی بەتەمەن بوو، وتبووی حەمەسەعید نەخۆشە لە بەغدا و لە نەخۆشخانە کەوتووە، مەهدی ها بەدیارییەوە و مەهدی لێرە نییە. ئیتر پیرەژنەکە بیر و هۆشی ئەوەی نەبووە کە ئاوات بێسەروشوێنە و قسەی زیاتری لەگەڵدا بکات و ناونیشانی لێ بپرسێت، ئەویش تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە.

ئەو فاروقە ئێستا وا لە لقی (١٢)، یان (١٣)، نازانم چەندە... لەوێ دەبێت، دەڵێت: نەنە ئەوە کێ بوو. ئەویش دەڵێت کەسێک بوو... دەڵێت: ئاواتی حسەین شام داوای مەهدی دەکرد. فاروقیش دەڵێت: ئای ماڵی وێرانم نەنە شەڵڵا داتنەخستایە، ئەو ئاواتە چەنێکە هەواڵی نییە، چۆن نەمانتوانی هەواڵی



بێسەروشوێنان: بەهار حسێن محەمەد ئەمین (١٩٧٤)، لانە حسێن محەمەد ئەمین (١٩٨١)

وەرگرین. دەیان کەسی تر وتوویانە بیستوومانە ئەو منداڵانەی ئێوە ماون. من ئێستاش دەڵێم ماون ئەو سعودیە کافرە خستوونییەتە شوێنێک دەنگیان بە کەس ناگات. دەیان کەسی تر دیار نین و کێلی گۆڕێکیان بۆ کردوون لەو گۆڕستانی شەهیدانە.

ئەوانە (٣٤٠) کەسن و ژمارەیان زۆرە، ئەی چۆن، خۆ هەر منداڵی من نین، کە لە سعودیەن، منداڵی منیش لەناو ئەوانەدان.

ناوی منداڵەکانم: ئاوات حسێن محەمەد ئەمین حسێن، (١٩٦٦) قۆناغی دووەمی کۆلێژی پزیشکی، بەناز حسێن محەمەد ئەمین حسێن (١٩٧١)، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەهار حسێن محەمەد ئەمین حسێن، (١٩٧٤/٤/٣٠) لە سلێمانی لەدایکبووە. لە (٤/٢٨) بۆمبارانی گەڕەکی کانی عاشقان کرا، ئەوکات دووگیان بووم و دیسان هەڵاتین و چووینە سلێمانی، لەوێ ئەو کچەم لەدایک بوو، لانە حسێن محەمەد ئەمین حسێن، (١٩٨٢) لە هەڵەبجە لەدایکبووە. ئەو چوار منداڵەم بێسەروشوێنن و بۆ خوێندن گەڕانەوە، بەڵام دەستگیرکران و هیچ سۆراخێکیان نییە.

کوڕێکی ترم ناوی ئاراز بوو، ساڵی (١٩٦٩) لەدایک بوو، پەیمانگای پیشەسازیی تەواوکردبوو. دوای ڕاپەڕین، وتی: دەچم بۆ تورکیا. پشتوێنێکی لیرەی ساڵی شەستەکانم هەبوو، بۆم فرۆشت و پێی چوو بۆ تورکیا، وتی: دەچم بۆ دەرەوەی وڵات. چوو پێنج مانگ لە تورکیا بوو و تووشی نەخۆشی جگەر بوو. ساڵی نەوەدەکان بوو، نامەیەکمان بۆ هات کە نەخۆشە و دەگەڕێتەوە، کە وەڵامان دایەوە، وەڵامەکەی پێ نەگەیشتبوو، بە نەخۆشی هێنایانەوە دهۆک و چووین لەوێ بینیمان و بردمانە نەخۆشخانەی موسڵ. دوای سێ ڕۆژ گیانی لەدەست دا و تەرمەکەیمان هێنایەوە، ئەویش هەر بە داخی ئەوانی ترەوە کۆچی دوایی کرد. ئەو کچەشم ناوی سەلارە، ساڵی پار بۆ کاتی پارشێو هەستابوو، باینجانی بۆ خۆی و براکەی سوورکردبووەوە لەچکەکەی ئاگری گرت و بەداخەوە ڕوخساری سووتا... تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێند و بەردەوام نەبوو، حەزم دەکرد بەردەوام بێت لە خوێندن و خۆی نەچوو. کچێکی ترمان ماوە شوی کردووە و لەسەر ماڵی خۆیەتی.

ساڵی (١٩٩٠) لە ڕێگەی تەوێڵەوە لە ئێران گەڕاینەوە، حەوت مانگ لە سلێمانی بووین، ئەوجا ڕاپەڕین کرا، دوای ڕاپەڕین هاتینەوە هەڵەبجە. کوڕێک و کچێکم لەسەر ماڵن و لەگەڵ خۆماندا دەژین.

له ساڵی (١٩٦٥) شوم کردووه. زۆر حەزم دەکرد بخوێنم، ماڵی باوکم نەیاندەهێشت بخوێنم. بە خۆشی خوێندنەوە دەچوومە سەر ڕێگەی منداڵەکان و لەگەڵیاندا دەهاتمەوە، بەڵام خودا بۆی کردم لە ساڵی (١٩٧١) بۆ ماوەی سێ مانگ چوومە خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواریی و پیتەکان و ژمارەکان فێربووم. ئێستا بە باشی قورئان دەخوێنم و هەفتانە دەچمە خولی فێربوونی قورئان و سورەتی یاسینم بە تەواوی لەبەرکردووە. خۆیشم نزیکەی سی ساڵ دروومانم کردووە، لە کۆنەوە مەکینەی دروومانمان هەبووە، ئێستاش مەکینەکەم ماوە و تەنها شتی خۆمی پێ دەدوورم و بە دەستی کەس ڕازی نیم شتم بۆ بدوورێت، دەنا ناتوانم دروومانی تر بکەم. لە هەڵەبجە لەدایک بووم، جاران خەیاتێکی دەستڕەنگین بووم، کاری دروومان و چنین و ئەتەمینم زۆر دەکرد و مامۆستا کچەکانی قوتابخانە دەهاتن لای من خۆیان فێر دەکرد. کاری زۆر ناوازەم هەبوو هەندێکیم لێ ونبووە، ئەوانەی پێشووتریش لە هەڵەبجە تیاچوون، ئەو چەند چەرچەفەم ماوە کۆن بوون. ئەو بلوزەش لەبەر ئاواتی کوڕمە خۆم چنیومە... لە ئۆردوگا بەهاریش لەبەری کرد و وێنەی پێوەگرت. ئەو وێنەیەی بەهار هی ئۆردوگایە. بردمە لای وێنەگر ئاوا یەکمانخست و ئاوا دامناون پێکەوە. ئێستا تەندروستیم باش نییە و پشتم ئازاری زۆرە، هەتا ساڵی پار نەمتوانی بەشداریی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بکەم، بەڵام هەر بەو هیواوە دەژیم کە منداڵەکانی منیش وەک ئەو منداڵە ونبووانەی هەڵەبجە ڕۆژێک بێنەوە، ئەوجارە منداڵێکی هەڵەبجە هاتەوە، وتم: خۆزگە منداڵی من بووایە، خانووەکەم بفرۆشتایە و نیوەیم بدایە بە مژدانەی ئەو کەسانەی بۆیان دەهێنامەوە.

- خودای گەورە شادتت بکات بە دیداریان، ئامین...

* ئەم چاوپێکەوتنە لە سەعات (١١)ی نیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١١) تۆمارکراوە لە هەڵەبجە، لە ماڵی خاتوو سەبری، کە لەخزمەتیاندا بووین.




**مەحمود ئەحمەد سۆفی شەریف**
**لەدایکبووی هەڵەبجە،ساڵی (١٩٥٧).**
**هەرچەندە بە ناسنامە (١٩٦١)ە بە وتەی خۆی.**

مامۆستا مەحمود لەبارەی ڕووداوەکانی هەڵەبجە و بێسەروشوێنکردنی دایکی و برایەکییەوە، وتی: پێشتر خانەی مامۆستایانم تەواوکرد و مامۆستا بووم لە قوتابخانەی سالم. لە ساڵی (١٩٧٨) پەیوەندیم کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ئاشکرابووم و فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، ناچار هەڵاتم و چووم بۆ پێشمەرگایەتی لە ساڵی (١٩٨٢). ماوەیەک لەناو یەکێتی بووم، دواتر چوومە ناو حیزبی شیوعییەوە و لەگەڵ ئەواندا درێژەم بە خەبات دا، تا بریندار بووم لە مانگی (١٩٨٨/٩). لە کاتی کیمیاباران من لە هەڵەبجەدا نەبووم.

لەو کاتەدا و پێش چەند ڕۆژێک لە کیمیاباران، هەڵەبجە کەوتە ناو شەڕەوە، باوکم و چوار خوشک لەگەڵ برا بچووکەکەمدا دێنە سلێمانی، دایکم و مەنسوری برام لە هەڵەبجە دەمێننەوە و لە کاتی کیمیاباراندا ڕزگاریان دەبێت و دەچنە

ئێران و دەبرێنە ئۆردوگا. من هێشتا لە پێشمەرگایەتی بووم و لە کاتی ئەنفال و هێرشەکانی سەر گەرمیاندا لە گەرمیان بووم، لە شەڕی تازەشار و قارەمانێتی ئەو پێشمەرگانەدا لەوێ بووم.

کاک ئاسۆ بیارەیی بەوردیی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی نووسیوە. من ئەو کات لە پێشمەرگایەتی بەرپرسی ئاسۆ بووم، ئێمە لە دەستەی پارتیزانەکان بووین. مانگی (١٩٨٨/٩) هەواڵمان بۆ هات چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی لە سنووری قاجر لە شارەزوور خۆراکیان لێبڕاوە و تووشی بەدخۆراکی بوون، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا چووین بە هانای ئەوانەوە و ڕزگارمانکردن، لە گەڕانەوەماندا لە ڕێگە مینمان پێدا تەقییەوە و من قاچێکم لەدەست دا و بە بریندارییی هێنراینەوە بۆ نەخۆشخانەی سنە لە ئێران. دوای نزیکەی مانگێک زیاتر ئەوجا گەیەنرامە نەخۆشخانە، وابزانم (١٩٨٨/١٠/١١) بوو. دایکم هات بۆ لام بۆ نەخۆشخانە لە سنە، خەڵک هەبوو دەگەڕانەوە بۆ عێراق. هەواڵ بڵاوبووەوە کە لە (١٩٨٨/٩/٦) حکومەتی عێراق بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ کورد دەرکردووە. دایکم لەو ماوەیەدا لەبەر من نەگەڕایەوە. ئیتر دایکە... خۆت دەزانیت هەستی چۆنە، دڵی نەدەهات من بەو جۆرە بەجێبێڵێت، ئەو پێی وتم: حەوت هەزار دیناری ئەو کاتەی بۆ کۆکردووەمەتەوە تا خەرجی ژنهێنانمی پێ دابین بکەم. ئەو هەر لە خەمی مندا بوو، من کوڕە گەورەی ماڵەوە بووم. دایکم لە نەخۆشخانەی سنە هاتە لام و هەر پێم دەوت بڕۆرەوە بۆ لای منداڵەکانی تر و باوکم، بەڵام ئەو هەر دڵی نەدەهات بەجێمبهێڵێت، ناوبەناو خەڵکیش






دەگەڕانەوە. ئیتر وتم: دایکە بڕۆرەوە، ئەوانیش پێویستیان بە تۆیە، ئەوەبوو وابزانم نۆزدە خێزان دەبوون، پێکەوە دێنە سەر سنوور لە مانگی (١٩٨٨/١٠)، دایکم لەگەڵ مەنسوری برام و خێزانی ماڵی حسێن شاو فازڵی حاجی حسێن و مستەفای عەلی و عەبدوڵلای عەزیز بەڵخەیی و زۆری ترن ناویانم بیر نییە، پێکەوە دەبن. دەڵێن دایکم چاودێریی منداڵەکانی کاک حسێنیشی کردووە. ئەوانە هەموویان بێسەروشوێنن. دەڵێن بیستویەک خێزان بوون کە گەڕاونەتەوە، دوو لەو خێزانانە کوڕیان شەهیدی قادسیەی سەدام بووە و ئازادکراون، بەڵام ئەو نۆزدە خێزانەکەی تر بە سەرو ماڵەوە براون و بێسەروشوێنن. دایکی من و هەرچیمان هەبوو لە ڕەنجی سیویەک ساڵی خۆی و باوکم و پارەی زەماوەندی من و هەرچی ئەوانی تریشە بران و تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، ڕژێمی سەدام لە دوای مانگی (١٩٨٨/١٠)یشەوە هەر کوردی بێسەروشوێن کردووە. دەڵێن براونەتە تۆبزاوە و نوگرەسەلمان، بەڵام دوای ئەوە کەس نەیبینیون. من پێموایە ئێستا بچینە نوگرەسەلمان لەو بڕوایەدام مەنسوری برام شتی لەسەر دیوارەکان نووسیوە، ئەو کوڕێکی وریا و خوێندەوار بوو. ئەنوەر عارف کەسێکی هەڵەبجەیی بوو لە نوگرەسەلمان و بە نەخۆشی شەهید بوو، ئەو وتبووی «منیش لەگەڵ ئەواندا دەستگیرکراوم، نازانم ئەوان بۆچی جیاکرانەوە؟!» تەنانەت جارێک لەو ماوەیە کە تازە دەستگیرکرابوون، پیاوانی ڕژێم داوای پێنج هەزار دیناریان لە باوکم کردبوو بۆ ئازادکردنیان، باوکم ئەو پارەیەی نەبوو لەو کاتەدا، لەبەرئەوەی هەر چیمان هەبوو بە دایکم بوو و دایکیشم بەوجۆرە بێسەروشوێن کرا. ئێمەش زۆر هەژار و دەستکورت بووین، لە دوای ڕاپەڕین پارچە زەوییەکم وەرگرت فرۆشتم بۆ نان. خانەنشینی کەمئەندامی سەنگەرم، مەدالیای پارتیزانیشم وەرگرتووە. ئێستاش لە هەڵەبجە کرێچیم و ئۆتۆمبێلیشم نییە، ئێمە شۆڕشمان بۆ ئەمە نەکرد تاوەکو خەڵکانی نابەجێ لەبیرمان بکەن...

لە ساڵی (٢٠٠٠) هاوسەرگیریم کرد، لە هاوسەری یەکەمم یەک کچم هەیە و دواتر ژنێکی ترم هێنا و لەویش سێ کچم هەیە. کچەکانم باشن و دەخوێنن. هەردوو هاوسەرەکەشم پێکەوە دەژین و خێزانێکی گونجاوین، بەڵام خۆم زۆر لە ڕووی دەروونییەوە ئازار دەچێژم، کە ئەو هەموو قوربانییەمان دا و ئەنجامەکەشی ئێستا بەم شێوەیەیە. زۆر پەرۆشی دایکم و مەنسوری برامم، کە نازانم چییان لێکردوون. من یەک شتی باوکم باس دەکەم کە دەیوت: مادام

مەرگی سەدامم بینی بە چاوی خۆم، ئیتر خەم لە دڵمدا نەما. باوکم تا مرد بۆ دایکم دەگریا و ژنی نەهێنایەوە. دایکم شاژنێکی زۆر بەغیرەت بوو، ئەویش مەدالیای ڕێزلێنانی هەیە. وێنەیمان نەمابوو لەلای هونەرمەندێک وێنەیەکی بۆ کێشام لەسەر وەسفی خۆم. ئەوەندە بۆی پەرێشان بووم، منداڵەکان وێنەکەیان لێم شاردووەتەوە، ئەگەر بیدۆزمەوە بۆت دەنێرم، چیشم پێ بکرێت بۆت دەکەم. بیرەوەرییەکانی خۆیشم نووسیبوو، ئەوەندە شتی نارەوام بینی، هەموویم سووتاند، کاتی خۆیشی بە دەیان نووسینم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شۆڕشدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ئێستا هیچ نانووسم، تۆ چیت دەوێت هاوکاریت دەکەم، بۆئەوەی ناوی شەهیدەکان و ئەو مێژووە تۆمار بکەیت.

– سوپاست دەکەم پێویستم بەوەیە ناوی شەهیدانی ئەنفال، بەتایبەت بێسەروشوێنەکان تۆمار بکەم.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە سازکراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٤/٢٦) ئێمە لە هەولێر و مامۆستا مەحمود لە هەڵەبجە.



**فەرید عەبدوڵڵا عەزیز مەحمود**
**لەدایکبووی دێی بەڵخە، ساڵی (١٩٦٤).**

من کوڕی گەورەی خێزانەکەمانم، کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا لەگەڵ ماڵی باوکم بەرەو ئێران هەڵاتین. ئەو کاتە من دوو کچی دووانەم هەبوو، یەکێکیان لە ڕێگە شەهیدبوو کە منداڵ بوو، ئەوکات ماڵم لەوان جیابوو. لە ئۆردوگا ئەوان وتیان دەگەڕێینەوە، من وتم: نایەمەوە، دۆخەکە باش نییە، هێشتا ئەوان و زۆر خێزانی تریش سوور بوون لەسەر ئەوەی بگەڕێنەوە، ئەوەبوو لە مانگی (١٠/١٩٨٨) گەڕانەوە، کە نزیکەی بیست خێزان پێکەوەبوون، هەموویان دەستگیرکران و تائێستا بێسەروشوێنن. خێزانی ئێمە دایکم و باوکم و دە خوشک و برام دەستگیرکران و تائێستا هیچ سۆراغێکیان نییە. دوای دوو ساڵ لە ڕاپەڕین ئەوجا من گەڕامەوە هەڵەبجە و تەنها خۆم لە ژیاندا ماوم. خێزانی یەکەمم وەفاتی کرد. دووبارە ژنم هێنایەوە و هەشت منداڵم هەیە. هاوینان دەچینەوە هەواری ناوباخ و هەورامان، زستانان دێینەوە ناو هەڵەبجە. ئێستاش سەرقاڵی کەسابەتی خۆمم و چوومەتە ماڵی خوداش. خودای گەورە لە شەڕو

بەڵا بمانپارێزێت بەتەمای هیچی تر نین. خەمی شەهیدەکانمان و دیارنەبوونی چارەنووسیان، ئازارێکە هەرگیز کۆتایی نایەت، تەنها بڕوابوونمان بە خودای گەورە کە گیانی پاکیان بەهەشتییە و ئاگای لێمانە، دڵنەواییە بۆمان، دەنا بە جارێک دوانزە کەس لە خێزانەکەت لێ ونبێت، دەبێت دۆخمان چۆن بێت؟ من ئازارێکی تریشم چەشت، هاوسەری یەکەمم زۆر گونجاو و خۆشەویستم بوو، ئەویش دووچاری نەخۆشی بوو، دایکی حەوت منداڵم بوو، کۆچی دوایی کرد و جێیهێشتم. ئەم هاوسەرەشم کەسێکی باشە و بۆ منداڵەکانیشم باشە، ئەوان چوونەتە ڕێی خۆیانەوە و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیانن، لەم خێزانەشم کچێکم هەیە، بەڵام هیچ کات ئەوی تریشم لەبیر نەکردووە.

ئەوە وێنەی بەشێک لە خێزانەکەمانە، دەبێت ئەو منداڵانە چ گوناهێکیان هەبووبێت کەوا ڕژێمی بەعس بەو جۆرە بێسەروشوێنی کردن. خودا تۆڵەیان وننەکات و وڵاتمان لە شەڕ بپارێزێت.




* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٤/١٩)، ئێمە لە هەولێر و کاک فەرید لە گوندەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە.



**عومەر سلێمان قادر**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٨٠).**

کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا، هەموو پێکەوە چووینە ئێران، ماڵی باپیریشمان لەگەڵدابوو، وتیان بڕیاری لێبووردن دەرچووە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، باپیرم هاتەوە بۆ عێراق، منیش لەگەڵ ئەودا هاتمەوە و چووینە سلێمانی. دوای ماوەیەک ماڵی باوکیشم دەگەڕێنەوە و مامەیەکیشم بە ناوی نەریمان لەگەڵ ئەواندابوو، هەموو پێکەوە دەستگیرکران و بێسەروشوێنن، کە گوایە ماوەی لێبووردنەکە نەماوە، ئەوەبوو ئەوانیش لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی تردا گەڕانەوە و دەستگیرکران. من لەبەرئەوەی منداڵبووم هیچی وام لەبیر نییە، بەڵام ئەوەی ئێستا دیارە کە حکومەت و وەزارەتی شەهیدان زۆر کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەو هەموو قوربانییە. ئەوەندە ناخۆشیم بینیوە نازانم چی بڵێم و چی بگێڕمەوە. نەدەبوو بەرامبەر ئەو هەموو ئازارەی ئەو خەڵکە وا کەمتەرخەم بن.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٤/٢٣)، ئێمە لە هەولێر و کاک عومەر لە هەڵەبجە.






-خێزانی مکائیل، خۆی و خێزانی بەڵخەیین، ئەوانیش دەستگیرکراون و بێسەروشوێنن و کەسیان لێ دەرباز نەبووە.



وێنەی شەهید مکائیل ئەحمەد و سەرکەوتی کوڕی و چیای کچی.
وێنەی هاوسەرەکەی مریەم حەسەن کاکەخان دەستنەکەوت.



**محەمەد عەلی محەمەد**


**لەدایکبووی شەمێران لە هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٤).**

خێزانێکی ئارام و هەبوو بووین تا ئەو کاتەی ساڵی (١٩٨٦) دایکم بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا، ئیتر خۆشیی لەناو ئێمەدا نەما. من کوڕی گەورەی باوکم بووم، ئەوانیتر لە من بچووکتر بوون. هیچی منداڵیم بیرنایەت، جگە لە خەم، زیاتر هۆگری خاڵێکم بووم، کە ئەو تەمەنی نزیک بوو لە خۆمەوە. بەهۆی نەمانی دایکمەوە زیاتر ڕوو لە ئەوان بووم و بۆ زۆر شوێن هەر لەگەڵ خاڵمدا دەڕۆیشتم. لەو ماوەیەدا دایکم مرد و پورێکم (خوشکی باوکم) هاوسەرەکەی ژنی دووەمی بەسەردا هێنابوو، ئەویش ناڕازی بوو و هات بۆ ماڵی ئێمە و لەگەڵ ئێمەدا دەژیا، بەڵام پور هەرگیز جێی دایک ناگرێتەوە. هەفتەیەک پێش کیمیابارانی هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/٨) لەگەڵ خاڵم هاتین بۆ عەربەت و سلێمانی بۆ کاری تایبەتی خاڵۆم. ئەوەبوو ڕێگە داخرا و ئێمە لە ئەوان دابڕاین. لە ماڵی خزم و کەس ماینەوە، هەواڵمان پێگەیشت باوکم و ئەوانیش بەسەلامەتی چوونەتە ناو خاکی ئێرانەوە. زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بووم منیش بچم بۆ لای ئەوان. هەواڵ هەبوو لە ڕێگەی

قەندیلەوە هاتوچۆ هەیە. لەگەڵ چەند ناسیاوێک ڕێکەوتم بچم، بەڵام خاڵۆکانم ڕازی نەبوون، وتیان: نەوەک لە ڕێگە دووچاری گرتن و گرفتێک بیت، چووبوونە لای ئەو پیاوانە وتبوویان: ئێوە چۆن ئەو کوڕە منداڵە لەگەڵ خۆتان دەبەن؟ ئەگەر لە ڕێگە تووشی ڕووداوێک بوون، ئێوە بەرپرسن. ئەوەبوو بۆم نەکرا بچمەوە بۆ لای ئەوان لە ئێران. پارەشم پێبوو وەک وتم باوکم دەوڵەمەند بوو، پارەی پێدام کە هاتم. ئەوەبوو لەگەڵ ئەوان نەڕۆیشتم. مانەوەشم زۆر سەخت بوو، لەو ماوەیەدا هەر ڕۆژەی لە ماڵە خزمێک بووم. ئەو کات خاڵێکم ئامرسریەی جاش بوو، چەکداری سەر بە حکومەتی عێراق بوو، خەڵکی لابوو لە ڕەبیەکانی دەوروبەری عەربەت و زەڕایەن کە پاسەوانییان دەکرد. وتم: خاڵۆ منیش بخە یەکێک لەو ڕەبیانە و مانگی پەنجا دینارم بدەیە قاپەکانیان بۆ دەشۆم با شوێنێکم هەبێت تیایدا بمێنمەوە. خاڵۆم وتی: چۆن شتی وا دەکەیت؟ تۆ منداڵیت دوایی شتێک ڕوویدا من گلەیم دێتە سەر. بەڕاستی کەسوکارەکەم زۆریان خەڵکانی باش بوون، بەڵام شەرمەکەی من بێسنوور بوو، زۆر زۆر شەرمم لەو دۆخەی خۆم دەکرد. پیاوێک ناسیاو بوو لە ئێران هاتەوە وتی: باوکت وتوویەتی قەرزم لای خەڵک هەیە کۆی بکەنەوە و با لای ئەو کوڕەم بێت، با تیانەچێت تا دێمەوە، کەمێک لەو پارانەم دەستکەوتەوە. لەو ماوەیەدا ژیانێکی زۆر سەخت و ناجێگیرم بردەسەر تا وتیان: بڕیاری لێبووردن دەرچووە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر لە ئێرانەوە دەگەڕانەوە و دەهێنرانە ناحیەی عەربەت و لەوێوە ئازاد دەکران. بۆ ماوەی یەک مانگ من هەموو ڕۆژێک دەچوومە عەربەت بە هیوای ئەوەی باوکم و ئەوان بێنەوە و لەگەڵ خێزانەکەم یەکبگرینەوە. بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ من چاوەڕوانی ئەوان بووم و ڕۆژانە دەچوومە عەربەت. بۆ ڕۆژی (١٩٨٨/١٠/٢٧) خەڵکی ناسیاوم بینی وتیان: باوکت و زۆر خێزانی تر خۆیان خستووەتەڕێ، هاتوون لە سنووری تەوێڵە و بیارەن و دێنەوە، لەوانەیە سبەینێ بگەن. منیش وەک چۆن لە تاریکیدا خۆرم لێهەڵبێت، ئا بەو جۆرە زۆر دڵخۆشبووم. لە ماوەی ئەو شەش حەوت مانگەی لەوان دابڕابووم، ئەوەندە ناخۆشیم بینیبوو لە ناخۆشیدا نەمدەزانی چی دەکەم. خواردن وەک ئێستا نەبوو، ئەگەر بەیانی، یان نیوەڕۆ لە دەرەوە لەفەیەکم بخواردایە، ئیتر ئەوە ژەمی ئەو ڕۆژەم بوو و بۆ ئێوارە نەبوو. دووکانێکی بچووک هەبوو لە زەڕایەن لەفە و جگەری دەفرۆشت و ئێواران دادەخرا، ئەو ماوەیە زۆربەی کات ئێواران نانم نەدەخوارد. بەیانی چوومەوە عەربەت، هەر کەس نەهات ئەو ڕۆژە، بۆ ڕۆژی

دووەم چوومەوە هەر کەس نەهات، زۆر بەپەرۆش بووم، وتیان: چیتر بڕیاری لێبووردن ماوەی نەماوە و کەس نایەت. ئەوان دوو ڕۆژ پێش تەواوبوونی ماوەکە هاتبوونە تەوێڵە. ئەو فەرماندە سەربازییەی عێراق کە لەو سنوورە بوو بینیبوونی ئەمانەی گەڕاونەتەوە پارەو ماڵێکی زۆریان پێیە، ئەویش تەماعی کردبووە سامانی ئەو خەڵکە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ گیریدابوون تا ماوەی لێبووردنەکە تەواوبوو، بۆئەوەی دەستگیر بکرێن، ئەمە زانیارییەکی سەد لە سەدە، لە بیستوهەشتەم ڕۆژی بڕیارەکە. دوای ئەوە هێنابوویاننە بەندیخانەکانی سلێمانی، ئەو ئاژەڵ و وڵاخانەی پێیانبوو، خستیانە هەڕاجخانە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە فرۆشران. ئێمە وڵاخی خۆمانمان لە ئۆردوگای باریکە دۆزییەوە لای خەڵک و وتیان کڕیومانە. چەند ڕۆژی تر چاوەڕێ بووین دیار نەبوون. دواتر هەواڵمان بۆ هات براونەتە گرتووخانەی تۆبزاوە... لەو ماوەیەدا لەوێ پیاوێک هەبوو ناوی جەباری خولەڕەش بوو، لەگەڵ دوو ئافرەتی تر، لەبەرئەوەی برا و کەسیان لە شەڕی عێراق- ئێراندا سەرباز بوون و کوژرابوو، بەڵگەشیان پێبوو وەک خاوەن شەهیدی شەڕی عێراق- ئێران، ئازادکران، ئەوانیش هەر لەو کاروانەی باوکم و ئەواندا بوون. ئەو جەبار ناوە هەواڵی بۆ هێنابووینەوە، وتی: باوکت و منداڵەکان و پورت لەگەڵماندا بوون، هەتا باوکت بەمنی وتووە شەستوچوار هەزار دیناری ئەوکاتەم پێیە بۆمبەرە دەرەوە و بیدە دەست عەزیزی مامەم و مەحمودی خەزورم، تا بێن بە دەممەوە و بیدەن بە بەرتیل. بەس خۆم دەرچم، منداڵەکانیش دەرباز دەکەم. جەبار پارەکەی لێوەرنەگرتبوو دیارە ترسابوو، خۆی و ژنەکەی ئازادبوون لەگەڵ دوو خێزانی تردا. جەبار دواتر لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا. منیش خۆم پارەم لابوو وەک وتم باوکم کاری بازرگانی دەکرد و هەبوو بووین. خاڵۆم و ئەوان پیاوێکی خانەقینییان دۆزییەوە و دەستی دەڕۆیشت لەناو حکومەتدا، وتمان بچۆ سۆراغی باوکمان بکە. وێنەیەکی باوکمان دا بەو کابرایە لەگەڵ دە هەزار دیناری سویسری ئەوکاتە. ئەو پیاوە چووە تۆبزاوا و هاتەوە، وتی: لەوێ نەماون، تا نوگرەسەلمان و عەرعەریش ڕۆیشتبوو و بە تەواوی نازانم چەندی مانگ بوو، بەڵام کەوتبووینە وەرزی پایز و بەرەو زستان دەڕۆیشت. هاتەوە وتی: تەواو بەتەمایان مەبن، دیاربوو ئەو دەستی گەیشتبوو بەو زانیارییانەی کە ئەوان نەماون و تیاچوون. نزیکەی مانگ و نیوێک تا دوو مانگ کەمتر لە دوای دەستگیرکردنیان ئەو هەواڵەمان بۆ هات. ئەم کابرایە دیاربوو ئەو نێوەندگیرییەی بە پارە ڕایسپاردبوو، کەسێکی دەستڕۆیشتوو بوو، بۆیە ئەو هەواڵەی دەستکەوتبوو. ئەوە هەواڵێکی

زۆر جەرگبڕ و وێرانکەر بوو بۆ من، کە بێهیوا بووم لە گەڕانەوەیان. نازانم چۆن باسی ئەو دۆخە و ئەو ساڵانەی تەمەنمت بۆ بکەم، کە خۆم بە سروشت کەسێکی شەرمنم و زۆر زۆر لام سەخت بوو بچم لەسەر سفرەی ماڵە خزمێک دابنیشم، کە خەڵک خۆی دۆخی خراپبوو و نان نەبوو بیخوات. بڕوات هەبێت دوای ئەو هەواڵە دەتوانم بڵێم ماوەی وا هەبووە بە پێنج مانگ من نانی ئێوارانم نەخواردووە، لەبەرئەوەی ئێواران لە دەرەوە شوێنێک نەبوو نانی لێ بخۆم، هەرچەندە پارەشم پێبووە، بەس لەو شوێنەی دەژیام ئێواران خواردنگەی لێ نەبوو. دەچوومە ماڵی خاڵۆیەکم بۆ شەو مانەوە. دەیانوت وەرە نان بخۆ. دەموت لە ماڵی فلان خاڵۆ نانم خواردووە، واڕێکدەکەوت هەندێ جار ماڵی ئەو خاڵۆمە دەهاتن بۆ ئەو ماڵە و لێیان دەپرسین لە ماڵی ئێوە نانی خواردووە؟ ئەوانیش دەیانوت: نەوەڵڵا نەهاتووەتە ئەوێ. منیش بۆ ئێوارەیەکی تر، ئەم وەڵامەم بە ماڵێکی تر دەوت لە ئامۆزاکانمان، دواتر ئەوانیش لەوانیان دەپرسی، ئەوانیش دەیانوت: نەخێر نەهاتووە. ئیتر خاڵۆم دەیوت بیکە لە ڕێی خودا، تۆ بۆ وا دەکەیت، وەرە چیمان هەبوو پێکەوە دەیخۆین. هەرچیم دەکرد لە ڕووم هەڵنەدەهات. تا ئێوارە لەگەڵ هاوڕێ و برادەرەکانمدا بووم و ئێوارە دەچووم بۆ ماڵە خزمێک، زۆر لام سەخت بوو بچمە سەر سفرەی کەس، ئەوەم زۆر قورس بوو. من سەیری ئەو



بێسەرو شوێنکراو: عەلی محەمەد

خێزانانەم دەکرد کە خۆیان نان نەبوو بیخۆن، نەمدەویست منیش ببم بە بارێک بەسەریانەوە. هەرچەند باریش نەبووم و زۆرجار هاوکاریم دەکردن. بەخوا فەردە ئاردم کڕیوە بۆیان بە هەزار دیناری ئەوکاتە، هەروەها تەواوی کەرەستەی جەژن...، بەڵام هەر شەرمم دەکرد کاتێک دەچوومەماڵیان. هەرچەند باوکم پارەی زۆری لای خەڵک بوو، بەڵام زۆر کەمم دەستکەوتەوە، کەسانێک کە زانییان باوکم تیاچووە، نکۆڵیان کرد لەوەی پارەی باوکمیان لایە، کەچی ئەوانەی پارەیان لای باوکم بوو پارەکانیان لە من وەرگرتەوە و هەتا ساڵانێک دوای ڕاپەڕینیش من قەرزی باوکمم دەبژاردەوە. لە ڕاپەڕیندا بووم بە پێشمەرگە و لە ڕاپەڕینی سێیەمدا کە سوپای عێراق تێکشکا لەگەڵ کوڕێکی برادەرمدا چووینە ڕەبیەیەکی چۆڵی سەربازیی سوپای عێراق لە نزیکی دەربەندیخان، نزیکەی بیست تفەنگی تیادابوو، هەموویمان هێناو فرۆشتم و قەرزی سێ لەو کەسانەم پێ دایەوە، کە دەیانوت پارەمان لای باوکتە. لەبەرئەوەی باوکم بازرگان بوو، پارەی لای خەڵک بوو، پارەی خەڵکیشی لابوو. کەمم بۆ هاتەوە و زۆرم بژارد، کە ڕاپەڕین کرا، یەکسەر بووم بە پێشمەرگە و چوومە بارەگا و بنکەی پێشمەرگایەتی و بە مانگ نەدەهاتمەوە بۆ ناو خزم و کەس، ئەوێ باشترین شوێن بوو بۆ من لەو کاتەدا. لەبەر بێکەسی و بێشوێنی جلەکانی ژێرەوەم بۆ نەدەشۆراو تا وشکبێتەوە، ناچار فڕێم دەدان. دۆخەکە زۆر سەخت بوو، بە زستانیش کەمجار ئاوی گەرم هەبوو بۆ خۆشۆردن. لەوە دەچێت تا پێنجسەد قەمیسم فڕێدابێت، لەبەرئەوەی لە ڕووم هەڵنەدەهات بە کەس بڵێم بۆم بشۆرە، یان شوێنێک هەبێت خۆم بیشۆم، لەکاتێکدا لە ساڵانی نەوەدەکان جلوبەرگ زۆر گران بوو، من بەوجۆرە دەژیام. بەم هەموو داخ و دۆخەی خۆمەوە کەسێکی بوێر و کاسب بووم و نانی خۆم پەیدا دەکرد، بەڵام بێشوێنی زۆر ئازاری دەدام، هەتا جارێک خانوویەکم بەکرێ گرت، خزم و کەس لێیان کردم بە هەراو وتیان: تۆ چۆن بە تەنیا دەچیتە خانوویەک، ئابڕووی ئێمە دەچێت.

ناچار تا ساڵی (١٩٩٥) هەر چەکدار بووم، تەمەنیشم منداڵ بوو، بەڵام ناچار ژنم هێنا و چوومە ماڵی خۆم و وازم لە چەکداریی هێنا، بەڵام چارەنووسم وابوو لەم ساڵانەی دوایدا دوو منداڵیشم مردن، ئەوەش زۆر ئازاریدام. ئێستا سێ منداڵم هەیە و هاوسەرەکەشم باشە. دۆخی ئابووریم باشە و تا ئێستا ئەو بڕە مووچە پاداشتەی شەهیدانەی باوکم کە وەریدەگرم، دەیدەم بەو خوێندکاری زانکۆیانەی کە هەژار و کەمدەرامەتن. ساڵانەش زۆربەی مووچەی شەهیدانەی ئەوانی تریش

لە دوو پرۆژەدا خەرجی دەکەم، یان مزگەوت، یان خوێندکاری هەژار.

دەڵێم با خێرێک بێت بۆ ئەوان بچێت، خۆیشم نووسینگەی گۆڕینەوەی دراوم هەیە و داهاتم باشە، پێویستم بەوەی ئەوان نییە و لە خودا داواکارم هەتا ماوم لەسەر ئەو بیروباوەڕە بم و ئەوەندەم هەبێت ئەو پرۆژانەم بەردەوام بێت. ئێمە وەکو تاقانەکانی ئەنفال زۆر زۆر ئازارمان چەشتووە، ئازارێک کە بەردەوام لەگەڵمانە، بەتایبەت ئازاری بێ براو بێ خوشکی، ئێستاش منداڵەکانم زۆرجار پێم دەڵێن: ئێمە بۆ ماڵی باپیرەمان نییە؟ منداڵە بچووکەکەم جاری وا هەیە پێم دەڵێت: هاوڕێکەم دەچێت بۆ ماڵی نەنەی، ئەی بۆ من ماڵی نەنەم نییە. گێڕانەوەی ئێمە تەواو نابێت، مەگەر خۆمان دانیشین بینووسینەوە وەک کتێبێک، ئەوەش هەر ئازارمان دەدات.

- تاوەکو پۆلی چەندت خوێند؟

تەنها تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییم خوێندووە، ئەوەش پێش ئەوەی لە هەڵەبجە دەرچم و ماڵوێران بین. دواتر کەوتمە دۆخێک وەک باسم کرد، خوێندنم هەر لەبیر نەبوو، خوێندن ژیانی ئاسایی دەوێت. من زۆر بیری ئەوان دەکەم، زۆر لە خەونەکانمدا دەیانبینم. چەندجار خەوتووم، بەتایبەت لە کاتی ناخۆشی و ناڕەحەتییەکاندا باوکم هاتووەتە خەوم و پێی دەوتم هەستە ئینسان دەبێت بەقوەت بێت. زۆرجار ئەوەی پێ وتووم. ئیتر هەرئەوەی پێ دەوتم و هەڵدەسام و جارێکی تر ڕووبەڕووی کێشەکان دەبوومەوە.

پێرێ لە (٢٠٢٣/٥/١٥)، کە چووم بۆ گرتووخانەی نوگرەسەلمان بۆ شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ئەو هەڵوێستەی ڕەحمەتی کاک مەلا ڕەحیمم بیرکەوتەوە، کە کاتێک چیرۆکی ئەو ژنەی بیست، کە خەیار ناخوات، ئەویش تەرکی ئەو خواردنەی کرد، لەبەرئەوەی ئەو ژنە کاتێک لە نوگرەسەرلمان زیندانیی بووە، منداڵەکەی لە سەرەمەرگدا تا گیانی سپاردووە هەر داوای خەیاری کردووە، ئەویش لەو شوێنەدا ناچاربووە تاکە نەعلێکی لاستیکی منداڵانە بداتە دەست منداڵەکەی بە خەیاڵی خەیارەوە. ئەوەبوو ئەو دایکە تا دوا هەوڵ دەستی بە دەمی منداڵەکەیەوە بووە. منیش لە نوگرەسەلمان دوای ئەوەندە ساڵ خۆزگەم دەخواست دایکم پێشتر نەمردایە و لەگەڵ باوکم و منداڵەکاندا شەهیدبووایە، هیچ نەبێت ئەو چەند ڕۆژەی لە زیندان بوون تا چاڵی مەرگ دەستی بە دەستی منداڵەکانەوە بووایە. نازانم بۆ ئەو ڕۆژە ئەوە خەمێک و ئاواتێکم بوو، بەڕاستی

حەزم دەکرد دایکم بمایە و لەگەڵیاندا بووایە...

من مەلا ڕەحیم زۆر برادەرم بوو، بەداخەوە لە ناوماندا نەماوە، کە چیرۆکی ئەو ژنانە دەبیستم، دەڵێن قاپەکەمان بە بەتاڵی خستووەتە سەر ئاگر و تەقەتەقمان پێ کردووە تا بە منداڵە برسییەکانمان بڵێین ئەوە خواردنتان بۆ دەکەین. خۆزگەم دەخواست منیش دایکم تا ئەو کاتە بمایە. من خوشکێکم لەدایکبووی (١٩٨٣) بوو، واتا پێنج ساڵان بوو کە ئەنفالکرا، دەزانیت لەو کاتەدا چەند پێویستی بە دایکم بووە. من بیر لەوە دەکەمەوە کە گۆڕەبەکۆمەڵەکانیان کردووەتەوە تەرمی دایک و منداڵی تیادابووە باوەشیان بەیەکدا کردووە، ناخۆشترین کاتی ژیانم ئەوەبوو لە وێنەکانی ناو نوگرەسەلماندا ئەو دیمەنانەم بینی...

هەزار جار ئاواتم خواستووە دایکیشم لەگەڵیاندا بووایە، هیچ نەبێت لەو تەنگانەیەدا کەمێک لە ناڕەحەتییەکانی کەمدەکردنەوە. من کچەکەی خۆم لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە و داوای ژووری جیام لێدەکات، بۆشم کردووە، دڵم نایەت بە تەنها بیخەوێنم و شەوانە چەندجار سەری لێدەدەم. ئەی دەبێت خوشکەکەم دۆخی چۆن بووبێت لەو ڕۆژگارانەدا؟! زۆر دڵم پڕە، بەڵام ناشتوانم دەریبڕم. چۆن ئەم هەموو خەمە نیشانی ماڵ و منداڵ و خێزانم بدەم؟ هێشتا ژیانمان زۆر زۆر سەختە. ئێمە لە خێزانێکی گەورە و ناودار بووین لەناو هۆز و خزمی خۆماندا، بەڵام کەوتمە ڕۆژگارێک کە خزمی خۆم هەبووە یەک جار چوومەتە ماڵەکەی بۆ نانخواردنێک، گوێم لێبووە وتوویەتی: خۆزگە ئەمیش لەگەڵ باوکیدا دەستگیر بکرایەو تیابچووایە، بەڵام کە خۆم بوومە خاوەنماڵ، بە دەیانجار هاوکاریی ئەو کەسەم کردووە، هەروەها بۆ کەسانی تریش هەر وام.

ژنهێنانیشم زۆر زەحمەت بوو، کەسوکار دەیانویست بە ویستی ئەوان ژن بهێنم، بەڵام سوپاس بۆ خودا ئێستا بەو هەموو کۆسپەدا تێپەڕیم و بە هەورازی ژیاندا هەڵزناوم، لەگەڵ ئەو کەسانەشدا هاوکارم کە لە پرسی ئەنفالدا کار دەکەن و پەیوەندی باشم هەیە لەگەڵیاندا.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٥/١٩)، ئێمە لە هەولێر و کاک محەمەد لە قەزای دەربەندیخان.



**ئاراس ئەحمەد**

**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٢).**

**کوڕی مەلا ئەحمەد ناسراو بە مەلا ئەحمەدی حافزی هەڵەبجە.**

من لە هەڵەبجە لە گەڕەکی کانی عاشقان لەدایکبووم و سێیەم منداڵی خێزانەکەمانم، کە جوانترین گەڕەکی شاری هەڵەبجە بوو. باوکم هەرچەندە نابینا بوو، بەڵام قورئانخوێنێکی دیار بووە و ناسراوە لە هەڵەبجەدا، لە مزگەوتی گەورەی هەڵەبجە بانگبێژ و قورئانخوێن بووە و زیاتر لە پەنجا خوێندکاری فێری قورئانخوێندن کردووە. باوکم لە تەمەنی شانزە ساڵیدا تووشی نەخۆشییەک بووە و بەو هۆیەوە چاوەکانی لەدەست داوە، بەڵام چووەتە بەر خوێندنی فەقێیەتی لە سلێمانی و بە نابینایی قورئانی لەبەرکردووە.

گەڕاوەتەوە لە هەڵەبجە ژیاوین. هەڵەبجە شارێکی پڕ لە جوانی و شاعیران بوو، مێژوویەکی پڕ لە ڕووداوی هەیە، کە ناخۆشترینیان تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بوون دەرهەق بەو شارە. ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی کانی عاشقان بوو،

ساڵی (١٩٨٧) کە ڕووخێنرا، تەنانەت خەریکبوو خانووەکەمان بڕووخێنن بەسەر باوکمدا. لەبەرئەوە باوکم نەیدەیویست دەرچێت، دەیوت من پیاوێکی ئاینی نابینام، بۆ ماڵەکەم دەڕووخێنن؟ ئەوەبوو باوکمیان بە زۆر دەرکرد و خانووەکەمان تەخت کرا.

دواتر چووینە گەڕەکێکی تری هەڵەبجە، نزیک بازاڕ و لەوێ چووینەوە بەر خوێندن. ئەو ڕۆژەی ڕووداوەکە بوو، من و باوکم پێکەوە بووین، دەستی باوکمم گرتبوو، دەمانویست بۆ نوێژی نیوەڕۆ بچینە مزگەوت. لەوێ باوکم ناسیاوێکی خۆی بینی ناوی عەبدوڵلا بوو.

کاک عەبدوڵلا وتی: مەلا ئەحمەد چەند شەوە وەک ئەمشەو نەخەوتووم بە ئارامی، لەبەرئەوەی ئەو شەوە هەڵەبجە ئارام بوو، وتی: ئەمشەو خەوێکی زۆر ئارامم کرد، دەمێکە خەوی وام نەبووە، بە داخەوە ئەو ڕۆژە لە ڕووداوەکاندا شەهید بوو. ئێمە لە نزیک مزگەوتەکە بووین، فڕۆکە هات و بۆمباران دەستی پێکرد. ڕامانکرد و چووینە ناو ژێرزەمینی مزگەوتەکەوە. ماوەیەکی کەم لەوێ خۆمان حەشاردا و دواتر خێرا چووینەوە ماڵەوە. ماڵێکی دراوسێمان ژێرزەمینیان هەبوو، دایکم و منداڵەکان چووبوونە ئەوێوە، ئێمەش چووینە لای ئەوان. بۆمباران بەردەوام بوو، بەر زۆربەی ماڵەکانی دەوروبەرمان کەوت، ئێمەش دوای سەعات چواری ئێوارە هاتینە دەرەوە، وتیان: ئەوە کیمیاییە دەبێت دەرچین. کات نزیکی پێنجی ئێوارە بوو. باوکم وتی: دەبێت بچینە لای مامۆستا شێخ خالید و بزانین ئەو چی دەکات. ئەویش هێشتا لە ماڵ بوو، وتی: مەلا ئەحمەد لە ماڵ دەردەچین، بزانین چی ڕوو دەدات، ڕوو دەکەینە ئەو شاخ و کێوە. ئێمە هەشت منداڵ بووین، برایەکم لە ئێمە گەورەتر بوو، کەوتە پێشمان و بە سەختی و ناڕەحەتی دەرچووین لە ماڵ، کە بەرەو گوڵان بەڕێکەوتین تەرم زۆر کەوتبوون، بۆردوومانیش هەر بەردەوام بوو، گەیشتینە شوێنێک پێی دەڵێن باخی شێخ وەلی، وتیان: بچنە ئەم باخەوە باشترە، کەچی لەوێ گوێمان لە هاوار و ناڵەی بریندارەکان بوو، کە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون، زۆر کەسی تر لەوێ بوون. دیمەنێک کە هەرگیز بیرم ناچێت، دیمەنی کچێک بوو، کە نیوەی لەشی لەناو گونییەیەکدا بوو و برینداری چەکی کیمیایی بوو، نەیدەتوانی بڕوات هەر هاواری دەکرد: دایکە توخوا بۆ جێتان هێشتم، باوکە بۆ جێتان هێشتم. بەداخەوە بەیانی بینیم گیانی سپاردبوو، نازانم

دایک و باوکی شەهید بوون، یان چییان بەسەرهاتبوو، بۆ ئەو لەویَ بەجێمابوو، ئەوە دیمەنێک بوو کە تا مردن بیرم ناچێتەوە، تەمەنی نزیکەی چواردە ساڵ دەبوو، ئێمە کە سەیری یەکترمان دەکرد، هەموو چاومان سوور ببووەوە، لەو کاتەدا نەماندەزانی ئەوە کاریگەری کیمیاییەکەیە. پیاوێک هەیە ناوی کاک ئەحمەد لادایە، کەسایەتییەکی دیاری هەڵەبجەیە، هات و وتی: مەلا ئەحمەد چی دەکەن لێرە، بڕۆن بۆ سەر چەم و ئاوەکە کیمیایی وەشێنراوە، تیادەچن. ئێمەش چووینە سەر ئاوەکە و سەروچاومان شۆرد و تیمێکی تەندروستی پاسدارانی ئێرانی هاتن هەندیَ چارەسەریان کردین. بۆ ڕۆژی (٣/١٧) من و دایکم گەڕاینەوە بۆ ناو هەڵەبجە، باوکم و منداڵەکان لە باخەکە مانەوە، وەک وتم: کە کاک ئەحمەد وتی: خەڵکێکی زۆر کوژراوە. باوکم وتی: ئێوە بچنەوە بزانن کیَ کوژراوە. ئەوەبوو کە گەڕاینەوە ناو شار، ئەو کاک عەبدوڵڵایەم بینی کە بە باوکمی وت ئەمشەو باش خەوتووم، لەگەڵ خێزانەکەی و ماڵی خوشکی خێزانەکەی بە تەواوی پێکەوە شەهید بوون. نەشمانتوانی ئەو ڕۆژە تەرمەکانیان بشارینەوە، لەبەرئەوەی بۆمباران هەر بەردەوام بوو، بۆ ڕۆژی (٣/١٨) گەڕاینەوە لە پارچە زەوییەک کە زۆر بە ناڕەحەتی ناشتمانن، بانگی کەسانی تر و پاسدارەکانمان کرد هاوکارییان کردین و تەرمەکانیان لەگەڵماندا هێنایە ئەو شوێنە و هەندێک خۆڵمان کرد بەسەریاندا. شتێکی تر کە بیرم ناچێتەوە، مردنی ئەو هەموو ئاژەڵ و باڵندەیە بوو کە بەهۆی کیمیاییەکەوە مردبوون. ئێستاش هەر کاتێک دەچمەوە هەڵەبجە ئەو دیمەنانە دێنە پێشچاوم. شەهیدبوونی ئەو خەڵکە باشانەم دێتەوە بیر. ئێمە هەر لە هەڵەبجەماینەوە تا بیستوحەوت ڕۆژ دوای ڕووداوەکەش. ئیتر وامان لێهاتبوو هاتنی فڕۆکە لامان شتێکی ئاسایی بوو. لە ڕۆژانی یەکەم و دووەم و سێیەمی ڕووداوەکەدا ئێران هیچ بەرگرییەکیان نەدەکرد، بەڵام دواتر بەرگرییان دەکرد و ئەوەشم بینی فڕۆکەیەکی عێراقییان بەردایەوە و لە چەمی قاغە کەوتە خوارەوە. لەو ماوەیەدا تەنها ئەو فڕۆکەیەم بینی بخرێتە خوارەوە، دەنا ئێران دەیتوانی زۆر زیاتر بەرگریی بکات، لەبەرئەوەی چەکێکی زۆری سوپای عێراقیش لەو ناوە بەجێمابوو، سەرەڕای بوونی هێزی خۆیان، کە بە چەکی قورسەوە هاتنە ناو هەڵەبجە. ئێران حەزی دەکرد عێراق ئەو کارەساتە لە هەڵەبجە دروست بکات، تا بۆ خۆی وەک بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی عێراق بەکاری

بهێنێت. پێشتر لە سیوسێنان و ناوچەکانی تر کیمیایی لێدابوو، بەڵام وەک بەڵگە نەکەوتبووە دەست ئێران. ئەو هەموو خەڵکەم بینی شەهید بوون و کەوتبوون، تەرمی پاسدارێکم نەبینی لەنێویاندا، عێراق و ئێران ڕێککەوتبوون و دەستی هەردوو لای تیادابوو کە میللەتی کورد کۆمەڵکوژ بکەن.

دوای چەند ڕۆژێک ئێرانییەکان ڕێگەیان نەدا پێشمەرگەی هیچ حیزبێک بێتە ناو هەڵەبجەوە. ئەوەشم بینی ئێران بە لۆری هەموو کتێبەکانی کتێبخانەی هەڵەبجەیان بارکرد و بردیان و مێژووی ئەو شارەیان تاڵانکرد. کارگەی تووتنەکەیان تەخت کرد، بازاڕیان تاڵان کرد. تا سەعات دوانزەی نیوەڕۆش خەڵکی هەڵەبجە ژیانی ئاسایی خۆیان دەکرد، ڕۆژی کیمیاییەکە ترس هەبوو، بەڵام بەتەما نەبوون وابێت، دڵنەواییان دەدا بە خەڵکەکە کە هیچی خراپ نابێت.

ئەوەبوو دوای بیستوحەوت ڕۆژ سەربازی ئێرانی هاتن و وتیان: دەبێت بڕۆنە ئێران. باوکم وتی: نامەوێت بڕۆم، وتیان: نابێت، ئەوەبوو لۆرییان هێنا و سەریانخستین و براینە ناو خاکی ئێران بۆ ئۆردوگای، وەک: سەریاس و کامیاران لە وەرمەهەنگ. نزیکەی پێنج مانگێک لەو ئۆردوگایە بووین. دواتر عێراق و ئێران گەیشتنە ڕێکەوتن و شەڕ وەستا، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە گەڕاینەوە بۆ عێراق و لە مەرزی تەوێڵەوە هێنراین بۆ عەربەت. لە عەربەت ئەوەی تەمەنی بە سەربازیی گیرابوو، برایە سەربازیی. برا گەورەکەی ئێمەش برا بۆ سەربازیی و ژن و مێردەکانیان کردە پاسەوە و براین بۆ ئۆردوگای باینجان لای بازیان. ئەوەشم لەبیرە لەناو پاسەکاندا بووە شەڕ و هەرا و هەریەکە بەویتری دەوت، نەموت با نەڕۆینەوە، نەمانوت کوڕەکانمان لەدەست دەدەین. دایکی منیش دەیوت با نەڕۆینەوە، سەدام کوڕەکەمان دەبات، بەڵام باوکم هەر دەیوت با بڕۆینەوە. ئەو شەڕە دەروونییەش کەوتە ناو خێزانەکان، بەڵام باش بوو دواتر کوڕەکان هاتنەوە، لەو ئۆردوگایە فڕیاندماین، ئەو شەوە هەر لەو دەشتەو لە دەرەوە بووین، دواتر وتیان: دەبێت بچنە ئۆردوگای گردەچاڵ لای هەولێر.

ئێمە نەچووین بۆ ئەوێ، ئەو هەموو کەرەستانەی پێمانبوو لە ئێران هێنابوومان بەجێمانهێشت لەو دەشتە و بە نهێنی چووینەوە سلێمانی. وابزانم (١٩٨٨/٩/١٥) بوو هاتینەوە، نەچووینەوە بەر خوێندن و بە نهێنی خۆمان حەشاردا تا ڕاپەڕین. دوای ڕاپەڕینیش نەچووینەوە هەڵەبجە و هەر لە سلێمانی

مایەوە. باوکم و دایکم لە ژیاندا نەماون، ئێمەش هەریەکە لەسەر ماڵ و ژیانی خۆمانین. برایەکم لەم ساڵانەی دواییدا چوو لە خوێندنگەی گەوران بخوێنێت. خۆیشم ماوەیەک کاری ڕاگەیاندنم دەکرد و ئێستا خەریکی ژیانی ئاسایی خۆمم، لەبەر ئەو هەموو دیمەنە خەمناکە، حەز ناکەم لە هەڵەبجە بژیم.

- سوپاس کە ئەمڕۆ یاوەرمان بوویت بە مەبەستی تۆمارکردنی چەند زانیارییەک و هەر بژین.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی (هەڵەبجەی تازە)، نزیک شارەدێی وارماوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک ئاراس ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١١).




**عەلی عارف ئەحمەد**
**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧١).**

ئەو ڕۆژەی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، ئێمەش هەروەکو ئەو خەڵکە بە پشتیوانی خودای گەورە لە هەڵەبجە دەرچووین و بە دۆزەخی کیمیاباراندا چووینە ئێرانەوە و براین بۆ ئۆردوگای کرمان لە باشووری ئێران، دواتر هێنراینەوە بۆ ئۆردوگای سەریاس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا ئەمانە ڕوویاندا گەیشتینە مانگی (١٩٨٨/٨). من ئەو کات قوتابی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای ئیسلامی بووم، زۆر پەرۆشی ئەوەبووم زوو بگەڕێمەوە بۆ عێراق، بۆئەوەی خوێندنەکەم نەفەوتێت، مانگی نۆ تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم ئەنجام بدەم. لەو کاتەدا شەڕی نێوان عێراق و ئێران وەستا و کەسانی سەر بە ڕژێمی عێراق لەناو ئۆردوگاکان هەواڵیان بڵاودەکردەوە کە شەڕ کۆتایی هاتووە و حکومەت هەڵەبجە ئاوەدان دەکاتەوە و دەچینەوە شوێنی خۆمان. منیش بە دایکم و ئەوانم وت: ئەگەر ئێوەش نەیەنەوە، من لەبەر خوێندنەکەم هەر دەڕۆم.

ئەوەبوو ئەوانیش گەڕانەوە وماڵی برایەکم بە ژن و منداڵەوە و ماڵی نەنکم و نزیکەی دە کەس بووین لە بنەماڵەی خۆمان، لەگەڵ دەیان خێزانی دیکەدا هاتین و لە سنووری تەوێڵە دەستگیرکراین. دواتر هێنراینە سلێمانی و لەوێوە براین بۆ نوگرەسەلمان، بڵێ بۆ دۆزەخ. بۆت باسکراوە کە دۆخی ئەوێ چۆن بووە، بریا نەهاتینایەتەوە. گەرمیانییەکان لەوێ دۆخیان زۆر خراپ بوو، زۆریشیان لێ دەمرد، کوڕی ناو ئەو خێزانانە تەمەنی لە دە ساڵ تێنەدەپەڕی، پیاوەکانیشیان کەسانی سەرووی شەست ساڵ بوون، کە یەکێک دەمرد، پۆلیسەکان بانگی هەڵەبجەییەکانیان دەکرد تا مردووەکانیان بنێژن، ئەوان هێزیان لێبڕابوو. کاکە ئەنوەرم پیاوێکی زۆر خەمخۆر و دڵسۆز بوو، خۆی بانگی گەنجەکانی هەڵەبجەی دەکرد و دەیوت وەرن کەسێک مردووە با هاوکارییان بکەین. ئەوەبوو ئەوەندە مردووی برد ناشتی، خۆیشی تووشی نەخۆشییەکە بوو. کاتێک بڕیاری لێبووردنیش دەرچوو و دکتۆریان هێنا، دکتۆریش بینی، بەڵام ئەو حاڵی زۆر پەرێشان بوو ئەویش هەر لەوێ شەهید بوو. ئەوە زۆر ناخۆش بوو، هەزاران شتی ناخۆشم بینی لە ستەم و تاوانی ئەو جەللادانە، کە چۆن ئازاری ئەو خەڵکەیان دەدا و لەبەر ئەو خۆرەگەرمەی ئەوێ ڕایاندەگرتین. بینیم چۆن لە مام ساڵح-یان دا، کەس بەتەمای نەبوو بمێنێت. من زۆر خەمی





الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء

صورة قيـد وفـاة

رقم الشهادة الاصلية ١٥٩١٨٢
تاريخ تنظيمها ٢٠ / ٩ / ١٩٨٨

الى / دائرة تقاعد السليمانية

نؤيد لكم بان الوفاة المسجلة اوصافها ادناه قد سجلت لدينا في سجل الوفيات تحت تسلسل ٣٠٢ لسنة ١٩٨٨

اسم المتوفى انور الجنس ذكر الجنسية عراقية العمر ٢٤ سنة الديانة مسلم
اسم الاب عارف احمد
اسم الام امينة حسين احمد
تاريخ الوفاة : رقما ١٩٨٨/٩/٦
كتابة السادس من ايلول لسنة ١٩٨٨
محل وقوع الوفاة
سبب الوفاة
اسم المخبر عن الوفاة

اسم المنظم اسم الدكتور
التوقيع التوقيع
التاريخ ١٩٩٠/٤/

بەڵگەی مردنی شەهید ئەنوەر عارف لە زیندانی نوگرەسەلمان، لە نەخۆشخانەی سەلمان پشتڕاستکراوەتەوە

پرسی ئەنفالەکانی هەڵەبجەمە، لەناو هەڵەبجەیشدا کەسانێک هەن بڕوا ناکەن هەڵەبجەییەکان ئەنفالکراون. من خۆم لەناو زیندانی نوگرەسەلماندا بووم، هەزار کەس زیاتر لە هەڵەبجەییەکان لەوێ زیندانیی کرابووین، زۆریشمان لێ شەهید بوو. دەشمزانی گۆڕی شەهیدەکانی هەڵەبجە لە کوێیە لە نزیک زیندانی نوگرەسەلمان. ئەو شەهیدانەی گەرمیان و هەڵەبجەش چۆن هەروا لەژێر کەمێ لمدا شاراونەتەوە، لە ساڵی (٢٠١٣) لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی شەهیدان چووم بۆ نوگرەسەلمان، زۆر ڕووفات مابوو تا ئەو کاتەش لە نزیکی بەندیخانەکە، بەڵام ئەمساڵ (٢٠٢٣) کە چوومەوە شوێنەکان زۆر شێواو بوون، بڕوام نییە بتوانرێت ئەو ڕوفاتانەی شەهیدانی نوگرەسەلمان بدۆزرێنەوە، یان بناسرێنەوە. لە ساڵی (١٩٩٠) پێویستمان بە بەڵگەی مردنی کاک ئەنوەری برام بوو بۆ فەرمانگەی خانەنشینی سلێمانی. ئەوەبوو برا گەورەکەم ناچاربوو بڕوات بۆ نەخۆشخانەی سەماوە بۆ هێنانی ئەو بەڵگەیە، ئەوانیش بۆیان کردبوو و پانزە وێنەشیان لەبەرگرتبووەوە بۆ ئەو شوێنانەی مەبەستە. ناوی هەموو ئەو کەسانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان شەهیدبوون، لەوێ هەیە و

هەرکەس بییەوێت بەڵگەی مردنی کەسەکەی بهێنێتەوە، ئەوکات پێیان دەدا، بەڵام بۆ ئێستا نازانم. ئەوەش نموونەیەکییەتی: کە شوێنی مردن و هۆکارەکە و مێژووەکەشی تیادا دیاریکراوە. ئەوە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەو تاوانانە کە لەو زیندانەدا ئەنجامدراوە.

کە لە زیندانیش گەڕاینەوە، براینە ئۆردوگای باینجان، بەڵام خزمەکان دوای ماوەیەک ئێمەیان دەربازکرد و براینە ناحیەی زەڕایەن، بە هەر ترس و نهێنییەک بوو خۆمان پەنادا تا کاتی ڕاپەڕین و لەوێ گیرساینەوە بە ژیانی کوللەمەرگی، هەر ڕاپەڕین کرا، ئەوەندە بەپەلە بووین فریای ڕێگە نەکەوتین، بە کەڵەک لە ئاوی سیروانەوە پەڕینەوە بۆ هەڵەبجە. ئێستا لە هەڵەبجە دەژیم و خوێندنەکەشم تەواو نەکرد. کۆمەڵێکمان پێکهێناوە بە ناوی (کۆمەڵەی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە) کۆمەڵەیەکی خۆبەخشین و دەمانەوێت ئەنفالی هەڵەبجە لەبیر نەکرێت.

– زۆر سوپاس کە ئەو بەڵگەیە و ژمارەیەک لە وێنەی شەهیدەکانت بۆ ناردین.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٦/٢٠)، ئێمە لە هەولێر و کاک عەلی لە هەڵەبجە.



**کۆسار عەزیز عەلی**

**لەدایکبووی هەڵەبجە، ساڵی (١٩٧٢).**

بەپێی تەمەن لە خوارەوە، چوارەم منداڵی خێزانەکەمانم، واتە لە خێزانەکەماندا سێ منداڵی لە من بچووکتر هەبوو. سەرەوەم لێ مەپرسە زۆرین، لە ساڵی (١٩٨٨) لە پۆلی سێی ناوەندیی بووم. کاتی خۆی هەڵەبجە زۆر خۆش بوو، بەتایبەت سەردەمی منداڵی و کاتی خوێندکاریی... ئێستاش هەر خۆشە.

گەڕانەوەمان لە ئێران بەناچاریی بوو، بەڵام بمانزانیایە وامان بەسەردێت، هەرگیز نەدەهاتینەوە. لە ئێرانیش دۆخمان زۆر خراپ بوو، دوانزە سەرخێزان لەژێر خێوەتێکدا بووین. ئێمە هەموو خوێندکار بووین و پەلەی ئەوەمان بوو زوو بگەڕێینەوە و ئەو ساڵەی خوێندنمان نەفەوتێت.

لێرە ناچینەوە سەر ڕووداوەکانی ناو هەڵەبجە و چوونمان بۆ ئێران، ئەو وەڵامانەت لە دایکم و ئەوان وەرگرتووە. لەوەوە دەست پێدەکەم لە تەوارییەکەی سلێمانییەوە کە براین بۆ زیندانی نوگرەسەلمان. من لە دایکم و ئەوان جیاکرامەوە و کرامە ناو پیاوە گەنجەکان و لەناو جیاکراوەکاندا بووم.

ژن و منداڵ و بەتەمەنەکان بە پاس بران، بەڵام ئێمە کراینە ناو مینی پاسێک، کە دۆڵمشی پێدەڵێن. وەک ئیسعافی نەخۆشگواستنەوە وابوو و داخراو بوو، ئیتر داخراو داخراوە، نە پەنجەرەی تیایە، نە هەوای تیایە، نە قسەکردن. لە هەمووشی ناخۆشتر دۆخی دەروونیی خەڵکەکە بوو، زۆر ناڕەحەت بووین. ئێمە خۆمان زۆر ترسابووین و دەمانزانی بەرەو مردن دەبرێین، بەو دۆخەشەوە کاک ستارناوێکمان لەگەڵدابوو خەڵکی تەوێڵە بوو، ئەوەندەی تر زیرەی پێ کردبووین، ئەو سێ تا چوارساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام زۆر دەترسا و هەر دەگریا و هاواری دەکرد. ئێمە لەو ئۆتۆمبێلەدا سیانزە کەس بووین، شوێنەکەشمان تەسک بوو، هیچ وەستانێک نەبوو لە ڕێگە، یان ئاوخواردنەوەیەک، یان میزکردنێک، لە شوێنێک وابزانم خواری کەرکوک بوو، لای چڵپاو و گواوێک ڕایانگرتین، وتیان: وەرن میز بکەن. ئاوەکەش زۆر پیس بوو، خەڵکەکە لە ناچاریدا دەمیان نایە ئەو چڵکاوە و ئاویان لێ خواردەوە، لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا خەڵکی شپرزە بوون، یان کەسێک میزی بکردایە، نەیشیان دەتوانی میز بکەن، خۆمان زیاتر ناڕەحەت دەبووین. دوای ئەوێ یەکسەر نەوەستا هەتا نوگرەسەلمان. ڕێگەکەش زۆر دوورودرێژ بوو و زۆر ماندووی کردین.

یەکەم دیمەنی نوگرەسەلمان ڕێک جەهەننەم بوو، وەک ئەوەی لە قورئاندا باسکراوە، لەبەردەم دۆزەخدا فریشتەکان وەستاون و خەڵکەکە دەکەن بە دۆزەخدا، وا دەزانم ئەوێش هەر وابوو. لە ئەمنی سلێمانی کەسێک هەبوو



زیندانی نوگرەسەلمان

وابزانم ناوی مولازم عەلی بوو، کە خەڵکی سلێمانی زۆر بە دڕندە و خراپ باسیان دەکرد. ئەویش بە خراپە بەناوبانگ بوو، ئێمە زۆر لێی دەترساین، بەڵام کە پاسەوانە دڕندەکانی زیندانی نوگرەسەلمانمان بینی، ئەم لە دڕندەییدا هیچ نەبوو لەچاو ئەواندا. ئەو عەلیە لە پێشی ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەدا بوو کە بردیانین بۆ ئەوێ، کە ئێمەی دایە دەست ئەوانەی نوگرەسەلمان، کە بینی ئەوانەی ئەوێ ئەوەندە بە دڕندانەیی لەو خەڵکەیان دەدا، بینیم دەستی کرد بە گریان، کاتێک ئێمە گەیشتین، ژن و منداڵەکانیش گەیشتبوون. لەناو گۆڕەپانێکی گەورەدا دایانگرتین. ئافرەتێکم بینی منداڵێکی شیرەخۆرەی پێبوو. منداڵەکەی تینووی بوو و داوای ئاوی دەکرد بۆ منداڵەکەی. بە چاوی خۆم بینیم ئەو کەسەی پێیان دەوت حەجاج، کیبڵێکی ڕەشی گەورەی بەدەستەوە بوو، هات یەکەم کێبڵ لەو منداڵە ساوایەی دا کە بە باوەشی دایکییەوە بوو، کە هەر لەوانەی لای خۆمان بوو، نایەتەوە بیرم خێزانی کێ بوو، یەکەم کێبڵ لەوێ کە لە هەڵەبجەیی درا، لەو منداڵەیان دا، ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر لەو بەر هەتاوەی مانگی هەشت و لەو شوێنە ڕاگیراین، تا تەواوی ئۆتۆمبێلەکانی تر گەیشتن و هەموو خەڵکەکەیان لەو شوێنە کۆکردەوە… ئەو شوێنە حەوشەی زیندانەکەی نوگرەسەلمان بوو، کە ئاوڕمان لە دەوروبەری خۆمان دایەوە، خەڵکی دەستگیرکراوی پێشترمان بینی، کە لەودیو تەلبەندەکانەوە بوون. خەڵکی چی؟ دیمەنی ئەو خەڵکە ئەوەندە ترسناک بوو، شێوە و ڕووخساریان بە هەموو شتێک دەچوو، جگە لە مرۆڤ. تەنها پێست و ئێسکەکەیان پێوە مابوو. ئەوانەی پێش ئێمە گەرمیانییەکان و قادرکەرەمییەکان بوون.

دیمەنیان زۆر ناخهەژێن بوو…

– پێشتر ئەم ڕووداوانەت بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن، یان کەسێک، گێڕاوەتەوە؟

نەخێر، تائێستا کەس هیچی لێ نەپرسیوم لەم بارەیەوە…

– چ شتێکی ئەوێ هی گێڕانەوە و تۆمارکردنە؟

جا هەموو چرکە و شتێکی ئەوێ هی ئەوەیە بیگێڕیتەوە و لەبیر نەکرێت. دۆخی ناو ئەو زیندانە زۆر زۆر خراپ بوو. ئەوەی وتم، یەکەم هەنگاوی گەیشتنمان بوو بە ئەوێ و ئیتر ڕۆژانی دواتر خراپترمان دەبینی.


– باسی ئاشنایەتی نێوان خۆت و دکتۆر ساداتم بۆ بکە؟

ئیتر ئیمەش وەک ئەو هەموو خەڵکە لەو زیندانەدا بووین، ڕۆژانە دەمانبینی خەڵک دەمرن. ئێمەش چاوەڕێی ئەوە بووین کەی دەمرین. خۆشیان دەیانوت ئێوە بۆ ئەوە نەهێنراون بژین، ئێرە شوێنی مردنە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخی خەڵک خراپتر دەبوو و زیاتر دەمرد. زۆر بێهیوا بووین، پیاوێکمان لەگەڵدابوو ئێستا ناوەکەیم بیر نەماوە، ڕادیۆیەکی بچووکی پێبوو، لە جۆری قیسارەی بچووک بوو، نازانم چۆن پاراستبووی لای خۆی. جار جار بەدزییەوە دەیکردەوە و گوێی لە هەواڵەکان دەگرت. ڕادیۆ قەدەغە بوو کە لامان بێت. ڕۆژێکیان ئەو گوێی لە ڕادیۆکەی گرتبوو، ئەوەی بیستبوو کە بڕیاری لێبووردن دراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. ئەویش هاتە ناو خەڵکەکە و ئەوەی پێ ڕاگەیاندبوون بە نهێنی. ئیتر چرپە چرپ و وتوویژ کەوتە ناو خەڵکەکە و هەر بڕوامان نەدەکرد.

کابراکەش ناسیاو بوو، هەر لەوانە بوو کە لەگەڵ خۆماندا دەستگیر کرابوو. مولازم حەجاج لە دوورەوە چاوی لێبوو وتی وتی کەوتووەتە ناو خەڵکەکە و لەناویەکدا قسە دەکەن. هات وتی: ئەوە چی بەو خەڵکە دەڵێیت؟ کابرا ترسا، وتی: هیچ. حەجاج وتی: مەترسە، ڕاست بڵێ چیت پێوتن؟

کابراش ترسا و ڕاستییەکەی وت، وتی: سەیدی ئەم ڕادیۆیەم پێیە گوێم لێبوو، وتی: عافواتە. واتە بڕیاری لێبووردن. ئەو شتە هەبوو لە کاتی سەدامدا، کاتێ تاوانی زۆری دەکرد و دواتر بە ناوی لێبووردنەوە کۆمەڵێکی ئازاد دەکرد و خەڵکەکەی سەرقاڵ دەکرد.

حەجاج وتی: ڕاستە بڕیاری لێخۆشبوونتان بۆ دەرچووە.



دکتۆر سادات محەمەد سەرحان عەبدولموتەلیب، لە هەڵەبجە وێنەی گیراوە

کابرا بە حەجاجی وت: شمولی ئێمە دەکات؟

حەجاج وتی: بەڵێ، شمولی ئێوەش دەکات، واتە ئێوەش دەگەڕێنەوە، بڕۆن بۆ خۆتان هەڵپەڕن کە ڕزگارتان دەبێت.

ئەو بڕیارە وابزانم لە (١٩٨٨/٩/٢٠)دا بوو. ئێمە پێشتر بڕوامان بە کابرا نەکرد کە وتی: ئەو بڕیارە دەرچووە، بەڵام کە لەگەڵ حەجاج کەوتە گفتوگۆ و بە تەنها هەڵدەپەڕی بە دەوری خۆیدا، ئیتر ئێمەش بڕوامان کرد و زۆر دڵخۆشبووین، بەڵام ئەو بڕیارە لەکاتێکدا بوو کە نەخۆشییەک کەوتبووە ناومان، هەرکەس توشبووایە، لە ماوەی بیست خولەکدا دەیکوشت. ئەوەی پێی بڵێیت تەڕایی گۆشت و خوێن لە جەستەی ئەوکەسەدا نەدەما، تەنها پێستەکەی بوو دەلکا بە ئێسقانەکەیەوە، ئیتر بیهێنە پێشچاوی خۆت، ئێسقانێک بەس پێستەکەی پێوەبێت، چەند ترسناکە. بەو جۆرە کەوتبووە ناو خۆمان، ڕۆژانە لە دەوروبەرمان چەندین کەس بەو نەخۆشییە گیانیان لەدەست دەدا. ئەو کەسانەش کە دەمردن، لەو ناوەدا دەکەوتن و کەس نەیدەوێرا لێیان نزیکبێتەوە. خۆم ئەوەم دیوە خەڵکی گەرمیانی مردووە و کەس نەچووە بەلایدا، بە تەنها خۆم بردوومەتە دەرەوەی زیندانەکە. هیچ زیاد و کەمی تیادا نییە ئەمەی دەیڵێم.. مردووەکەم بردووەتە دەرەوە و تۆزێک خۆڵم کردووە بەسەریدا. زۆر لێی دوور نەکەوتوومەتەوە و سەگ هاتووە دەریکردووە و سەر و دەستی لێکردووەتەوە و خواردوویەتی.

ئیتر هەر لەو ماوەیەدا، واتا دوای بڕیارەکە، کە لێخۆشبوونمان بۆ دەرچوو، چەند دکتۆرێکیان هێنا. وتیان: نابێت ئەم نەخۆشییە بچێتە دەرەوە و بڵاوبێتەوە، نەخۆشییەکەش هی ئەوە نەبوو هیوای چاکبوونەوەت پێی هەبێت. وەک وتم: لەماوەی بیست خولەکدا دەیکوشت... نازانم چ نەخۆشییەک بوو، هەرگیز شتی وام نەبینیوە، زۆر ترسناک و سەیر بوو، لەو ماوە کەمەدا تەنها پێست و ئێسکەکەی پێوە دەما و دەیکوشت. دەزانم بڕیاری لێبووردنەکە درابوو. ژمارەیەک پزیشکیان هێنا کە یەکێکیان عێراقی بوو. ناوی سەمیر بوو. چووم بۆ لای دکتۆر سەمیر. هێمنی برام تووشی بوو و زۆر هیلاک بوو کەوتبوو. چووم دەستی ئەو دکتۆر سەمیرەم گرت، بەدەم گریان و هاوارکردنەوە پێموت: براکەم هیلاکە و فریای بکەوە.

دکتۆرەکە دەستی لە دەستم داتەکاند و لێم تووڕە بوو، وەک ئەوەی من پیسم و ئەویش نەیدەویست دەستی بەر ئێمە بکەوێت.

من هەر هەوڵم دەدا و هاوارم دەکرد: توخوا فریای براکەم بکەون. ئەو دکتۆر ساداتە لە دوورەوە هات و چاوی لێبوو دکتۆر سەمیر وایکرد بەرامبەرم، وەک ئەوەی پێی ناخۆش بێت...

دکتۆر سادات بە منی وت: ها، چیت دەوێت؟

منیش کەمێک عەرەبیم دەزانی، وتم: (اخی) واتا براکەم... وتی: دوامکەوە، چوو لەناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا دوو کیسە ئاوی موغەزی هێنا، یەکێکی لە دەستی هێمن بەست و وتی: ئاوا بۆی بگرە، ئەگەر ئەوەی تەواو کرد بانگم بکە، ئەوەی دیکەشی بۆ دەبەستم...

وتم: باشە. منیش بەدیار هێمنەوە بووم، ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو کیسە ئاوە تەواو بوو، خێرا ئەوەم لێکردەوە و ئەوی تریشم بۆ لێبەست. ئەوی تریش تەواو بوو. دوای ئەوە چووم بۆ لای ئەو و خەریکی نەخۆشی تر بوو.

وتی: بۆ دواکەوتی، با بڕۆین تا ئاوەکەی تریشی بۆ ببەستم.

وتم: نەخێر مەیە، خۆم ئاوەکەم بۆ بەست و ئەوەش تەواو بووە. هەستەکەم باشتر بووە و هی ترم بدەرێ.

وتی: زۆرباشە، دەزانیت ئەوە بکەیت؟ وتم: بەڵێ...

وتی: ئەوە دوودانەی دیکەیە و بۆی ببەستە...

ئەوەشم هێنا و بۆم بەست و بەدەست گرتم. تا دەهات هێمن و باشتر دەبوو، ئیتر ترسم لێی نەما...

دکتۆر سادات وتی: ئێوە پێویستتان بەم ئاوە موغەزییەیە. ئیتر کات بەرەو ئێوارە دەچوو، دکتۆرەکان وتیان: دەبێت بڕۆینەوە، دەوام تەواو بوو.

دکتۆر سادات وتی: چۆن بڕۆینەوە؟ ئەوانە زۆر پەرێشانن، وتیان: نەخێر دەبێت بڕۆین. ئیتر ئەو ئێوارەیە هەموویان ڕۆیشتنەوە، بۆ ڕۆژی دوایی تەنها دکتۆر سادات گەڕایەوە، ئەوانی تر نەگەڕانەوە. دەرزیی و موغەزییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا. من واملێهات کانوێلام دادەنا و موغەزیم دەبەست، دەرزیم لە خەڵک دەدا. هۆڵێکیان تەرخانکردبوو بۆ چارەسەری خەڵک، کە ئێواران دکتۆر سادات دەڕۆیشتەوە، شتەکانی دەدایە دەست من و سەرپەرشتی هۆڵەکەم دەکرد و چارەسەرم دەدا بە نەخۆشەکان. کاک ئیحسانیش لەوانەی لای خۆمان هاوکاریی نەخۆشەکانی دەکرد. من پێشتر هیچم لەبارەی ئەو کارانەوە نەدەزانی، بەڵام لەو دۆخەدا و بەهۆی هێمنی برامەوە یەکسەر دەستم پێکرد، چار نەبوو. ماوەی هەفتەیەک بەو جۆرە بوو، ئیتر ئەوەی دۆخی خراپ بوو،

باشتر بوو. تاک تاکە لێی دەڕۆیشت و دەبرانە نەخۆشخانەی سەماوە. لەوێوە دوای هەندێک پشوو و چارەسەری تر، دەگەڕێنرانەوە بۆ سلێمانی. لەو ماوەیەدا ئێمەش ناومان نووسرا بۆئەوەی ئازاد بکرێین. لەو ماوە کەمەدا دکتۆر سادات زۆر مرۆڤانە ڕەفتاری لەگەڵ ئێمەدا دەکرد، زۆر هاوکاریی خەڵکەکەی دەکرد، کە وتیان: ئێمەش ناونووسکراوین و براینە سەماوە. لەوێ دکتۆر سادات هات بۆ لام، وتی: دنیا مان و مردنە، ناونیشانی خۆتم بۆ بنووسە لەم دەفتەرە بچووکەدا، دەفتەرێکی بچووکی پێبوو لە گیرفانیدا. وێنەیەکی بچووکی خۆیشی پێدام و لە پشتەکەی نووسی: «سادات محمد سرحان عبدالموتلب. جمهوریه مصر العربیه، دومیات، فارسکول. کرم رزوق». ئەمە هەمووی بوو. منیش لە دەفتەرەکەی ئەودا ناونیشانەکەی خۆم نووسی: «کۆسار عەزیز عەلی، سلیمانیه، حلبجه، مدرسه احمد موختار». هەر ئەوەندەم بۆ نووسی... ئیتر دوای ئەوە ئێمە ئازادکراین و هاتینەوە بۆ سلێمانی... لە سلێمانی ژیانمان زۆر سەخت بوو، بەڵام هەر هەوڵم دەدا بخوێنین. زۆر قوتابخانە گەڕاین، بەڵام وەرنەدەگیراین، قەدەغە بوو منداڵی هەڵەبجەیی لە قوتابخانەکان وەربگیرێت. مامۆستا فارس ناوێک هەبوو لە قوتابخانەی ئازادی. دایکم زۆر داوای لێکردبوو بۆئەوەی وەرمبگرن و با پاشەڕۆژم نەفەوتێت.

وتی: وەرە بە گوێگر دانیشە لە پۆلدا. هەرچەندە پاشەڕۆژیشیان هەر فەوتاوە، بەڵکو تا سەری ساڵ بڕیارێک بێت و بیانگرێتەوە و بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەن.

چووم لەو قوتابخانەیە بە گوێکر دەستم کردەوە بە خوێندن لە ساڵی (١٩٨٩). دانیشتم لە ناویاندا و زۆر زیرەک بووم. مامۆستا فارس کە زانی وا زیرەکم، لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی بۆ تاقیکردنەوەکانی پۆلی سێی ناوەندیی بەشداری پێکردم، کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان هاتەوە، باش بیرم نایەت، نازانم پێنجەم بووم، یان شەشەمی سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بووم... شتێکی وابوو. مامۆستا فارس زۆر پێی خۆش بوو کە ئەو ئەنجامەم هێنا، هەر خۆی ناوی بردبووم بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی. دوای ئەوێ لە هیچ کوێی تر وەرنەدەگیرام تا بچمە قۆناغی ئامادەیی، ناچار چووم بۆ پەیمانگای پیشەسازیی سلێمانی. ئەویش بەڕێوەبەرەکەی مامۆستایەکی خەڵکی هەڵەبجە بوو و پێشتر هاتبوونە سلێمانی. ئەویش وتی: ناتوانم بەفەرمی وەرت بگرم، وەرە بە گوێگر بەردەوامبە. هەر بە گوێگریی ماوەیەکیش لەوێ بووم.

ئیتر نائومێد بووم لە خوێندن و وازمهێنا، کەوتمە دوای کار و کەسابەت بۆ خێزانەکەمان و دەبوو خۆمان سەرکز بکەین و زۆر دەرنەکەوین، هەتا ڕاپەڕین کرا لە ساڵی (١٩٩١). دواتر ئەوەندەی پێ نەچوو کۆڕەو دەستیپێکرد و چووینەوە هەڵەبجە و ڕووداوەکانی دواتر، کە هێشتا دۆخی خەڵک زۆر ناخۆش بوو، شەڕی ناوخۆشی هاتە سەر. لە ساڵی (١٩٩٧) وەک هەزاران گەنجی تر چووم بۆ ئەورووپا، کە ڕێگەی هەندەرانیان گرتەبەر و لەوێ مامەوە، لە ئەورووپا لە وڵاتی هۆڵەندا بووم لە ساڵی (٢٠٠٦). لە دوای پرۆسەی ڕزگاریی عێراق و نەمانی دەسەڵاتی سەدام، کە دادگای باڵای تاوانەکان دامەزرا لە عێراق، بۆ دادگاییکردنی سەدام و دارودەستەکەی، لیژنەی ئامادەکاری سکاڵاکان هاتبوونە هەڵەبجە و سلێمانی. کۆچەری برام چووبووە لایان وتبووی ئێمەش لە زیندانی نوگرەسەلمان بووین و دکتۆرێکی میسری شاهیدە و لەوێ بوو، ئەمە وێنە و ناونیشانێتی، هاوکاریمان بکەن بۆئەوەی بیهێنین وەک شایەتێکی بیانی بەشداریی ئەو دادگایە بێت... ئەوانیش وتبوویان ئەم پیاوە پێویستە و زۆر گرنگە بێتە کوردستان و ببرێت گەواهیی بدات لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا. ئەوەبوو وێنە و ناونیشانەکەیان ناردبوو بۆ نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی میسر، وابزانم ئەو کاتە کاک مەلا یاسین بوو، بۆئەوەی بیدۆزێتەوە و بیهێنێت. ئەویش وتبووی لە وڵاتێکی گەورەی وەک میسردا چۆن بە وێنەیەک کەسێک دەدۆزرێتەوە، خۆ ئەمە هەڵەبجەکەی ئەوان نییە تا بەدوای کەسێکدا بگەڕێت و بەئاسانی بیدۆزیتەوە، میسر لادێیەک نییە من بتوانم بۆی بگەڕێم، نە ژمارە تەلەفۆنێکی هەیە، نە ناونیشانێکی دیار. کۆچەری برایشم لەگەڵ کاک ئازاد جوندیانی، کە ئەو کات بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بوو، هەروەها لەگەڵ کاک فەرید زامدار کەوتبوونە وتووێژ، کە چۆن و لە چ ڕێگەیەکی ترەوە بگەنە ئەم کابرایە. کاک گۆران ئەدهەم-یش وەک پارێزەرێکی بەشداربووی هەڵەبجە لەو دادگایە هەموو وتبوویان: ئامادەبوونی ئەم پیاوە لەو دادگایە زۆر پێویستە بۆ کەیسی ئەنفال. لە دادگای باڵاش لە بەغدا وتبوویان: هەوڵ بدەن ئەم پیاوە گرنگە کە بەشداریی دادگا بکات وەک شاهیدێک، کاتێک کۆچەر ئاگاداری کردمەوە، وتم: کاکە ئەگەر بیانەوێت دەتوانن بیدۆزنەوە، دەبێت کەسێک خۆی تەرخان بکات و بەدوایدا بگەڕێت... ئەگەر دەیانەوێت من خۆم دێمەوە و دەچم بە دوایدا دەگەڕێم... ئیتر ئەوەبوو ئەوانەی لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی بوون، وتبوویان: کۆچەر با

ئەو برایەت بێتەوە و بچێت بەدوایدا بگەڕێت، ئێمە هەموو خەرجییەکی دەگرینە ئەستۆ. ئەوەبوو کۆچەر وتی: وەرەوە و منیش لە ئەورووپاوە گەڕامەوە و چوومە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لەوێ وتیان: تۆ دەتوانیت بیدۆزیتەوە؟

منیش وتم: هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم، بەس نەمردبێت، دەیدۆزمەوە.

وتیان: ئێمە لە ڕێگەی مەکتەبی پەیوەندییەکانەوە هەوڵمانداوە هیچمان دەستنەکەوتووە، تۆ زانیاری ترت لایە؟

وتم: نەبەخوا لەو وێنە و ناونیشانە زیاترم لانییە.

کاک ئازاد وتی: ئەگەر تۆ ئەم پیاوە بۆ ئێمە بهێنیتە ئێرە، لە سەرتەوە تا پێت دەگرینە ئاڵتوون.

منیش لە دڵی خۆمدا بە شۆخییەوە وتم: خۆ تا پوشتێنەشم بێت هەر باشە. وا دیاربوو بە گاڵتە و سوعبەتەوە ئەوەیان وت، چونکە ئەنجامدانی ئەو کارەیان زۆر بە ئەستەم دەزانی کەوا من بتوانم ئەوە بکەم، بۆیە وایان وت. منیش وتم: کاکە خۆم دەچم دەیدۆزمەوە... ئیتر ئەوان خەرجیی بلیتی فڕۆکە و هاتوچۆیان بۆ دابینکردم و منیش ناوی خوام لێهێنا و کەوتمەڕێ بۆ وڵاتی میسر. خوا شاهیدە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک، بۆ ڕۆژی دوایی چوومە فڕۆکەخانەی سلێمانی و سواری فڕۆکە بووم بەرەو وڵاتی میسر. باوەڕ بکە کە فڕۆکەکە چووە سەر شاری قاهیرەی پایتەختی میسر، هەر لە ئاسمانەوە وشک بووم. بە خۆمم وت: من چیم پێ دەکرێت لەم شارە گەورەیەدا، ئەمە قاهیرەیە، ئەی دەبێت میسر بە گشتی چەند بێت!

ئیتر کە فڕۆکەکە نیشتەوە و لەناو فڕۆکەخانەی قاهیرە دابەزین. هاتمە دەرەوە بۆ ئەو شوێنەی خەڵک دەڕواتە دەرەوە. کات درەنگ بوو، سەعات حەوتی سەر لە ئێوارە بوو لە مانگی چواردا. هەندێ ئەمسەر و ئەوسەرم کرد و بیرم دەکردەوە چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکەم بۆ گەڕان بەدوای دکتۆر «سادات»دا.

تەلەفۆنێکم کرد بۆ مەلا یاسین نوێنەری یەکێتی لە میسر، وتم: ئەوە من هاتووم بۆ ئەو بابەتە، ئێوە چیتان پێ دەکرێت بۆ هاوکاریم؟

وتی: تۆ خەریکی چیت؟ چۆن ئاوا کەسێک دەدۆزرێتەوە لە وڵاتێکی وا گەورەدا.

وتم: بۆ نا دۆزرێتەوە، لەکاتێکدا کە لە ژیاندا مابێت و ناونیشانیشی هەبێت،

چۆن نادۆزرێتەوە؟

ئەو زۆر سارد بوو لەگەڵم و نەیوت ئەوە هاتووەتە وڵاتێکی وا و با تەگبیرێک بکەین پێکەوە.

وتم: خواحافیز، خۆم دەگەڕێم بەدوایدا. ئیتر تەلەفۆنەکەم داخست و هەندێ سەیری ئەو دەوروبەرەی خۆمم کرد.

بینیم کوڕێکی گەنج وەستابوو و تەکسییەکی پێبوو. منیش هەر دەهاتم و دەچووم، نەمدەزانی چی بکەم. بانگم کرد وتم: بۆ ماوەی ڕۆژێک بە چەنێک بەناو میسردا دەگەڕێیت؟

وتی: بە سەد دۆلار.

وتم: زۆرە؟

وتی: ئەی چەند؟

وتم: وەڵڵا کەمی بکەرەوە، لەوانەیە من هەموو میسر بگەڕێم.

وتی: کەیفی خۆتە، چەند ڕۆژت دەوێت من لەگەڵتدا دەگەڕێم.

وتم: لەوانەیە پێویست بکات سێ ڕۆژ، چوار ڕۆژ بگەڕێم.

وتی: سێ سەد دۆلارت لێ وەردەگرم.

وتم: کەمێگ کەمی بکەرەوە نرخەکەی.

وتی: لەوە کەمتر ناتوانم.

وتم: باشە. کوڕێکی ڕەزا شیرینی خۆشەویست دیاربوو. حەزم نەکرد لە دەستم بڕوات. چووم جانتا و شتەکانم هێنا و وتم: با بڕۆین. چوومە ناو ئۆتۆمبێلەکە و وێنەکەی دکتۆر ساداتم دەرکرد، ناونیشانەکەم لەسەر کاغەزێک نووسی و لە شۆفێرەکەم پرسی دومیات لە کوێیە؟

وتی: دومیات چوار سەعات ڕێگە لێرەوە دوورە.

وتم: بمبە بۆ دومیات. ئیتر هەر بەو شەوە لە ڕێگە لام نەدا تا بنووم و سبەی دەست پێ بکەم، کەوتینەڕێ و گەیشتینە دومیات.

وتی: ئێستا چی بکەم؟

وتم: فارسکوڵ چییە؟

وتی: قەزایەکە لەم ناوەیە. تۆ وتت: شارەزا نیم، بەڵام ئەم ناوانە چۆن دەزانیت؟

وتم: ناونیشانم پێیە و لە خۆمەوە نەهاتووم، کە چووینە فارسکوڵ، وتم: کەرەم ڕزوق لە کوێیە؟

پێکەنی و وتی: بەخوا تۆ دەڵێی میسریت.

وتم نەبەخوا، کە قسەمان دەکرد لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا، ئەوە نزیکەی پێنج تا شەش سەعات بوو پێکەوە بووین.

وتی: پێم بڵێ، تۆ بۆچی دەگەڕێیت؟

لەوکاتەدا وێنەکەم دەرهێناو وتم: بۆ ئەم پیاوە دەگەڕێم. ئەوە ئەوکاتە بوو گەیشتینە ناو دێیەکە، کەرەم ڕزوق دێیەک بوو سەر بە قەزای فارسکوڵ لە پارێزگای دومیات.

شۆفێری تەکسییەکە وتی: ئەو وێنەیە لادە خەڵک هەیە خراپە، نەک لێمان تێکدەن، با بە جۆرێکی تر هەواڵی بپرسین. بەس پرسیاری ناوەکەی دەکەین.

منیش وێنەکەم هەڵگرت و خستمە گیرفانم. چووینە گەراجی گوندەکە، گەراجی ئۆتۆمبێلە دووتەنییە بارهەڵگرەکان بوو. کاتێک دابەزین، ئەوانمان بینی بە جلی میسرییەوە. ئەها کە پەسەک و شەرواڵ و کڵاوێکیان لەسەردایە، دیمەنەکە سەرنجڕاکێش بوو، وەک لە دیمەنی ناو فیلمە میسرییەکانی جاران دەمانبینی. ئیتر هەمووی ئەوانە بوون قرە و هەرایان بوو لەناو خۆیاندا و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. شۆفێری تەکسییەکە چوو بۆ لایان.


7 Alittihad

No.2105 Monday 27/4/2009

# طبيب مصري يروي قصة المأساة التي عاشها المعتقلون الكرد في سجن (نكره سلمان)

مكتب الاتحاد: السليمانية ـ ميروان محمد

نظم مكتب الاعلام المركزي للاتحاد الوطني الكردستاني مؤتمراً صحفياً للدكتور المصري (سادات)، الذي كان طبيباً في سجن (نكره سلمان) السيئ الصيت عندما قام النظام المباد بسجن المؤنفلين من أهالي حلبجه وكرميان في هذا السجن والذي يزور مدينة السليمانية حالياً بدعوة من مكتب الاعلام. في بداية المؤتمر تحدث فريد زامدار عن الدكتور سادات مشيراً الى قيام الدكتور سادات بمعالجة المرضى الكرد الذين كانوا معتقلين في هذا السجن الرهيب وتعاطفه مع المعتقلين. ومن ثم روى الدكتور سادات ماشاهده في سجن (نكره سلمان) من معاناة المعتقلين الكرد قائلاً:

ڕۆژنامەی (الاتحاد) دیدار لەگەڵ دکتۆر سادات، سلێمانی (٢٠٠٩/٤/٢٧)

وتی: بەدوای پیاوێکدا دەگەڕێین ناوی دکتۆر ساداتە.

ئەوان وتبوویان دکتۆر سادات ناو نییە لێرە، ناوی باوکی چییە؟

هاتەوە وتی: ناوی باوکی؟

وتم: محەمەد سەرحان عەبدولموتەڵیب.

وتیان: نا، شتی وا لێرە نییە.

دوای ئەوێ چووینە چەند شوێنێکی تر، هەر وتیان: نازانین. دواتر چووینە چایخانەیەک و ئۆتۆمبێلێکی دووتەنی هات، شۆفێرەکەی دابەزی چای بخواتەوە. ئێمەش لەو کاتەدا پرسیارمان لە چایچییەکە دەکرد.

ئەویش وتی: نازانم کەس بەو ناوەوە ناناسم.

کە ئێمە ئەم قسانەمان دەکرد، ئەو شۆفیرە گوێی لێمان بوو هاتە پێشەوە و وتی: بەدوای کێدا دەگەڕێن؟

وتمان دکتۆر سادات...

وتی: من دکتۆر ناناسم بەو ناوەوە، بەڵام سادات ناوێک دەناسم پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتە...

وتم: نا ئەوە ئەو نییە. ئەوەی من بۆی دەگەڕێم دکتۆرە.

شۆفێری دووتەنییەکە، وتی: جا تۆ ئەوەندە ڕێ هاتوویت، چ زەرەرێک دەکەیت وەرە دەتبەم بۆ لای و بیبینە، بەڵکو ئەو بێت، گەر ئەویش نەبوو، ئەوا هیچ. لەوانەیە سادات ناوی تر بناسێت و پێت بڵێت.

منیش وتم: وەڵڵا باشە دێم، قسەی تۆیە، بەڵکو شتێکمان دەستکەوێت.

کابرای خاوەن تەکسی بە منی وت: مەڕۆ نەوەک ئەمە دز بێت، یان پیاوخراپێک بێت و شتێکت بەسەردا بهێنێت، تۆ لەگەڵ مندا هاتوویت، نابێت تووشی هیچ شتێک بێت.

وتم: نا، مەترسە هیچ نابێت.

وتی: باشە تۆ لەگەڵ ئەودا سەرکەوە و من لە دواتانەوە دێم، ئەگەر شتێک ڕوویدا پۆلیس ئاگادار دەکەمەوە.

وتم: باشە ئەوە ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی منە، لەگەڵ ژمارەی چەند شوێنێکی لای خۆمان. ئەگەر هەرشتێکی نەخوازراو ڕوویدا، کەسوکارم ئاگادار بکەرەوە. ئەو شتانەم دا بە شۆفێری تەکسییەکە و خۆم لەگەڵ شۆفێری دووتەنییەکە سەرکەوتم، تەکسییەکەش دوامانکەوت. ڕۆیشتین بە چەند کۆڵانێکی تەنگ و بچووکدا و هەندێ ترسم لێنیشت. چووینە دەشتاییەک و دواتر بەرەو

کۆڵانێک ڕۆیشتین و کابرا دابەزی و دارێکی بەدەستەوە بوو. لە دڵی خۆمدا وتم: بەخوا تیاچووم، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە من لێی دەترسام. ناچار منیش دابەزیم و بە کۆڵانە تەسکەکاندا بردمی تا گەیشتینە شوقەیەک. لە شوقەکە چووینە نهۆمی سەرەوە و تۆزێک هێوربوومەوە. وتم: دیارە ئەم کابرایە نیازی خراپی نییە. گەیشتینە بەر دەرگایەک و تەقەی دا لە دەرگاکە. زۆری پێ نەچوو پیرەژنێک دەرگاکەی کردەوە و کردیە بۆڵەبۆڵ، بەم نیوەشەوە چیتان دەوێت و کێ مردووە و کێ چییە...؟ ئەو پیاوە ناسیاری خۆیان بوو.

وتی: ساداتم دەوێت.

پیرەژنەکە وتی: خەوتووە.

کابرا وتی: بابە تۆ هەڵیسێنە بڵێ فڵانەکەس هاتووە و کاری زەروورم پێیەتی.

ژنەکە دیسان وتی: کەس مردووە؟

کابرا وتی: نا، نا کەس نەمردووە. تومەز دکتۆر بووەتە مەلا و تەڵقینی مردوو و مردوو شۆردن دەکات.

بە منیشی وت: قسە مەکە و هیچ مەکە، لەو پەنایەوە بوەستە، ئەگەر لەوێوە هات و بینیت ئەوە، ئەوا باشە. ئەگەر ئەو نەبوو، با هەر نەزانێت بابەتەکە چییە و دەڕۆین.

وتم: باشە. خودا ئاگادارە، لە خەو هەستا و شتێکی سپی دابوو بەسەریدا، دنیا هێشتا تاریکبوو، نزیکەی دەمەوبەیان بوو، گڵۆپێک پێکرابوو، لای دەرگاکەوە بە نهێنی سەیرم دەکرد. هەرکە هات و سێبەرەکەی دەرکەوت، لە نزیک دەرگاکەوە، لای خۆمەوە وتم: بەو خوایە ئەوە. من هێشتا خۆم شاردبووەوە لە پشت دەرگاکەوە.

بە کابرام وت ئەوە، ئەوە.

کابرا بە منی وت: بڕۆ، بڕۆ ئەولاتر و خۆی گەیشتە لای دکتۆر سادات و وتی: میوانێکت هاتووە و لێی پرسیویت.

وتی: تۆ کەس دەناسیت کە میوانی تۆبێت و لە دوورەوە بێت؟

دکتۆر سادات وتی: نا، نا کەسی وام نییە... هەر لەو کاتەدا دەستی برد بۆ لای سینگی و وتی: نا، کەس شک نابەم بێت بۆ لای من.

کابرا وتی: ئەی تۆ عێراقی دەناسیت؟

دکتۆر سادات: ئاوا تۆزێک وەستا و وتی: ئا.

منیش پەلەم بوو زوو بیگەمێ، هاتمە پێشەوە و خۆم نیشان دا، کە منی بینی یەکسەر ناسیمییەوە و دەستی کردە گریان بەسەرمدا و وتی: تۆ کۆساریت؟

وتم: بەڵێ. باوەشی پیادا کردم و زیاتر گریا. ئیتر دکتۆر سادات بردمییە ژوورەوە و هاوار هاوارێکی نابووەوە ئەو دەوروپشتەی خۆی هەموو هەستان. دەیوت: کۆسار هاتووە، کۆسار هاتووە. منی بردە ژوورەوە و دانیشتین و کەوتە هەواڵپرسین...

کابرا زۆری پێ خۆشبوو، کە ناسرا و دۆزرایەوە و سەری سوڕمابوو، وتی: توخوا ئەمە چییە، تێمگەیەنن؟

دکتۆر سادات وەڵامیدایەوە. وتی: ئەمە فیلمە، ئەمەی دیوتە هیچ نییە. ئێوە نازانن. دەستی کردە گیرفانێکیدا و لەسەر سینگی دەفتەرێکی بچووکی دەرکرد و بەدەستییەوە بوو، هاواری دەکرد و هەر وای لێ دەکرد بە دەستییەوە، وتی: من یادگاریی هەموو ساڵێکم هەیە، ماوەی مانگێکە ئەم دەفتەری یادگارییەم دەرهێناوە و هەر بەدەستمەوەیە و لەم گیرفانەمدایە. خۆیشم نازانم بۆ و چۆن، وا کۆسارم لە بیرە. ئیتر ئەوەندە گریا، من هەر سەرم سوڕمابوو.

شۆفێری تەکسییەکە وایزانیبوو من دەستگیرکراوم و نەیدەوێرا بێتە سەرەوە. نزیکەی بیست خولەکێکم پێچوو لەوێدا. ئیتر وتم: کاکە ئەو تەکسییەم لەگەڵدایە چاوەڕێ دەکات.



دکتۆر سادات لە هەڵەبجە، ساڵی (٢٠٠٧)

کابرا وتی: بۆ تەکسییەکە نەڕۆیشتووە؟

وتم: نەوەڵڵا. لەوە دەچێت لە خوارەوە بێت، با بچم بیهێنمە سەرەوە. چووم شۆفێری تەکسییەکەم هێنا، وتم: وەرە خۆیەتی.

وتی: خۆ هیچ نییە. ئەگەر شتێکی خراپ هەیە، من دەچم خەبەر دەدەم.

وتم: نەوەڵڵا وەرە دۆزیمەوە، ئیتر پێکەوە چووینە سەرەوە.

ئیتر کە چووینە سەرەوە و دانیشتین، شۆفێری تەکسییەکەش پێی وتم: تێمگەیەنە ئەمە چییە و چۆن بووە؟

ئیتر کاک دکتۆر سادات کەوتە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وتی: لە ساڵی (١٩٨٨) ئەمانە دەستگیرکرابوون و من لەوێ وەک دکتۆر سەردانم کردوون لە زینداندا.

شۆفێرەکان دەیانوت ئەوە چی دەڵێن؟ دەڵێی باسی فیلم دەکەن.

شۆفێری تەکسییەکە وتی: تۆ چۆن بەو تەنها وێنەیەوە هاتیت و بەدوای ئەمدا گەڕایت؟ ئەگەر لە فڕۆکەخانە پێت بوتمایە، دەچووم دەرهێنەر و کامێرامانەکانم ئاگادار دەکردەوە، تا وەک فیلم تۆماریان بکردایە.

وەک وتم: نزیکەی دەمەوبەیان بوو گەیشتمە ئەوێ، کە ڕۆژبووەوە بە تەواوی شۆفێری تەکسییەکەم بەڕێکرد و کرێی خۆیم پێدا.

ئەو ڕۆژە و شەوی دواتریش لەوێ مامەوە. ماڵێکی هەژارانە و سادەی هەبوو، کوڕ و کچێکی هەبوو لەگەڵ هاوسەرەکەی. لەوێ بۆم دەرکەوت ئەوکاتە هاتووەتە زیندان بۆ لای ئێمە، ئەو یاریدەدەری پزیشکی بووە، نەک دکتۆر، کە خانەنشینیش بووە، لە مزگەوتێکدا وەک وتارخوێن و پێشنوێژ خۆی سەرقاڵکردبوو، بەڵام ئێمە لەو دۆخەدا هەر بە دکتۆر بانگمان دەکرد و واماندەزانی دکتۆرە. ئیتر لەوێ مامەوە، وتم: لەگەڵمدا وەرە بۆ کوردستان.

یەکسەر وتی: دێم، با دایکت و کەسوکارت و هەمووان ببینم.

ژن و منداڵەکانی دەیانوت: چۆن دەڕۆیت بۆ عێراق. عێراق ئێستا شوێنێکی مەترسیدارە و لە هەموو شوێنێک تەقینەوە هەیە.

منیش وتم: نا، کوردستان وا نییە و زۆر ئارامە.

دکتۆر وتی: پاسپۆرتی گەشتم نییە، چۆن بێم، ناتوانم.

وتم: دەچین دەریدەهێنین.

وتی: لێرە بە سێ مانگیش دەرناچێت.

وتم: چەند پارە پێویست بێت دەیدەم.

وتی: لێرە شتی وا نییە. بەرتیل قەدەغەیە.
بۆ بەیانی وتم: تۆ لەگەڵم وەرە بۆ فەرمانگەی پاسپۆرت و دەچین قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا دەکەین.
وتی باشە. ڕۆیشتین، کاتیان بۆ وەرگرتین و چوومە لای بەڕێوەبەرەکە و پێم وت: ئەم پیاوە ناسیاوی ئێمەیە و لە ساڵی (١٩٨٨) خزمەتی زۆری کردووین، ئێستا پێمانخۆشە بانگهێشتی بکەین بۆ کوردستان و پاسپۆرتی نییە.
بەڕێوەبەرەکە وتی: ئێ ئاسانە شەش مانگی پێدەچێت و بۆی دەردەکەین.
وتم: زۆرە.
وتی: ئەی چیت دەوێت؟
وتم: وەڵڵا زۆر زۆرە، ئەگەر بکرێت تۆ هاوکاریمان بکە.
وتی: باشە، قەینا مادام تۆ لە عێراقەوە هاتوویت بۆی دەکەین بە سێ مانگ و سەرەکانی پێش دەخەین.
وتم: نا، من لە هۆڵەنداوە هاتووم و چەنێکە بەدوای ئەم پیاوەدا دەگەڕێم و تازە دۆزیومەتەوە. لەوێش لەسەر ئیشوکارم و ناتوانم زۆر بمێنمەوە و کاتم بەدەستەوە نییە.
بەڕێوەبەرەکە دەستی کردە پێکەنین و وتی: دەترسم بڵێی مانگێک.
وتم: نەوەڵڵا مانگی چی، زۆر زۆرە! ئەوپەڕی دوو سێ ڕۆژ، یان هەفتەیەک.
بەڕێوەبەرەکە وتی: بۆ تۆ کوڕی حوسنی موبارەکیت؟ تۆ چیت؟ حوسنی موبارەک ئەو کات سەرۆکی وڵاتی میسر بوو.
ئیتر هەندێ باسی هۆڵەندام بۆ کرد و وتم: لەوێ ئیشوکار بە خێرایی دەڕوات، لە عێراقیش ئێستا خۆشە و تۆش دەعوەت دەکەم و پێمانخۆشە تۆش لەگەڵمان بێیت. جانتاکەم کردەوە شووشەیەک بۆنی ئاساییم پێبوو کە لە هۆڵەنداوە هێنابووم، پێم دا. ناو و ناونیشانی خۆیشم پێدا لە هۆڵەندا و لە عێراقیش. وتم: با لەلات بێت، کەی ڕێت کەوتە ئەو شوێنانە، من لەخزمەتتاندا دەبم.
وتی: وەڵڵا من زۆر گەشت دەکەم، بەتایبەت بۆ ئەوروپا، ئەگەر بێمە هۆڵەندا حەتمەن سەرت لێدەدەم.
بەمجۆرە کەوتمە گفتوگۆوە لەگەڵیدا. دواتر وتی: شتێکت بۆ دەکەم، کە بۆ کوڕەکەی حوسنی موبارەک نەکرابێت، بەمەرجێک لای کەس باسی نەکەیت.
وتم: باشە. ئێستا چی بکەم؟ دکتۆریش لە دوورەوە هەر سەیری دەکردم و

سەری بادەدا، وەک ئەوەی بڵێ ئەوەتا ناکرێت.

وتی: با ئەم پیاوە خۆیشی نەزانێت، بڕۆ لە دەرەوە فۆرمێکی پێ پڕبکەرەوە و وێنە و بەڵگەکانی لێوەرگرە و بۆم بهێنەوە.

وتم: ئاخر دوامنەخەیت، کاتم نەماوە.

وتی: خەمت نەبێت، بڕۆ ئەوانەم بۆ بهێنە.

دکتۆر ساداتیش هەروا تێگەیشت بە خەیاڵی خۆی، وایزانی ئەو ڕێکارانە دەگرینەبەر بۆ شەش مانگی ترە.

هاتینە دەرەوە لای ئەو و ئەو شتانەی پێی وتین، کردمان، کە فۆڕمەکەم بۆ بردەوە، بەڕێوەبەری پاسپۆرت پێی وتم: عەسر وەرەوە بۆ ئێرە شتێکت بۆ دەکەم.

وتم: بێمەوە ئێرە؟

وتی: بەڵێ، وەرەوە شتێکت بۆ دەکەم.

خوا ئاگادارە تا عەسریش چوومەوە نەمزانی شتی ئاوا دەکات. وتم: لەوانەیە بۆ هەفتەیەک، یان ئاوا بۆمان تەواو بکات، کە عەسر چوومەوە بۆ لای، سەیر دەکەم پاسپۆرتەکەی بەدەستەوەیە و لەسەر مێزەکە ئاوا پیشانم دەدا.

وتی: ئەها چیم بۆ کردوویت، کە هاتم بۆ هۆڵەندا ڕێزم لێبگریت.

وتم: قوربان دەتخەمە سەر سەرم.

ئیتر وتی: ئەوە جەوازەکەت و فەرموو بڕۆ.

کە هاتمەوە بۆ لای کاک سادات و جەوازەکەم نیشان دا، بڕوای نەدەکرد. دەیوت تۆ ساحریت، تۆ چیت؟

وتم: تەواو ئەوە بوویتە خاوەنی پاسپۆرت. ئیتر کە چووینەوە بۆماڵەوە، بە ماڵەوەی وت: لەگەڵ کۆسار دەڕۆم. وتیان: چۆن دەڕۆیت؟ خۆ پاسپۆرتی سەفەرت نییە...

پاسپۆرتەکەی دەرهێنا و پێی وتن: ئەوەش پاسپۆرت.

ئیتر ئەوەبوو لەگەڵ خۆمدا هێنام بۆ عێراق. من وامزانی دەسەڵاتدارانی ئێرە ئەوە دەزانن و ئەم پیاوە بەکاردەهێنن بۆ مێژوو، بۆ ڕۆژگارێک کە کەسانێک هەن ئێستاش بڕوا ناکەن چی بەسەر ئەم میللەتەدا هاتووە، کە بەڵگەی ئەو ئازارەیە ئێمە بینیمان. ئێستا من باسی مەزلومییەتی خۆم دەکەم، بەڵام ئەگەر شاهیدێکی وەکو ئەو باسی ئەو ئەنفالەی کوردی بکردایە، زۆر لە خۆمان گرنگتر بوو. ئەو کەسێکی میسری بوو، شاهیدێکی بەهێزی ئەو کەیسە

بوو. گەر هەموو قوربانییانی ئەنفال باسی دۆخی خۆیان بکەن لەو زیندانە، لەوانەیە نەتوانن وەک ئەم، ئەو دیمەنانە وێنا بکەن. لە من و هەموو کوردەکان شاهیدیدانەکەی بەهێزتر بوو، بەڵام کە هێنام و سیدییەکیان پێ پڕکردەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا کرد، ئیتر نازانم چی بوو، چۆن ئەو کاتە نەیانبرد بۆ دادگا! کە سیدییەکەیان دایە دادوەرەکان، من پێموتن: ئەم پیاوە لە شوێنی خۆی پابەندی هەیە بە کارەکەیەوە، ئەگەر بۆ کاتی ئامادەبوونیش لە دادگا پێویستی کرد، ئەم ئامادەیە بێتەوە لە کاتی گونجاو و پێویستدا، ئیتر ئەوە ناونیشانییەتی و دەتوانن بیهێننەوە. نازانم هۆکار چی بوو نەیانگەیاندە دادگا و زۆر بەتەنگ بابەتەکەوە نەبوون. دوای ئەو چاوپێکەوتنە ئیتر زۆر گرنگییان پێ نەدا و پارێزەرەکانیش ئاگادارن، بەتایبەت کاک گۆران ئەدهەم، کە خۆی یەکێک بوو لە پارێزەرەکانی کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق. دواتر بردم بۆ هەڵەبجە، بۆ ماڵی خۆمان و زۆر لە ئەو کەسانەی لە زیندانی نوگرەسەلمان پێکەوەبووین هاتن بۆ لای و پێکەوە باسی ئەو ڕۆژگارەمان دەکرد و داوەتی خەڵکمان کرد بۆ لای. ئەو جارە بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە لامان مایەوە، لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە ئیتر پەیوەندی بەردەوامیمان هەیە، لەو کاتەوە و زوو زوو پەیوەندی دەکرد و دەیوت حەزدەکەم بێمەوە سەردانتان بکەم. دوو ساڵ دوای ئەوە لە مانگی چواری (٢٠٠٩). جارێکی تر چوومەوە بۆ سەردانی و هێنامەوە بۆ هەڵەبجە، جلی کوردی لای خۆمانمان کردە بەری و زۆر دڵخۆش بوو، ئەمجارەش کە هاتەوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئیتحاد چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدا و بڵاوکرایەوە.

– دەکرێت جارێکی تر سەردانی بکەین، یان بانگهێشتی بکەین بۆ ئێرە بۆئەوەی بیرەوەرییەکانی ئەو کاتەی ببێتە بەشێک لەم کتێبە؟

بۆ نا...؟ بەڵێ دەکرێت. پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵیدا هەیە، مانگێک پێش ئێستا پەیوەندیم پێوەکرد و هەواڵیم پرسی، بەڵام ئەم پیاوە چووەتە تەمەنەوە و پیر بووە، کە مرد وەک چۆلەکەیەک لە دەستمان دەفڕێت. هەموومان دەزانین بەرپرسانی ئەم وڵاتە بۆ زۆر شتی سادە و بێ واتا کۆدەبنەوە. با جارێکیش ئەو هەموو قونسوڵ و نوێنەری وڵاتانە کە لێرەن، کۆبکرێنەوە و ئەم پیاوە بانگ بکرێت و باسی ئەنفال و زیندانی نوگرەسەلمان و دۆخی ئەو خەڵکە و

دڕەندەیی بەعس بکات بەرامبەر ئەم میللەتە. ئەو باشترین شاهید و بەڵگەیە کە کابرایەکی میسری بێلایەن لە مرۆڤدۆستی خۆی، ئاوا ئەو تاوانەی لەبیر نەکرد و هەر لەوکاتەوە بووە لایەنگری ئێمە.

پێشنیارەکەت بەجێیە، کاری لەسەر دەکەم، ئەگەر بەقسەمان بکەن.

– ئێستا دۆخی خۆت چۆنە و چی دەکەیت؟

نزیکەی حەوت ساڵێک لە ئەوروپا مامەوە، دواتر گەڕامەوە بۆ کوردستان و ئێستا لە هەڵەبجە دەژیم و خەریکی کاری ئازادم.

– تەمەندرێژ بیت، کارێکی مەزنت کرد هەر ساغ بیت.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە شارەدێی عەربەت و بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٥)ی ئێوارەی (٢٠٢١/١٢/٢٠)، کاک کۆسار لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە دەگەڕایەوە، ناچار بە سوپاسەوە لەو شوێنە دیدارمان لەگەڵدا ئەنجامدا و دواتر لە ڕێگەی ئامێری تۆمارکردنەوە زانیارییەکانمان وەرگرت.

* تێبینی: بەداخەوە لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی بە ئامادەکردنی ئەم تۆمارەوە خەریکبووین، لە هەوڵدابووین لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە جارێکی تر ئەو دکتۆرە بەڕێزە بانگهێشت بکرێتەوە کوردستان و چاوپێکەوتنی پێویست و خەڵاتی ڕێزلێنانی ئازاترین و باشترین پزیشکی سەردەمێکی پڕ لە تاوانی پێشکەش بکرێت، بەڵام هیچ لایەنێک بە دەنگ داواکارییەکەمانەوە نەهات. هێشتا کات لەبەردەستە، هەرچەندە ئەو چووەتە تەمەنەوە، بەڵام شایەنی ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوەیە.



## شەهید "عومەری خاوەر" زیاتر بناسین:

- بۆ سۆراخی ئەو شەهیدە، کە هێمای باوکایەتی و ستەمێکی بێوێنەی ڕژێمی بەعسە، لەم کتێبەدا بەپێویستم زانی زیاتر لەبارەیەوە بدوێین. بەداخەوە کەس لە خێزانی خۆی لە ژیاندا نەماوە. لە بنەماڵەکەیان برازای هەیە و چووینە خزمەتیان بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری. سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١١) لە سلێمانییەوە بە هاوکاری کاکە کۆچەر و کاک ئاراس لەگەڵ منداڵەکانی بەڕێکەوتین بۆ کۆمەڵگەی نیشتەجێکردنی زۆرەملێی هەڵەبجەی تازە، کە ماڵی برازایەکی شەهید عومەری لێیە.

بە وتەی ئەوان: ئەوە وێنەی دایکی شەهید، حاجی خاوەر و مامە عومەر و مامۆژنە سامیەی خێزانییەتی. ئەو منداڵەی باوەشی یەکێک لە منداڵەکانی خۆیەتی، بەڵام ئەو دوو کوڕەی دانیشتوون، نازانن کێن.

ئەم کۆمەڵگەی زۆرەملێیە، ڕژێمی بەعس دوای وێرانکردنی قەزای هەڵەبجە بە ناوی هەڵەبجەوە بنیادی نا لە نزیک ناحیەی وارماوە لەسەر ڕێگەی گشتیی سلێمانی دەربەندیخان، بە ناوی (کۆمەڵگەی نیشتەجێکردنی هەڵەبجەی تازە)، بۆ ونکردنی ناوی قەزای هەڵەبجەی شەهید، کە ئێستا لە ڕووی کارگێڕییەوە پارێزگایە و بە دووریی چەند کیلۆمەترێک لەو شوێنەوە دوورە.

لەوێ چووینە لای خاتوو مژدە...



**مژده غەریب حەمەساڵح**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٠).**

من ئامادەیی پشەسازیم تەواوکردووە، فەرمانبەرم لە فەرمانگەی کارەبای سەیدسادق. هاوسەرگیریم کردووە و چوار منداڵم هەیە، سێ کوڕ و کچێک. دوو ساڵ پێش ئێستا هاوسەرەکەم بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید مامە عومەر، خەڵکی دێی زەمەقین لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام هاوسەرەکەی مامە عومەرم مامۆژنە سامیە خەڵکی دێی قەرەبڵاغە لە گەرمیان لە خوار قەزای کەلارەوە. باوەگەورەم سێ کوڕی هەبووە، یەکێکیان کەوتووەتە گەرمیان و لە دێی قەڕەبڵاغ ژیاوە. مامۆژنم هاوسەری شەهید عومەری خاوەر، کچی ئەو برایەی باپیرەم بووە، واتا برازای نەنە خاوەرم بوو. باپیرەشم دوو ژنی هێناوە، یەکیان ناوی خاوەر بووە، مامە عومەرم لەو ژنەیە و تەنها ئەوی بووە، باوکی من و مامێکی ترم کە ناوی عوسمانە، لە ژنێکی ترن. باوکی زوو مردووە، کە بەناوی دایکییەوە «حاجی خاوەر» ناسراوە. مامەم نانەواخانەی هەبوو لەناو هەڵەبجەدا. هەموو

بەیانییەک دەچووم نانی گەرمم لای دەهێنا. مامە عومەر کەسێکی زۆر بەسۆز و باش بوو لەگەڵماندا، هەموو پاشنیوەڕۆیەک دەهات بۆماڵی ئێمە و سەردانی دەکردین. باوکم لەو گەورەتر بوو، دوکانی هەبوو لەناو بازاڕی هەڵەبجە. مامە عومەرم ڕۆژانە سەردانی باوکیشمی دەکرد، بەتایبەت ئەوکات هەڵەبجە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی شەڕ و تۆپباراندا بوو. ئێمە چەند ڕۆژێک پێش کیمیابارانەکە، ماڵی قادربەگی فەتاح بەگ هەبوو، ئەوان ژێرزەمینیان هەبوو، ماڵی خەزووری براکەشم بوون، پێکەوە چووینە ماڵی ئەوان، کە نزیکیش بوون لە ماڵی مامە عومەرم.

ئیتر ڕۆژانە مامە عومەرمان دەبینی دەهات و دەچوو. دەمانوت: مامە ئێوەش بێنە ئێرە. ئەو کات ئەو دوو کوڕە بچووکەکەی تووشی نەخۆشی سورێژە ببوون، دەیوت جارێ هیچ نییە با لە ماڵەوە بن باشترە، بەڵکو چاکبن، چونکە دوای هەشت کچ کوڕێکی تری بوو، تەمەنی گەیشتە سێ ساڵیش مرد، دواتر خوا ئەو دوو کوڕەی پێدا بە دووانە، کە زۆر خۆشی دەویستن و تەمەنیان نزیکەی شەش تا حەوت مانگ دەبوو ئەو دوو کوڕەی، کە لەوێ بووین، هات سەردانی کردین. لەو ڕۆژانە دایکم زۆر نەخۆش بوو ئەو کاتە. مامە عومەرم وتی: بەس براژن دەرکەن لەم شارە، من هیچ کێشەم نییە. ئەو زۆر دایکمی خۆشدەویست. ئێمە چوار خوشک و سێ برا بووین. خوشکێکم پێشتر شوی



شەهید گەرمیانی کچی شەهید عومەر خاوەر و کەسێکی تر کە نەناسراوە

کردبوو و سێ منداڵی هەبوو، لەگەڵ خێزانی خۆی بوو، لە کیمیابارانەکەدا دەرچوون بۆ ئێران، هەتا برابوون بۆ سنووری پارێزگای کرمان لە باشووری ئێران. خوشکێکم لە بەغدا بوو لە زانکۆ دەیخوێند، یەکێکی ترمان لە سلێمانی بوو. دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە من لەگەڵ دایکم و ئەوانی تر چووین بۆ سلێمانی بۆ لای دکتۆر.

باوکم و بورهانی برام و مامە عومەر و ئەوانی تر مانەوە، هەتا دایکم وتی: عومەر سێ و چوار منداڵم بدەرێ با بیانبەم لەگەڵ خۆما بۆ سلێمانی. خودا ئاگای لێیە ئێستاش لەبیرمە، مامە عومەرم وتی: براژن ئەوە عەقڵی خۆتە ئەو قسەیەت کرد؟ من چۆن ئەم منداڵانە جیادەکەمەوە لە خۆم. خوا دەکات تۆ بەسەلامەت دەچیتە سلێمانی، من و منداڵەکان لێرەین. ئینشائەڵڵا یەکتر دەبینینەوە.

ئەوەبوو من و دایکم لەوان دابڕاین و هاتینە سلێمانی. ئیتر ئێمە هیچ هەواڵێکمان نەدەزانی، بەس دەمانبینی لە سلێمانییەوە فڕۆکەی سەربازیی بەرەو هەڵەبجە دەچوون. دوای هەفتەیەک تا دە ڕۆژ لە کمیابارانەکە لە قەندیلەوە نامەیەکمان پێگەیشت، نامەکە لەلای باوکمەوە هاتبوو. لە نامەکەدا بە ڕەش و سپی ئەو وێنەیەی مامە عومەرمی تیادا بوو کە کەوتووە. باوکم بۆ دایکمی نووسیبوو: عومەری برام و منداڵەکانی شەهید بوون، بڕۆن لە گەرمیان پرسەی بۆ دابنێن. ئیتر ئەوەبوو من و دایکم دوای دوو هەفتە لە کیمیابارانی هەڵەبجە هاتینە گەرمیان بۆ لای خزمەکانمان لە کەلار و پرسەیان بۆ مامە عومەرم دانا. دواتر بورهانی برام وتی: زۆرم بە مامە عومەر وتووە: با دەرچین، با منداڵەکان دەرکەین، بەڵام مامەم هەر وتبووی دەرناچم، منداڵەکان نەخۆشن. مامە عومەرم پێشتر کچێکی دابوو بەشو، بەڵام هێشتا نەگوازرابووەوە، زاواکەی ناوی سەرکەوتی قاجر بوو، برایەکی زاوەکەی بە مەکینە و عارەبانەیەکەوە لەگەڵیان مابووەوە، کە گوایە لە کاتی پێویستدا دەربازیان بکات.

زاوەکەی پێشمەرگە بوو، بەڵام کە ڕووداوەکە بوو، ماڵی مامە عومەرم چووبوونە ناو ئەو تراکتۆرە و تا سنووری سازانیش ڕۆیشتبوون. ژنەکەی و منداڵەکانی تری لای سازان شەهید بوون. خۆی و ئەو کوڕەی لای ئەو ماڵە کەوتوون، ئەوە ماڵی خۆیان نییە، تا ئێستا نازانین بۆ مامەم لە منداڵەکانی دابڕاوە و لە دوو شوێن شەهیدبوون!

لە هەشت کچ و دوو کوڕی و خێزانەکەی و ئەو کوڕەش لەگەڵیان بوو،

کەسیان دەرنەچوون. باوکم و بورهانی برام لەوێ بوون، دەرچوون.

پاش چەند ساڵێک لە دوای ڕاپەڕین و خەڵک گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە، هەواڵمان بۆ هات، کە چەند تەرمێک دۆزراوەتەوە و ئەوانن. بورهانی برام کە دەیزانی دواجار چییان لەبەردا بووە، تەرمەکانیان خۆڵێکی کەمی بەسەرەوە بووە، باران لایدابوو و ناسیماننەوە و بران لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاکیان سپاردن، بەڵام تا ئێستا تەرمی مامە عومەر و ئەو کوڕەی نەدۆزراونەتەوە. جگە لەو وێنەیە، هیچ شوێنەوارێکیان نییە. دواتر هەوڵمان دا ئەو وێنەگرەمان بینی کە ناوی ڕەمەزان بوو و وێنەی مامە عومەری گرتبوو، کەسێکی ئێرانییە. وتی: لەو کاتەدا فڕۆکە هاتووە بۆمبارانی کردووە، هاوارمان کردووە لێی، کە خۆی بدات بە زەویدا.

بینیومانە کەوتووە، کە دواتر چووینەتە سەری، پرخەپرخی کردووە، هەرچیمان کردووە نەیتوانیوە هەستێتەوە و لەوێدا شەهیدبووە و هەر ئەوکاتە وێنەم گرتووە، کە بەو جۆرە منداڵەکەی لەباوەشدا بووە. ئیتر دوای ئەوە نازانم کێ و چۆن و تەرمەکەی بۆ کوێ براوە. ئێمەش لە ماڵی پورێکم لە سلێمانی ماینەوە و دوای ماوەیەکی زۆر باوکم گەڕایەوە و یەکمانگرتەوە. وێنەی وامان نەماوە هەندێکت بۆ پەیدا دەکەم.

ئەو دوو وێنەیەم لایە هی کچەکانییەتی. پرسیار لە بورهانی برام بکە، ئەو دوا کەس بوو لەگەڵیان و زانیاری زیاتری لایە...

* ئەم چاوپێکەوتنە لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی «هەڵەبجەی تازە» نزیک شارەدێی وارماوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/١١) لە ماڵی خاتوو مژدە.



**بورهان غەریب حەمەساڵح**
**لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٤).**

ڕووداوەکانی هەڵەبجە هەمووی ناخۆش بوون، بەردەوام شەڕوشۆڕ بوو، بەتایبەت ڕووداوەکانی ساڵی هەشتاکان. ئێمە ماڵمان نزیکی گەڕەکی کانی عاشقان بوو، ماڵمان لای مزگەوتی گەورە بوو، چاڵێکی گەورە لەنێوان گەڕەکی ئێمە و گەڕەکی کانی عاشقاندا بوو، ئەو گەڕەکەی ساڵی (١٩٨٧) خانووەکانی ڕووخێنران و تەقێنرانەوە. بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە خانووی ئێمەش وەک بێشکەی شەق و شڕی لێهاتبوو و دەلەرییەوە و بەتەما نەبووین بەپێوە بمێنێت، بەڵام ڕاهاتبووین لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا. من سێیەم منداڵی خێزانەکەمانم، خوشک و برایەکم هەیە کە لە خۆم گەورەترن. سێ برا و چوار خوشک بووین. بەو جۆرەشەوە ئامادەیی کشتوکاڵم تەواو کرد لە ساڵی (١٩٨٣).

باسی ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٨٨)ت بۆ بکەم، وەک دەزانیت من برازای شەهید عومەری خاوەرم. باوکی من لەو گەورەتر بوو. ڕۆژێک پێش ئەوەی ڕووداوەکە ڕووبدات، ئێوارەکەی پێکەوەبووین. ئەو بە باوکمی دەوت کاکە، وتی:

منداڵەکانی کاکەم چوون بۆ سلێمانی، ئەی تۆ بۆ نەڕۆیشتیت؟ وتم: نەچووم، ئەی تۆ بۆ نەڕۆیشتیت، یان چەند منداڵێکت بناردایە؟ ئەو ساتەم هەرگیز بیر ناچێت، سەیرێکی ژێرخانەکەی کرد و وتی: ئەگەر ناچاربین، دەچینە ئەوێ، با ئەگەر تیاچووین هەموومان پێکەوەبین. ئەو حەزی لەوە نەدەکرد ئەوێ بەجێبهێڵێت، لەبەرئەوەی باوکی هەشت کچ بوو، دەیوت بچم بۆ کوێ، خۆ لادێی جاران نەماوە بچم لە لادێیەکدا دانیشم و نیشتەجێبم.

ئەو کاتە ژیان زۆر سەخت بوو. بیری لەوە دەکردەوە بەم هەموو منداڵەوە ڕوو لە کوێ بکات؟ ئەو ڕۆژانە کاری نانەوایی دەکرد و دوانیوەڕوانیش پاسەوانی بینای باخچەیەکی ساوایان بوو... دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە لۆرییەکی ماڵی خەزووری ئەکرەمی برام هەبوو، ئەوانیش ماڵیان هەر لەو کۆڵانەدا بوو، خێزانی ئێمە و زۆر کەسی خەڵکی ئەو گەڕەکەی سەرخست و بردنی بۆ سلێمانی، تەنها من و باوکم مابووینەوە. مامە عومەرم نەڕۆیشتبوو، منداڵیشی نەنارد لەگەڵ ئەواندا.

ئەوکاتە کۆچەری خوشکمان لە بەغدا دەیخوێند، ئەکرەمی برام لە سەربازیی بوو، سەرهەنگی برام لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەیخوێند. مژدە و دایکم مابوونەوە، ئەوانیش چوونە لای ئەوان بۆ سلێمانی. من و باوکم لەناو کارەساتەکاندا بووین و چووینە ئێران. ڕۆژی ڕووداوەکەش لە (٣/١٦)دا بەیانییەکەی تا سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانیش لای مامەم بووم و پێکەوە بووین. لەدوای سەعات دەی بەیانی لێی دابڕام و ئیتر نەمبینینەوە، کە بۆمبارانەکە دەستی پێکردووە، چوونەتە ئەو ژێرخانە و دواتر دەرچوون. بۆردوومانی یەکەم تا دووەم نزیکەی بیست خولەکێک نێوانیان بوو، لەو ماوەیەدا دەچنە ناو تراکتۆری کوڕێکی خزممان کە ناوی بەختیار بوو، بەڵام مامە عومەرم و یەکێک لە کوڕەکانی لەگەڵ ئەواندا نابن، پێدەچێت جێگەی نەبووبێتەوە. مامەم وتوویەتی تۆ ئەمان هەڵگرە و بیانبە بەرەو تووەوشک، منیش ئەم کوڕە هەڵدەگرم و بە پێ دێم و لەو خوارەوە یەکدەگرینەوە. هەر ئەوان نەبوون، زۆر کەسی تریان لەگەڵدا بووە. دوو ماڵی تریشیان لەگەڵدا بووە، نزیکەی بیستوچوار کەس لەو تراکتۆرەدا بوون. مامەم دوو کوڕی دووانەی هەبوو، یەکێکیان لای مامۆژنم بووە و یەکێکیان لای خۆی. کوڕەکانی ناوی ئەحمەد و محەمەد بوون. نازانم ئەوەی لای مامەم کامیانە. نزیکەی پێنجسەد مەترێک نێوانیانە لە کاتی شەهیدبووندا، ئەوانەی ناو تراکتۆرەکەش هەموویان شەهید

بوون. تراکتۆرەکەش ناپاڵمێک لێیداوە. ئەمیش نزیکەی پێنجسەد مەترێکیش لە ماڵی خۆیان دوورکەوتووەتەوە و لای ماڵی کەمالی جەلال کەوتووە و شەهید بووە.

تائێستا تەرمیمان نەدۆزیوەتەوە و نازانین کێ و لە کوێ نێژراوە. تەنانەت ئەوانەشی کە وێنەیان گرتووە هەر تا ئەو شوێنە لەبارەیەوە دەزانن. دواتر خۆمان چووینە لای وێنەگرە تورکەکە و ئێرانییەکەش کە پێکەوە بوون، هەر ئەوە دەڵێن کە چوونەتە سەری و کەمێک گیانی تیاداماوە و دواتر شەهیدبووە.

ئێمەش کەوتینە ئەو دەشتودەرە، تا کات پێنجی ئێوارە هەڵەبجە بەرەو چۆڵبوون دەڕۆیشت. من ویستم بێمەوە بۆ ناو شار. وتیان: مەڕۆ. بە بڵندگۆ جاڕیان دەدا و دەیانوت: کەس نەگەڕێتەوە بۆ ناو شار، بەڵام من هەر هاتم و چوومە مزگەوتێک پێی دەڵێن: مزگەوتی «ئیمامی عەلی». گەیشتمە ئەو مزگەوتە و لەگەڵ کۆمەڵی ناسیار و برادەردا بووم، کابرایەک هات ناوی مام عەلی بوو.



شەهید عومەری خاوەر

وتی: بۆ خاتری خوا کەس نەچێتەوە بۆ ناو شار و کیمیایی پیادا کراوە و خەڵکێکی زۆر مردوون. ئیتر من ئەو کاتە پشتوێنەکەم کردە ملپێچ و تەڕم کرد و لە دەمولووتم ئاڵاند، پێشتر هەر ئاسایی بووم. هەر چۆنێک بوو گەڕاینەوە دواوە بەرەو ناوچەی عەبابەیلێ. لەوێ ئاگاداریان کردمەوە کە ماڵی مامم تیاچوون. ئیتر یەکە یەکە کە پێیان دەوتم، نەیاندەوت هەموویان تیاچوون. تا دواتر وتیان: مامت و مامۆژنت و هەموویان تیاچوون. هەر ئەو شەوە بە پێ ڕێکەوتین و چووین تا هەوارەکۆن. ئەو شەوە لە هەوارەکۆن بووین، بۆ بەیانی چووین بۆ شاخی گاکوژە، ئەو شەوەش لەو شاخە ماینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر چووینە شێخان کە ناو خاکی ئێرانە لەسەر سنوور، دواتر براینە کرماشان.

لە کرماشان شەوێک ماینەوە و بریندارێکی زۆر هێنرانە ئەوێ. دوای ئەوە گەڕامەوە بۆ پاوە و کەوتمە ئۆردوگای سەنغور، کە ناوچەیەکی تورکماننشینە. دوای بیست ڕۆژ باوکمم دۆزییەوە. من زۆر لە ئێران مامەوە، بەڵام باوکم گەڕایەوە بۆ لای دایکم و ئەوان. من جارێکی تر هاتم و گەڕاشمەوە بۆ ئێران و تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە ئێران مامەوە. لە دوای ڕاپەڕین چوومەوە هەڵەبجە، بەڵام هەڵەبجەیەکی وێران. لە ساڵی (١٩٩٢) کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی




تابلۆی خێزانی شەهید عومەری خاوەر

کوردستان دەستپێکرد. ئەو ڕۆژەی من لە هەڵەبجە بووم، مامۆستا مەلا عەلی و مامۆستا مەلا عوسمان لە ژیاندا نەماون «خودا لێیان خۆشبێت»، هاتبوون بۆ هەڵەبجە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن. لەگەڵ کۆمەڵێک ناسیار چووم بۆ کوڕەی بامەخمور، شوێنێکە لە هەڵەبجە، کە تەرمی منداڵەکانی مامەم لەوێ بوو.

تەرمەکانمان هێنایەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان و لەوێ بەخاکمان سپاردنەوە، کە بیستوچوار کەس بوون. ئەوانەی تر بە خزمایەتی پێمان دەگەن، بەڵام دە کەسیان لە خێزانیماڵی مامەم بوون، بەڵام مامەم و کوڕێکی تەرمیان دیار نییە، ئەوان دوانزە کەس بوون، کچێکیشی مارە بڕابوو و هەر لەگەڵ خۆیاندا بوو. نزیکەی سیوشەش کەس لە خزمانمان تیاچوون. ئەو سێ خێزانە پێکەوەبوون و هێنامانەوە. منداڵی ماڵی حەمەی حەمەساڵح، منداڵی ماڵی مەلا کەریم و منداڵی مامە عومەرم.

– دوای ئەوەندە ساڵ چۆن تەرمەکانتان ناسییەوە؟

کاتێک ڕۆیشتین لەو شاخە نێژرابوون، کابرایەکمان لەگەڵدابوو وەک دەلیل و چاوساغ، ئەو پێی وتین وەرن لێرەدا نێژراون، کەمێک خۆڵ کرابووە سەر ئەو بەتانیانەی بەسەریانەوە بوو، کە لامانبردن، من هەر بە شێوەی جلوبەرگەکانیاندا ناسیمنەوە، تەنانەت مامۆژنم کە پاڵکەوتبوو، کوڕە بچووکەکەی هەر لە پاڵیدابوو. شتێکی تر کە من جەختم خستە سەری کچێکی مامەم شوی کردبوو بە کوڕێکی خزممان، بەڵام هێشتا نەیگواستبووەوە و ئاڵتوونی بۆ کرابوو. من بە یەکێک لەوانەی لەگەڵماندا بوو، ئەویش ژنێک بوو کە ناوی فاتمە بوو، وتم: فاتمەخان من بزانم ژیانی کچی مامەم ئاڵتوونەکانی پێوە بوو، کە چەند پارچەیەکە. یەکێک ماکسییەکەی ژیانی کچی مامەمی بەرزکردەوە، واتا تەرمەکەی ئەو بوو، عەلاگەیەک کەوتە خوارەوە، تومەز بەستبوویە پشتی لە کاتی ڕووداوەکەدا. یەکێک لە کوڕەکان عەلاگەکەی لە شاخەکەوە فڕێدایە خوارەوە، ئێمەش وتمان: فڕێی مەدە نەوەک شتێکی تیابێت. هەر ئەو کوڕە خۆی چوو عەلاگەکەی هێنایەوە و دایانە دەست حاجی محەمەد، ئەویشمان لەگەڵدا بوو. حاجی محەمەد بە منی وت: ئادەی بورهان ئەو ناونیشانانە بڵێرەوە لەسەر ئاڵتوونەکان. منیش هەمان شتم وتەوە کە شەش تاک بازنگ و موستیلەیەک و شتی ترە. وتی: ناونیشانەکەت تەواوە، وتم: مەیدەنەوە بە من. خوشکێکم و خوشکێکی ئەو کوڕەی دەسگیرانی کاتی خۆی لەگەڵیان بووە کە کڕیویەتی،

با ئەوانیش سبەینێ بێن ناونیشانی خۆیان بدەن، ئەوسا بیاندەنەوە. ئەوەبوو ئەوان بۆ ڕۆژی دواتر هاتن یەک بە یەک ناو نیشانەکانیان وت، ئاڵتوونەکانی ئەو بوو و وەریانگرتەوە. بڕوابکە وەک ئەوە وابوو تازە لە کارگە دەرهێنرابێت ئاڵتوونەکان، ئەوەندە جوان بوون، پاشان درایەوە ماڵی باوکی کوڕەکە.

– ناوی منداڵەکانی مامەتمان پێ دەڵێیت؟
بەڵێ: دوانزە کەس بوون.
١– عومەر حەمەساڵح ئەحمەد، ئەوە خۆیەتی.
٢– سامیە محەمەد ئەحمەد، خێزانیەتی.
٣– گەرمیان عومەر حەمەساڵح، کچەکانی:
٤– کوێستان عومەر حەمەساڵح.
٥– ژیان عومەر حەمەساڵح.
٦– بەیان عومەر حەمەساڵح.
٧– جوان عومەر حەمەساڵح.
٨– تارا عومەر حەمەساڵح.
٩– ئەرمەن عومەر حەمەساڵح.
١٠– شیلان عومەر حەمەساڵح.
١١– ئەحمەد عومەر حەمەساڵح، کوڕەکانی:
١٢– محەمەد عومەر حەمەساڵح.

مامەم کەسێکی دیار و ڕێکپۆش بوو، زۆر کۆمەڵایەتی بوو. ماڵێکی بچووکی دوو ژووریيان هەبوو بە گوڵوگوڵزار ڕازاندبوویانەوە، زۆر جوان بوو. دواتر حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی شەهیدانەوە نۆژەنی کردەوە، بەڵام هیچ سیمایەکی خانووە کۆنەکەی پێوە نەما و بە شێوەی نوێ دروستکرایەوە، ماوەیەک بارەگای ڕێکخراوی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانییانی هەڵەبجە بوو، ئێستاش چۆڵە. من هەموو کاتێک ئەوەم لە خەیاڵە ئەو ڕۆژە پێش ڕووداوەکە سەعات (١٠)ی بەیانی چووم بۆ لای لەبەردەرگا بوو، کارەبا نەمابوو لەناو هەڵەبجە، ڕادیۆیەکی بەدەستەوە بوو. منیش پڕ عارەبانەیەکی دەستی گۆشت و خۆراکم پێبوو تا بۆ ماڵەوەی بەرمەوە. بینیم لە ڕێگەی ڕادیۆوە گوێ لە هەواڵەکان دەگرێت. پاش سڵاو و هەواڵپرسین، وتم: مامە خەمی خۆراکتان نەبێت، ئەمە هەمووی بەکاربهێنن، مۆلیدەی کارەبامان هەبوو کە جار جار

موجەمیدەمان پێ هەڵدەکرد. بڕیاربوو ئەو ئێوارەیە یاریی تۆپێنی نێوان قەتەر و عێراق بکرێت، منیش بەتەمابووم بە موەلیدە تەلەفزیۆن بکەمەوە و سەیری یارییەکە بکەم. لە کاتی بۆردوومانەکەدا مولیدەکەی ئێمە کاری دەکرد، کەچی وامان بەسەرهات، زۆر حەزم دەکرد ئەو ئێوارەیە ئەو یارییە ببینم، بەڵام نەمبینی، هەرگیز ئەوەم بیرناچێت. دوای ئەو هەموو ڕووداوە ئێستا لە هەڵەبجە دەژیم و خێزانم پێکهێناوە و کوڕێکم هەیە.

- خوای گەورە تەندروست و تەمەندرێژتان بکات و بە ئاشتی و ئارامی بژین.

* ئەم گفتوگۆیە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئەنجامدراوە و تۆمارکراوە، لە سەعات (٩)ی شەوی (٢٠٢٣/٣/٢٩)، ئێمە لە هەولێر و کاک بورهان لە هەڵەبجە.




خانووەکەی شەهید عومەری خاوەر لە ئێستادا (٢٠٢٢)

## وێنەی ژمارەیەک لە شەهیدانی ئەنفالکراو
## لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە





























بشتیوان ایوب


احمد نصرالله شریف


حمه رشید عبدالله
محمد


کریم احمداخورس




حسین محمد نادر


عبدالله حمه شریف
ویس


فاطمة احمد فتاح


حنیفة حسین امین


آهو مخمد حمه امین


توفیق فریح مصطفی
علی


مصطفی علی


حمه رحیم حمه شفیق
حمه رحیم


















الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
رقم الهوية
٢٨٢٢٠٥
مديرية الأحوال المدنية العامة
البطاقة الشخصية
م / ٢
صادرة بموجب قانون الأحوال المدنية رقم ٦٥ لسنة ١٩٧٢ المعدل
الاسم
اسم الأب والجد
اللقب
اسم الأم والجد
الجنس
توقيع الموظف المخول
تاريخ التنظيم
اسم العشيرة




شەهید بەرزان مەحمود سەعاتچی، وێنەکە مانگێک پێش دەستگیرکردنی لەساڵی (١٩٨٨) گیراوە.

* بەپێی ئەو زانیارییانەی لە کەسوکاری بێسەروشوێنەکانی قوربانییانی هەڵەبجەوە بەدەستهاتوون، ئەندامانی (١٧) حەڤدە خێزان بێسەروشوێنن، کە لەو تاوانەی لە مانگی (١٩٨٨/١٠) دەستگیرکراون، کەوا ژمارەیەک خێزانی سنووری هەڵەبجە پاش کیمیاباران و مانەوە لە ئێران، گەڕاونەتەوە بۆ عێراق لە سنووری تەوێڵە و بیارەوە. لەو ژمارەیە (٥) پێنج خێزان بە تەواوی لەناوچوون. (٣) سێ خێزان یەکی یەک کوڕیان دەرباز بووە، کە پێیان دەوترێت «تاقانەکانی ئەنفال».

کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەو خێزانانە کە بێسەروشوێنن: (٩٥) کەسن، لەو ژمارەیە (٤٥) کەسیان لە ڕەگەزی نێرن، (٤٠) کەسیشیان لە ڕەگەزی مێن، لەبەرئەوەی مێژووی لەدایکبوونی ژمارەیەک لە قوربانییەکان نەزانراوە، نەکرا ئاستی تەمەن دیاریی بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەیان لە خوار تەمەنی (١٨) ساڵییەوەن. لەوانەیە چەند خێزانێکی تریش هەبن، بەڵام لەم تۆمارەدا ئەوەندە زانیاری بەدەستهاتووە، کە سەرچاوەی دروستن و لە کەسوکاری قوربانییەکانەوە وەرگیراون.

## ناوی شەهیدە ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە، کە بێسەروشوێنن:

١- خێزانی/ حسێن محەمەد ئەمین:

| ڕەگەزی شەهید | تەمەنی شەهید | ناوی شەهیدی ئەنفال | ناوی سیانی میراتگر | ژ |
|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٩٦٦ | ئاوات حسێن محەمەد ئەمین | حسێن محەمەد ئەمین | ١ |
| مێ | ١٩٧١ | بەناز حسێن محەمەد | | ٢ |
| مێ | ١٨٧٤ | بەهار حسێن محەمەد | | ٣ |
| مێ | ١٩٨١ | لانە حسێن محەمەد | | ٤ |

٢-خێزانی/ مستەفا عەلی مستەفا- بەڵخەیی:

| ڕەگەزی شەهید | تەمەنی شەهید | ناوی شەهیدی ئەنفال | ناوی سیانی میراتگر | ژ |
|---|---|---|---|---|
| نێر | | مستەفا عەلی مستەفا | عەلی مستەفا عەلی | ١ |
| مێ | | فەخریە غەفور | | ٢ |
| نێر | | فەریح مستەفا عەلی | | ٣ |
| مێ | | ئایشێ حەمەڕەشید | | ٤ |
| نێر | ١٩٨٠ | پشتیوان فەریح مستەفا | | ٥ |
| نێر | ١٩٨٢ | چیا فەریح مستەفا | | ٦ |
| مێ | ١٩٨٤ | ئاسیا فەریح مستەفا | | ٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | | ئاشنا فەریح مستەفا | ١٩٨٦ | مێ |
| ٩ | | منداڵێکی ساوای سێ ڕۆژە | ١٩٨٨ | مێ |

٣- خێزانی/ سلێمان قادر کەریم:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عومەر سلێمان قادر | سلێمان قادر کەریم | ١٩٥٢ | نێر |
| ٢ | بە تەنها خۆی لە خێزانەکەیدا دەربازی بووە. | سەلما مەحمود فەتحوڵڵا | ١٩٥٩ | مێ |
| ٣ | | سوبحان سلێمان قادر کەریم | ١٩٧٨ | نێر |
| ٤ | | سەنعان سلێمان قادر | ١٩٧٩ | نێر |
| ٥ | | عوسمان سلێمان قادر | ١٩٨٢ | نێر |
| ٦ | | سەلمان سلێمان قادر | ١٩٨٤ | نێر |
| ٧ | | عەلی سلێمان قادر | ١٩٨٣ | نێر |
| ٨ | | سانیە سلێمان قادر | ١٩٨٧ | مێ |
| ٩ | | ئامینە سلێمان قادر | ١٩٨٨ | مێ |
| ١ | | نەریمان قادر کەریم | ١٩٧٥ | نێر |

٤- خێزانی/ عەبدوڵڵا عەزیز مەحمود:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرید عەبدوڵڵا عەزیز | عەبدوڵڵا عەزیز مەحمود | ١٩٤٥ | نێر |
| ٢ | به تەنها خۆی له خێزانەکەیدا دەربازی بووە. | مەحتاب حەمەئەمین ئەحمەد | ١٩٤٥ | مێ |
| ٣ | | فەرهاد عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٦٧ | نێر |
| ٤ | | فەتاح عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٧٦ | نێر |
| ٥ | | زەکیه عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٧٨ | مێ |
| ٦ | | نەوزاد عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٧٩ | نێر |
| ٧ | | عەلی عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٠ | نێر |
| ٨ | | فەلاح عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٢ | نێر |
| ٩ | | هەدیه عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٣ | مێ |
| ١ | | شادیه عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٤ | مێ |
| ١ | | ئازاد عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٥ | نێر |
| ١ | | نادیه عەبدوڵڵا عەزیز | ١٩٨٨ | مێ |

٥- خێزانی/ ئەحمەد سۆفی شەریف:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەحمود ئەحمەد سۆفی شەریف | ئافتاو ڕەشید محەمەد | ١٩٤٠ | مێ |
| ٢ | | مەنسور ئەحمەد سۆفی شەریف | ١٩٧٠ | نێر |

٦- خێزانی/ مکائیل ئەحمەد حسێن:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نازەنین ئەحمەد حسێن | مکائیل ئەحمەد حسێن | ١٩٥٩ | نێر |
| ٢ | تەواوی ئەندامانی ئەم خێزانە بێسەروشوێنن | مریەم حەسەن کاکەخان | ١٩٥٣ | مێ |
| ٣ | | سەرکەوت مکائیل ئەحمەد | ١٩٨١ | نێر |
| ٤ | | چیا مکائیل ئەحمەد | ١٩٨٣ | مێ |

٧ - خێزانی/ سەردار محەمەد سەعید:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەهمەن محەمەد سەعید | سەردار محەمەد سەعید | ١٩٥٤ | نێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | تەواوی ئەندامانی ئەم خێزانە بێسەروشوێنە | ناهیدە حەمەسەعید قادر | | مێ |
| ٣ | | ئەرجومەن سەردار محەمەد | | نێر |
| ٤ | | میهران سەردار محەمەد | | نێر |
| ٥ | | ژیان سەردار محەمەد | | مێ |
| ٦ | | پەیمان سەردار | | مێ |
| ٧ | | منداڵیکی ساوایان لە ڕێگە بووە | ١٩٨٨ | مێ |

٨- خێزانی/ نوری عەلی کەریم:

| ژ | ناوی سیانی میراتگر | ناوی شەهیدی ئەنفال | تەمەنی شەهید | ڕەگەزی شەهید |
|---|---|---|---|---|
| ١ | توبا عەلی کەریم | نوری عەلی کەریم | ١٩٤٦ | نێر |
| ٢ | تەواوی ئەندامانی ئەم خێزانە بێسەروشوێنن | ڕووناک قادر حەمەئەمین | ١٩٥٨ | مێ |
| ٣ | | ڕوخۆش نوری عەلی کەریم | ١٩٧٠ | مێ |
| ٤ | | ئومێد نوری عەلی کەریم | ١٩٧٤ | نێر |
